www.pertwk.com

چارلز داونینگ

# ئەفسانەی ئەرمەنی

وەرگێڕانی:

**عەزیز گەردی**

سلێمانی 2006

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی رۆشنبیری**
**بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران**
www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب: ئەفسانەی ئەرمەنی**
- **ناوی نووسەر: چارلز داونینگ**
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی**
- **بابەت: ئەفسانە**
- **زنجیرە:** 139
- **تایپ: ژاوێن شاڵی**
- **بەرگ و نەخشەسازی: نازەنین ساڵح**
- **تیراژ:** (1000) **دانە**
- **چاپخانەی: روون**
- **ژمارەی سپاردن** (79) **وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە**

www.pertwk.com

## ناوەرۆک


1- کچی پاشای دەریا
2- بەخەڵک پێ مەکەنە بۆ ئەوەی پێت پێ نەکەنن
3- هێزی ئەشق
4- بووکی ناقۆڵا
5- کچی شا زەرزەند
6- پەری پەڕدار
7- تیشکی ڕۆژ و شازادە مار
8- بولبولی هەزار داستان
9- مانگای سوور
10- درۆزن
11- سێ دز : شەلەو کۆسەو یەکچاو
12- لە ئەرزەڕۆم بێکارەو لە ئەستەنبۆڵ دەوڵەمەندە
13- قەشەی نەخوێندەوار
14- لوقمانی حەکیم
15- جادووگەر
16- ئەو کچەی بوو بەکوڕ
17- کەندەک و گورگە مرۆڤ





18- بادیکان و خان بۆغوو
19- بەرازەوانی ئازا
20- شاگردی چل دز
21- کچۆڵەی بەرگدروو
22- گواڵشەنی شا عەباس
23- زەنگی و زرنگی
24- هابیرمانی
25- تەپەگۆز
26- گورگ و ڕێوی و هەڵۆ
27- کڵاوی سەخرەجن و عەسای جادوویی
28- هارۆ و بارۆ

www.pertwk.com

# 1- کچی پاشای دەریا

هەبوو نەبوو، لەرۆژگارێکا گەنجێکی ساویلکەو دڵپاك هەبوو، هیچ کەس خراپەی لێ نەدیبوو، بەڵام بەدبەخت بوو. دایکی، بێوەژنێکی پیرو بەساڵداچوو بوو. حەزی دەکرد زەماوەندی کوڕەکەی بەچاوی خۆی ببینێ، بەڵام لەهەر دەرگەیەکی دەدا، کەس وەڵامی نەدەدایەوە. هەر ماڵێك کچێکی عازەبیان هەبوو سەری پێدا دەکرد، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. کەس ڕازی نەبوو کوڕەکەی بکا بەزاوای خۆی، دایکوبابی کچەکان دەگرژینەوەو دەیانگوت:

- هەر بەڕاست تۆ پێتوایە کوڕە دەمچەفتەکەی تۆ شایانی کچەکەی ئێمەیە؟

ماوەیەك بەم جۆرە تێپەڕی. گەنجەکە، کەدەیدی هەموو دەرگایەکی بەڕوودا داخراوە، نەیدەزانی چ بکا؟ دڵی لەبەر خەمو خەفەت دەگوشرا، خەوو خواردنی نەبوو. ئەوەندەی پێ نەچوو تەنیا ئێسك و پێستەی لێ مایەوە. وەکوو ڕایەخێکی کۆنو پزی پزی وابوو کەس نەیەوێ لەسەری دابنیشێ. دایکی دەیدی کوڕەکەی وردە وردە دەتوێتەوەو دەبێ بەئاو، بەڵام هیچی لەدەست نەدەهات. ئاخر نەیدەتوانی بەزۆری زۆردارەکی دەستی کچێکی لەناو دەست بنێ. بەکورتی: کوڕەکە ئەژنۆی



خەفەتی گرتبووە باوەش و زۆرجار وا دەبوو هۆڕ هۆڕ دەگریاو تووك و نەفرەتی حەواڵەی بەختی کەچی خۆی دەکرد.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گەنجە بیستبووی هەموو دەردێك دەرمانی هەیە، ڕۆژێ لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئاخ، هەی بنیادەمی گێل و نەزان خۆ تۆ لێرە نەبەسراویتەوە؟ کچ قات نەبووە، ئەگەر لێرە ناتوانی زەماوەند بکەی، بڕۆ جێگایەکی تر. کچ لەهەموو شوێنێکی ئەم دنیایە پەیدا دەبێ، بەڵێ! دەبێ لێرە هەڵقەنێی و بڕۆی. دەبێ خۆت بدەیتە دەست چارەنووس، جا هەرچی دەبێ بابێ!)

ئەو ڕۆژە، بۆ بەیانی، نانێکی هەڵگرت و تۆربەی بەشانی داداو ملی ڕێی گرتە بەر. کەس نازانێ چەند ڕۆیشتبوو، گەیشتە بیرێك. تینوو بوو. لەسەر لێوی بیرەکە دانیشت. ویستی هەندێ ئاو بخواتەوەو نەختێ پشوو بدا، ئەوسا بکەوێتەوە ڕێ. سەری بەسەر بیرەکە داگرت و ئاخێکی هەڵکێشا، ئاخێکی دوورو درێژو لەناخی دڵەوە. لە پڕ لەناو بیرەکەوە گوێی لەدەنگێ بوو، گوتی:

- ئەوە چ بووە؟

دەنگەکە دەنگی کچێکی عازەب بوو، بەڵام کابرای هەقایەتەکەمان نەیدەتوانی ببینێ. بۆیە، هاواری کرد

- ئاخ! ئەوە کێ بوو؟

دەنگەکە گوتی:

- من بووم. پرسیم چ بووە؟

کابرا گوتی:

تۆ کێی؟ گوێم لەدەنگتە، بەڵام ناتبینم.

دەنگەکە وەڵامی دایەوە:

www.pertwk.com

– نامناسی؟ من (رەخشندە) ی کچی پاشای دەریام. لەگەڵ داییابم لەم بیرەدا دەژیم. کەچاوم بەتۆ کەوت یەکسەر ئەشقت بووم. بەڵێ، لەگەڵ یەکەم سەرنجدا ئەشقت بووم. زوو بڕۆ بەدایکت بڵێ بێتە لای باوکم و داخوازی منی لێ بکا.

– گەنجەکە بە پەلە گوتی:

– ئەگەر ئاوایە کەدەڵێی، دەخۆتم پێشان بدە بابتبینم.

دەنگەکە گوتی:

– ناتوانم! پاشان تێدەگەی بۆچی!

گەنجەکە شاش و مەندە هۆش بوو، نەیدەزانی چ بکا. دوای نەختێ سەری شۆڕ کردەوە ناو بیرەکە و بەوردی سەیری هەموو لایەکی کرد، بەڵام هیچ زیندەوەرێکی تێدا نەدی، تەنیا گوێی لەدەنگی هێمنی جووڵانەوەی ئاو بوو. لەدڵی خۆیدا گوتی:

(خودایە! ناتوانم متمانە بەچاو و گوێم بکەم! ئاخر قەت بووە مرۆڤ گوێی لەدەنگی کەسێ بێ، بەڵام نەتوانێ بیبینێ؟ دەك نەفرەت لەم بەختو ناوچەوانەی من! چارەنووسیش کردوومی بەقەشمەرجاڕی خۆی! واچاکە هەستم، بڕۆم.)

دەنگی دڵبزوێنی کچەکە لەناو ئاوەکەوە هات و پێی گوت.

– عەزیزم: من تۆ فریو نادەم. ئەگەر دەتەوێ دڵنیا بی کەمن ڕاست دەکەم، هەر ئێستا بگەڕێوە ماڵێ، دەبینی ماڵتان هەمووی بۆتە زێڕ و زیو. خواردنی وا لەسەر سفرەکەتا دەبینی، تائێستا هەرگیز شتی وات نەدیوە. بەڵێ، بڕۆ، تەماشاکە! ئەگەر وانەبوو، هەقتە بەفێڵبازو



فریودەرم بزانی. بەڵام ئەگەر چووی و بینیت من ڕاست دەکەم، بەدایکت بڵێ بێتە لای باوکم و داخوازی منی لێ بکا. بڕۆ، گیانەکەم، دەبڕۆ!

گەنجەکە گەڕایەوە ماڵێ و دیتی هەموو قسەکانی ئەو کچە بەڕاست گەڕاوە.

دەرگا و دیوارو بانی خانوو، هەمووی لەزێڕ و زیو دروست کراوە. هەموو شتێ، بەجۆرێ گۆڕابوو، نەدەناسرایەوە. چی جۆرە خواردنی شاهانە هەیە لەسەر سفرە ڕیز کرابوو. گەنجەکە لەدایکی پرسی:

– دایە! ئەوە کێ ئێرەی وا لێ کردووە؟ کێ ئەم هەموو خواردنەی لەسەر مێز ڕیز کردووە؟

دایکە وەڵامی دایەوە:

– بەخوا نازانم، کوڕم! لەدەرەوە بووم، گوێم لەدەنگێ بوو دەیگوت:

((دیوارینە! بانینە، ببن بەزێڕ! دەرگاینە ببن بەزیو. خواردنینە بڕۆنە سەر سفرە!))

من تەنیا ئەو دەنگەم بیست، بەڵام کەسم نەدی. سەیری دەورو بەری خۆمم کرد. بینیم هەموو شتێ گۆڕاوە! یەکەم جار باوەڕم نەکرد، وامزانی خەون دەبینم، بەڵام پاشان دیتم شتەکە ڕاستە. مەسەلەکە هەمووی ئەمە بوو.

گەنجەکە گوتی:

– دەزانم دایە! دەزانم! ئەمە ئیشی شازادە خانمێکە ناوی ڕەخشندەیە و لەناو بیرێك و لە تەنیشت کانییەك دەژی. مرۆڤ گوێی

لەدەنگی دەبێ بەڵام نایبینێ. داوای لێ کردم بگەڕێمەوە ماڵێو داوا لەتۆ بکەم بچیتە لای باوکیو بۆ من داخوازی بکەی. باوکی پاشای دەریایە.

دایکی میهرەبان گوتی:

– ئامادەم ڕۆحم بکەم بەقوربانی . دەتەوێ هەر ئێستا بچم؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:

بەڵێ، دایە. زوو بڕۆ. بەڵکو خۆشبەختی لە دەرگای دابین.

ئینجا کوڕە ڕێگاکەی پیشانی دایکی داو دایکە یەکسەر لەماڵەوە بۆی دەرچوو و کەگەیشتە دەم ئاوەکەوە، گوتی:

– شازادە خانم، یاخوا بەقوربانتان بم. من دایکی ئەو کوڕەم کەئێوە دەتانەوێ شووی پێ بکەن. بەباوکتان بڵێن من هاتوومەتە داخوازی ئێوە بۆ کوڕەکەم.

کە پیرە ژن قسەکەی تەواو کرد، یەکسەر، هەیکەلێکی باڵا بەرزو شکۆدار بەئارامی لەناو بیرەکەوە هاتە دەرێ. پیرەژن، پیرەمێردێکی زۆر زەعیفو باڵکێشی لەبەردەم خۆیدا بینی. پیرەمێردەکە تاجێکی زێڕی لەسەر بوو و جوببەیەکی ئەرخەوانی لەبەردا بوو. داردەستێکی مرواری نیشانی بەدەستەوە بوو. ڕیشی سەوزی دیمەنێکی تایبەتی هەبوو، دەتگوت لەبەردی مەڕمەڕ داتاشراوە. ئەمە پاشای دەریا بوو.

پیرەژن گوتی:

– سڵاو، پاشای هەڵەوەڕ!

پاشای دەریا، بە ڕوو خۆشی پێکەنیو گوتی:

– بێ وەی بی، بەڵام من هێشتا کچی خۆم بەکوڕی تۆ نەداوە، تۆ پێم دەڵێی:

پاشای هەڵەوەڕ.



پیرەژن گوتی:

– باشە، ئێستا کچەکەت بەکوڕی من دەدەی، یان نا؟

پاشا وەڵامی دایەوە:

– نە، ئێستا نا. من کوڕەکەتم بەزاوای خۆم قبووڵە، بەڵام بەیەك مەرج.

پیرەژن پرسی:

– مەرجەکە چییە؟

پاشا وەڵامی دایەوە:

– پاشای لێڕەوار دوژمنی منە. بوخچەی کچی منی دزیوە. کچەکەم هیچ جلو بەرگی نییەو ناتوانێ لەناو ئەم بیرە بێتە دەرەوە. ئەگەر کوڕەکەت بتوانێ ئەم بوخچەیە بێنێتەوە، دەستی کچی خۆمی لەناو دەست دەنێم. هەر ئێستا بگەڕێوە ماڵێ. ئەسپێ بەهەموو تەدارەکەوە لەناو حەوشەکەتان وەستاوە. ئەو ئەسپە ئامادەیە کوڕەکەت بۆ سەفەری دوور ببا. ئەم ئەسپە زینی مرواری نیشانەو لغاوی زیوە و ناڵەکانی زێڕنو شمشێرێکی پۆڵای جوانیشی بەزینەکەوە کراوە.

پیرەژن گەڕایەوە ماڵێ. ئەسپێکی بەهەموو تەدارەکەوە لە حەوشەی خۆی بینی. ئەسپەکە زینی مرواری نیشانو لغاوی زیو بوو. ناڵەکانی زێڕ بوونو شمشێرێکی پۆڵای جوانیشی بە زینەکەوە کرابوو. ئەسپی وا لەهەموو دونیادا وێنەی نەبوو.

پیرەژن، چی پاشا پێی گوتبوو، هەمووی بەخۆشحاڵی بۆ کوڕەکەی باس کرد:

– کوڕم! خەزوورت کە پاشای دەریایە، کچی خۆی بە تۆ دەدا، بەڵام بەیەك مەرج. پاشای لێڕەوار دوژمنی پاشای دەریایەو جلو بەرگی

كچەكەی دزیوە. تۆ دەبێ بوخچەی كچەكەی بێنیتەوە. ئەگەر ئەم ئیشە بكەی، پاشای دەریا دەستی كچەكەی خۆی لەناو دەستی تۆ دەنێ. باشە، ئێستا چ دەڵێی؟

كوڕەكە گوتی:

- چ بڵێم، دایە؟ تۆ خۆت دەزانی، من تائێستا سواری ئەسپ نەبوویمە. شمشێر بازیش نازانم. من چیم پێ دەكرێ؟

لەو كاتەدا، ئەسپەكە بەكاری خوا هاتە گۆو گوتی:

هەر هیچ مەترسە! من توند بەزینی خۆمەوە دەتگرم. تۆ لەلای منەوە ئاسوودەبە. بەڵام پاشای لێڕەوار ئەدگارو قیافەتێكی زۆر سەیرو سەمەرەی هەیە. هەر كەسێ چاوی پێ بكەوێ، دڵی لەلێدان دەوەستێ. هەر كە بوخچەكەت لێ سەند هەوڵ دەدا بتترسێنێ. دەڵێ: (( هۆ، بوونەوەری خاكی! ئاوڕ بدەوە، هەرچی بتەوێ دەتدەمێ، تەنیا یەكجار ئاوڕ بدەوە. ))

بەڵام تۆ نابێ گوێ بەقسەكانی بدەی، ئەگەر ڕوو وەربگێڕی یەكسەر دەبی بە درەختێكی لێڕەوارەكە.

گەنجەكە گوتی:

- زۆر باشە. ئەگەر وابێ كەتۆ دەڵێی، من ئامادەم.

كابرای گەنج خۆی هەڵدایە سەر خانەی زین و ئەسپەكە لەماڵەوە تێی تەقاندو ڕۆیشت. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە لێڕەوارەكە. بەڵام هەر مەپرسە لێڕەوارەكە چ جێگایەك بوو! درەختەكان لەڕاستیدا بنیادەم بوون كەوتبوونە سەر شكڵی درەخت. سەریان وەكوو سەبەتەی



حەسیر وابوو. پێیان وەكوو ڕیشەی درەخت تێك ئالابوو، ڕوخساریان ڕەش ڕەش بوو. كەچاویان بەكابرای گەنج كەوت، دەستیان بەنەڕە نەڕو لوورە لوور كرد. هەموو بەیەكەوە چڵەكانیان دەهەژاندەوە.

هەر دەتگوت سەرا پای لێڕەوارەكە بەدەم بوومەلەرزەیەكی توندەوە ڕادەهەژێ. پاشای لێڕەوار، كە وەكوو كیسەڵێكی هەزار چڕنووك وابوو، بەدەنگێكی تۆقێنەر، لەسەر سەریانەوە وەكوو شێت دەینەڕاندو دەیگوت:

- درەختەكان، ئەم گەنجە بگرن! لەمێژە گۆشتی بنیادەمم نەخواردووە!

بیگرن! بیگرن!

دیمەنی درەختەكان و ئەو دەنگە ترسناكەی لێیانەوە دەهات، ترسی خستە دڵی گەنجەكەو هێندەی نەمابوو بگەڕێتەوە، بەڵام ئەسپەكە زاتی دایە بەرو گوتی:

- مەترسە! لەم دادو هاوارو دەنگانە مەترسە. ئەمانە ناتوانن هیچ زەرەرت پێ بگەیەنن.

گەنجەكە بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ بوو و خێراتر ئەسپەكەی بۆ پێشەوە هاژوا. شمشێرەكەی بەدەستەوە گرتبوو و بەهەموو لایەكدا بایدەداو چڵ و گەڵای درەختەكانی پەل دەداو دەچووە پێش. ئاخیری، گەنجەكە گەیشتە لای پاشای لێڕەوارو بەیەك زەبری شمشێر سەری لەلەشی جودا كردەوە.

درەختەكانی لێڕەوارەكە، كەدیتیان پاشایان كوژرا، لە پڕ لەشوێنی خۆیان بزمار كوت بوون. ئیتر هیچ دەنگیان لێوە نەدەهات. گەنجەكە

لەسواری ئەسپ دابەزی. پڕی دایە بوخچەی کچی پاشای دەریا، کەلەناو دەوەنەکان حەشار درابوو، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەو بەچوار ناڵە ڕێگای گەڕانەوەی گرتە بەر.

درەختەکان کەدیتیان گە نجەکە دەیەوێ بگەڕێتەوە کردیانە نەڕە نەڕو لوورە لوور. بەدەنگێکی ترسناك دەیانگوت:

- ئاوڕ لەدواوە بدەوە! ئەگەر ئاوڕ نەدەیتەوە دەبی بەدرەخت!

ئەوەندەی نەمابوو، گە نجەکە لەترسان بوخچەکە فڕێداتە سەر زەوی و ڕووی وەربگێڕێ، بەڵام ئەسپەکە دیسان زاتی دایە بەر. گە نجەکە بەوپەڕی خێرایی لەلێڕەوارەکە ئەسپەکەی تاوداو ڕووی کردە بیرەکە. کەگەیشتە سەر بیرەکە گوتی:

- شازادە خانم! کچی پاشای دەریا! جل و بەرگەکەم بۆ هێنایتەوە. ئێستا دەتوانی بێیتە دەرەوەو جل و بەرگی خۆت بکەیتەوە بەر. وەرە دەرەوە. وەرە پێکەوە بڕۆین.

لەو ساتەدا، پاشای دەریا لەناو بیرەکە هاتە دەرەوەو چووە لای گە نجەکە. بەگەرمی گرتییە باوەش و نێوچەوانی ماچ کرد. ئینجا بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- کچم، سەرت لەئاو بێنە دەرەوە. ئەم گە نجە جل و بەرگی تۆی لە پاشای لێڕەوار سەندۆتەوە. وەرە دەرەوە، جلەکانت بکەوە بەر.شازادە خانم سەری لەناو بیر دەرهێنا. لەشەرمان گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون. بەدەنگێکی دڵبزوێن گوتی:



- ئەگەر ڕووتان وەربگێڕن، من دەتوانم بێمە دەرەوەو جل و بەرگەکانم بکەمەوە بەر.

پاشاو گە نجەکە ڕوویان وەرگێڕا. شازادە خانم لەناوبیرەکە هاتە دەرەوەو جلەکانی کردەوە بەر. دوای نەختێ، گە نجەکە بینی کچێکی جوانی وەکوو فریشتە لەبەر دەمی وەستاوە. کچەکە، ئەوەندە جوان بوو، هەرکەسێ چاوی پێ بکەوتایە لەسەرسامییان لەشوێنی خۆی بزمار کوت دەبوو وچاوی لەمۆلەق دەوەستا.

کچەکە، لەگە نجەکە چووە پێش. گرتیە باوەش و ماچی کرد. باوکی دەستی خستنە ناو دەستی یەکترو دوعای خێری بۆ کردن. دوای نەختێ، کچەکە، لە پشت گە نجەکە سواری ئەسپ بوو و بەرەو گوندەکەی ئەمان کەوتنە ڕێ.

دایکی گە نجەکە، کەبووکە جوانەکەی خۆی بینی، نەیدەزانی لەکەیفخۆشییان چ بکا. لەماڵ دەرپەڕییە دەرێ. کەوتە ناو گوندو خەبەری دایە هەموو خزم و دۆستە دوورو نزیکەکان کەکوڕەکەی خەریکی زەماوەندە. بەناو کۆڵانەکاندا دەڕۆیشت و هاواری دەکرد:

- هۆ خەڵکینە! کچینە! کوڕینە! ژنینە! پیاوینە! گچکەینە! گەورەینە! ئەمشەو زەماوەندە! زەماوەندی کوڕی منە لەگەڵ ڕەخشندەی کچی پاشای دەریا! چ بووکێك! و چ زاوایەك!

بێگومان ئەو کچانەی دەستیان بەڕووی پیرەژنەوە نابوو و پێیان شەرم بوو شوو بەکوڕەکەی بکەن، ئێستا پێیان عەیب و شوورەیی بوو بچنە سەر ئەم زەماوەندە. ئەوان خۆیان خزاندە کوژیەك و بەدەم پەشیمانی

www.pertwk.com

سەریان لەدیوار دەدا، بەڵام خەڵکەکەی تر هاتن. حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگ بەردەوام بوو و یەك چرکە چییە دەنگی دەهۆڵ‌و زوڕنا نەوەستا.

یاخوا، ئەوان چۆن بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێمەش ئاوها بەمرازی خۆمان بگەین.



## 2-بەخەڵك پێ مەكەنە، بۆ ئەوەی پێت پێ نەكەنن

نازانم کەی بوو و لەکوێ بوو، بەڵام لەسەردەمێك‌و لەشوێنێکی ژێر ئەم ئاسمانە شینە، پاشایەك هەبوو ڕەوشتی وابوو کەلەئێشی ڕۆژانەی دەبووەوە، لەتەك پەنجەرەی ژوورەکەی دادەنیشت‌و تەماشای ڕێدارەکانی دەکرد. ڕۆژێ پیرەژنێکی دی، دیمەنێکی زۆر سەیرو کەلەشێکی زۆر بچووکی هەبوو. دیمەنی پیرەژنەکە ئەوەندە سەیرو جێی پێکەنین بوو پاشا نەیتوانی پێی پێ نەکەنێ. پاشا قاقایەکی وای کرد هەر وەخت بوو بپچڕێ. لەهەمان کاتدا لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

( تائێستا هیچ جۆرە پیرەژنی بەد فەساڵ‌و ڕمووزنی وام نەدیوە، هەڵبەت ئەمە یەکێکە لەو پیرەژنە جادووگەرانەی لەبنی بیر دەژین. )

پیرەژنی کلۆڵ گوێی لە پێکەنینی پاشابوو، بەڵام گوێی پێنەداو ملی ڕێی خۆی گرت.

نازانم ڕۆژێکی تربوو، حەفتەیەکی تربوو، یان مانگێکی تربوو، بەکورتی جارێکی تر کە پاشا دیسان لەتەك پەنجەرە دانیشتبوو، دیسان چاوی بە هەمان پیرەژن کەوت‌و دیسان دەستی بە پێکەنین کرد. پێ بکەنە، ئەمما پێ بکەنە! ئەوەندە پێکەنی‌و پێکەنی تا پیرەژن حەوسەڵەی نەماو چوو لەبن پەنجەرەکە وەستاو گوتی:

- بەڵێ، پێ بکەنە! پێ بکەنە! ئەگەر تۆ پێ نەکەنی، کێ پێ بکەنێ؟ بزانم پاشانیش دەتوانی هەر پێ بکەنی، یان نا؟

پیرەژن ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

تومەز ئەم پیرەژنە یەکێ بوو لەو جادووگەرانەی دەیتوانی خۆی بخاتە سەر هەر شکڵێکی کەخۆی بیەوێ. ئەمڕۆ دەکەوتە سەر شکڵی فریشتەیەك، سبەی دەکەوتە سەر شکڵی ڕمووزنێکی بەد فەساڵ و دووسبەی دەکەوتە سەر شکڵێکی تر. دەیتوانی خۆی بخاتە سەر هەزاران شکڵ. دەیتوانی ناشیرین جوان بکات و دەیتوانی مرۆڤی خۆشەویست بکا بەمرۆڤی نەفرەت لێکراو. دەیتوانی مرۆڤی نەزان بکا بەمرۆڤی ژیرو بەکورتی دەیتوانی زۆرشت بکا.

باشە، ئەوەندەی لەبارەی ئەم پیرەژنەوە زانیمان، بەسە. ئیتر پێویست ناکا شتی دی لەبارەوە بزانین. بەلام ئەو پاشا گێل و کەودەنە نەیدەتوانی واز لەو ڕەوشتە ناشیرینەی خۆی بێنێ. هەر جارێ پیرەژنەکەی دەدی، پێی پێ دەکەنی.

تا پیرەژن گەیشتە تینی. چیتر نەیتوانی بەرگەی قەشمەریی پاشا بگری. ئەوەبوو خۆی خستە سەر شکڵی ژنێکی جوان و چووە لای شاژن و گوتی:

- خانمی گەورە، بەقوربانی تۆزی بنی پێتان بم. مێردەکەم مردووە. چەند منداڵێکی بێ باوکم هەیە، ئەرێ ناتوانن لەم کۆشك و سەرایەدا ئیشێکم بدەنێ. ئامادەم هەر ئیشێك هەبوو بیکەم. بەیانی زوو دێم. هەر ئیشێ بڵێن دەیکەم و شەو دەگەڕێمەوە ماڵێ. ئەگەر ئەم لوتفەم دەرهەق بکەن، دەتوانم ورگی منداڵەکانم تێر بکەم.

شاژن گوتی:



- منیش پێویستم بەخزمەتکارێکە. تۆش سپ و ساخ دیاری. دەتوانی سەرم بشۆی و قژم شانە بکەیت و کەزیم بهۆنیتەوە. بەڕێکەوت هەر ئەمڕۆ دەمەوێ خۆم بشۆم. وەرە بچینە گەرماو.

ئەو دووانە بەیەکەوە چوونە گەرماو. شاژن خۆی شوشت و لەناو ئاو هاتە دەرێ.. جادووگەرەکە دەستی دایە شانەی شاژن و دەستی بەشانەکردنی سەری کرد. هەر ئەوەندە کەجادووگەرەکە دەستی بەلەشی شاژن کەوت، شاژن گۆڕا و بوو بە پیرەژنێکی کەترەو ناشیرین. پیرەژنێکی ئەوەندە دزێو و ناشیرین بوو، شەیتانیش بیدیبایە لێی دەترسا. کەشاژن لەئاوێنەدا سەیری خۆی کرد، لەترسان زریکاندی و بانگی پاشای کرد. لەهەمان کاتدا جادووگەرەکە لەبەرچاو بزر بوو و شاژنی بە ترس و سەرسامییەوە بەتەنیا جێ هێشت.

پاشا کەگوێی لەزریکەی ژنەکەی بوو، خێرا خۆی گەیاندە لای، بەلام چ ببینێ؟

یاخوا ڕۆژی ڕەش بەچاوی خۆتان نەبینن! پاشا پیرەژنێکی دی لەهەموو دونیادا وێنەی نەبوو. هاوسەرەکەی لووت و لچی ئەوەندە زل ببوون گەیشتبوونە سەر سنگی، قژی وەکوو ڕیشەی درەخت تێك ئالابوو. ڕەنگی ڕووی بەجۆرێکی وابوو دەتگوت خۆڵەمێشیان پێدا کردووە. بەکورتی هاوسەری پاشا ببوو بەدزێوترین و ناشیرینترین ژنی دونیا.

پاشا، کەچاوی بەهاوسەرەکەی کەوت، هاواری کرد:

- ئەوە چ بووە؟ چ بەلایەکە بەسەرت هاتووە؟

شاژن گوتی:

- ژنێکی گەنج و جوان هاتە لام و داوای لێ کردم کارێکی پێ بسپێرم. منیش پێم گوت دەتوانی ببی بەکارەکەرم. بەیەکەوە چووینە

www.pertwk.com

گەرماو. کەدەستی بەرلەشم کەوت، کەوتمە سەر ئەم شکڵەی کەدەمبینی. چارەیەك بکە!

پاشا پرسی:

- چیم لەدەست دێ؟

- شاژن بەتووڕەیی گوتی:

- ئەو ژنە بدۆزەرەوە.

پاشا نەیدەزانی چ بکات. لەشوێنی خۆی بزمار کوت ببوو. ئەو شارە هەزاران ژنی تێدا بوو. ئاخۆ کامیان ئەم بەڵایەی بەسەر هاوسەرەکەی هێناوە؟ پاشا ماتو سەرسام ببوو.

بەڵام ئێمە لەهەقایەتی خۆمان بەردەوام دەبین! پاشاو هاوسەرەکەی لێرە بە تەنیا جێدێڵینو دەچینە تاقیبی ژنەی جادووگەر:

جادووگەرەکە، کەگەڕایەوە ماڵێ، یەکسەر شکڵی خۆی گۆڕیو کەوتەوە سەر شکڵی ژنی گۆڕین. بەڵام هەدادانی نەبوو. ویژدانی ناڕەحەت بوو. ئاخیری بڕیاری دا بچێتە دیدەنی پاشا. کەگەیشتە کۆشكو سەرای پاشا، پاسەوانەکان لێ نەگەڕان بچێتە ژوورەوە. یەکێکیان بەتانەو تەشەر گوتی:

- ها، پیرەژن، چیت دەوێ لێرە؟ کۆشکی پاشا جێگای هی وەکوو تۆ نییە.

بەڵام پیرەژن مکووڕ بوو کەدەبێ هەر بچێتە ناو کۆشکی پاشا. بوو بەدەنگە دەنگو پاشا گوێی لێ بوو. پاشا لە پاسەوانانی پرسی:

- ئەوەچ بووە؟ ئەم دەنگە دەنگە چییە؟

پاسەوانەکان ئاماژەیان بۆ پیرەژنەکە کردو گوتیان: ئەوە دەیەوێ بێتە ناو کۆشك.



بێگومان پاشا کابرایەکی نەزان بوو، بەڵام لە پڕ پرووشکی بیرێکی بەمێشکدا هاتو بە پاسەوانەکانی گوت:

- هەقتان بەسەردا نەبێ، لێی گەڕێن بابێتە ژوورەوە.

پاشا خۆی ڕێنمایی پیرەژنی کرد بۆ ناو کۆشكو کەگەیشتنە ژوورەوە پاشا لەسەر تەخت دانیشتو پیرەژنی لەبەردەم خۆی داناو پرسی؟

- دەی باشە! چیت دەوێ؟

پیرەژن گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! من ئەو پیرە ژنەم کە ئێوە هەمیشە پێی پێ دەکەنین.

ئێستا ئێوە خەریکن وەڵامی ئەو پێکەنینانەتان دەدەنەوە. تێگەیشتی؟

من بووم هاوسەرەکەتانم کرد بە پیرە ژنێکی ڕمووزنو ناشیرینو بەد فەساڵ. جا ئێوە ئێستاش هەر پێ دەکەنن؟

پاشا گوتی:

- ژنەکە! هەرچی بتەوێ دەتدەمێ، هەر ئەوەندەیە ژنەکەم وەکوو جاران لێ بکەوە، بەقەد کێشی خۆت زێڕت دەدەمێ.

پیرەژن پێکەنی. پاشا پرسی:

- بۆچی پێدەکەنی؟

پیرەژن بەئاوازێکی گاڵتەجاڕی گوت:

- بۆچی پێ نەکەنم؟ ئێستا نۆرەی منە پێ بکەنم. گوێ بگرە، جەنابی پاشا! کاتێ کەتۆ بەمن پێ دەکەنی، لەدڵی خۆمدا دەمگوت لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات هیچ کەس نییە بەقەد تۆ نەزان بێ. دونیا جێی

www.pertwk.com

سزادانەوەیە. چ لەخەڵك بكەی، خەڵكیش وات لێدەكەن. من دڵم بەتۆ ناسووتێ، دڵم بە هاوسەرەكەت دەسووتێ. بانگی كە بابێتە ئێرە. دەمەوێ بیگێڕمەوە سەر شكڵی جارانی. هیوادارم تۆ بەقەد دەنكە جۆیەك ئەقڵ بۆ خۆت پەیدا بكەیو چیتر بەخەڵك پێ نەكەنی.

كەشاژن هاتە ژوورەوە، پیرەژن چووە لایەوەو دەستی لەلەشیدا. شاژن دەمودەست بوو بەخانمە جوانەكەی جارانو پێش ئەوەی پاشا دەرفەتی ببێ یەك قسە بكا، پیرەژنی جادووگەر لەبەرچاو بزربوو.

دەڵێن لەو ڕۆژە بەدواوە ئەو پاشایە چیدی بەعەیبی خەڵك پێ نەكەنی.

## 3- هێزی ئەشق



كابرایەكی گەنج دەیەویست زوو ژن بێنێ، لە پڕ مەرگ لەسەر سەری ئامادە بوو و گوتی:

- تۆ لەڕۆژی زەماوەند كردنت دەمریت.

گەنجەكە لەترسان لەجێی خۆی وشك بوو، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، متەقی لێوە نەهات. بەدڵێكی پڕ غەمو بێ ئەوەی بزانێ دەچێتە كوێ، ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت.ڕۆیشت، ڕۆیشت تاگەیشتە كێوی بیلەجان. لەوێ سەری هەڵبڕیو پیرەمێردێكی دی. پیرەمێردەكە ڕیشێكی سپی وەك بەفری هەبوو و داردەستێكی بەدەستەوە بوو و لەسەر تەختێكی بڵند دانیشتبوو. پیرەمێردەكە ڕووی وەكوو ڕۆژ دەدرەوشایەوە.

كەچاوی بەكوڕەكە كەوت گوتی:

- ڕۆڵە گیان! ئەوە بۆچی واڕەنگت پەڕیوە؟ ئەوە دەچیتە كوێ؟

گەنجەكە وەڵامی دایەوە:

- لەدەست مەرگ ڕادەكەم. تۆ نازانی تووشی چ دەردە سەرییەك هاتووم!

پیرە مێردەكە زەردەخەنەیەكی تاڵی خستە سەر لێو و سەری بادا و دەستێكی بەڕیشی داهێناو گوتی:

- هیچ كەس ناتوانێ لەدەست ئەو لەندە هۆرە بەد فەساڵە ڕابكات. دڵنیابە! بەلام یەك شتت پێ دەڵێم، ڕدێنی مەرگ لەدەست مندایە. من دەتوانم پێی بڵێم ڕۆحی فلان بكێشێو ڕۆحی فلان نەكێشێ. تەمەنی فلان كورت بكاو تەمەنی فلان درێژ بكا.

- ئێوە كێن؟

- من پێم دەڵێن ڕۆژگار.

– ڕۆژگار؟ ئەگەر ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان هەیە،دەکەومە سەر دەستو پێتانو تکاتان لیٚ دەکەم قوتارم بکەن. خۆتان دەبینن من هێشتا زۆر گەنجم، پڕ تینو تاقەتو چالاکیم. بۆ دەبێ وا زوو بمرم؟ من چیم لەمەرگ کردووە؟

پیرە مێردەکە زۆر سکی بەگەنجەکە سووتاو گوتی:

– تۆ تا ئاوها لەمردن بترسی، ناچاری ڕابکەیتو بێماڵو حاڵ بی. ئەگەر دەتەوێ قوتار بیت، سەد هەنگاو بەلای دەستە ڕاستدا بڕۆ، دەگەیتە دار ئاڵوویەك. بیرێك لەتەنیشت درەختەکەیە، ئاوەکەی وەکوو فرمێسکی چاو ڕوونو زوڵاڵە. نەختێ لەو ئاوە دەخۆیتەوە. ترست لەلەش دەردەچێو ڕۆحی خۆڕاگری ڕیشەی لەگیانت دا دەکوتێ. ئینجا ملی ڕێی خۆت بگرەو بڕۆ، خودا پشتو پەناهت دەبێ.

گەنجەکە، دەستی پیرە مێردەکەی ماچ کردو لەکنی ڕۆیشت. بیرە ئاوەکەی دۆزییەوە و ئاوی لیٚ خواردەوە. ترسی لەلەشی دەرچوو و ڕۆحی خۆڕاگریی ڕیشەی لەگیانی داکوتا. ئینجا کوڕە لەڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە شارێك لەسەر کەناری دەریا دروست کرابوو. چەند ساڵێك لەوێ گیرسایەوەو بەڕەنجو تەقەللا نەختێ پارەی کۆکردەوەو ئینجا گەڕایەوە شاری خۆی. هێشتا لەکۆسپەی دەرگا ئاودیو نەببو و دایبابی خۆی نەدیبوو کە لەپڕ مەرگ لەبەر چاوی پەیدا بوو گوتی:

– باشە، لەدەستی من ڕادەکەی، وانییە؟ کەس هەیە بتوانێ لەدەستی من ڕابکات؟ ڕۆژگاری مەرگت هاتووەو وەرە، با ڕۆحت بکێشم.



لەو ساتەدا، دایکی گەنجەکە چووە بەینی مەرگو کوڕەکەیو گوتی:

– بۆچی کوڕەکەم دەکوژی؟ ئەگەر هەر دەتەوێ ڕۆحی یەکێ بکێشی، ڕۆحی من بکێشە.

مەرگ دەستی بەڕۆح کێشانی دایکە کرد. لەپێیەکانییەوە پێداهات تا گەیشتە گەرووی. پیرەژن، ئیتر تاقەتی نەماو هاواری کرد:

– هاوارە! هاوارە! مردم!

مەرگ دەستی لەپیرەژن هەڵگرت.

لەو کاتەدا، باوکە هاتە پێشو گوتی:

– ئەی مەرگ! کوڕی من مەکوژە! نووری چاوی منە! ئەگەر هەر دەتەوێ ڕۆحی یەکێ بکێشی، ڕۆحی من بکێشە.

مەرگ چووە لای باوکە. لەئەژنۆکانییەوە دەستی پێ کرد تاگەیشتە زمانی. باوکە چیتر تاقەتی نەماو گوتی:

– کوڕم! فریام کەوە! مەرگ دەیەوێ ڕۆحی من بکێشێ بۆ ئەوەی تۆ ئازاد بکا. مەرگ پیرە مێردەکەی ئازادکرد. گەنجەکە ڕووی کردە مەرگو گوتی:

– من گلەیی لەدایكو باوکم ناکەم. بۆچی ئەوان بۆ خاتری من تووشی ڕەنجو دەردو بەڵا بن؟ ئێستاش تۆ کەئەوەندە سەبرت گرتووە، ڕێم بدە بچمە لای دەزگیرانەکەم، ئەگەر ئەویش ئامادە نەبوو لەبری من بمرێ، ئەوسا، خۆم بەو پەڕی ئارەزوو ڕۆحم پێشکەش بەتۆ دەکەم.

مەرگ لەگەڵ کابرای گەنج چووە ماڵی دەزگیرانی گەنجەکە. کچەکە، کەچاوی بەدەزگیرانی کەوت، بەر لەوەی مەرگ هیچ بکات، خۆی

www.pertwk.com

گەیانــدە لای دەزگیرانەکــەی و بەگــەرمی گرتییــە بــاوەش. بــەجۆرێ کەوتبوونە ناو باوەشی یەکتر، هەر دەتگوت یەك گیان و یەك جەستەن.

مەرگ هاواری کرد:

– ها! بەسە. من وەختم نییە. پێم بڵێن ڕۆحی کامەتان بکێشم؟

کچەکە پرسی:

– مەبەستت چییە؟ چیت دەوێ؟

مەرگ گوتی:

– من بۆیە هاتوومەتە ئێرە تا ڕۆحی دەزگیرانەکەت بکێشم.

کچەکە گوتی:

– چی؟ ڕۆحی دەزگیرانی من؟ ئەگەر هەر دەتەوێ ڕۆحی یەکێ بکێشی، ڕۆحی من بکێشە.

مــەرگ دەســتی بــە ڕۆح کێشــانی کچــەکە کــرد. لــە نــووکی ئەنگوستەکانی پێیەوە دەستی پێ کرد تا گەیشتە مووی سەری. لێرەدا، کچەکە هاواری کردو گوتی:

– بۆچی ئازارو ئەشکەنجەم دەدەی؟ ئەگەر دەتەوێ ڕۆحم بکێشی، بۆچی بەیەك جار نایکێشی و تەواوم بکەی؟ ئێستا ڕوخسەت بدە، یەك ماچیتر لەدەزگیرانەکەم بکەم، ئەوسا هەرچی دەکەی بکە!

مەرگ لە پڕ ڕۆحی کچەکەی کێشا، بەڵام کەلەئیشی خۆی بووەوە، هەستی کرد ناتوانێ ئەم ژن و پیاوە گەنجە لەبیر بکا. لە ئەشق و فیداکاری ژنەکە سەرسام بوو. دڵی نەرم بوو و بڕیاری دا ڕۆحی بداتەوە. کچەکە زیندوو بووەوەو مەرگ وازی لێ هێنان و ڕۆیشت.



کابرای گەنج و دەزگیرانەکەی لەکەیفخۆشییان لە پێستی خۆیان نەدەحەوانەوە. سێ شەوو سێ ڕۆژ کردیان بەئاهەنگ و خۆشی. بەڵێ، ئەمانە بەهێزی ئەشق بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن.

لە شەوی زەماوەندا سێ سێو لەئاسمانەوە کەوتنە سەر زەوی:

یەك بۆ بووك و یەك بۆ زاوا و یەکێکیش بۆ ئەو پیرە مێردە ڕیش سپییەی زیندوو بوو و زیندووەوە تا ڕۆژی قیامەت هەر زیندوو دەبێ.

ئەمەش هەقایەتەکەی ئێمە!

# 4- بووکی ناقۆڵا

ژنێك لەگەڵ خەسووەکەی لەیەك خانوودا دەژیان. پیرەژن یەك فەردە نۆکی گەورەی لە ماڵێدا هەبوو. بەڕێکەوت، ئەم بووکەی ئێمەش زۆر حەزی لەنۆك بوو. ڕۆژێ هەندێ نۆکی دزی و بەنهێنی برژاندی و خواردی. ڕۆژێ، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژو ئاخیری دە ڕۆژ تێپەڕی و خەسوو نۆکەکەی بەسەر کردەوەو دیتی زۆر کەمی کردووە. لەدڵی خۆیدا گوتی: ( سەیرە، ئەم فەردە پێشتر پڕ بوو، ئێستا نیوە بووە! هەڵبەت ئەم ئیشە ئیشی بووکەکەمە.)

بێگومان خەسوو پیرەژنێ بوو شەیتانیشی دەرز دەدا، بەڵام بووکەکەی لەخۆیشی زرنگتر بوو. بووکەکە، یەکسەر تێگەیشت خەسووی چی لەمێشکدایە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ( دەبێ کارێکی وا بکەم، لێ نەگەڕێم پیرەژن شکی من بکات.)

چەند ڕۆژێك پێ چوو. ڕۆژێ بووك خەریك بوو خانووی دەماڵی، چاوی بەدنکە نۆکێك کەوت لەژوورێ کەوتبوو. هەڵیگرت و چووەلای خەسووی و گوتی:

- دایکە، ئەرێ ئەمە چییە؟ تۆوی دەرەیە؟ یان ناوکە سێوە؟ نا، نا، وابزانم ناوکی تووتنە.

کاتێ خەسوو ئەمەی بیست بەد گومانی بەرامبەر بە بووکەکەی نەما، لەدڵی خۆیدا گوتی: ( بەڕاستی منیش ژنێکی بەد گومانم! ئەوە من



چۆن گومانی خراپم لەم کچە بەد بەختە کرد؟ ئەمە تەنانەت نۆکیش ناناسێتەوە. چۆن دەبێ نۆکی دزیبێ.)

## 5-کچی شا زەرزەند

هەبوو نەبوو، وەرزێرێکیدەستکورت هەبوو، ڕۆژێ، لە سبەینێوە تا ئێوارێ، دەچووە ماڵی ئەمو ئەو و ئیشی بۆ دەکردن. بەزەحمەتو مشەققەت نانی خۆی پەیدا دەکرد. ژنەکەشی لە ماڵەوە خاولیو دەسماڵی دەچنی، هەر چۆنی بێ پارەی پارووە نانێکیان دەردەهێناو ورگی خۆیانو کوڕە تاقانەکەیان پێ تێر دەکرد. کوڕەکەیان ناوی زۆراب بوو.

ڕۆژێ، باوکی زۆراب، کە خەریك بوو لەسەر شینایی کاری دەکرد، کەوتە بن گالیسکەیەكو هەموو ئێسكو پرووسکی وردو خاش بوو. یەك مانگی ڕەبەق کەوتە ناو جێو بەدەم دەردو ئازار تلایەوە و ئاخیری گیانی سپارد.

کاتێ ئەم بەسەرهاتە ڕووی دا، زۆراب تەمەنی چوار ساڵ زیاتر نەبوو. دایکی، دوای مردنی مێردەکەی بێجگە لەچنینی خاولیو دەسماڵ، هاوکاری ماڵە دراوسێکانیشی دەکرد. جلو بەرگی دەشووشتن، ماڵی پاك دەکردنەوە، مەشکەی بۆ دەژەندن و شتی وا. بەکورتی، نانێکی نەمرو نەژی بۆ خۆیو منداڵەکەی پەیدا دەکرد.

چەند ساڵێك بەم جۆرە تێپەڕی. ساڵێ تاعوون بڵاوبووەوەو دەوری سی کەسی خەڵکی گوندەکەی لەناو برد. ئەو سەردەمە، گوندەکەیان نە تەبیبی لێ بوو، نەداو دەرمان. دایکی زۆرابیش یەکێ بوو لە قوربانییەکانی تاعوونەکە. بەم جۆرە، زۆراب ئیتر لەم دونیایەدا بەبێکەسی مایەوە. دراوسێکەیان، کەخاوەن شیناییەکی دەوڵەمەند بوو و چەندین مەڕو گاو گۆتاڵی هەبوو، زۆرابی بردە ماڵی خۆیانو ئەرکی بەخێو کردنی گرتە ئەستۆی خۆی. ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکێ ئەوەبوو دڵی بەم کوڕە دەسووتا، دووەم ئەوەبوو لەدڵی خۆیدا دەیگوت: (ڕاستە



ئەم کوڕە ئێستا تەمەنی لەنۆ ساڵ زیاتر نییە، بەڵام ئەگەر خواردنێکی باشی دەرخوارد بدەم دەتوانێ بچێتە بەر مەڕو گاو گۆتاڵەکانمو چاوی لێبێ.)

ئەم منداڵە هەتیوە، کەهێشتا دایکی مابوو، لەگەڵ دایکیدا لە کووخێکی خراپ دەژیا، بەڵام ئێستا سەرپەرشتیارەکەی ئەو خانووەی تێکدابوو و زەوییەکەی خستبووە سەر باخەکەی خۆیەوە.

سەرپەرشتیاری زۆراب چوار پێنج گوێرەکەی هەبوو. زۆراب، کەدوای مەرگی دایکی ناوەکەیان دەشکاندو پێیان دەگوت (زورۆ)، هەموو ڕۆژێ سبەینان زوو گوێرەکەکانی بۆ لەوەڕ دەبردە ئاقاریو شەو دەیهێنانەوە ماڵێ،

ئاشکرا دیار بوو ئەم کوڕە کوڕێکی هۆشیارەو هەر کارێ پێی بسپێرن بەچاکی ئە نجامی دەدا.

زورۆ کەبوو بە دوازدە ساڵی، بێجگە لە گوێرەکەکان، مەڕەکانیشی دەبردە لەوەڕ. زورۆی هەتیو، بەگوێرەی تەمەنی خۆی، کەلەشێکی زۆر گەورەی نەبوو، بەڵام زۆر بە تاقەت بوو. خەڵکەکە دەرهەق بە زورۆ دەیانگوت: (بەژنی بستو نیوێکە، بەڵام تاقەتی بەقەد تاقەتی پیاوێکە.) لەڕاستیدا هەر واش بوو. زورۆی دوازدە ساڵی، تاقەتی بەقەد تاقەتی باوکی، یان هەر پیاوێکی تربوو. هەر کاتێ لەدێدا دەبوو بەزۆرانێ، زورۆ لەگەڵ کوڕی چوار پێنج ساڵ لەخۆی گەورەتر دەچووە مەیدانو لەعەردی دەدان.

بەڕێکەوت، ڕۆژێ کە مەڕی بۆ لەوەڕ بردبووە ئاقاری، گورگێ لە مێگەلەکەی نزیك کەوتەوە. زورۆ ئاگای لەهیچ نەبوو، فراوینی خۆی

www.pertwk.com

دەخوارد کە لە پڕ گورگەکە پەلاماری مێگەلەکەیداو کەڵبەی لە مەڕێك گیر کردو تێی تەقاند، هەڵات. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە، شوانەکانی دی بەسەگەکانی خۆیان ڕێیان لێگرت. گورگەکە، کەگەڕایەوە دواوە، زورۆی بەرامبەر خۆیەوە بینیو پێش ئەوەی بتوانێ ڕێی خۆی بگۆڕێ، زورۆ وەکوو برووسکە پەلاماری داو گەرووی گرت. گورگەکە بەچاو تڕووکانێك قنیاتی لەبەر بڕاو کەلەشی کەوتە ئەو گۆڕە. شوانەکان، کەئەم دیمەنەیان دی، گوتیان:

– زورۆ، بەڕاستی تۆ تاقەتێکی زۆرت هەیە! ناوت بنێین چی؟

( زوزرۆی گورگکوژ ) چۆنە؟

یەکێ گوتی:

– کوڕە، تۆ مەگەر ورچیت ئاوها بە گەرووی گورگەکەوە نووسای؟

چەند کەسێکی تر گوتیان:

– نەخێر، ئەمە شێرە، ناوی دەنێین ( ئەسڵان[1]

لەوسا بەدواوە ناوی زورۆ بوو بەئەسڵانی هەتیو.

ئەسڵان، کەتەمەنی بوو بەبیست و یەك ساڵی، ئاغاکەی شوانەتی هەموو مەڕەکانی خۆی بەو سپارد. ئەسڵان لەهیچ شتێ نەدەترسا. ڕۆژانی هاوین، مەڕەکانی دەبرد لە زورگە سەوزەکانی دەورو بەری دێ دەیلەوەڕاندن و شەویش دەیبردنە ناو ئەشکەوتی گەلییەك کەنیو قۆناغ لەگوندەوە دوور بوو. مەڕەکانی لەم پەناگا سروشتییە ڕادەگرتەوەو سەگەکانی لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە دەکردە پاسەوان و خۆیشی لەبەر

( [1] ئەسڵان، واتە: شێر



دەرگەی ئەشکەوتەکە درێژ دەبوو. گۆزەی ئاوو نانی لەسەر سەری خۆیەوە بەدیوارەوە هەڵدەواسی و بە ئاسوودەیی و دڵنیایی لێی دەخەوت.

ڕۆژێ ئەسڵانی هەتیو هەستی کرد خەریکە ڕووداوێکی سەیرو سەمەرە ڕوو دەدا. دەیتوانی سوێند بخوا نان و ئاوەکەی بەدرێژایی شەو کەمی کردووە. هەر دەتگوت یەکێ لێی خواردوون. ئەم مەسەلەیە خستییە سەر بیرو لێکدانەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی: ( نا، نا، هەڵبەت بە سەهوو چوومە. سەگەکان وا لەدەرەوەی ئەشکەوتن و مەڕەکانیش دەستیان بەتوربەی من ناگا. دەبێ کێ نان و ئاوی منی خواردبێ؟ )

چەند ڕۆژێکی پێ چوو. ئەم جارە ئاغا ژن نانێکی گەورەی فەتیرو چوار هێلکە مریشکی دایە ئەسڵان، کە دەبوایە سەرا پای ڕۆژی پاشی بەوەندە قنیات بکا. کەشەو داهات، زۆرۆ وەکوو جاران تۆربەکەی خۆی لەسەر سەری هەڵواسی و نووست.

بەیانی ڕۆژی پاشی کە بەخەبەر هات، دیتی نانەکەی نیوە بووەو دوو هێلکە مریشکیشی نەماون. لەدڵی خۆیدا گوتی: ( دەبێ پێ بکەوم، مەسەلە چییە. ) دیارە بنیادەمێ، یان جانەوەرێ هەموو شەوێ دێ و نیوەی خواردنی من دەخوا. بەڵێ شەریکم بۆ پەیدا بووە! )

ئەو ڕۆژە ئەسڵان بەدرێژایی وەختەکە سەخڵەت و نارەحەت بوو. تەماشای خۆری دەکردو بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێ بوو دونیا تاریك دابێ. دەیەویست بەزووترین کات مەڕەکان بباتە پەناگاکەو بزانێ شەو چ کەسێ دێ و نیوەی خواردنەکەی دەخوا.

ئاخیری دونیا تاریك داهات و ئەسڵانی هەتیو، مەڕەکانی کۆکردەوەو لە زوورگی شۆڕبووەوە و بەرەو ئەشکەوتەکە کەوتە ڕێ. لەناو

ئەشكەوتەكە قاپووتی شوانەتی خۆی بەسەر خۆیدا هەڵكێشا و خەوی لەخۆی خست، بەڵام لەژێر قاپووتەكەوە هەموو جێیەكی لێ دیاربوو، لە پڕ وای بەبیردا هات نەكا ئەو دزە نەناسراوە دێو، یان ڕۆحێكی پیس بێ. لەدڵی خۆیدا گوتی: (بەڵێ، لەوانەیە وابێ، دەبێ ئەو دوعایانە بخوێنم كە دایكم فێری كردووم بۆ ئەوەی ڕۆحی پیس گۆڕ بەگۆڕ بچن.)

ماوەیەكی زۆری پێ چوو و هیچ خەبەر نەبوو. بچووكترین دەنگ نەدەكەوتە بەر گوێ، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو جێگایەكدا كێشابوو. ئەسڵان وردە وردە پێڵووەكانی قورس بوون. ئەسڵان، وەخت بوو، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، خەوبیباتەوە. بەڵام لەناكاو دەنگێكی زۆر هێدی كەوتە بەر گوێ. پێڵوی چاوی كردەوە، شتێكی وای دی خۆیشی باوەڕی نەدەكرد.

ئەسڵان چی دی؟ خۆشی لەو چاوەی ئەو جۆرە كەسە دەبینێ! كچێكی شازدە، حەڤدە ساڵە بەرامبەر ئەسڵان وەستابوو. بەڵام كچێكی ئاسایی نەبوو، حوورییەكی بەهەشت بوو! كچی شای پەریان بوو! ئەگەر بچووبایە ئاسمان، مانگ لەشەرمان خۆی دەشاردەوە! هەر كەسێ چاوی پێدەكەوت دەمی لەدیار بەش دەبووەوە، بەجۆرێ نوقمی تەماشای دەبوو، خۆی لەبیر دەكرد.

ئەوەی گوێی لەم قسەیە دەبێ ئەگەر پیاوێكی گەنج بێ، بابزانێ دەبێ دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆیدا هەبێ.

ئەسڵان كاتێ كە چاوی بەكچەكە كەوت هۆشی لەسەردا نەما، ویستی هەستێ و بیگرێتە باوەش. بەڵام جڵەوی ئارەزووی خۆی گرت.



كچەكە، تۆربەی زورۆی لە بزمارەكە كردەوەو هێنایە خوارێ، نەختێ ئاوی خواردەوەو بەشی خۆی لەنانەكە بردو ویستی بڕوا. زۆری نەمابوو بچێتەوە ناو بەردەكانو لەچاو بزر ببێ، كە ئەسڵان دەستی گرتو پرسی:

– كوێوە دەچی، مانگی تابان؟ تۆ ئەستێرەی بەختی منیت؟

كچەكە ڕووی كردە ئەسڵانو بەدەنگێكی غەمگین داوای لێكرد لێی گەڕێ بڕوا:

– لێ گەڕێ بڕۆم، تكات لێدەكەم. من ئەستێرەی بەختی تۆ نیم! ئەگەر بەرم نەدەی، گیانت دەكەوێتە مەترسی!

ئەسڵان گوتی:

– ئەگەر دەتەوێ فەرموو گیانم دەربێنە! من لەم دونیایەدا لەهیچ شتێ ناترسم! لای من بمێنەوە! چ دەبێ ئەگەر تۆ ببی بەیارو دڵداری من؟

كچەكە، كەشۆرو شەوقی ئەسڵان هەستی بزواندبوو، گوتی:

– گوێ بگرە! لە شوێنێكی دوور، حەفت كێو بەولاوە. پاشایەك هەیە ناوی (زەرزەند)ە. (زەرزەند) یانی (ترس). هەموو پاشاكانی دی كەگوێیان لەناوی دەبێ هەموو لەشیان دەلەرزێ. ئەو پاشایە باوكی منە. چوار پێنج ساڵ پێش ئێستا (بە وردی مێژووەكەم لەبیر نەماوە)، حەفت پاشا یەكیان گرتو شەڕیان لەدژی باوكم ڕاگەیاندو بەرەو وڵاتی باوكم ڕۆیشتن. باوكیشم لەشكرێكی كۆكردەوەو چووە جەنگیانەوە. باوكم دوو براكەمی ڕاسپارد، ئەو كاتەی خۆی لەوێ نییە، ئەوان وڵات بەڕێوە ببەن، بەڵام لەو ڕۆژە پڕ ئاژاوەو هەراو هۆریایە، (تەپە گۆز) ی دێوی سێسەر، بەخۆو بەشەش براوە پەلاماری وڵاتی ئێمەیداو منی بەدیل گرتو لەگەڵ خۆی بردم. براكانم لەشكرێكیان پێكەوە ناو لەگەڵ دێوەكان كەوتنە

www.pertwk.com

جەنگ. دە ڕۆژ جەنگ بەردەوام بوو و هیچ لایەکیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ڕۆژی یازدەم، چوار دێو لەناو چوون، بەڵام برای گەورەی منیش کوژرا. ڕۆژی سیانزەم، دێوێکی دیو برای گچکەم کوژران. لەهەمان ڕۆژدا، لەشکرەکەمان پەرتان پووتانی پێ کەوت. کەبراکانی من کوژران، سەربازەکانیش دەستیان لەشەڕ کێشایەوەو گەڕانەوە ماڵی خۆیان. تەپەگۆز، کە لەهەموو براکانی گەورەتربوو، منی بردە وڵاتی خۆی، کە چووینە ناو قەڵای ئەو دێوە، پێی گوتم: ((کچەکە تۆ ئیتر هیچ کەس و کارت نییە، وەرە مێرد بەمن بکە! ئەگەر فەرمانبەرداری من بی، من وەکوو چاوەکانی خۆم ئاگاداریت دەکەم" بەڵام من نەمویست دێوێ ببێ بە مێردی من و پێشنیازەکەیم ڕەت کردەوە. دێوی سێ سەر چل ڕۆژ لێم پاڕایەوە، کەوتە سەر پێم، ئاهو ناڵەی دەکرد، بەڵام وەڵامی من هەر ئەوە بوو: مێرد بە تۆ ناکەم!

ڕۆژی چلەمین دێوەکە شێت بوو. زاری کەفی کرد. ئەو تاقە چاوەی لە تەوقی سەری بوو بە قەدەر کاڵەکێکی لێ هات. بەربووەوەو چرنۆکی لە زەوی دەکوتاو ناوی منی دەهێنا: ((سیمین عوزار، سیمین عوزار.))

دایکی دێوەکە، کە ژنێکی پیرو زۆر ناشیرین بوو، کە دەیدی کوڕەکەی بەدەست منەوە تووشی چ ڕەنجێك هاتووە، ددانەکانی بەجیڕەوە دەبردو بەوییا پارچە پارچەم بکا، بەڵام لەترسی کوڕەکەی هیچی نەدەکرد.

شازادە خانم ئاخێکی هەڵکێشاو بەم جۆرە لە هەقایەتەکەی بەردەوام بوو:



دێوی سێ سەر سێ ڕۆژی تەواو بەو حاڵە مایەوە. دوای سێ ڕۆژ، عەقڵی هاتەوە سەر. بەڵام دیسان دەستی بەتکاو پاڕانەوە کرد. ئەم وەزعە چل ڕۆژی دی دەوامی کردو دێوەکە دیسان شێت بوو، دوای سێ ڕۆژ دیسان عەقڵی هاتەوە سەرو بەدایکی گوت:

((ئەم توولە مرۆیە لەبەر چاوم دوورخەوە، بەڵام وریابە هیچ بەڵای نەگاتێ)).

دایکی دێوەکە، پیرەژنێ بوو، لەهەموو جۆرە جادووگەرییەك کارامە بوو. نازانم چی کرد، هەر ئەوەندە دەزانم بەچاو تروکانێك خۆم لەم ئەشکەوتەدا دۆزییەوە. پیرەژنیشم لەگەڵدا بوو. دار عەسایەکی سەوزی پێ بوو سێ جار لەدیواری ئەشکەوتەکەیداو گوتی: ((ئەی بەردینە! ئەم کچە پاشایە بگرنە ناو خۆتان و ئازادی نەکەن تا پەڕەسیلکە بەرزگارکەرەکەی دەڵێن چۆن ڕزگاری بکا. کە ڕزگارکەری ئەم کچە سێ زەبری لەئێوەدا، کچەکەی پێ بسپێرن. تا ئەوکاتە، ڕۆژێ یەك جار، نیوەشەو ئازادی بکەن بچێتە دەرەوە.))

سیمین عوزار بەم جۆرە کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێنا.

- بەڵێ! شوانەکە! ئەمە بوو سەربردەی ژیانی من. ئێستاش لێ گەڕێ بگەڕێمەوە زیندانی تەنگو تاریكو ناو ئەو بەردە ساردانە. ئەگەر وەکوو دەڵێی بەڕاستی منت خۆش دەوێ. بڕۆ پەڕەسێلکەکان بدۆزەوە ئەوان دەزانن من چۆن دەتوانم لەم زیندانە ئازاد ببم.

ئەسڵان کچە پاشاکەی بەردا و ئەویش لەناو بەردەکان بزر بوو.

www.pertwk.com

ئاخیری شەو بە پایان گەیشت و بەیانیدا- ئومێدەوارم ژیانی ئێوەش بەیانی بدا و هەر شاد و بەختەوەر بن- ئەسڵان مەڕەکانی کۆکردەوەو یەکەو ڕاست چووەوەماڵی ئاغاکەی. کەئاغا دیتی ئەو کاتەی ڕۆژ مەڕەکانی هێناوەتەوە ناو دێ، هەر واقی وڕما. ئەسڵان بە ئاغاکەی گوت چیتر نایەوێ شوانی بکات و داوای لێکرد حیسابەکەی بۆ یەك لا بکاتەوە.

ئاغا، زۆر هەوڵیدا ئەسڵان لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام ئەسڵان بڕیاری تەواوی خۆی دابوو. ئاغاش کە وای دی، قەرزی ئەسڵانی دایەوەو ئەسڵان ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت.

ئەسڵان، کە لەدێ چووە دەرەوە، گەیشتە سێ ڕیانێك، نەیزانی بەکامیاندا بڕوا. وەستاو نەختێ بیری کردەوە. دوعایەك لەدایکی فێرببوو، خوێندی و پاشان گوتی:

(( ئەی خودای گەورە! ئەی خودای داییابی میهرەبانی من! فریام کەوە. وا چاوەکانم دەنووقێنم و ئەم دارە فڕێ دەدەمە هەوا، بە کەرەمی خۆت ئیشێکی وا بکە دارەکە بکەوێتە سەر ئەو ڕێیەی دەمگەیەنێتە مەبەستی خۆم ))

ئەسڵان ئەمەی گوت و داردەستەکەی فڕێ دایە هەوا. کەچاوی کردەوە دیتی داردەستەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی سێ ڕیانەکە.

ئەو ڕێگایەی گرتە بەر کە لەگەڵ درێژایی داردەستەکەی دەڕۆیشت. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت، هەر خودا دەزانێ چەند ڕۆیشت. کە هات ڕۆژ ئاوا بێ، گەیشتە گوندێك. ئەو گوندە ئەرمەنی نشین بوو، بەڵام ئەو



ناچار بوو لابداتە گوندەکە، هیچ جێگای تری نەبوو. دەتوانێ بچێتە لای کێ؟ بچێتە چ شوێنێ؟ بەڵام ئەوەی کەوتبووە دڵ کە ئەو پەڕسێلکانەی بەدوایاندا دەگەڕێ دەبێ لێرە بیاندۆزێتەوە.

ئەسڵان بەناو کۆڵانەکانی ئەو گوندەدا دەگەڕا و تەماشای سواندەی بانی خانووەکانی دەکرد، بەڵکو هێلانەی پەڕەسێلکەیەك بدۆزێتەوە. بەلای زۆر خانوودا تێپەڕی و هیچی نەدی. تا لەدەرەوەی دێ گەیشتە کووخێکی بچووك. لەناکاو دیتی پەڕەسێلکەیەك لەناو خانووەکە هاتە دەرێ و دووبارە فڕی و چووەوە ژوورێ. ئەسڵان لەدڵی خۆیدا گوتی:

( بەخوا، خۆشبەختی من لەم ماڵەدایە! ئەگەر لەدەرگای ئەم ماڵە بدەم، بۆی هەیە ئەمشەو داڵدەم بدەن تا بزانم سبەی خودا چ ڕێگایەکم بەڕوودا دەکاتەوە. )

بەڕێکەوت دەرگای خانووەکە کراوەبوو. ئەسڵان چووە ناو ماڵەکەو سەیرێکی دەورو بەری کرد. پیرەژنێکی دی خەریك بوو مۆمێکی دادەگیرساند.

ئەسڵان سەلامی لێکردو گوتی:

- دایە گەورە! چۆنی؟

پیرەژن سەلامی لێ وەرگرتەوەو گوتی:

- سەلامەتی بنیادەم لەدەست خودایە. سوپاس بۆ خودا، خراپ نیم. فەرموو چیت دەوێ بۆت بکەم.

ئەسڵان گوتی:

- دایە گەورە! غەریبەم! لەم ناوەدا هیچ دۆست و ناسیام نییە. دەتوانم شەو لێرە بم؟

www.pertwk.com

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- میوان خۆشەویستی خوایە. فەرموو وەرە ژوورەوە.

پیرەژن نان و هەرچییەکی لەماڵەوە هەبیوو لەبەر ئەسلانی دانا و پاشان نوێنی بۆ ڕاخست و شەوباشی لێکردو چوو بخەوێ. بەلام ئەسلان خەوی لێ نەکەوت، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: ((ئەی خودای گەورە! ئاخۆ ئەو پەڕەسێلکانە ئەوانەن کە دەتوانن بەمن بڵێن چۆن سیمین عوزار ئازاد بکەم؟))

ئەسلان بەدەم ئەم جۆرە بیرو لێکدانەوە کەلەکەی وەردەگێڕا تا لەئەنجادا پێڵووەکانی کەوتنە سەر یەك و خەو بردییەوە.

کە بەیانیدا، ئەسلان لەناوجێ هەستاو چوو سەرنجێ لەهێلانەی پەڕەسێلکەکان بدا. پەڕەسێلکەکان بەشادی، بەم لاو بەولادا دەفڕین و جیکە جیکیان دەکرد. ئەسلان دەستی دوعای بەرز کردەوەو گوتی:

- خودایە! بەهەرەیەکم بدەرێ بتوانم لەزمانی باڵندان بگەم.

لەو ساتەدا دەنگی جیکە جیکی یەکێ لە پەڕەسێلکەکان سەرنجی ئەسلانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەسلان لەپڕ هەستی کرد لەمانای جیکەجیکی پەرسێلکەکە دەگات. گوێی قۆلاغ کردو گوێی ڕادێرا.

پەڕەسێلکەی نێرە گوتی:

- حورمێ!

پەڕەسێلکەی مێیە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، چییە؟

- تۆ ئەم گەنجە دەناسی؟ لەبەرچاوی من ئاشنایە! ئەها! بەبیرم هاتەوە!



کە بۆ ڕاوە کرم دەچووینە ناو ئەو ئەشکەوتە، ئەم پیاوە ورتکە نانی بەبەرمان وەردەکرد بۆ ئەوەی بیخۆین.

مێیەکە گوتی:

- ڕاستە! ئەم پیاوە ئەسلانی هەتیوە. هەڵبەت بۆیە هاتۆتە ئێرە تا لەئێمە بپرسێ چۆن سیمین عوزار ئازاد بکا.

- چابوو ئەمڕۆ هاتە دیدەنی ئێمە! ئەگەر درەنگتر هاتبایە ئێمەی نەدەدی، کۆچمان کردبوو!

پەڕەسێلکەی مێیە گوتی:

- ئەسلان، ئەگەر بییەوێ بەمەبەستی خۆی بگا، دەبێ ئەم ئیشانە بکا:

کە ماڵاوایی لە خانەخوێ کرد، سێ جار دەستی ماچ بکا و سێ جار پێی بڵێ ((دایە گەورەی میهرەبان، سوپاست دەکەم!)) ئینجا پیرەژن پێی دەڵێ بۆ ئازادکردنی شازادە خانم چ بکا.

کاتێ کە خۆر بەدوعای ئیمانداران هەلات، ئەسلان خێرا جل و بەرگی کردە بەرو چووە لای پیرەژن و گوتی:

((دایە گەورە! من پەلەمە. دەبێ بڕۆم. ڕوخسەت بدەن دەستتان ماچ بکەم.))

ئەسلان سێجار دەستی پیرەژنی ماچ کردو سێ جاریش گوتی:

- سوپاست دەکەم دایە گەورە!

پیرەژنیش نێوچەوانی ئەسلانی ماچ کردو گوتی:

www.pertwk.com

- ئافەرین، زۆرابی هەتیو، بەڕاستی تۆ شێری لەناو بنیادەمان! بەڕاستی نازناوی ئەسڵان هەر لەخۆت دەوەشێتەوە. خوا ئارەزووت دێنێتە دی. هیچ ترس لەخۆت بار مەکە.

پیرەژن، چواردە فندق و دوو گوێزو یەك کوندە ئاوی بچووك و یەك مستە ئاردی لە پەڕۆیەك پێچاو دایەو گوتی:

- من دەزانم تۆ دەبێ بەکام ڕێگەدا بڕۆی. لێرەوە تا قەڵای دێوەکان حەفت ڕۆژە ڕێیە. ئەم چواردە فندقە بخەرە ناو گیرفانت و ڕۆژێ یەکێکی بخۆ. کە لەم گوندە چوویتە دەرەوە، لە قەراخ ڕێ جۆگایەك دەبینی، لەسەر جۆگاکە دانیشەو ئەم دوو گوێزە بشکێنە، ئەو سا تەواو ئامادەی سەفەر دەبی. کە گەیشتیتە قەڵای دێوەکان، دایکی دێوەکان دەبینی.

قەڵای دێوەکان، لەڕاستیدا بیرێکە چل گەز قووڵە. دایکیان لەسەر لێوی بیرەکە دانیشتووەو دێدەوانە کەس نزیك نەبێتەوە. دەمت لەم مەشکە ئاوەی پێم داوی، پڕ ئاو بکەو بەدەمو چاوی پیرەژنی دابکە. یەکسەر بێهۆش دەبێ. بڕۆ ناو بیرەکە.

تە پەگۆزی دێوی سێ سەر لەوێ لە خەوێکی قووڵدایە. تە پەگۆز سێ ڕۆژ دەخەوێ. لەبنی بیرەکە حەوزە ئاوێك دەبینی، داردەستێکی سەوز لەسەر ئاوەکە دەگەڕێ. دەست دە داردەستەکەو لەبیرەکە وەرە دەرەوە. ئەی ئەم ئاردە چ لێدەکەی؟ ئەمە شتێکە یەکێکی تر پێت دەڵێ. هیوادارم سەرکەوتووبی. بڕۆ، ئۆغرت خێر بێ.

ئەسڵان ئەوەندە کەیفخۆش بوو، بەقسە باس ناکرێ. هێشتا ئەوەندە لەدێ دوور نەکەوتبووەوە کە دیتی جۆگایەك بە قەراخ ڕێدا



دەڕوا. لە کەناری جۆگاکە دانیشت، فندقێکی دەرهێناو شکاندی و خواردی. وەکوو ئەوە وابوو مەڕێکی کردبێتە کەباب و خواردبێتی. لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا، لەبەر نیگەرانی زۆر کەمی خواردبوو و ئێستا بەم دانە فندقە بە تەواوی تێر ببوو!

ئەسڵان یەکێ لە گوێزەکانیشی دەرهێناو شکاندی، بەلای ئێوەوە چی تێدا بوو؟

ئەسپێکی بەزین و لغاو و رکێب! ئەسپێکی ئەوەندە بەتین بوو دەیتوانی هەر بابایەکی سەنگین وەکوو زلە پووشکە سواری پشتی خۆی بکا.

من شتێ دەڵێم و ئێوە شتێ دەبیسن! ئەو شتە ئەسپ نەبوو، وەکوو باو ئاگر وابوو. دەتگوت باڵی هەیە، بەڵام باڵەکانی لەبەر چاوی ئێمەی بنیادەم دیار نەبوو! زینی پشتی زیو نیشان بوو. ئەسپەکە، بە چا پووکی لەبەردەم ئەسڵان وەستاو چاوەڕێی کرد سواری بێ. ئەسڵان، کەچاوی بەئەسپەکە کەوت، ئەوەندە کەیفخۆش بوو، نەیدەزانی چ بکا.

ئەسڵان گوێزەکەی دیکەشی شکاند. ئەو چی تێدا بێ باشە؟ ئێستا پێتان دەڵێم. نیزەیەك: کە نووکی لە باشترین پۆڵا دروست کرابوو، شمشێرێك، کە ئاسنی دەبڕی، قەڵغانێك، ئەویش چ قەڵغان؟ قەڵغانێکی وا پیاو دەیتوانی لەژێریا بژی! و دەستە بەرگێکیش، بەڵام چ دەستە بەرگ؟ هەر مە پرسە! زمان ناتوانێ وەسفی بکا!

ئەسڵان خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەو ئەسپەکەی ئەوەندە بە خێرایی دەڕۆیشت، ئەسڵان دەترسا بەماوەی یەك سەعات بگاتە بنی

www.pertwk.com

دونیا! بەلام ئەو قسەیەی پیرەژن کردبووی، ڕاست بووو حەفت ڕۆژی خایاند تا ئەسلان گەیشتە قەلای دێوەکان.

ئەسلان تەگبیرەکانی پیرەژنی موو بە موو جێبەجێ کرد. بەو ئاوەی پێی بوو، دایکی دێوەکەی بێهۆش کردو چووە ناو بیرەکەو دەستی دایە داردەستە سەوزەکەو لەبن جلی خۆی ناو لەناو بیرەکە هاتە دەرەوە. ئەسپەکەی، (زریان)، لەسەر بیرەکە چاوەڕێی دەکرد. ئەسلان خۆی هەلدایە سەر ئەسپەکەو بەرەو ئەشکەوتی سیمین عوزار هاژوای، لەدلی خۆیدا گوتی:

(سیمین عوزار لەکوێی، وا هاتم؟)

ئەسلان سێ ڕۆژ ئەسپی تاودا ڕۆژی چوارەم، بەرەبەری ڕۆژاوا، لە پشتەوە گوێی لەدەنگێ بوو. سەری ئەسپەکەی وەرسوڕاندەوە. گەوالە تۆز و گەردێکی گەورەی دی دەهات. دێوەکەو دایکی خەریك بوون نزیك دەکەوتنەوە. ئەسپەکە، کەناوی زریان بوو، بەکاری خوا هاتە قسەو گوتی:

- ئێستا ئەو ئاردە بە هەوادا بلاو بکەوە!

ئەسلان ئاردەکەی بە هەوادا بلاو کردەوە. با ئاردەکەی بە هەموو لایەکدا برد. بە چاوتروکانێك لێڕەوارێکی گەورە لە بەینی ئەمو دێوەو دایکی پەیدا بوو. لێڕەوارێکی ئەوەندە چڕ بوو، یەك باڵندە چییە نەیدەتوانی بەناو چڵی درەختەکانیدا بفڕێ. ئەسلان لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو و دێوەو دایکی لەناو درەختەکانی لێڕەوارەکە گیریان خوارد.



ئەسلان بە هێمنیو ئارامی دوو ڕۆژی دی لە سەفەرەکەی بەردەوام بوو. تەنیا یەك ڕۆژی تری مابوو بگاتە ئەشکەوتەکەی سیمین عوزار. دلی بە توندی لێی دەدا. ئەسلان لەشەوقو مەراقی دیداری یار، ئۆقرەو هەدادانی نەبوو.

بەلام لە پڕ دەنگێکی کزی کەوتە بەر گوێ. ئاوڕی دایەوە و دیتی دێوەو دایکی وا دەنەڕێننو نزیك دەکەونەوە. ئەسپەکە جارێکی تر هاتە قسەو گوتی:

- مەترسە! دەوەستینو شەڕ دەکەین!

ئەسلان خۆی بۆ جەنگ ئامادە کرد. دێوی سێ سەر بەدەم نەعرەتەوە بەرەو ڕووی هات، کەلێی نزیك کەوتەوە مستێکی وای ڕاوەشاندێ ئەگەر بەری بکەوتایە سەری لەلەش جیادەکردەوەو بە بەردەکانی دادەداو پارچە پارچە دەبوو، گەورەترین پارچەی، گوێی دەبوو. بەلام ئەسلان خۆی لادا و دێوەکە، لەبەر هێزی مستەکە، بەرەو پێش ڕەتی برد.

ئەسلان بەچاپووکی خۆی گەیاندە پشت دێوەکەو بەیەك زەبری شمشێر یەکێ لەسەرەکانی دێوەکەی لەلەشی جودا کردەوە. دێوەکە دووبارە پەلاماریدا. ئەمجارە ئەسپەکە لەقەیەکی ئەوەندە قایمی لێدا، دێوەکە لەنگەری خۆی لەدەست دا. ئەسلان خولێکی داو بە شمشێر زەبرێکی دی حەوالەی سەری دووەمی دێوەکە کرد. دێوەکە سەری لەلەشی جیابووەوەو کەوتە سەر سنگی. ئێستا دێوەکە تەنیا یەك سەری مابوو. دێوەکە بە ڕقێکی بێ پەیو سنوور بەردێکی زلی لەسەر زەوی هەلگرتەوەو ڕایوەشاندە ئەسلان. ئەسلان خۆی دایە پەنا قەلغانەکەی. بەردەکە بەقەلغانەکە کەوتو بوو بەهەزار پارچەو بەسەر زەویدا بلاوبووەوە.

www.pertwk.com

ئەسڵان لە پشت قەڵغانەکە هاتە دەرێو بە هەردوو دەستان توند نێزەکەی گرتو هەڵمەتی بۆ دێوەکە برد. بەوپەڕی هێزی خۆیەوە نێزەکەی لە تاکە چاوەکەی سەر تۆقی سەری دێوەکە ڕاکرد. نووکی نێزەکە لەچاوی چووە خوارێ. بەناو مێشکیدا ڕۆیشتو لەئێسکی پشتە سەری چووە دەرەوە. دێوەکە خولێکی خواردو تخێلی زەوی بوو و گیانی دەرچوو.

ئەم جارە، ئەسڵان دەبوایە لەگەڵ دایکی دێوەکە ڕوو بەڕوو بێتەوە! ئەسڵان سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو ئەشکەوتەکە کەوتە ڕێ. لە پڕ دیتی دەریاچەیەك ئاو لە بەرامبەریا زاری کردۆتەوە! ئەسڵان دەیزانی پێشتر ئەم دەریاچەیە لەوێ نەبووە. دەریاچەکە ئەوەندە گەورە بوو، ئەگەر دوو خەرواره گەنمیان برژاندایە ناوی ڕووی دانەدەپۆشی. دیسان ئەسپەکە بەکاری خوا بەقسە هاتو گوتی:

– ئەم دەریاچەیە ئاوی دەمی دایکی دێوەکەیە، کە دەیەوێ بەهەر نرخێ بێ تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە. ئێستا خۆی کردۆتە ئەو مراوییەی وا لەناو دەریاچەکە مەلەوانی دەکا. سێ تاڵ لەبژی من بکەوەو فڕێیدە ناو ئاو. دەی زووکە!

ئەسڵانی شوان یەکسەر سێ تاڵی لەبژی ئەسپەکە کردەوەو فڕێی دایە ناو دەریاچەکە. تاڵە مووەکان بوون بە پردو ئەسڵان بەسەلامەتی بەسەریدا ڕۆیشتو گەیشتە ئەوبەری دەریاچەکە.

بەم جۆرە، ئەسڵان گەیشتە ئەو ئەشکەوتەی سیسمین عوزار بە سپوساغی تێدا زیندان کرابوو. ئەسڵان لەئەسپ دابەزی. چووە ناو ئەشکەوتەکەو بەداردەستەکە سێ جار لەدیواری بەردی ئەشکەوتەکەی داو سێ جار گوتی:



– بەردینە! لێك بترازێن. ڕێگای کچی پاشا بکەنەوە!

بەردەکان لێك ترازانو سیمین عوزار هاتە دەرەوەو خۆی بەباوەشی ئەسڵان دادا.

بەڵام کچەکە بەرگەی ئەم شادومانییەی نەگرت. لە پڕ بەربووەوەو لەهۆش خۆی چوو. ئەسڵان هەندێ ئاوی بەدەمی وەکردو بەئارامی گوێیەکانی شێلا. کچەکە وردە وردە هاتەوە هۆش خۆی.

ئەمانە، یەك دوو ڕۆژ لەناو ئەشکەوتەکە حەسانەوە و ئەسڵان بۆ کچە پاشای باسکرد کەچی بەسەر هاتووە. ئەسڵانو کچەکە هەموو پێویستییەکی سەفەریان ئامادە کرد بۆ وڵاتی زەرزەند پاشا، ئەوسا ئەسڵان گوتی:

– سیمین، یاری میهرەبانم! ئازادکەری راستەقینەی تۆ من نیم. ئازادکەری راستەقینەی تۆ ئەو پیرەژنەیە کە بەمنی نیشاندا دەبێ چ بکەم. ئێمە نابێ هەرگیز ئەمە لەبیر بکەین. بچینە هەر شوێنێ، دەبێ ئەو دایە گەورەش لە گەڵماندا بێ.

سیمین عوزار، بە خۆشحاڵی ئەم پێشنیازەی قبووڵ کرد. ئەسڵانو کچەکە سواری ئەسپ بوونو بەرەو گوندی دایە گەورە هاژوایان. ئەسڵان هاواری کرد:

– دایە گەورە! تۆ لەکوێی؟ وا ئێمە هاتین!

کاتێ کە گەیشتنە ماڵی دایە گەورە، دونیا شەو بوو. پیرەژن، کەدیتی سیمین عوزار ئازاد بووە، خۆشحاڵ بوو و کاتێ کەبیستی دەیانەوێ لەگەڵ خۆیانی ببەن خۆشحاڵتر بوو. هەستی دەکرد هەر بەڕاستی دایکیانە.

www.pertwk.com

**بۆ سبەینێ، دایە گەورە کەڵو پەلی خۆی پێچایەوەو خۆی بۆ سەفەر ئامادە کرد. ئەسڵان دەیەویست دایە گەورەو سیمین عوزار سواری ئەسپ بکاو خۆیشی بە پیادە لە گەڵیان بڕوا، بەڵام پیرەژن لێ نەگەڕا. گالیسکەیەکی بچووکی لەناو باخەڵی خۆی دەرهێنا. فوویەکی لێکرد، بوو بوگالیسکەیەکی گەورە. پیرەژن سواری گالیسکەکە بوو و گالیسکەکە بەدوای ئەسپەکەدا کەوتە ڕێ.**

**ئەم ڕێبوارانەمان هەر ڕۆیشتن‌و ڕۆیشتن، هەر خوا دەزانێ چەندیان ڕێگا بڕیبوو کە گەیشتنە قەڵەمڕەوی زەرزەند پاشا.**

**قەڵایەك لەسەر کێوێکی بەرز هەبوو، لەشکرێکی بەهێز پارێزگاری دەکرد. فەرماندەی لەشکرەکە ویاربوو هیچ بێگانەیەك پێ نەخاتە وڵاتەکەیان.**

**فەرماندەکە لەسەر بورج وەستابوو، کە دیتی وا سێ کەس لەسنوور نزیك دەکەونەوە و ئەوەندەی نەماوە پێ بخەنە سەر خاکی وڵاتەکەیەوە. دەرحاڵ دە سەربازی ڕاسپارد بچن پێشیان لێ بگرن. ئەسڵان دەیەویست لەگەڵیان بجەنگێ‌و بەزۆر لەسنوور بپەڕێتەوە، بەڵام سیمین عوزار وریای کردەوە کاری وا نەکاو گوتی:**

**- تۆ لەبەر دوو هۆ نابێ لەگەڵ ئەم سەربازانە بجەنگی:**

**یەکێکیان ئەوەیە ئەمانە سەربازی باوکی منن، دووەمیش ئەوەیە ئێمە شەش کێوی ترمان لە پێشە دەبێ لە هەموویان تێبپەڕین. ئەگەر وا بڕوا تۆ بۆ ئەوەی لەهەر کێوێ دەرباز بی، لەگەڵ سەربازان بجەنگی،**



**دەترسم خوا نەکا بکوژرێی. ئەوسا من بەبێ تۆ چۆن بژیم؟ ئیتر دونیا بۆ من چ نرخێکی هەیە؟**

**پیرەژنیش لەگەڵ شەڕکردنی ئەسڵاندا نەبوو و بەسەربازەکانی گوت:**

**- ئێمە بێ ڕەزامەندی ئێوە پێ ناخەینە وڵاتەکەتانەوە. ئێستا بگەڕێنەوە لای فەرماندەکەتان‌و پێی بڵێن ئێمە داوای هاتنە وڵاتی لێدەکەین.**

**کە سەربازەکان ڕۆیشتن. پیرەژن دەسرۆکێکی گەورەی لەسەری بەستبوو، دەسرۆکەکەی لەسەری کردەوەو لەسەر زەوی پانی کردەوەو گوتی:**

**- چۆن بەسەر پشتی ئەسپەوەن، هەر بەو جۆرە وەرنە سەر ئەم دەسرۆکە. دەسرۆکەکە دەفڕێ‌و دەمانگەیەنێتە پایتەختی پاشا. بەم جۆرە، بێ ئەوەی پێ بخەینە سەر خاکی ئەم وڵاتە، لێی تێدەپەڕین‌و دەڕۆین.**

**ئەسپەکە جارێکی دیکەش بەقسە هات‌و گوتی:**

**- نا، دایە! ئێوەو خانمەکەی من لەسەر ئەو دەسرۆکە دانیشن‌و لێ گەڕێن با ئەسڵان هەر بەسەر پشتی منەوە بێ. خودا دووباڵی بەمن داوە، دەتوانم پێیان بفڕم‌و ئەسڵان بگەیەنمە پایتەخت.**

**ئەسپەکە ئەمەی گوت‌و باڵەکانی کردەوەو فڕی. هەر سێ نەفەر بەیەکەوە فڕین‌و لەنزیك پایتەختی زەرزەند پاشا نیشتن.**

**ئەسڵان دەیەویست ڕاستەوخۆ بچێتە کۆشکی پاشاو پێی بڵێ کچەکەی ئازاد کردووە. بەڵام سیمین عوزار وریای کردەوەو گوتی:**

www.pertwk.com

- کوڕەکانی سەرەك وەزیران بەتەمان من شوو بەیەکێکیان بکەم. ئەگەر بزانن تۆ منت ئازاد کردووە و منت هێناوەتەوە، لەوانەیە بتکوژن.

دایە گەورە گوتی:

- ئێوە لێرە بمێننەوە و بحەسێنەوە. هەر ئیشێکی پێویست بێ من خۆم دەیکەم.

سیمین عوزار وێنەیەکی بچووکی قالك زێڕی پێ بوو، دایە دایە گەورەو گوتی:

- نیگار کێشێ ئەم وێنەیەی ڕوخساری دایکمی کێشاوە. ئەگەر بە قسەی تۆیان باوەڕ نەکرد، ئەمەیان نیشان بدە. من هەمیشە ئەم شیعرەشم بۆ دایکم دەخوێندەوە: ((باوکم بەهێزترین پیاوە، دایکم جوانترین ژنە!))

دایکم ئەم شیعرەی زۆر پێ خۆشبوو. ئەگەر لێ نەگەڕان بچیتە ناو کۆشك، برۆ ژێر پە نجەرەی دایکمو ئەم شیعرە بە ئاواز بخوێنەوە.

پیرەژن لێیان جیا بووەوە. کە گەیشتە کۆشك، یەکەو ڕاست چوو لەسەر (بەردی خوازبێنی) دانیشت (بەردی خوازبێنی بەردێکە لەبەردەم ماڵی ئەرمەنییەکانە، هەر کەسێ بیەوێ بۆ یەکێ بچێتە داخوازی کچەکەیان، دەچێ لەسەر ئەو بەردە دادەنیشێ.) یەکێ لە خزمەتکارەنی کۆشك دەمو دەست هاتە لای پیرەژنو پرسی:

- پیرەژن! چیت دەوێ؟

پیرەژن گوتی:

- هاتووم هەجبینی کچی پاشا بۆ کوڕەکەم بکەم

- بەڵام پاشا ئیتر کچی نەماوە!



- بەدی! کچی هەیە. تۆ من بگەیەنە لای پاشا، یان شاژن. دەمەوێ قسە لەگەڵ خۆیان بکەم.

پاشایان لەم مەسەلەیە ئاگادار کردەوە. پاشا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- هەڵبەت پیرەژن لە خەفەتان هۆشی لەخۆی نەماوە.

کاتێ دایە گەورە دیتی ڕوخسەتی نادەن بچێتە ناو کۆشك. بەدەنگێکی بەرز دەستی بەخوێندنەوەی ئەو شیعرە کرد کەکچی پاشا فێری کردبوو. دەنگی پیرەژن بەبەر گوێی شاژن کەوتو زۆر سەرسامی کرد. شاژن دەرحاڵ دەستووری بە یەکێ لە نۆکەرەکانیدا بچێ پیرەژنی بێنێتەلا.

کە پیرەژنیان هێنایە لای شاژن، شاژن پرسی:

- ئەوە بۆ لەسەر بەردی خوازبێنی دانیشتووی؟

هاتووم داخوازی کچەکەتان بکەم بۆ کوڕی خۆم.

شاژن ئاخێکی هەڵکێشاو وەڵامی دایەوە:

- من ئیتر کچم نەماوە. بەڵام ئەو شیعرەی کەتۆ دەتخوێندەوە، شیعرێکە هەموو جارێ کچەکەم بۆی دەخوێندمەوە. ئەوە کێ فێری کردی؟

سیمین عوزاری کچتان خۆی ئەم شیعرەی فێرکردم.

ئینجا پیرەژن وێنەی شاژنیشی پێشاندا و هەموو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

www.pertwk.com

شاژن بەقسەكانی پیرەژن ئەوەندە شادومان بوو، لەخۆشییان لەهۆش خۆی چوو. خزمەتكارەكان لەدەوری كۆبوونەوەو پاشایش دەستبەجێ هاتە ژووری شاژن.

ئاخیری شاژنیان بەهۆش هێنایەوە. كە پاشاو پیاوەكانی دەربار زانیان سیمین عوزار زیندووە و ساغو سەلامەتە، بڕیاریان دا هەموو لەهەموو بچنە پێشوازی سیمین عوزارو ئەسلان. هەر گالیسكەو ئەسپو بەیتوون بوو لە كۆشك دەردەچوو!

زەرزەند پاشاو شاژن كەدوای ماوەیەكی زۆر لێك دووركەوتنەوە، كچی خۆیان دی، لە پێستەی خۆیان نەدەحەوانەوە. لە شەرافەتی هاتنەوەی كچی پاشا بۆ كۆشكو نزیكبوونەوەی زەماوەند كردنی لەگەڵ ئەسلان، ئاهەنگێكی گەورە سازدرا.

كە خەریك بوو تەدارەكی زەماوەند تەواو دەبوو، مەیتەرەكانی تەویلەی پاشا هاتنە لای ئەسلانو گوتیان:

- دوو ڕۆژە مێشوولەیەك بەدەوروبەری تەویلەدا دەفڕیو ئۆقرەی لە ئەسپەكان بڕیوە.

ئەسلان ویستی بچێ بزانێ مەسەلە چییە، بەڵام دایە گەورە لێ نەگەڕا بچێو گوتی:

- من بۆ خۆم دەچم. ئەمە ئیشی منە.

پیرەژن دەستی دایە دوو چڵی وشكی سونبولی ڕۆمی و چووە لای تەویلەو لەوێ ئاگری تێبەردان. مێشوولەكە یەكسەر بزر بوو.



ژوورێكی شیاویان دابوو بە پیرەژنو خزمەتكارێكیشیان بۆ دانابوو. هەموو ڕێزی پیرەژنیان دەگرتو ئەویش لەژیانی ئەوێ ڕازی بوو.

هەمان شەو، كەهەموو لەشیرین خەودا بوون. پیرەژن بەهێدی لەژووری خۆی هاتە دەرەوەو بەئارامی چووە ژووری نووستنی ئەسلانو خۆی لەشوێنێ حەشاردا. دایە گەورە شەنەیەكی سێ لكی ئاسنو دەسك كورتی بەدەستەوە بوو. شەو لەنیووە تێپەڕی بوو، گوێی لەدەنگی خشەخشێك بوو، ئەویش چاوەڕێی ئەو دەنگەی دەكرد. مارێكی زلی ڕەشو پوولەكەدار بەسەر زەویدا دەخشیو لە تەختی ئەسلانو سیمین عوزار نزیك دەكەوتەوە. پیرەژن بەتەڕ دەستی پەلاماری مارەكەی داو شەنە سێ لكەكەی لەسەری مارەكە بردە خوارێ، دەق لەو شوێنەی چاوە تاقانەكەی دێوی سێ سەری لێ بوو. مارەكە فیشكەیەكی ترسناكی كێشا. بەدەم ئازارەوە پێچی خوارد. دوای نەختێ كەلەشی بێ گیانی كەوتە سەر زەوی. ئەسلانو سیمین عوزار لەگەڵ فیشكەی مارەكە خەبەریان بووەوەو دایە گەورە ڕووداوەكەی بۆ باسكردن.

ئەو مارە، لەڕاستیدا، دایكی دێوەكە بوو. خۆی خستبووە سەر شكڵی مارو دەیەویست بەو ژنو مێردە گەنجەوە بدا. ئەو مێشوولەیەی ئارامی لەئەسپەكانیش بڕی بوو هەر ئەو ژنەبوو كە چاوەڕێی دەرفەتێكی دەكرد بۆ ئەوەی زەرەرێك بە ئەسلانو سیمین عوزار بگەیەنێ.

كاتێ شاو شاژن زانیان ئەسلانو سیمین عوزار بە دەستی دایە گەورە لە مەترسی ڕزگاریان بووە، زۆر شادومان بوون. پاشا بۆ زەماوەندی كچەكەی لەهیچ مەسرەفێك نەپەنگایەوە. سەدان كەسی بانگێشت كردە

www.pertwk.com

کۆشکی خۆیو حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگی گێڕا. بەم جۆرە ئەسڵانو سیمین عوزار زەماوەندیان لەگەڵ یەك کرد.

پاشا، کە زۆر کەوتبووە ساڵانەوە، خۆی لە دەسەڵات کێشایەوە و ئەسڵانی شوانی لەجێگای خۆی لەسەر تەخت دانا و ئەویش ناوی بوو بە (ئەسڵان شای هەتیو).

ئەوان چۆن بەمرازی دڵیان گەیشتن، خوابکا ئێوەش ئاوەها بەمرازی دڵی خۆتان بگەن.

# 6- پەری پەڕدار



هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. پاشا، کە پیر بوو چاوەکانی کوێر بوون. پزیشکان زۆر هەوڵیان دا چارەسەری بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ئاخیری، پاشا داوای کوڕە گەورەکەی کردو گوتی:

- کوڕم! تۆ دەبێ بچی دەرمانێك بۆ چاوەکانم پەیدا بکەی.

شازادە پرسی:

- لەکوێ؟

- پاشا وەڵامی دایەوە:

- دەبێ بچیتە شوێنێ پێی هیچ ئەسپێکی پێ نەکەوتبێ. نەختێ خۆڵم لەوێ بۆ بێنە. ئەمەیە دەرمانی دەردی من.

کوڕە، تەدارەکی سەفەری ڕێکخست. سواری ئەسپ بوو و ڕۆیشت. شەش مانگی تەواو بەڕێوە بوو. ئاخیری گەیشتە جێگایەك، هەر چوار لای، تا چەندین قۆناغ هیچ ئاوەدانی تێدا نەبوو. کانییەکی لێ بوو، درەختێکی وشکی لەرۆخ بوو.

شازادە، لەدڵی خۆیدا گوتی: (خودایە، ئەم درەختە لەسەر کانییە، کەچی یەك گەڵای سەوزی پێوە نییە! چۆن لەبەر ئەم هەتاوە بخەوم؟)

www.pertwk.com

گەنجەکە بەتیەی خۆی بەسەر چڵێکی درەختەکە داداو لەبەر سێبەرەکەی ڕاکشاو خەوی لێکەوت. کە لەخەو ڕابوو، دیتی درەختەکە پڕ گەڵای سەوزو تەڕە. چڵەکانی درەختەکە سێوی وایان پێوە بوو، هەر یەکە کێشی چارەکە هۆقەیەك دەبوو. شازادە، خورجینەی پێ بوو، پڕ سێوی کردو چەند مەشکە ئاوی هێناو لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەمانە، بۆ باوکم دەبەم. هەڵبەت هیچ ئەسپێك پێی بێرە نەکەوتووە.)

شازادە سواری ئەسپ بوو و دوای شەش مانگ گەیشتەوە کۆشك.

پیاوانی دەربار چوونە لای پاشاو خەبەری گەڕانەوەی کوڕەکەیان پێ ڕاگەیاند.

پاشا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- ئاخ! ئەم کوڕە چی بۆ هێناوم؟ هەڵبەت دیارە بەدەست بەتاڵی چووەو بەدەست بەتاڵی گەڕاوەتەوە!

شازادە چووە لای باوکیو سەلامی کرد. پاشا گوتی:

- بەخێر هاتیتەوە کوڕم، تاکوێ چووی؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:

- باوکە! چوومە جێگایەك، هەرگیز باوك و باپیرانی ئێوە پێیان پێ نەکەوتووە!

- باشە، باسی بکە چ جۆرە جێگایەك بوو؟

- ئەوەندە ڕۆیشتمو ڕۆیشتم تا گەیشتمە کانیاوێك...

پاشا قسەی پێ بڕیو گوتی:



- ئەوەی تری خۆم دەیزانم. لەوێ درەختێکی وشکت بینی- لەبەر سێبەری درەختەکە خەوتی. کەخەبەرت بووەوە، بینیت درەختەکە سەوز بووەو لەسێودا نقووم بووە. وایە؟

شازادە، بە سەرسامییەوە گوتی:

- بەڵێ! باوکە بەتەواوی وایە!

پاشا گوتی:

- کوڕم من خۆم چوومەتە ئەوێ. ڕۆژێ سبەینێ بەڕێکەوتم، نیوەڕۆ گەیشتمە ئەوێ. چام خواردو نەختێ پشووم دا. شەو لەماڵەوە بووم. نەخێر، کوڕم! ئەو شتەی تۆ لەوێ بۆ منت هێناوە، دەرمانی دەردی من نییە.

پاشا بانگی کوڕی دووەمی کردو گوتی:

- کوڕم، ئێستا نۆرەی تۆیە. خۆت بۆ سەفەر ئامادەکە.

کوڕەکە گوتی:

- باوکە! کە برای گەورەم نەیتوانیوە هیچ شتێ بێنێ چارەی ئێوە بکا، چ مەعلووم من بتوانم؟

پاشا گوتی:

- هیچ چارەت نییە. دەبێ بچی.

کوڕی دووەم تەدارەکی سەفەری ڕێکخستو سواری ئەسپ بوو و لە کۆشك بۆی دەرچوو. دوای شەش مانگ گەیشتە هەمان کانیو درەخت کە برای پێی گەیشتبوو. لەدڵی خۆیدا گوتی: (برام تا ئێرە هاتووە، من دەبێ دوورتر بڕۆم.)

www.pertwk.com

کوڕی دووەم سێ مانگی تر لە سەفەرەکەی بەردەوام بوو و ئاخیری گەیشتە تە پۆڵکەیەکی بڵند. سەرەوەی تە پۆڵکەکە هەمووی بەردی کارەبا بوو و جۆرەها گەواهیری زۆری لێ بوو. کوڕە لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەگەر باوکم هاتبوایە ئێرە، ئێستا ئەم بەردە بەهادارانە لەکۆشکەکەی هەبوون.)

کوڕەکە خورجینەکانی ئەسپەکەی پڕ گەواهیر کردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە. پیاوانی دەربار چوونە لای پاشاو گوتیان:

- چاوتان ڕوون، جەنابی پاشا! کوڕەکەتان لەسەفەر گەڕاوەتەوە. پاشا ئەم جارەش ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- گەڕاوەتەوە، بەڵام بەدەست بەتاڵی!

شازادە هاتەلای باوکی. سەلامی کردو دەستی ماچ کرد.

پاشایش ماچی کردو گوتی:

- باشە، کوڕم، پێم بڵێ تاکوێ چووی؟

کوڕە وەڵامی دایەوە:

- باوکە، چوومە جێگایەکیوا هیچ یەکێ لەباپیرانی ئێوە پێی پێ نەکەوتووە.

- باشە، ئەوێ چ جۆرە جێیەك بوو؟

- تە پۆلکەیەکی بڵندبوو...

پاشا قسەی بەکوڕەکەی بڕی و گوتی:

- ئەوەیتر من خۆم دەزانم. هەڵبەت جۆرەها گەواهیراتت بۆ هێناوم، وانییە؟



- بەڵێ، باوکە!

- زۆر باشە. بڕۆ بیانهێنە بزانم ئەوانە چین؟

کوڕی پاشا چوو خورجینەکانی هێنا. هەر زوو دەرکەوت ئەوەی شازادە لەگەڵ خۆی هێنابووی، تەنیا شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ بوون و هیچی تر!

پاشا گوتی:

- بڕۆ، کوڕم، بڕۆ! خوا لە پەنەی خۆت گری! بەبرای بچووکت بڵێ بێتەلام.

کوڕی سێیەمی پاشا هاتەلای باوکی و گوتی:

- بەڵێ! باوکە! چ ئەمرت هەیە؟

- دەبێ بچی بەدوای شتێدا بگەڕێی کە چارەی نابینایی من بکا.

- باوکە، من هێشتا گەورە نەبوویم. تائێستا لە کۆشك دەرنەچوویم. چۆن دەتوانم شتی واتان بۆ پەیدا بکەم؟

پاشا گوتی:

- کوڕم، هیچ چارەت نییە. دەبێ بچی. تۆ دوا ئومێدی منی.

شازادە گوێی بە فەرمانی باوکی نەدا. چووە ناو باخ و لەشوێنێ درێژبوو و خەوی لێ کەوت. لەدونیای خەودا کابرایەکی دی، کابرا پێی گوت:

- ئەوە بۆچی لێرە خەوتووی؟

- نازانم چ بکەم. باوکم فەرمانی پێکردووم بچم دەرمانێ بۆ چاوە نابیناکانی پەیدا بکەم. منیش تائێستا سەفەری هیچ جێگایەکم نەکردووە. نازانم بچمە کوێ؟

کابرا گوتی:

- برۆ لای باوکت و بڵێ: ((ئەو ئەنگوستیلەی لە ئەنگوستی خۆتاندایە و ئەو شمشێرەی لە کەمەری خۆتان بەستووە و ئەو ئەسپەی کەخۆتان سواری دەبن، بیاندەن بەمن، بۆ ئەوەی فەرمانتان جێبەجێ بکەم.))

شازادە، کاتێ کەلە خەو بەئاگا هات، چووە لای باوکی و گوتی:

- باوکە! ئەنگوستیلەو شمشێرو ئەسپی خۆتانم بدەنێ، بۆ ئەوەی فەرمانەکەتان جێبەجێ بکەم.

پاشا کەیفخۆش بوو. کوڕەکەی گرتە باوەش و ڕوومەتەکانی ماچ کردو گوتی:

- تۆ کوڕی ئازای منی. دڵنیام تۆ دەتوانی دەوای دەردی من پەیدا بکەی.

بەیانی ڕۆژی پاشی، پاشا ئەنگوستیلەی خۆی لەئەنگوست دەرهێناو شمشێری خۆی لەکەمەر کردەوەو دایە کوڕەکەی. ئینجا دەستووری بەمەیتەرەکەی کرد ئەسپەکەی زین بکات و بیدا بەشازادە.

شازادە سوار بوو و لەکۆشک چووە دەرەوە. چووە ئەو ڕێگایەی باوکی گوتبووی. شازادە بەیانی چای لەکۆشک نۆشی و نیوەڕۆ گەیشتە کانی و درەختە وشکبووەکە و لەوێ فراوینی خوارد.



دوای نیوەڕۆ گەیشتە تەپۆڵکە بەرزەکە. لەتەپۆڵکەکە تێپەڕی و لەپڕ دوو خۆری بەرامبەر خۆی بینی: یەکێ لەئاسمان و یەکێ لەسەر زەوی.

شازادە لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە چ وڵاتێکە من پێم تێهاویشتووە؟ دوو خۆری تێدایە: یەکێ لەئاسمان و یەکێ لەسەر زەوی!)

شازادە ئەسپی خۆی بەرەو خۆرەکەی زەوی هاژوا و دیتی پەڕی زێڕینی باڵندەیەکە لەوێ کەوتووەو وەکوو خۆر دەدرەوشێتەوە.

گەنجەکە لە ئەسپ دابەزی و پەڕەکەی هەڵگرتەوەو لەبەر مێزەری خۆی ڕاکرد.

ئەسپەکە هاتە قسەو گوتی:

- شازادە، ئەو پەڕە توور هەڵدە!

گەنجەکە گوتی:

- بۆچی؟

- ئەم پەڕە شوومە، بەدبەختی بەدەمەوەیە.

شازادە پێکەنی و بەگاڵتەوە گوتی:

- ئاخر یەك پەڕ چۆن دەکرێ بەدبەختی بەدەمەوە بێ؟

ئەسپەکە سێجار هۆشداری خۆی دووبارە کردەوە، بەڵام شازادە گوێی پێنەدا.

ئاخیری ئەسپەکە گوتی:

- زۆر باشە، بەو دەقە لێگەڕێ پەڕەکە بابەسەر سەرتەوە بێ!

شازادە، هەر بەو جۆرەی پەڕەکەی لەبەر مێزەری ڕاکردبوو، لەڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. ئاخیری گەیشتە شارێك پاشایەك فەرمانڕەوایی دەکرد. وەزیرانی پاشا بە پەلە پرووزێ چوونە لای پاشاو

گوتیان گەنجێك خەریكە بەرەو شارەكەمان دێ، خۆرێكی لەسەری خۆیداوە، دەق وەكوو خۆری ئاسمان وایە.

پاشا فەرمانیدا گەنجەكەی بیەنە لا. كە شازادە گەیشتە حزوور پاشا، پاشا لێی پرسی:

- گەنجۆ! ئەتۆ كێی؟

- غەریبەم. بەولاتی ئێوەدا ڕادەبوورم.

پاشا لێی پرسی:

- ئەو خۆرە چییە لەبەر مێزەرت ڕاكردووە؟

- پەری باڵندەیەكە. لەڕێگا دۆزیمەوە.

پاشا گوتی:

دەمەوێ ببینم.

كوڕە پەڕەكەی لەمێزەری خۆی كردەوەو دایە پاشا.

پاشا هەر هێندە پەڕەكەی بەدەستەوە گرت، جادووبەندی پەڕەكە بوو و گوتی:

- سوپاس. دەتوانی بڕۆی.

شازادە ڕۆیشتو پاشا مایەوە تەنیا خۆیو پەڕەكە. پەڕەكەی لەدیواری ژوورەكەی چەقاند. نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵبگرێ. ئەگەر یەكێ ڕوخسەتی شەرەفیابی بخواستایە، دەیگوت: ((كاتم نییە، بڕۆ!))

ڕۆژێ پیرەژنێ هاتە لای پاشاو گوتی یەكێ جووجەڵەكانی دزیوم.

پاشا وەڵامی دایەوە:

- بڕۆ پیرەژن، بڕۆ! من كاتی ئەم جۆرە ئیشانەم نییە.

پیرەژن كەدیتی پاشا هەموو هەستو هۆشی لەسەر پەڕێكە بەدیوارەكەوە كراوە. گوتی:



- پاشا! ئەمە تەنیا یەك پەڕەو ئێوە ئاوها شەیدای بوونە. ئەی ئەگەر باڵندەی خاوەنی ئەم پەڕە ببینن چ دەكەن؟

پاشا ڕووی وەرسووڕاندو بە پیرەژنی گوت:

- كێ دەتوانێ باڵندەكەم بۆ پەیدا بكا؟

- ئاشكرایە! هەر ئەو كەسەی كە پەڕەكەی پەیدا كردووە. فەرمانی پێبكەن باڵندەكەتان بۆ پەیدا بكا.

پاشا بانگی یەكێ لەوەزیرەكانی كردو گوتی:

- ئەو گەنجەی ئەم پەڕەی دایە من، لەكوێیە؟ بیهێنە لام.

گزیرانی پاشا گەنجەكەیان لە كاروانسەرایەك دۆزییەوەو هێنایانە لای پاشا. گەنجەكە لەدڵی خۆیدا گوتی: (كاتێ پاشا پەڕەكەی لێوەرگرتم هەستو هۆشی لەلا نەماو لەبیری كرد پارەكەم بداتێ. هەڵبەت ئێستا دەیەوێ تۆڵەم بۆ بكاتەوە. نازانم ئەو پارەیە چ لێبكەم!)

كاتێ كەگەنجەكەیان هێنایە بەردەم پاشا، گەنجەكە حەفت جار ئیكلامی كێشاو ئینجا دەست لەسەر سینگ بەرامبەر پاشا ڕاوەستا. پاشا گوتی:

- گەنجۆ! دەزانی بۆچی داوام كردووی؟

- نەخێر، خاوەن شكۆ، نازانم!

پاشا بەبێ هیچ پێشەكی هێنانەوە گوتی:

- دەبێ بچی باڵندەی خاوەنی ئەم پەڕەم بۆ بێنی.

گەنجەكە بەرپەرچی دایەوەو گوتی:

- قوربان! من لەم وڵاتەدا غەریبم. چۆن دەتوانم ئەو باڵندەیە بدۆزمەوە.

پاشا گوتی:

- من نازانم. من ئەوەندە دەزانم ئەگەر باڵندەکە پەیدا نەکەی سەرت لەلەشت جودا دەکەمەوە.

شازادە لەکۆشکی پاشا هاتە دەرەوەو گەڕایەوە کاروانسەراکەو دەستی بەگریەو زاری کرد. کەتێرو پڕ گریا. ئەسپەکەی بە قسە هاتو گوتی:

- ئێستا، کەبەم جۆرە دەگری، لەوانەیە لەبیرت بێ کەمن پێم گوتی دەست لەو پەڕە مەدە. هەڵبەت ئێستا دەزانی هەقی من بوو، وانییە؟ بەلام ئەمەش کۆتایی بەسەر هاتەکە نییە. دەردەسەری گەورەتریش بەڕێوەیە.

شازاد بەچاوی فرمێسکاوی گوتی:

- قوربانی ئەو پێ‌و سمانەت بم! ئەسپی ئازیزم. ئێستا من چ بکەم؟ خۆت دەبینی تووشی چ دەردەسەرییەك هاتووم! فریام کەوە!

ئەسپ گوتی:

- نارەحەت مەبە! برۆ بخەوە. من سبەینێ پێت دەڵێم چ بکەی.

شازادە هەوڵیدا بخەوێ، بەلام تابەیانی پێڵوەکانی نەکەوتنە سەر یەك.

بەیانی زوو هەستاو چووە تاقیبی ئەسپەکەی. خواردنی دایەو تیماری کرد. پاشان خۆشیی چەند پارووە نانێکی خواردو لەئەسپەکەی پرسی:

- باشە، بچینە کوێ؟

- لغاوم بەردە، من خۆم دەچمە ئەو شوێنەی دەبێ بۆی بچین.



شازادە جڵەوی ئەسپەکەی بەرەڵا کردو ئەسپەکە بەیەلغار هەر ڕۆیشتو ڕۆیشت تاگەیشتە لێڕەوارێك. ئەسپەکە لەشازادەی پرسی:

- دەزانی ئێرە کوێیە؟

- نە، نازانم.

- ئەم لێڕەوارە ناوی (لێڕەواری بێ بەرهەمە).

شازادە لەئەسپ دابەزی. ئەسپەکە گوتی:

- تەنگەم بکەوەو لغاوم لەسەر بکەوە.

شازادە بەقسەی کرد. ئەسپەکە گوتی:

- ئەوێ دەبینی؟ ئەو دار بەڕووە زلەی ناوەندی لێڕەوار دەبینی؟

- بەڵێ! دەیبینم!

ئەسپەکە گوتی:

- ئەو درەختە گۆمێکی مەرمەڕی لەژێرە. لەنزیك گۆمەکە قۆرتێك هەڵدەکەنیو خۆتی تێدا دەشاریتەوە. ئەمڕۆ هەینییە. هەموو هەینییەك، پەرییەك دێتە ئێرەو مەلە دەکا. یەکەم جار لەسەر شکڵی باڵندەیەکە، بەلام کە پەڕەکانی لەبەر کردەوە دەبێ بەژنێکی جوان. پەڕەکانی لەکەناری گۆمەکە دادەنێ‌و ئەوسا مەلە دەکا. دوای مەلە کردن، دێتە دەرەوەو دووبارە پەڕەکانی دەکاتەوە بەر. هەتا پەڕەکانی نەکاتەوە بەر، تۆ نابێ هیچ بکەی. کە پەڕەکانی کردەوە بەر، تۆ یەکسەر لەناو قۆرتەکە دێیتە دەرەوەو توند هەردوو پێیەکانی دەگریو دەگەڕێیتەوە ئێرە.

شازادە چووە لای داربەڕووەکەو وەکوو ئەسپەکە گوتبووی، قۆرتێکی لەنزیك گۆمەکە لێداو خۆی لەناودا شاردەوە. زۆری پێنەچوو،

باڵندەیەکی سەیرو سەمەرەی پەڕ زێڕی سەر وەکوو سەری بنیادەم بەدەرکەوت. باڵندەکە وەکوو خۆر دەدرەوشایەوە. کە پەرە زێڕینەکانی خۆی لەبەر کردەوە بووبە ژنێکی تابلێی جوان. پەری چووە ناو ئاو. لەشی خۆی شووشتو لەناو ئاو هاتە دەرەوە. پەڕەکانی کردەوە بەرو خەریك بوو خۆی ڕێکدەخست، لە پڕ شازادە لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوە. دەستی درێژ کردو هەردوو پێی باڵندەکەی گرت.

پەری هاواری کرد.

- چیت لەگیانی من دەوێ؟ بەرم دە بڕۆم! ئەگەر بمبەیتە ماڵی خۆت، تووشی گرفتاری دەبی!

شازادە گوتی:

- باڵندەی ئازیز! قوربانی تۆزی بنی پێت بم. قوربانی دڵی میهرەبانت بم. من هێشتا گە نجم. ناچارم بۆ پاشات ببەم. ئەگەرنا سەرم لەلەشم جودا دەکاتەوە.

باڵندەکە گوتی:

- سەرت بەلەشتەوە بمێنێ؟! هەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێ ڕەوانەی شوێنێکت دەکەم چوونت هەبێ هەرگیز گەڕانەوەت نەبێ!

شازادەی گەنج سواری ئەسپەکەی خۆی بوو و باڵندەکەی بردە کۆشکی پاشا.

پاشا باڵندەکەی لێوەرگرتو دیسان مات بوو و داما. دوای نەختێ بەگەنجەگەی گوت:

- سوپاس، فەرموو ئەگەر دەڕۆی!



شازادە، جارێکی دیکەش بێ ئەوەی دەست هەقی خزمەتی خۆی وەربگرێ لەکۆشك دەرچوو و گەڕایەوە کاروانسەراکە.

پاشا باڵندەکەی لەقەفەسێك بەند کردو قەفەسەکەی بەدیوارەوە هەڵواسی. پاشا هەموو هەستو هۆشی هەر لای باڵندەکەبوو و بەهەموو گیانی ئارەزووی دەکرد گوێی لەدەنگی خوێندنی بێ. بەڵام باڵندەکە هیچ دەنگی لێوە نەدەهات. پاشا هەرچی دەکرد سوودی نەبوو.

ئاخیری بەئاوازێکی پڕ پاڕانەوە گوتی:

- باڵندەی جوان! ئەگەر تەنیا یەك قسەم لەگەڵ بکەی، هەرچی بتەوێ دەتدەمێ.

پەری گوتی:

- هەی ماڵ کاول! ئەی پاشا! ژنێ لەژێر ئەم پەڕانەدایە، ئەگەر سەرا پای دونیا، لەڕۆژهەڵاتەوە تارۆژئاوا بگەڕێی ژنی وات دەست ناکەوێ. ئارەزوویەکم هەیە ئەگەر بیهێنیتەدی، من ئەو پەڕانە دەنێمەلاوەو دەبم بەشاژنی تۆ. ئەوسا هەموو شایانی دونیا ئێرەییت پێدەبەن.

پاشا گوتی:

- پێم بڵێ چ ئارەزوویەکت هەیە! هەرچی هەبێ بۆت جێبەجێ دەکەم.

- دەمەوێ کارەکەرەکەم بێنیتە ئێرە. کارەکەرەکەم ژنێکە، دێوی سوور لەشوێنێکی بەینی دەریای ڕەش و دەریای سپی زیندانی کردووە. ئەو ژنەم بۆ بێنە ئێرە، ئەوکاتە دەبم بەخانمی تۆ.

پاشا پرسی:

www.pertwk.com

- جامن چۆن دەتوانم ئەو ژنەت بۆ بێنمە ئێرە؟

ئەو گەنجەی منی لەو ڕێگای دوورەوە هێنایە ئێرە، دەتوانێ کارەکەرەکەشم بێنێتە ئێرە.

پاشا یەکسەر فەرمانیدا گەنجەکەی بێننە حزوور.

گزیرەکانی پاشا شازادەیان دۆزییەوەو لەکاروانسەراوە دەریان هێنا.

شازادە گوتی:

- براینە! ژیانی ئێرە وەکوو ژیانی دۆزەخ وایە! دێم بزانم پاشای ئێوە ئیتر چی گەرەکە!

زۆری پێ نەچوو، گەنجەکە دەست لەسەر سینە بەرامبەر پاشا وەستابوو.

پاشا ڕووی بۆلای گەنجەکە وەرسووڕاندو گەنجەکە ئیکلامی بۆ کێشا. پاشا گوتی:

- گەنجۆ! دەزانی بۆچی لەدووم ناردووی؟

- نەخێر، خاوەن شکۆ، نازانم.

پاشا گوتی:

- دەبێ بچیتە وڵاتی نێوان دەریای ڕەش و دەریای سپی.

لەوێ دێوێکی سوور ژنێکی زیندانی کردووە. دەبێ ئەو ژنە ئازاد بکەیت و بیهێنیتە ئێرە!

گەنجەکە بەرپەرچی دایەوەو گوتی:

- من چۆن لەم دەریایانە بپەڕمەوە؟ چۆن دێوی سوور ببەزێنم و ئەو ژنە ئازاد بکەم؟



پاشا گوتی:

- سەرم بەم پرسیارانە مەئێشێنە! یان دەچی و دەیهێنی، یان سەرت لەلەشت جودا دەکەمەوە!

شازادەی گەنج لەکۆشک هاتە دەرێ و بەچاوی بەگریانەوە گەڕایەوە کاروانسەرا. ئەسپەکە لێی پرسی:

- باشە، ئەوە چ بووە؟

شازادە گوتی:

- چ بڵێم، ئەسپی میهرەبان! قوربانی تۆزی بنی پێت بم! پاشا، یاخوا ماڵی کاول بێ، داوای شتێکی لێ کردووم. دەیەوێ من بچمە وڵاتی نێوان دەریای ڕەش و دەریای سپی. لەوێ ژنێک دیلی دەستی دێوی سوورە. دەبێ بچم لەگەڵ ئەو دێوە بجەنگم و ژنەکە ئازاد بکەم و بیهێنمە ئێرە.

ئەسپەکە گوتی:

- مەگری! شازادە! خودا کەریمە. سەبرو حەوسەڵەت هەبێ! ئێستا بڕۆ بحەسێرەوە.

شازادە، ئەو شەوە توانی نەختێ بخەوێ. بەیانی زوو لەخەو ڕابوو و چووە تاقیبی ئەسپەکە. ئالیکی دایەو تیماری کرد. خۆیشی یەک دوو پاروو نانی خواردو ئەسپەکەی لەتەویلە دەرهێناو پرسی:

- باشە! بچینە کوێ؟

ئەسپەکە گوتی:

- پێویست ناکا تۆ بزانی. جڵەوم بەردە، من خۆم دەچمە ئەو جێگایەی دەبێ تۆ ببەمە ئەوێ.

www.pertwk.com

شــازادە جڵــەوی ئەســپەکەی بــەرداو ئەســپەکە بەیــەلغار تێــی تەقاندو ڕۆیشت.

هەر خوا خۆی دەزانی ماوەی چەند ڕێگای بـڕی تـاگەیشـتە کـەناری دەریایەك و گوتی:

- ئەمە دەریای ڕەشە. دەزانی چۆن لێی بپەڕیتەوە؟

شازادە بە تێماوی گوتی:

- لەکوێ بزانم،؟ ئەسپی میهرەبان؟!

- دەزانی ئەو شمشێرەی لەکەمەرت بەستووە چ جـۆرە کـارێکی پـێ دەکرێ؟

شازادە وەڵامی دایەوە:

- نەخێر! من لەو ڕۆژەوە کەئـەم شمشـێرەم لـە کەمـەرم بەسـتووە، تەنانەت یەك جاریش لەکالان دەرم نەکێشاوە!

ئەسپەکە گوتی:

- ئەم شمشێرە لەچەخماخە دروست کراوە. لـەکالان دەری بکێشـە. دەسکەکەی لەسەر نێوچەوانت دابنێو نـووکی بـدە لای دەریـا. دەریـا شـەق دەبێو ڕێگات بۆ دەکرێتەوە. کەگەیشتیتە ئـەو بـەری دەریـا، دووکـەڵێکی باریــك دەبینــی لـــەناو ئەشــکەوتێك هەڵدەســتێ. دەچــیتەلای ئــەو ئەشـکەوتەو لـەدەرگا دەدەیو دەڵێـی: ((ئـەی دێـو! وەرە دەرەوە پێکـەوە بجەنگین!))

دێوەکە وەڵام دەداتەوە:

((وەرە ناو ئەشکەوت پێکەوە خواردن بخۆین!))

بەڵام تۆ نابێ بەقسەی بکەی. دەبێ سێ جـار داوای زۆرانبـازی لـێ بکـەی. ئـاخیری دێوەکـە دێتـە دەرەوە. تـۆ شمشـێرە جادووبەندەکـەت



هەڵدەکێشیو پەلاماری دەدەیو سـەری لەلەشـی جـودا دەکەیتـەوە. سـەری دەکەوێتە هەواو پاشان بەردەبێتەوە سەر زەوی و تـاچـەقی نـاوەنـدی زەوی دەچێتە خوارێ. ئەو کاتە، کارەکەرەکـەی پـەری دەردێنـیو سـواری پشـتی منی دەکەی. جارێکی تر بەشمشـێرەکەت سـنگی دەریـا شـەق دەکـەیو لێـی دەپەڕییەوە. ئەوسا دەتوانی ژنەکە تەسلیم پاشا بکەی.

ئەسپەکە چـی گـوت شـازادەی گـەنج بـە تـەواوی جێبـەجێی کـرد: لەدەریا پەڕییەوە، دێوەکەی کوشت، کارەکەرەکەی ئازاد کردو لەگەڵ خۆی بردییە لای پاشا. پاشا گوتی:

- سوپاس. ئیتر ئیشم بەتۆ نییە. دەتوانی بۆ خۆت بڕۆی.

شازادە لەکۆشك چووە دەرەوە. ئەم جارەش بەرامبەر ئەو خزمەتـەی ئەنجامی دابوو، هیچ دەست هەقێکی وەرنەگرت.

پاشا لە پەری باڵندەی پرسی:

- ئەمە ئەو ژنەیە کەتۆ دەتەویست؟

پەری گوتی:

- بەڵێ، خۆیەتی.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە. من ئەوە ئارەزووی تۆم هێنایە دی. ئێستاش تۆ شکڵی ڕاستەقینەی خۆت دەربخە.

- ئـەرێ پاشـا، هـەی مـاڵ کـاول! ئەگـەر مـن پـەڕەکانم لەبـەر بکەمەوەو تۆ شکڵی ڕاستەقینەی من ببینی، هەر دەمری!

- ئەدی چ بکەم؟

باڵندەکە گوتی:

- چل ماین لەکەناری دەریای سوور دەژین. لە ئاگر دروست کراون. بیانهێنە ئێرە. شیرەکەیان بدۆشەو خۆت بەشیرەکەیان بشۆ. ئەوسا تۆش وەکوو من دەبی بە پەری، ئەوحەلە دەتوانین بەیەکەوە بژین. منداڵەکانیشمان دەبن بە پەری.

پاشا پرسی:

- کێ پێی دەکرێ ئەو چل ماینە ئاگرینە بێنێتە ئێرە؟

پەری گوتی:

- ئاشکرایە! ئەو کەسەی منی هێنایە ئێرەو ئەو کەسەی کارەکەرەکەی منی هێنایە ئێرە. بەڵێ! هەر ئەو گەنجە دەتوانێ ئەو ماینانە بێنێتە ئێرە.

پاشا هاواری کرد.

- هۆ! وەرن! یەکسەر بڕۆن تا ئەو کابرا گەنجە لێرە نەڕۆیشتووە، بیدۆزنەوە بیهێننە کۆشك.

گزیرەکانی پاشا بە پەلە بۆی دەرچوون و دیتیان گەنجەکە نانی ئێوارە دەخوا، گوتیان:

- لەگەڵمان وەرە. پاشا داوای کردووی!

شازادە چووە لا ی پاشا، ئیکلامی کێشاو دە ست لەسەر سینە چاوەڕێی کرد.

پاشاگو تی:

- دەزانی بۆچی داوام کردووی؟

- نەخێر، جەنابی خاوەن شکۆ نازانم!



- دەبێ بچیتە کەناری دەریای سوور، چل ماینی ئاگرین لەوێ دەژین، دەبێ بیاندۆزیتەوەو بیانهێنیتە ئێرە. دەمەوێ شیریان بدۆشم و خۆم بە شیرەکەیان بشۆم.

شازادە بەرپەرچی دایەوەو گوتی:

- من چۆن دەتوانم ئەو ماینانە بدۆزمەوە؟ لەکاتێکا کەمن یەك تاکە نەفەرم، چۆن چل ماین بێنمە ئێرە؟

پاشا گوتی:

- سەرم بەم پرسیارانە مەئێشێنە! ئەگەر بیانهێنی ئەوە هیچ، ئەگەر نەیانهێنی سەرت لەلەشت جودا دەکەمەوە.

شازادەی گەنج لەکۆشك هاتە دەرێ و جارێکیتر بەچاوی گریانەوە چووە لای ئەسپەکە، ئەسپەکە پرسی:

- ئەم جارە بۆچی دەگری؟

شازادە وەڵامی دایەوە:

- گریان بۆ من نەبێ بۆکێ باشە، پاشا، یاخوا ماڵی کاول بێ، داوای لێکردووم بچمە کەناری دەریای سوورو چل ماینی ئاگرینی بۆ بێنمە ئێرە.

ئەسپەکە گوتی:

- مەگری! لەم ڕووداوە، هەر بەڵایەك بێتە خوارێ، بەسەر من دێ، تۆ هیچ بەڵات ناگاتێ. بڕۆ بە پاشا بڵێ: ((من بۆ ئەو چل ماینە، چل بارە وشتر خوری و چل بارە وشتر لبادو چل بارە وشتر چەرمم دەوێ، ئەمانە بنێرە کەناری دەریای سوور.)) پاشا، کەئەم کارەی ئەنجام دا، من دەچمە ئەوێ و چل ماینەکە دێنم.

شازادە چووە لای پاشاو قسەکانی ئەسپەکەی پێ گوت، پاشا گوتی:

- زۆر باشە. هەر ئەمشەو ئەو ئەندازە چەرمو خوریو لبادە ڕەوانەی کەناری دەریای سوور دەکەم.

شازادە گەڕایەوە کاروانسەرا. ئەوەی شازادە داوای کردبوو، پاشا ئامادەی کردو کاتی بەیانی ئەندازە چەرمو خوریو لبادەکە لەکەناری دەریای سوور ئامادە بوون. شازادەش سواری ئەسپی خۆی بوو و بەرەو دەریای سوور ئەسپی تاودا. کەگەیشتە نزیك دەریای سوور، ئەسپەکە گوتی:

- شازادە، دەبێ بزانی چل ماین لەکەناری دەریای سوور ناژین، ئەوان ژمارەیان سیو نۆیە. یەکێکیان دایکی منەو سیو هەشتەکەی دی خوشکی منن. من کوڕە تاقانەی دایکمم. یەك جار لەقسەی دەرچووم، بەدەستی باوکی تۆ ئەسیر بوومو ئێستا ئەوە سی ساڵە لەخزمەتی باوکتدام. دایکم بەر لەسی ساڵ پێی گوتم: ((ئەگەر دەستم بتگاتێ پارچە پارچەت دەکەم.)) کە گەیشتینە کەناری دەریا، من درێژ دەبم، یەکەم جار بەئەندازە خورییەکە داماپۆشە، ئینجا بەئەندازەلبادەکەو ئاخیری بەئەندازە چەرمەکە. پاشان ماوەیەکی زۆر لەمن دوور دەکەویتەوە و خۆت لەجێگایەك دەشاریتەوە. من حیلەیەکی لەسەرخۆ دەکەم، ڕووی دەریا هەڵدەچێو دەبێ بە گەرداوێکی ترسناك، بەڵام تۆ هیچ نەترسی. دایکم لەناو دەریاوە سەر دەردێنێ. خوشکەکانم لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوەو دەگرین. دایکم پەلاماری من دەدا بۆئەوەی پارچە پارچەم بکا. یەکەم جار چەرمەکان لێك هەڵدەزڕێنێ، تۆ ئەو کاتە نابێ هیچ



قسە بکەیو نابێ هیچ شتێکیش بکەی. ئینجا دایکم لبادەکان پارچە پارچە دەکا. دیسان تۆ نابێ هیچ قسە بکەیو هیچ شتێ بکەی. ئاخیری دایکم دەگاتە خورییەکە. بەڵام کەنیوەی ئەندازەی خورییەکەی لێکردەوە، ماندوو دەبێو لەجووڵە دەکەوێ. لەو ساتەدا تۆ خۆتی پێدەگەیەنیو خۆت هەڵدەدەیتە سەر پشتی. دەبێ توند خۆت بگری، چونکە دایکم دەردە پەڕێتە ئاسمانو ئەوەندە بەخێرایی خۆی هەڵدەدا دوورنییە تۆ گڕ بگری، بەڵام تۆ دەبێ خۆت بەبن سکییەوە بنووسێنی، پاشان سەراوسەر بەرەو زەوی دێتە خواری بۆ ئەوەی لەزەویت بکوتێو پانت بکاتەوە. کەلەزەوی نزیك کەوتەوە، دەبێ دووبارە خۆت بخەیتەوە سەر پشتیو وەکوو شەیتان خۆت بە پشتییەوە بچەسپێنیو بەری نەدەی! پاشان ئەوەندە قامچی لە ورگی بدەی شیر لەلووتییەوە سەربکا. ئەوسا دەبێ بڵێی: ((من ئاغای تۆم!)) ئیدی دایکم دەکەوێتە ژێر فەرمانی تۆو بۆ هەر کوێی ببەی دەڕوا. منو خوشکەکانیشم بەدووتدا دێین.

ئەسپەکە چی گوتبوو، شازادە وای کرد. یەکەم جار ئەسپەکەی بەئەندازە خورییەکە داپۆشی، پاشان ئەندازە لبادەکەی لەسەر ئەوەوە داناو ئاخیریش ئەندازە چەرمەکە. ئەوسا شازادە لەئەسپەکە دوورکەوتەوەو خۆی لەجێگایەك شاردەوە. ئەسپەکە حیلەیەکی ئارامی لێدا. ڕووی ئاوی دەریا هەڵچوو بوو بەگەرداوێکی ترسناك. دایکی ماینە ئاگرینەکان لەناوەندی دەریا دەرکەوت، لەهەمان کاتدا خوشکەکانی ئەسپەکە لەدەوری یەکتر کۆبوونەوەو دەستیان بەگریان کرد. دایکە پەلاماری کوڕەکەیدا. یەکەم جار چەرمەکانی لێکهەڵزڕاند، شازادە لەحەشارگەکەی خۆی بێدەنگ بوو و هیچ جووڵەی نەکرد. پاشان

لبادەکانی پارچە پارچە کرد، شازادە دیسان هیچی نەکرد. بەڵام کاتێ کەماینەکە نیوەی خورییەکەی لێك پچڕاند ماندوو بوو و پشووی‌دا. لەو ساتەدا، شازادە لەحەشارگەکەی هاتە دەرەوەو خۆی گەیاندە ماینەکە، پێی لەرکێب ناو خۆی هەڵدایە سەر پشتی. ماینەکە لەسەر زەوی تەکانی‌داو کەوتە هەوا. (با) وەکوو قامچی بەلەشی شازادە دەکەوت و پێستەی دەسووتاند. شازادە خێرا خۆی خزاندە بن ورگی ماینەکەو ماینەکە سەراوسەر بەرەو زەوی هاتە خوارێ بۆ ئەوەی هەڵی بدا، یان لە عەردی بکوتێ. ماینەکە ڕاستەوڕاست بەرەو زەوی دەهاتە خوارێ، شازادە دووبارە خۆی گەیاندە سەر پشتی و لەسەر خانەی زین ئۆقرەی گرت و وەکوو شەیتان خۆی بەماینەکەوە چەسپاند. ئینجا دایە بەر قامچی و ورگی ماینەکەی بەجۆرێ دایە بەر زەبری قامچی تا ماینەکە شیری لەلووت فیچقەی کرد. لەو کاتەدا، شازادە بەماینەکەی گوت:

- من ئاغای تۆم.

ماینەکە یەکسەر هێور بووەوەو خۆی‌دا بەدەست شازادەوە.

ئێستا، شازادە دەیتوانی بۆ هەر کوێ بیەوێ ماینەکە باژوا. شازادە گەڕایەوە لای ئەسپەکەی خۆی. سواری دایکی ئەسپەکە بوو و ملی ڕێگای کۆشکی گرتە بەر. ئەسپەکەو خوشکەکانیشی کەوتنە دووی.

شازادە ماینەکەی بردە تەویلەی پاشاو خۆیشی چووە دیدەنی پاشاو گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، ماینەکانم هێناوە.



شازادە، ئەمەی گوت و لەکن پاشا ڕۆیشت و بەسواری ئەسپی خۆی گەڕایەوە کاروانسەرا.

پەری بە پاشای گوت:

- زۆر باشە، ئێستا ماینەکان بدۆشەو خۆت بەشیرەکەیان بشۆ.

پاشا، بەتێماوی گوتی:

- کێ ماینەکان بدۆشێ؟

- پاشا، ماڵ خراپ، تۆ چۆن لێگەڕای ئەو گەنجە بڕوا؟ ئەو دەتوانێ ماینەکان بدۆشێ.

پاشا، جارێکی دی گزیرەکانی خۆی ڕەوانەی کاروانسەرا کرد بۆ ئەوەی بەشازادە بڵێن دەبێ بێت و ماینەکان بدۆشێ.

ئەسپەکە بەشازادەی گوت:

- کەچووی خوشکەکانی من بدۆشی، منیش لەگەڵ خۆت بەرە. پێش دۆشینی ماینەکان، ئەو ئەنگوستیلەی لەباوکت وەرتگرتووە، بەداوە دەزییەکی وەبکەو لەناوەڕاستی مەنجەڵی گەورەی شیر هەڵیواسە و شمشێرەکەشت لەسەر دانێ. ماینەکان یەك یەك بێنە دەرێ و هەریەکە بەجیا بیاندۆشە ئینجا جلت داکەنەو خۆت بەشیری ماینەکان بشۆ و پاشان جلت بکەوە بەر. شمشێرەکەت هەڵگرەو پاکی کەوەو ئینجا بەخزمەتکارەکان بڵێ پاشا ئاگادار بکەنەوە بێ، خۆی بەشیرەکە بشوا.

شازادە، ئەم هەموو ئیشانەی ئەنجام داو هیچ بەلای نەگەیشتێ.

بەڵام کاتێ کە پاشا جلی داکەندو چووە ناو مەنجەڵی گەورەی شیر، لە پڕ شیرەکە کوڵاو پاشا بوو بەیەك پارچە گۆشت! شازادە، دیسان هەر

www.pertwk.com

بەقسەی ئەسپەکە: بەرگی خۆیو ئەوەندەی لە پاشا مابووەوە لەناو قۆرتێك ناو خۆیشی بەرگی پاشای لەبەر کردو گەڕایەوە ناو کۆشكو لەسەر تەخت دانیشت.

پەری یەکسەر زانی پاشای ڕاستەقینە چی بەسەر هاتووە. دەرحاڵ پەری زێرینی خۆی لەبەر داکەندو بوو بەکچێکی یەکجار جوان. ئینجا چووە لای شازادەو دەستی هاویشتە گەردەنیو گوتی:

- من هەرچی کردم بۆ خاتری تۆ کردم. ئێستا تۆ پاشاو من شاژن.

خەڵکەکە بەتەواوی لە مەسەلەکە بێخەبەر بوون. نەیاندەزانی چ قەوماوە و چ نەقەوماوە. پاشای نوێ چەند مانگێك فەرمانڕەوایی کرد تا ڕۆژێ لە پڕ باوکی بیرکەوتەوەو فرمێسکی لەچاو هاتە خوارێ.

کاتێ کە پەری بینی مێردەکەی دەگری، گوتی:

- مێردی ئازیزم! ماڵ ئاوەدان! تۆ ژنێکی وەکوو منت هەیە، کابرایەکی ئاسایی بوویو ئێستا بووی بە پاشا! خەمی چیتە؟ بۆ دەگری؟

شازادە گوتی:

- هاوسەری ئازیزم! بەساقەت بم! چما نازانی باوکی من پاشایە؟ باوکم چاوی کوێر بووە. من بۆیە هاتبوومە ئێرە ڕێگەچارەیەك بۆ دەردەکەی بدۆزمەوە، کەچی ئێستا وازم هێناوەو هیچ ناکەم.

پەری پێکەنیو دەستی لەگەردەنی شازادە وەرهێناو گوتی:

- ئازیزەکەم! ماڵت ئاوەدان بێ! باوکت بۆیە کوێر بووە، چونکە دە ساڵ هەوڵیدا منی دەست بکەوێ، بەڵام نەیتوانی. من دەچمە لای



باوکت. ئەنگوستی دەبڕمو خوێنەکەی لەچاوان هەڵدەسووم، یەکسەر چاوی چاك دەبێتەوە. وەرە بابڕۆین بچینە کۆشکی باوکت.

شازادە ئاهەنگێکی گەورەی کرد و خەڵکی کۆکردەوەو گوتی:

- خەڵکینە! من دەبێ بچمە وڵاتێکی تر. لەوانەیە بگەڕێمەوە و لەوانەیە نەگەڕێمەوە. جائێوە پاشایەك بۆ خۆتان هەڵبژێرن.

خەڵکەکە پیاوێکی چاکیان بە پاشا هەڵبژارد. شازادەو هاوسەرەکەی سوپاسی خەڵکەکەیان کرد. بەرگی خەڵکی ئاساییان کردە بەر. پارەو تویشەیسەفەریان هەڵگرتو بەڕێکەوتن. سیونۆ ماینو ئەسپێکیشیان لەتەویلەی کۆشك هێنایە دەرێو لەگەڵ خۆیان بردن. شاژن سواری ئەسپەکەبوو و شازادە سواری پیرترین ماین بوو، کەدایکی ئەسپەکە بوو. خەڵکەکە بە سووربوونەوە، بۆماوەی ڕۆژە ڕێیەك بەڕێیان کردنو ئینجا گەڕانەوە ماڵی خۆیان. شازادەو هاوسەرەکەیشی، کەهێشتا سوپاسی خەڵکەکەیان لەگوێدا دەزرنگایەوە، لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون.

کەگەیشتنە دەوروبەری شاری شازادە، تووشی شوانێك هاتن شازادە پێی گوت:

- شوانەکە! بڕۆ کۆشکی پاشاو پێی بڵێ کوڕە بچووکەکەت گەڕاوەتەوە.

شوانەکە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە کۆشكو بە پاشای گوت:

پاشا، چاوتان ڕون! کوڕەکەتان لە سەفەر هاتۆتەوە!

پاشا پرسی:

www.pertwk.com

- چی لەگەڵ خۆی هێناوە؟

- چل ماینی شینی ئاسمانی و یەك ژنی زۆر جوان!

پاشا گوتی:

- الله أكبر! لەوڵاتێکی زۆر دوورەوە هاتۆتەوە. من وام دەزانی خۆم سەفەری زۆر دوورو درێژم کردووە، بەڵام ئێستا دەبینم سەفەری من لەچاو سەفەری ئەو زۆر دوور نەبووە! هۆ! وەرن! وەرن یەك کاسە زێڕ بەم شوانە ببەخشن.

شازادە هاتە ناو کۆشك و دەستی باوکی ماچ کرد. پاشایش ڕوومەتی کوڕەکەی ماچ کرد. هاوسەری شازادە ئەنگوستی پاشای بڕی و خوێنەکەی لەچاوانی هەڵسوی و پاشا یەکسەر چاوەکانی چاك بوونەوە.

پاشا، نێوچەوانی بووکەکەی ماچ کردو تاجی لەسەر سەری خۆی هەڵگرت و لەسەر سەری کوڕەکەی داناو بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- کوڕم! لێرە بەدواوە تۆ پادشای ئێمەی و هاوسەرەکەشت شاژنی ئێمەیە!

بەم جۆرە هەموویان بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن. یاخوا ئێوەش بەمرازی دڵی خۆتان بگەن!

سێ سێو لە ئاسمان کەوتنە خوارەوە. یەکێ بۆ هەقایەتخوان، یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەو یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی کەسەرا پای کردبوو بە گوێ.



## 7-(تیشکی ڕۆژ )و شازادە مار

هەبوو نەبوو، لە سەردەمێکا پاشایەك هەبوو، هیچ کوڕی نەبوو. ڕۆژێ چووە بەر هەیوانی کۆشکەکەی بۆ ئەوەی هەوایەك هەڵمژێ،

www.pertwk.com

لەناکاو دیتی وامارێك لەبەر پێی و لەناو باخی کۆشکەکەی، لەگەڵ بێچووەکانی یاری دەکا.

پاشا بە پاڕانەوە گوتی:

– خودایە! بۆچی کوڕێکت بەمن نەدا؟ یانی ئەو مارە بێچووەکانی خۆی چەند خۆش دەوێ، من کوڕەکەم ئەوەندە خۆشنەدەویست؟ یانی، من لەم مارە بێ نرخترم؟

خودا دەرگای ڕەحمەتی لێ کردەوە. دوعای قبووڵ کردو داواکەی جێبەجێ کرد.

خزمەتکارانی پاشا بە هەلەداوان هاتنە بەر هەیوان و گوتیان:

– پاشا، چاوتان روون! شاژن منداڵێکی بووە. بەڵام بنیادەم نییە، تیرە مارە.

پاشا گوتی:

– سوپاس بۆ خودا! ئەویش هەر چۆن بێ منداڵە. خودا وای مەیل لەسەر بووە.

مارەکە بەخێرایی گەورە دەبوو، بەماوەی یەك هەفتە بوو بەئەژدیهایەکی گەورە. پاشا ناوی نا (ئودز-مانوك) کە بەزمانی ئەرمەنی مانای (تیرەمار) دەدا.

ڕاوێژکارانی پاشا گوتیان:

– خودایە! چۆن خواردن بەم مارە بدەین؟

هەر خواردنێکی لەبەر مارەکەیان دادەنا، دەمی لێ نەدەدا. دەیفیشکاندو داوای خواردنی دەکرد. وای دەفیشکاند دیوارەکانی کۆشکی لەگەڵ دەلەرزی.



پێشکاری پاشا کچێکی هەبوو، ڕۆژێ هاتبوو ئەژدیهاکە ببینێ. هەر هێندە ئەژدیهاکە چاوی بەم کچە کەوت، پڕی دایەو بەچاوتروکانێك قلووفی کرد. بەم جۆرە، هەموو زانیان ئەژدیها خواردنی چییە!

پاشا فەرمانیدا، لەوە بەدواوە کچە گەنجەکان بکەن بەقوربانی کوڕەکەی.

هەر ڕۆژە کچێکی گەنجیان بە (شازادە مار) دەدا و هەموو ڕۆژێ، بەیانی سەربازانی پاشا بەدوای کچێکی وادا هەموو جێگایەك دەگەڕان.

ڕۆژێ تووشی کچێکی یەکجار جوان بوون. کچەکە، لەژێر درەختێك دانیشتبوو، قژی زێڕینی وەکوو ڕۆژ دەدرەوشایەوە. ناوی (عەرەفات) بوو کە مانای (پارچە ڕۆژ)ەو ئێمە ناوی دەنێین (تیشکی ڕۆژ).

لەکورتی ببڕینەوە. سەربازەکان کچەکەیان گرتو بردیانە لای پاشا.

پاشا فەرمانیدا بیدەن بە کوڕەکەی.

سەربازان، لەترسی ئەوەی ئەگەر دەرگای ژووری ئەژدیها بکەنەوە، نەوەك ئەژدیها ڕابکات، (تیشکی ڕۆژ) یان بە پەتێ لە کلاوڕۆژنەی بانی ژوورەوە شۆڕکردەوە خوارێ.

کچەکە وەکوو تیشکی ڕۆژ چووە ناو ژووری تاریکی ئەژدیها و لەبەرامبەری وەستاو گوتی:

– شازادە، نووری خودات لێ بدا.

کەکچەکە ئەم وشانەی لەدەم هاتە دەرەوە، ئەژدیها پێستەی فڕێداو بوو بەگەنجێکی کۆك. هاتە پێشەوەو دەستی کچەکەی گرت. تومەز ئەمانە دیارە ئاشقی یەکدی بوونە.

www.pertwk.com

دوای نەختێ پاشا بە سەربازەکانی خۆی گوت:

- بڕۆن، بزانن (شازادە مار) خواردنی خۆی خواردووە.

کاتێ کە سەربازەکان سەیری ناو ژووری ئەژدیهایان کرد، دیتیان ئەژدیهاکە بزر بووەو لەبری ئەو پیاوێکی گە نجی کۆك لەژوورەوەیە.

شازادە لێی پرسین:

- ئەوە بۆچی دەرگاکانتان بزمارکوت کردووە؟

سەربازەکان دەرگاکانیان کردەوەو بەغارەغار هاتنە لای پاشاو گوتیان:

- ئەژدیها کە بۆتە گە نجێکی لێوەشاوە. کچەکەش زیندووە. خەریکی قسەو پێکەنینن!

پاشا بێ پەیو سنوور شادومان بوو. بە پەلە چووە ژووری کوڕەکەیو گرتییە باوەش. شازادە و (تیشکی رۆژ) لەتەك یەك دانیشتبوون، ئیکلامیان بۆ پاشا کێشا.

پاشا، بەوپەڕی شادی، دیتی کوڕەکەی گە نجێکی لێوەشاوەو تۆکمەو بەوەجە و( تیشکی رۆژ)یش کچێکی جوانو زۆر بەئەدەبە.

پاشا گوتی:

- کوڕم! بڵێ، ئارەزووت لەچییە؟

- باوکە، خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ! دەمەوێ زەماوەند لەگەڵ ئەم کچە بکەم.

پاشا یەکسەر فەرمانیدا ئاهەنگێکی گەورەیان سازدا. حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگ درێژەی کێشا. هەموو بەسەلامەتی (تیشکی رۆژ)و (شازادە مار) دەیاننۆشیو پیرۆزبایی زەماوەندەکەیان لێ دەکردن.



دوای دابی زەماوەند، پاشا بووکەکەی بانگ کردە لای خۆیو لێی پرسی:

- کچم! پێم بڵێ تۆ کێی؟ دایكو باوکت کێن؟

(تیشکی رۆژ) گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، خوا تەمەن درێژتان کا! من کچە هە تیوێکم. نەدایکم هەیەو نە باوك. لەگەڵ زڕدایکەکەم دەژیام. هەموو سبەینان یەك فەردە خوری دەدامێو دەیگوت: ((مەڕو ڕەشەوڵاغەکان ببە لەوەڕ، تا ئێوارێ ئەم خورییەش بڕێسەو بیهێنەوەماڵێ.))

هەر بەیانیەی یەك نانی وشکی پێ دەدامو پێی دەگوتم هەمووی نەخۆم. دەبوایە نیوەی ببەمەوە ماڵێ.

ڕۆژێ، لەتەك تە پۆلکەیەك، لەسەر تاتە بەردێك دانیشتبووم، خەریك بووم تەشیم دەڕست. لە پڕ بەردەکە دەمی کردەوەو تەشییەکەم لەدەست بەربووەوە ناوی. کەخۆم چەماندەوە تەشییەکە دەربێنم، دیتم بنەوەی بەردەکە ئەشکەوتەو ژنێکی زۆر پیر لەو ئەشکەوتە دانیشتووە.

گوتم:

- دایە گەورە! تکایە ئەو تەشییەم بدەرەوە!

پیرەژن گوتی:

- کچم، من پیرو پەککەوتەم، ناتوانم هەستمو تەشییەکەت پێ بدەمەوە. خۆت وەرە، بیبەوە!

منیش گوتم:

- ڕێگای هاتنە ناو ئەشکەوت لەکوێیە؟

www.pertwk.com

پیرەژن گوتی:

- لەناوەڕاستی ئەو گەلییە تەنگەیە.

منیش لەگەلییەکە چوومە خوارێ. ڕێگای ئەشکەوتەکەم دۆزییەوەو چوومە ناو ئەشکەوتەکە. تەشییەکەم هەڵگرتەوە، بەلاّم کەویستم بگەڕێمەوە، دیتم ڕێگای هاتنە ژوورەوە بزر بووە. بە پیرەژنم گوت:

- دایە گەورە! ڕێگای دەرچوون لەکوێوەیە؟

- کچم! وەرە ئێرە. دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، پاشان ڕێی دەرچوونت پێ نیشان دەدەم.

چوومە لای پیرەژن. پیرەژن گوتی:

- دەست بدە گەسکێك و ماڵەکەم گەسك بدە.

منیش دەستم دایە گەسك و ئەوێم ماڵی.

پیرەژن پرسی:

- باشە کچم! ماڵی من پاکترە؟ یان ماڵی تۆ؟

- ماڵی ئێوە پاکترە، دایە گەورە.

بەلاّم وانەبوو. لەڕاستیدا ماڵەکەی ئەو زۆر پیس و پلۆخ بوو.

پیرەژن دووبارە پرسی:

- وەرە لەتەك من دانیشە. سەرم بخەرە سەر ئەژنۆکانت و قژیم شانەکە.

چووم لەتەنیشتی دانیشتم. سەریم خستە سەر ئەژنۆکانم و قژم شانە کرد.

پیرەژن پرسی :



- کچم! قژی کێ پاك و تەمیزە؟ قژی من، یان قژی دایکت؟

منیش گوتم:

- قژی ئێوە، دایە گەورە.

دیوارو بنمیچی ئەشکەوتەکە هەمووی دڵۆپە ئاو بوو. ئەو دڵۆپە ئاوانە دادەچۆڕانە خوارێ و لەگۆشەیەکی ئەشکەوتەکە، حەوزۆکەکیان پێك هێنابوو.

پیرەژن پێی گوتم:

- کچم! لێ گەڕێ ئاوها کەسەرم بەسەر ئەژنۆکانت کردووە، نەختێ بخەوم.

کەدیتت ئاوی ڕەش بەناو ئەشکەوتەکەدا هات، بەئاگام مەهێنە. کەدیتت ئاوی سوور هات، دیسان بەئاگام مەهێنە، بەلاّم کەدیتت ئاوی زەرد هات یەکسەر بەئاگام بێنە.

پیرەژن خەوی لێ کەوت. دوای ماوەیەك من دیتم ئاوی ڕەش وادێ، هیچم نەگوت: پاشان دیتم ئاوی سوور وادێ، دیسان بێدەنگ بووم، بەلاّم کەدیتم ئاوی زەرد وادێ، پیرەژنم بەئاگا هێناو گوتم:

- دایە گەورە! ئاوی زەرد هاتووە.

کەوام گوت، پیرەژن لەپڕ لەخەو هەستا. پێی منی گرت و سەری لەناو ئاوی زەرد نام. قژم وەکوو زێڕی لێ هات. ئینجا پیرەژن ڕێگای چوونە دەرەوەی ئەشکەوتی پیشان دام و گوتی:

- برۆ، ڕۆڵە! برۆ! خوا لە پەنای خۆت گری!

www.pertwk.com

منیش لەئەشکەوتەکە هاتمە دەرەوەو چوومە دووتاقیبی مەڕو ڕەشەوڵاغەکانم کەخەریکی لەوەڕ بوون. لەو کاتەدا، لەدڵی خۆما بیرم دەکردەوە:

- ئێستا چ بکەم؟ ئەگەر بەو قژە زێڕینە بچمەوە ماڵێ، زڕدایکم لێم دەداو قژم دەردێنێ.

لەو کاتەدا شوانێکم بینی، داوام لێکرد سەری یەکێ لەمەڕەکانم ببڕێ، گۆشتەکەی بۆ خۆی بباو ورگی بەمن بدا.

شوانەکە گوتی:

- زۆر باشە، خوشکم! من ئەم چاکەیەت لەگەڵ دەکەم.

شوانەکە، کاتێ کەمەڕەکەی سەربڕی و کەوڵی کرد، پێی گوتم:

- ڕۆڵە! دانیشە! ئێستا کەبابێك لەم گۆشتی مەڕە دروست دەکەمو بەیەکەوە دەیخۆین.

کە، کەبابەکەمان خوارد. من ورگەکەم لێ وەرگرت و بەسەر قژی زێڕینی خۆمدا هەڵکێشاو بەدرێژایی ڕۆژ لەبەر هەتاو دانیشتم، ورگەکە بەسەر سەرمدا وشك بووەوەو قژی بزر کردم. کاتێ کەمەڕو ڕەشەوڵاغەکانم بردەوە ماڵێ، زڕدایکم بەسەریدا نەڕاندمو گوتی:

- چەتیوی هەرزە! ئەوە بۆچی ئەو خورییەی پێمدابووی هەموویت نەڕستووە؟

ئینجا چەند زللەیەکی لەبناگوێم داو گوتی:

- سبەی یەك شەممەیە، دەبێ قژت بشۆم.

گوتم:



- من نامەوێ قژم بشۆم.

لەو ساتەدا، ئازیزی دوردانەی زڕدایکم، واتە زڕخوشکەکەم، دەستی لەتیتکی نامو رایکێشا. ورگی مەڕەکە لەسەر سەرم لاکەوت و قژم، کەوەکوو زێڕ دەدرەوشایەوە، بەسەر شانەکانمدا پەخش بوو.

زڕدایکم قیژاندی:

- هەی چەتیوی نابەکار، ئەوە چۆن قژی خۆت ئاوها لێ کردووە؟

منیش دانیشتمو هەموو شتێکم لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ باس کرد.

زڕ دایکم گوتی:

- هەی چەتیوی بێ حەیا! سبەی کچەکەی من لەگەڵ خۆت دەبەیتو لەسەر هەمان بەردی دادەنێی. دەمەوێ ئەویش قژی وەکوو قژی تۆ زێڕین ببێ.

بەیانی هێشتا ڕۆژ سەری دەرنەهێنابوو، زڕدایکەکەم یەك فەردە خوریو یەك نانی وشکی دایە کچەکەیو مانگاو مەڕەکانمان بۆ لەوەڕ بردە دەرەوە.

بەردەکەم نیشانی خوشکم دا، ئەویش لەسەری دانیشتو دەستی بەخوری ڕستن کرد. لەپڕ بەردەکە دەمی کردەوەو تەشییەکە کەوتە ناو کونەکە. خوشکم خۆی چەماندەوە بۆ ئەوەی تەشییەکەی دەربێنێ، چاوی بەپیرەژنەکە کەوتو خوشکم بەئاوازێکی توند گوتی:

- دایە گەورە! بێنە تەشییەکەم بدەوە.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- کچم! من پیرو پەککەوتەم. ناتوانم هەستمو تەشییەکەت بدەمەوە. خۆت وەرە بیبەوە.

زرخوشکەکەم گوتی:

- ڕێگەی هاتنە ناو ئەشکەوتەکە لەکوێوەیە؟

- لەناوەندی گەلییە!

خوشکم لەگەلییەکە چووە خوارێ. ڕێگەی چوونە ناو ئەشکەوتەکەی دۆزییەوەو چووە ناو ئەشکەوتەکە. دەستی دایە تەشییەکەی و ویستی بگەڕێتەوە، دیتی ڕێگای دەرچوون بزر بووە. خوشکم گوتی:

- ڕێگای دەرچوون بزر بووە! چۆن بچمە دەرەوە!؟

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- کچم، وەرە لای من. شتێ هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم، پاشان ڕێگای چوونە دەرەوەت نیشان دەدەم.

خوشکم چووە لای پیرەژن و پیرەژن گوتی:

- کچم! دەست بدە گەسکێك و ئێرە گەسك بدە!

خوشکم گەسکەکەی دۆزییەوەو ناو ئەشکەوتەکەی گەسك دا.

پیرەژن گوتی:

- ماڵی کێ پاك و خاوێنترە؟: ماڵی من، یان ماڵی ئێوە؟

خوشکم بەئاوازێکی گاڵتەجاڕانە گوتی:

ماڵی ئێمە خاوێنترە! ماڵی تۆ هەر زۆر پیسە.

- بەداخەوە، کچم، من خۆم پیرو پەککەوتەم و کەسێکیشم نییە ماڵم بۆ پاك بکاتەوە.

باشە، ئێستا لەتەنیشتم دانیشە، سەرم بخەرە سەر ئەژنۆکانت و قژم شانەکە.



خوشکم سەری پیرەژنەکەی لەسەر ئەژنۆی خۆی داناو دەستی بەشانەکردنی سەری کرد. پیرەژن پرسی:

- کچم، قژی کێ پاکترە؟: قژی من، یان قژی دایکت؟

- قژی دایکی من زۆر پاکە! قژی تۆ بێزەوەرە.

پیرەژن گوتی:

- کچم! لێ گەڕێ چۆن سەرم بەسەر ئەژنۆکانت کردووە، ئاوها نەختێ بخەوم. کەدیتت ئاوی زەرد هات، بەئاگام مەهێنە. کەدیتت ئاوی سوور هات، دیسان بەئاگام مەهێنە، بەڵام کەدیتت ئاوی ڕەش هات بەئاگام بێنە.

پیرەژن خەوی لێ کەوت. خوشکم دیتی ئاوی زەرد هات، هیچی نەگوت. پاشان دیتی ئاوی سوور هات، دیسان دەنگی نەکرد. بەڵام کاتێ دیتی ئاوی ڕەش هات، پیرەژنی بەئاگا هێنا.

پیرەژن یەکسەر کە بەئاگا هات، لەشوێنی خۆی هەستا، پێی خوشکمی گرت و سەری لەناو ئاوی ڕەش نقووم کرد. خوشکم ڕەنگی وەکوو شەوی تاری لێ هات و خرا پتریش. پێستێکی ڕەش و ناشیرینی بەتەویلەوە شۆڕ بووەوە.

پیرەژن ڕێگای دەرچوونی کردەوەو گوتی:

- دە ئێستا بڕۆ!

خوشکم تەشییەکەی هەڵگرت و لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە. من کاتێ کەچاوم پێ کەوت، هەر بەڕاستی لێی ترسام، دیمای زۆر ناشیرین ببوو. پرسیم:

- ئەوە چ ڕووی داوە؟

- نازانم. پیرەژن سەری لەناو ئاوی ڕەش نقووم کردم و دەری هێنام.

www.pertwk.com

کاتێ کە گەڕاینەوە ماڵەوە و زڕدایکم دیتی کچەکەی چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە. دەستی دایە دارێك و تێری لێدام و پاشان لەماڵەوە دەری کردم. منیش چوومە ناو شینایییەك و لەبن درەختێك دانیشتم و خەریك بووم دەگریام کە سەربازەکانی تۆ دیلیان کردم. لێم پرسین:

- دەمبەنە کوێ؟

وەڵامیان دایەوە:

- دەتبەینە لای کوڕی پاشا.

بەڵێ جەنابی خاوەن شکۆ، خوا تەمەنتان درێژبکا. من بەم جۆرە بوو هاتمە ئێرە.

## 8-بولبولی هەزار داستان

هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو بڕیاری دابوو کڵێسەیەکی شکۆمەند دروست بکا. حەفت ساڵی تەواو پیاوەکانی ئیشیان کردو ئاخیری دروست کردنی کڵێسەکە تەواو بوو و قەشە تەبەڕڕوکی کرد. لەو کاتەدا، بایەکی توند هەڵیکرد.



پاشا هەناسەی سوار بوو، لە پڕ بایەکە نیشتەوەو کابرایەکی دونیا نەویست بەرامبەر پاشا دەرکەوت و گوتی:

- ئەی پاشا، خوا تەمەنت درێژ بکا! کڵێسەیەکی باشت دروست کردووە! بەداخەوە یەك شتی کەمە.

(با) دووبارە هەڵیکردو کابرا بزر بوو.

پاشا دەستووریدا، کڵێسەکەیان تێکداو پیاوەکانی دووبارە دەستیان بەدروست کردنی کڵێسەیەکی دی کرد. حەفت ساڵی دی ئیشیان کرد و ئەم جارە کڵێسەیەکی شکۆمەندتریان دروست کرد. قەشە کڵێسەکەی تەبەڕڕوك کردو پاشا چۆکی داداو دەستی دوعاو پاڕانەوەی بەرز کردەوە. لە پڕ بایەکی توند لە شەبستانی کڵێسەکە هەڵیکردو هەمان کابرای دونیا نەویست لەبەرامبەر پاشا دەرکەوت و گوتی:

- ئەی پاشا! خوا تەمەنت درێژ بکا! کڵێسەیەکی چاکت دروست کردووە، بەڵام بەداخەوە لەیەك شتی کەمە.

پاشا دووبارە دەستووریدا کڵێسەکە وێران بکەن و گوتی:

- ئەم جارە نۆساڵ وەختی لێ سەرف دەکەین. دەبێ کڵێسەیەکی وا دروست بکەین لەهیچ شوێنێکی دونیا هاوتای نەبێ.

کڵێسەکە دروست کراو تەبەڕڕوككرا. پاشا خەریکی دوعا بوو کە بوو بەرەشەباو دووبارە هەمان کابرا لەبەردەم پاشا دەرکەوت و گوتی:

- ئەی پاشا، خوا تەمەنت درێژ بکا! ئەو کڵێسەیەی دروستت کردووە لەدونیادا هاوتای نییە، بەڵام بەداخەوە یەك شتی کەمە.

پاشا کەئیتر تێمابوو چ بکا، دەستی کابرای گرت و گوتی:

- ئەمە سێیەمین جارە ناچارم دەکەی کلێسەکە تێك بدەم، پێم بڵێ ئەم کلێسەیە لەچی کەمە؟

- بولبولی هەزار داستان!

کابرا ئەمەی گوت و بزر بوو.

پاشا گەڕایەوە کۆشك و سێ کوڕی هەبوو، پێی گوتن:

- من دەبێ بولبولی هەزار داستان پەیدا بکەم، بەڵام نازانم لەکوێیە.

کوڕەکانی گوتیان:

- ئێمە پەیدای دەکەین.

ئەو ڕۆژە بۆ سبەینێ، هەر سێ کوڕەکە سواری ئەسپ بوون و بۆی دەرچوون. دوای مانگێك گەیشتنە سێ ڕیانێك. وەستان. نەیانزانی چ بکەن.

کابرای دونیا نەویست هاتە لایانەوەو گوتی:

- برای ئازاینە! ئەوە دەچنە کوێ؟

شازادەکان گوتیان:

- بەدوای بولبولی هەزار داستاندا دەگەڕێین، بەڵام نازانین بەکام ڕێگەدا بڕۆین.

کابرا گوتی:

- هەر کەسێ بچێتە ڕێگای یەکەم، دەگەڕێتەوە. هەر کەسێ بچێتە ڕێگای دووەم، لەوانەیە بگەڕێتەوەو لەوانەیە نەگەڕێتەوە. هەر کەسێ بچێتە ڕێگای سێیەم، ئەگەری گەڕانەوەی زۆر کەمە.



برای هەرە گەورە ڕێگای یەکەمی هەڵبژارد کەلەدوو ڕێگاکەی دی بەرینتر بوو.

کوڕی دووەم ڕێگای ناوەڕاستی هەڵبژاردو کوڕی سێیەم باریکترین ڕێگای هەڵبژارد.

برای هەرە بچووك لەکابرای پرسی:

- بۆچی گەڕانەوەی من زۆر جێی ئومێد نییە؟

کابرا گوتی:

- ئەم ڕێگایە پڕ مەترسییە. یەکەم جار دەگەیتە ڕووبارێك. خاوەنی بولبولی هەزار داستان ڕووبارەکەی ژەهراوی کردووە و کەس ئاوی لێ ناخواتەوە. بۆ ئەوەی بتوانی لەو ڕووبارە بپەڕیتەوە، دەبێ تۆ ئاوی لێ بخۆیتەوەو بڵێی:

((بەه، بەه! چ ئاوێکە! ئاوی ژیانە!))

ئەوسا دەتوانی لە ڕووبارەکە بپەڕیتەوە. دوای ماوەیەك دەگەیتە گوڵێك. ژنی جادووگەر کردوویەتی بە گیایەکی ناشیرین و بەدفەساڵی وەکوو چەرخەڵە، بەڵام تۆ ئەو گوڵە دەقرتێنیو بۆنی دەکەیت و دەڵێی:

((بەه، بەه! ئەمە وەکوو گوڵی بەهەشت وایە!))

پاشان لەڕێگای خۆت بەردەوام دەبی تا دەگەیتە گورگێك و مەڕێك. ئەمانەیان لەدوو کۆڵەگە بەستۆتەوە. هەندێ گیایان لەبەر گورگەکە ڕۆکردووەو هەندێ گۆشتیشیان لەبەر مەڕەکە داناوە. تۆ دەبێ گیایەکە بدەیتە مەڕەکەو گۆشتەکە بدەیتە گورگەکە. نەختێ بەولاتر، دەگەیتە دەروازەیەکی گەورە، لاشیپێکی داخراوەو لاشیپێکی کراوەتەوە. تۆ لاشیپە کراوەکە دادەخەیت و لاشیپە داخراوەکە دەکەیتەوە. دیسان لەڕێگای خۆت

www.pertwk.com

بەردەوام دەبی تاخاوەنی بولبولی هەزار داستان دەبینی. ئەو حەفت رۆژ خەوتووەو حەفت رۆژ بێدارە. ئەگەر بتوانی ئەم هەموو کارانە ئەنجام بدەی کەگوتم، دەگەڕێیتەوە. ئەگەر نەت توانی، ناگەڕێیتەوە.

ئێستاش بابچینە لای دووبراکەی دی. بزانین ئەوان چ دەکەن:

برای گەورەتریّ لەڕۆیشتنی خۆیدا تووشی کۆشکێك هات و لەدڵی خۆیدا گوتی: (بۆ دەبێ زەحمەت بدەمە بەر خۆم؟ واچاکە ببم بەخزمەتکاری خاوەنی ئەم کۆشکەو ژیانێکی هێمن و ئارام بژیم.)

برای دووەمیش لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو، بەلای تەپۆلکەیەکدا تێپەڕی و کۆشکێکی شکۆمەندی بینی وەکوو گەواهیر دەدرەوشایەوە. شازادە، پیا بوو و جلەوی ئەسپەکەی لەشوێنێ بەست و چووە ناو باخێك و لەسەر گیای سەوزو تەڕ دانیشت. لەناکاو عارەبێکی ڕەشی وەکوو غوولی دی، بەبەینی ئەرزو ئاسماندا دەڕۆیشت.

کابرا، هەر کەچاوی بەشازادە کەوت، دابەزییە خوارێ، قامچییەکی لێداو کردی بەبەرد، بەردێکی خڕو بچووك و بەردەکە غلۆر بووەوەو چووە ژێر لاتەختێکی ناو باخەکە.

برای بچووکتریش لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو. هەر بەو جۆرەی کابرای دونیا نەویست گوتبووی، یەکەم جار گەیشتە ڕووبارێك و ئینجا گوڵێك و پاشان گورگێك و مەڕێك و... ئاخیری گەیشتە کۆشکێك و چووە ناو کۆشکەکە. کچێکی قژ زەردو جوانی دی وەکوو ئاسکی کێوی و دامەنپاك لەسەر تەخت درێژ ببوو. بولبولی هەزار داستان لەشەقەقەی باڵیداو لەناو قەفەس هاتە دەرێ و لەسەر سنگی کچەکە نیشت و دەستی بەئاواز خوێندن کرد. هەزار لایلایەی گوت تا کچەکە خەوی لێ کەوت. شازادە



بەپەلە خۆی گەیاندێ و بولبولەکەی گرت و ڕوومەتی کچەکەی ماچ کرد و ڕێگای گەڕانەوەی گرتە بەر.

کچەکە، دوای حەفت رۆژ، لەخەو هەستاو دیتی بولبولی هەزار داستانی نەماوە.

کچەکە قیژاندی:

- هۆ دەروازە، ڕێگای دزەکە بگرە!

دەروازەکە وەڵامی دایەوە:

- خوا تاقەتی بدا! ئەو بوو لاشیپی کراوەی منی داخست و لاشیپی داخراوی کردمەوەو حەسامەوە!

کچەکە قیژاندی:

- هۆ گورگ و مەڕەکە، دزەکە بگرن!

گورگ و مەڕەکە وەڵامیان دایەوە:

- خوا تاقەتی بدا! ئەو بوو خواردنی بەئێمەدا.

کچەکە قیژاندی:

- هۆ، چەرخەلە، بەرایی لەدزەکە بگرە!

بنەگوڵەکە وەڵامی دایەوە:

- تۆ منت کرد بەچەرخەلەیەکی ناشیرین، بەڵام ئەو پێی گوتم وەکوو گوڵی بەهەشت وام، خوا تاقەتی بدا!

کچەکە ئەم جارە ڕووی کردە ڕووبارەکە:

- هۆ ڕووبارەکە! بەرایی لە دزەکە بگرە!

ڕووبارەکە وەڵامی دایەوە:

- خوا تاقەتی بدا! تۆ منت کرد بەڕووبارێکی ژەهراوی، بەڵام ئەو پێی گوتم وەکوو ئاوی ژیان وام.

www.pertwk.com

کچەکە سواری ئەسپەکەی بوو و ملی ڕێی گرت.

لەو ماوەیەدا، شازادە بەخۆو بەبولبولی هەزار داستان گەیشتە کۆتایی ئەو ڕێگایەی لەبراکانی جیا ببووەوە. کابرای دونیا نەویست لەوێ چاوەڕێی دەکرد. شازادە دەربارەی براکانی پرسیاری لەکابرا کرد. کابرا گوتی:

- ئەوان نەگەڕاونەتەوە.

شازادە بولبولەکەی بەکابرای دونیا نەویست سپاردو خۆیشی ملی ئەو ڕێگایەی گرت کەبرای گەورەی هەڵیبژاردبوو. ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە شارێکی گەورە. بۆ نا نخواردن چووە میوا نخانەیەک. لەوێ براکەی دی خەریکی خزمەتکاریی بوو. شازادە برای گەورەی لەسەرکەوتنی خۆی ئاگادار کردەوەو هێنایەوە بۆ ئەو جێگایەی لەوێ لێک جیاببوونەوە.

بەدەستی کابرای دونیا نەویستی سپاردو خۆیشی لێیان جیابووەوەو چووە تاقیبی برای دووەمی. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە کۆشکێ وەکوو گەواهیر دەدرەوشایەوە. لەئەسپ پیابوو. چووە ناو باخێک و لەسەر سەوزە گیای نەرمو تەڕوپڕ دانیشت، لەپڕ هەمان عارەبی ڕەشی وەکوو غوول لەئاسمانەوە هاتە سەر زەوی و گوتی:

- کێ ڕوخسەتی داوی لەسەر ئەم سەوزە گیایە دانیشی؟

عارەبەکە ئەمەی گوت و بەو قامچییەی بەدەستییەوە بوو، پەلاماری شازادەی دا. بەڵام شازادە بەچوستی خۆی لادا و قامچییەکەی لەدەست دەرهێنا و زەبرێکی لێدا. عارەبەکە یەکسەر بوو بەبەرد.

شازادە زانی براکەشی تووشی هەمان گرفتاری بووە. سەیری بەردەکانی بەرپێی خۆی کردو یەکە و قامچی لێدان. بەردەکان دەبوونەوە



بنیادەم و بەپەلە ڕایان دەکردو هەڵدەهاتن. دوایەمین بەرد کەمابوو لەژێر لاتەختێک بوو.

هەر یەکسەر کە شازادە قامچی لێدا، بەردەکە بووبە برای خۆی و برای دەرپەڕی و هەڵات. شازادە هاواری کرد:

- کوێوە دەچی؟ من برای تۆم.

ئینجا برای لەسەرکەوتنی خۆی ئاگادار کردەوەو هەردووکیان چوونە سۆراغی برای گەورەو بولبولی هەزار داستانیان لەکابرای دونیا نەویست وەرگرتەوەو بەرەو وڵاتی خۆیان کەوتنە ڕێ.

لەڕێگادا، گەیشتنە بیرێک و لەبەر ئەوەی تینوو بوون، برای بچووکیان ناردە ناو بیرەکە بۆ ئەوەی بەڵکوو کاسە ئاوێک دەربێنێ. کاتێ کەبرای بچووک گەیشتە بنی بیرەکە، برای گەورە بەبرای دووەمی گوت:

- ئەگەر برای بچووکمان لەگەڵ ئێمە بێتەوە کۆشک و هەموو شتێ بەباوکمان بڵێ، ئاخۆ باوکمان چۆن لەئێمە دەگات؟

هەردوو برا بڕیاریان دا، براکەیان لەناو بیرەکە بەجێ بێڵن. ئەوەبوو دەستیان دایە بولبولەکەو چوونەوە لای باوکیان و گوتیان:

- براکەمان سەری تیا چوو. بەڵام ئێمە توانیمان بولبولی هەزار داستانتان بۆ بێنین.

پاشا بولبولەکەی لەناو کلێسە دانا. بەڵام ئەوە هەر هیچ کەبولبولەکە نەیدەخوێند، بەئاستەم هەناسەشی دەهات و دەچوو.

دوای نەختێ، کچە گە نجەکە بەسواری ئەسپ گەیشتە شارەکەیان و چووە لای پاشاو گوتی:

www.pertwk.com

- ئەو گە نجە ئازایەی بولبولی منی ڕفاندووە، لەکوێیە.

براکان گوتیان:

ئێمە ڕفاندوومانە.

کچەکە پرسی:

- لەڕێگادا بەرەو ڕووی چ شتێ بوونەوە؟

دوو براکە گوتیان:

- هیچ!

کچەکە گوتی:

- درۆ دەکەن. بولبولی من، ئێوە نەتانڕفاندووە.

کچەکە، هەردوو براکەو پاشای حەپس کردو فرێی دانە ناو کونە ڕەش‌و شارەکەشی داگیر کردو سوێندی خوارد تا بولبول ڕفێنەکەی پێشان نەدەن ئازادیان نەکا.

ئینجا با باسی برای بچووك بکەین:

چەند وەرزێرێ دەیانویست ئاو لەبیرەکە هەڵکێشن، کوڕەیان دەرهێناو ئەویش یەکسەر بەرەو شار کەوتە ڕێ. کاتێ کە گەیشتەوە شارو خەڵك پێیان گوت چ ڕوویداوە، پێش هەموو شتێ باوك‌و براکانی لەکونە ڕەشە ئازاد کرد، ئینجا چووە لای کچەکە. کچەکە گوتی:

- من خاوەنی بولبولی هەزار داستانم. لێم ناترسی؟

شازادە وەڵامی دایەوە:

- من ئەو کەسەم بولبولەکەم لەتۆ ڕفاند. بۆ دەبێ لێت بترسم؟

کچەکە گوتی:

- ئەگەر ڕاست دەکەی، پێم بڵێ لەڕێگا ڕووبەڕووی چ بوویتەوە؟



شازادە هەرچی دیبووی بۆ کچەکەی باس کردو ئاخیری گوتی:

- کاتێ کەتۆ لەخەودا بووی، من گۆنام ماچ کردی‌و ئێستا دەمەوێ ببی بەهاوسەری من.

کچەکە دیتی، ئەمە شایەنی ئەوەیە شووی پێبکا. ڕەزامەندی پێشان داو چوون لەناو کلێسەی پاشا زەماوەندیان کرد. تۆ نازانی کاتی زەماوەندی ئەمانە، بولبولی هەزار داستان چ ئاوازێکی خوێند! نەغمەی دڵکێشی هەزار ئاواز گوێی هەموو لایەکی زاخاو دایەوە.

سێ سێو لەئاسمان بەربوونەوە: یەکێ بۆ هەقایە تخوان، یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەو یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی سەرا پای بوو بەگوێ.

## 9-مانگای سوور

هەبوو نەبوو، لەسەردەمێکا کابرایەك هەبوو، بەخۆو بەژنەوە لەگوندێکدا دەژیان. دوو منداڵیان هەبوو: کوڕێك‌و کچێك. یەکێ لەو شتانەی کەزۆر شانازییان پێوە دەکرد ئەوەبوو مانگایەکی سووریان هەبوو. کابرا خۆی شوان بوو، ڕۆژێ کەچوو بووە بەر مەڕی، ژنەکەی عەمرێ خۆی کرد. کابرا زۆر غەمبار بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ژیان دەبێ بەردەوام بێ‌و کابرا پێویستی بەیەکێ بوو ژیانی لەگەڵ بباتە سەر، دوای ماوەیەك، دووبارە زەماوەندی کرد. بەڵام ژنە نوێکەی لەمنداڵەکانی بێزار بوو و کەمترین زەحمەتی نەدەدایە بەر خۆی بۆ ئەوەی خزمەتیان

بکا. کاتێ کەشوانەکە هۆی ئەم ڕەفتارەی لەژنەکە دەپرسی.ژنەکە دەیگوت: ((خۆ من ئەوانم نەهێناوەتە دونیا، بۆ دەبێ خزمەتیان بکەم؟))

کابرا، کەدەیدی منداڵەکانی، کاتێ لەماڵەوە بن دەردو ئەشکە نجە دەکێشن، دەیناردنە لەوەڕگا بۆ ئەوەی چاویان لەڕانەکەی بێ.

ڕۆژێ مانگای سوور، کەشادیو چالاکی جارانی منداڵەکانی بیر کەوتەوە، سکی پێ سووتانو هاتە قسەو گوتی:

- منداڵینە! سەخڵەت مەبن! ئێوە بڕۆن بۆ خۆتان یاری بکەن، من چاوم لەڕانەکە دەبێ.

مانگاکە بەدرێژایی ڕۆژ چاوەدێری مەڕەکانی دەکردو کەڕۆژ ئاوا دەبوو، کۆی دەکردنەوە بۆ ئەوەی منداڵەکان بیانبەنەوە ماڵێ.

زڕدایکی منداڵەکان هەر ڕۆژە تەنیا یەك کەرتە نانی وشکی دەدایە منداڵەکانو دەبوایە بەدرێژایی ڕۆژ بەوەندە قنیات بکەن. بەلام کاتی جەم، مانگاکە دەهاتە لای منداڵەکانو شیری خۆی دەدانێ. بەم جۆرە، ئەم خوشكو برایە، بەخواردنی نانوشیر بوون بە کچو کوڕی جوانو قەڵەو.

ئاخیری، زڕدایکەکەیان کچێکی بوو. ڕۆژگار هاتو چوو و کاتێ کەکچەکە بوو بەدەساڵی، دایکی لەگەڵ دوو منداڵەکەی دی ناردیە لەوەڕگا بۆ ئەوەی ئەمیش فێری مەڕ لەوەڕاندن ببێ. کچەکە، کچێکی ناشیرینو لەخۆ ڕازیو ناجسن بوو، دەق وەکوو دایکی وابوو.

ژنەکە، بەکوڕو کچەکەی گوت:

- هەرچی ئێوە دەیخۆنو وابەم جۆرە قەڵەو دەبن، بیدەنە کچەکەی منیش.



ژنەکە، هەموو ڕۆژێ چوار پێنج نانی دەدایە کچەکەی خۆی، بەلام هەرگیز پێی نەدەگوت لەگەڵ ئەوانیدی بەشی بکات. مانگاکە بەمنداڵەکانی گوت:

- سەخڵەت مەبن! من شیری خۆم بەو کچەش دەدەم، بەلام هەر ئەو شیرەی بەدەمی ئێوە ئەوەندە بەتامە، بەدەمی ئەوە وەکوو ژەهر تاڵە.

کچەکە تاگەورەتر دەبوو ناشیرینترو لەڕو لاوازتر دەبوو. بەلام خوشكو براکە زۆر جوانو بەدەق بوون. ژنە ناجسنەکە زۆر سەری لەم مەسەلەیە سوڕمابوو و دەیەویست سەری لێ دەربکا. مێردەکەی ئیتر کەوتبووە ناو ساڵانو نەیدەتوانی ڕانەکە بباتەلەوەڕ، بۆیە ئەو هیچی لەدەست نەدەهات. ئیدی ژنەکە ناچاربوو لەکچی خۆی پرسی:

- ئەوە چۆنە، تۆ کەڕۆژی چوار پێنج نان دەخۆی ئەوەندە لەڕو لاوازی، کەچی ئەو دووەی تر، یەك تاکە نانی شەوی دەخۆنو ئاوها سپو ساغن؟!

- هەرچی هەبێ لەژێر سەری ئەو مانگایە دایە. ئەو شیرەی دەیداتە من وەك ژەهری تاڵە، بەلام ئەو دووە دەڵێن شیرەکەمان ئەوەندە شیرینە دەڵێی هەنگوینە.

دایکە گوتی:

- ڕاوەستە، با ئەو مانگایە بێتەوە، خۆم دەزانم چی لێ دەکەم.

ڕۆژی پاشی، ژنەکە بەیانی زوو مێردی بەئاگا هێناو گوتی:

- دەبینی کچەکەمان چۆن ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازتر دەبێ؟ دوێ شەو خەونێکم بینی. پیاوێکی نوورانی هاتە خەونمو گوتی ئەکەر ئەو مانگا

www.pertwk.com

سووره بۆ کچەکەمان بکەینە قوربانی، کچەکەمان سپو ساغو سحەت خۆش دەبێ.

پیرەمێرد بەرپەرچی دایەوە و گوتی:

- چ؟! مانگاکە سەر ببڕین؟ ئەوسا شیروماست لەکوێ بێنین؟

ژنەکە گوتی:

- من شتیوا نازانم! بەڵام دەبێ مانگاکە سەر ببڕین.

ژنەکە ئەوەندە پرتەو بۆڵەی کردو مکووڕ بوو تا ئاخیری پیرەمێردی بێچارە خۆی بەدەستەوە داو بڕیاری دا مانگاکە سەر ببڕێ.

مانگاکە، کاتێ کەکێردو چەقۆی قەسابی دی، زانی چ ڕووداوێکی لە پێشە. سەری دانەواندو فرمێسك لەچاوەکانی قەتیس ما.

منداڵەکان، کەویستیان ئالیکی بدەنێ، لێیان پرسی:

- مانگای میهرەبان! ئەوە بۆچی ئەوەندە نارەحەتی؟

مانگا گوتی:

- ئەو ژنە نەفرەتییە بڕیاری داوە بمکوژێتەوە.

منداڵەکان گوتیان:

- نا، نا، ئێمە لێ ناگەڕێین. دەکەوینە سەر دەستو پێی. لێی دەپاڕێینەوە. لێ ناگەڕێین بتکوژێتەوە.

- فایدەی نییە. ئەگەر قسە بکەن لێشتان دەداو من بەرگەی ئەوەم پێناگیرێ. ئێوە سەخڵەت مەبن. بەڵام شتێ هەیە دەبێ پێتان بڵێم. کە گەرووی منیان بڕی، ئێوە دەبێ، بەدزی، بێ ئەوەی کەس چاوی لێ بێ، خوێنی من لەدەمو چاوتان هەڵسوون. کە وابکەن دەمو چاوتان وەکوو زێڕ



بریقەدار دەبێ. ئینجا ئێسكو پرووسكو سمەکانم کۆبکەنەوەو لەناو گەوڕ بیشارنەوە. ئەمانە پاشان بە کەڵکتان دێن.

منداڵەکان وەکوو هەوری بەهار فرمێسکیان دەباراند، بەڵام مانگاکە گوتی:

- مەگرین! ئەوەی لەنێو چەوا نمان نووسراوە، ناگۆڕێ.

منداڵەکان بەدەم گریانەوە گوتیان:

- ئەگەر تۆ نەبی، کێ چاوی لێمان دەبێ؟

مانگا گوتی:

- وەرن لەگەڵم بچین، پیرەژنێ ماڵی لەم نزیکانەیە، بەوتان دەسپێرم.

مانگاکە منداڵەکانی بردە ئەشکەوتێکی بچووکی کێوەکەو بانگی پیرەژنەکەی کرد. کە پیرەژن هاتە دەرەوە، مانگاکە گوتی:

- دەزانی بەتەمان من بکەن بە قوربانی!

پیرەژن گوتی:

- بەڵێ، دەزانم.

مانگاکە گوتی:

- ئەو منداڵانە بەدەستی تۆ دەسپێرم. تو خوا ئاگاداربە تووشی بەڵا نەبن.

پیرەژن گوتی:

- ئاگادارم! دڵنیابە!

مانگاو منداڵەکان کووخی پیرەژنەکەیان جێ هێشت و گەڕانەوە لەوەڕگا. لەوێ مانگاکە داوای لەمنداڵەکان کرد یەکێ لەشاخەکانی ببڕن. ئینجا پێی گوتن:

- هەر کاتێ برسی بوون، ئەم شاخە بمژن، برسێتیتان نامێنێ. کەلە لەوەڕگاشن، پیرەژن چاوی لەخۆتان و مەڕەکانتان دەبێ.

سبەینەی ڕۆژی پاشی سەری مانگاکەیان بڕی. منداڵە هەتیوەکان، بێ ئەوەی کەس ببینێ، یەك پەرداخە خوێنی مانگاکەیان بردە ژووری خۆیان و لەدەم و چاوی خۆیان هەڵسوی. ڕوخساریان وەکوو ئەڵماس چاوی دەتووزاندەوەو پێستەیان وەکوو خۆری چێشتەنگاو دەدرەوشایەوە.

کە زڕخوشکەکەیان گۆشتی مانگاکەی خوارد، بەدەمی وی تامی کای لێدەهات، بەڵام بەدەمی خوشك و برای هەتیو لە هەموو خواردنێك خۆشتربوو. دوای خواردن، خوشك و برا ئێسك و پرووسك و سمەکانی مانگاکەیان کۆکردەوەو لەناو گەوڕ لەبن عەرزیان نا. لەوە بەدواوە، هەر کاتێ برسی بوونایە دەچوونە گەوڕ، شاخەکەیان دەگرت و دەیا نمژی و یەکسەر برسێتیان نەدەما. زڕ دایکەکە ئەوەندە خواردنی دەدایە کچەکەی خۆی هەر وەخت بوو بتەقی، بەڵام هیچ شتی بەم دوو مناڵە هەتیوە نەدەدا.

زستانی ئەوساڵە، هەموو خێزانەکە بانگێشت کرانە سەر زەماوەندی ئەندامێکی بنەماڵەی سوڵتان. زڕ دایکەکە جوانترین جلی کردە بەر کچەکەی خۆی و لەگەڵ خۆی بردیە سەر ئاهەنگەکە، بەڵام خوشك و برای هەتیوی لەماڵەوە بە تەنیا بەجێ هێشت. لە گەوڕەوە دەنگی مانگاکە



هات، پیرەژن لە ئەشکەوتەکەی خۆیەوە لەکێوان، گوێی لەدەنگی بوو و هاتە ماڵی کچە و کوڕە. ناو عەرزی گەوڕی هەڵکەندو دوو دەستە بەرگی جوانی دەرهێنا کەکەس شتی وای نەدیبوو، کردیە بەر کچە و کوڕەو هەردووکی بردن بۆ زەماوەند. کە زڕدایکیان چاوی پێ کەوتن، هەر هیچ نەیناسینەوە. لە سەرسامییان دەمی بەش بووەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی:

- ((وای خوایە! چەند خۆشە، مرۆڤ منداڵی ئاوها جوانی هەبێ! چ دەبوو ئەگەر ئەو کوڕە زەماوەندی لەگەڵ کچی من بکردایە؟!))

کە میوانداری تەواو بوو، پیرەژن منداڵەکانی بردەوە ماڵێ، بەرگە جادوو بەندەکەی لەبەر کردنەوەو بەرگی جارانی پێ دانەوە. منداڵەکان یەکسەر چوونە ناو نوێن. کاتێ کە زڕدایکی ناجسن گەڕایەوە ماڵێ، بەئاگای هێنان و گوتی:

- ئێوە هەر نوستوون! ئێوە نازانن من لەم زەماوەندە چیم بینی. دوو دانە کچ و کوڕ هاتبوون وەکوو دوو دانە مانگ وابوون، هاوزێ ئێوە بوون، بەڵام هەر تەنیا ئەوەندە بەئێوە دەچوون. کچەکە نەعلی زیوینی لە پێبوو کوڕەکەش پێڵاوی زێڕین. هەرچی لەبارەی جوانیانەوە بڵێم هەر کەمە! جل و بەرگەکەیان هەزاران دراوی دەهێنا.

کچ و کوڕەکە گوتیان:

- دایە! ئەی بۆچی ئێمەتان لەگەڵ خۆتان نەبرد؟

- ئێوە شیاوی چوونە ئەو جێگایانە نین، خەڵك سەخڵەت دەکەن. لەوانەیە خۆشتان تووشی بەڵایەك بکەن.

ڕۆژی پاشی، زڕدایکەکە یەك مە نجەڵی گەورەی لەبەر کچ و کوڕەکە دانا و چەند مستە هەرزنێکیشی تێکردو گوتی:

- ئەگەر ویستتان لەبەر ئەوەی ناتانبەمە ئاهەنگەکەوە بگرین، بگرین! بگرینە ناو ئەم مەنجەڵە بۆئەوەی ئەو هەرزنانە بخووسێن.

ژنەکە جلوبەرگی جوانی کردە بەر کچەکەی خۆی و لەماڵەوە دەرچوو بۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگەکە بکا کە هێشتا هەر بەردەوام بوو. پیرەژن دووبارە پەیدا بوو. دیسان جلو بەرگی جادووبەندی لەبەر کچەکە و کورەکە کردو بردنیە ئاهەنگەکە. ئەم جارەش کە میوانەکان هاتن بڕۆن، پیرەژن هات کچەکە و کورەکە بباتەوە. کچەکە، کاتێ کەخەریك بوو بەتەنیشت حەوزێکدا تێدەپەڕی، پێی هەڵخلیسکا و یەکێ لە نەعلەکانی کەوتە ناو ئاوەکە. کچەکە بەدەم گریانەوە گوتی:

- نە نە! ئێستا چ بکەم؟ نەعلەکەم لێ بزربوو.

پیرەژن گوتی:

- ئێستا، وازی لێ بێنە. ئێمە دەبێ پێش زڕدایکتان بگەینەوە ماڵێ، ئەگەر ئەو بزانێ ئێوە ئەم جۆرە جلو بەرگانەتان هەیە، لێتان دەسەنێ و ئیتر ئیشتان تەواوە!

پیرەژن منداڵەکانی گەیاندەوە ماڵێ و جلو بەرگی گۆڕین. کاتێ کە زڕدایکەکە گەڕایەوە ماڵێ، دیسان دیتی منداڵەکان خەوتوون. بە قیژە قیژ گوتی:

- ئێوە دیسان خەوتوون؟ ئەو منداڵانەی دوێنێ دیمن، ئەمڕۆش هاتبوون، بەڵام لە ناکاو بزر بوون. هەر دەتگوت بوون بەئاو و بەناو زەویدا چوونە خوارێ.

ڕۆژی پاشی، مەیتەرەکانی کۆشك، ئەسپی کوڕی پاشایان بردە سەر حەوزەکە بۆ ئەوەی ئاوی بدەن. بەڵام هەرچی کردیان ئەسپەکە لە



حەوزەکە نزیك نەکەوتەوە. مەسەلەکەیان بەشازادە ڕاگەیاندو ئەویش هاتە سەر حەوزەکە، دیتی شتێکی بریقەدار لەسەر ئاوەکە دەگەڕێ. فەرمانیدا ئەو شتە لەناو ئاو دەربێنن. کاتێ کەنەعلە زیوینەکەیان بە شازادە دا، شازادە ماوەیەك لێی ورد بووەوەو لەفکر ڕاچوو. پاشان نەعلەکەی لەگەڵ خۆی بردە لای پاشاو گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، باوکی ئازیزم، ئەو کچەم دەوێ کەئەم نەعلەی لە پێ بوو. یان ئەو کچەم بۆ دەدۆزیتەوە، یان خۆم تووشی بەڵایەك دەکەم!

پاشا، گزیرو فەرمانبەرانی خۆی ڕەوانەی هەموو گۆشەو کەناری قەڵەمڕەوی خۆی کردو دەستووریدا چی ژن هەیە هەموویان لەناو کۆشکەکەی کۆبکەنەوە. هەموو هاتن، تەنیا کچە هەتیوەکە نەبێ کە زڕدایکی ڕێی نەداو گوتی:

- چ کەڵکی هەیە تۆ بچیتە ئەوێ؟ بەڵام کچەکەی خۆم دەبێ هەر بچێ! ئەو جیایە!

بەم جۆرە ژنەکە کچە بەدفەساڵەکەی بردە کۆشك، بەڵام نەعلەکە، نە پڕ بە پێی ئەم بوو و نە پڕ بە پێی هیچ کەسی تریش. پاشا، ئاخیری زانی کچێ ماوە نەهاتۆتە کۆشکەکەی. بەمەوە زۆر تووڕە بوو و سەبارەت بەنافەرمانی و کەودەنی زۆر بەتوندی سەرزەنشتی زڕدایکەکەی کرد. کاتێ کە کچەکەیان هێنایە کۆشك و نەعلەکەیان لە پێ کرد. دیتیان تەواو بەئەندازەی پێیەتی. هەر دەڵێی بۆ ئەو دروست کراوە. شازادە گوتی:

www.pertwk.com

- من ئەم کچەم دەوێ.

پاشاو شاژن و وەزیرەکان هەموو هەوڵیان دا شازادە لەم بڕیارە پەشیمان بکەنەوە، بەڵام ئەو بڕیاری خۆی دابوو و هەمیشە هەر دەیگوت:

- من تەنیا ئەو کچەم دەوێ و بەس!

- پاشاو دەوروبەرەکەی چوون لە بنەچەکەو ڕەچەڵەکی کچەکەیان پرسی:

کچەکە گوتی:

- من لەگەڵ پیرە باوکم و برام و زڕدایکم و زڕخوشکم دەژیم.

- ئەی کوا لنگەکەی تری نەعلەکە؟

- نازانم. نەنەی پیرم دەزانێ.

کچەکە گەڕایەوە ماڵێ. بەڵام زڕدایکی لەکۆشك مایەوە، بەو ئومێدەی شازادە دنە بدا کچەکەی ئەم بێنێ و پاشاو دەوروبەرەکەیشی تەقەللایان دەدا شازادە ڕازی بکەن، هیچ یەکێکیان نەهێنێ! بەڵام شازادە گەنجێکی زۆر سەرسەخت بوو، لەبڕیاری خۆی پەشیمان نەبووەوە.

کاتێ کچە هەتیوەکە گەڕایەوە ماڵێ، گوێی لەدەنگی مانگای سوور بوو، گوتی:

- برات ڕەوانەی لای شازادە بکە، داوای لێ بکا ئەمشەو بێتە ئێرە. پیرەژن کارو بارەکە پێك دێنێ.

کچەکە بەقسەی مانگای کرد. ئەو شەوە شازادە هاتە ماڵی کچەکە. پیرەژنیش لەوێ بوو و بەرگە جادووبەندەکەی لەبەر کچەکە کردبوو.



پیرەژن دەستی کچەکەی لەناو دەستی شازادە ناو ڕەوانەی کۆشکی کردن. یەکسەر ئاهەنگێکی گەورە سازدرا و کچەکە بوو بەهاوسەری شازادە.

دوای چەند ڕۆژێ، زڕدایکە ناجسنەکە هاتە کۆشك و داوای لە پاشا کرد ڕوخسەت بدا نۆ بووکەکە بۆ یەك دوو ڕۆژ بباتەوە ماڵەوە. پاشا ڕازی بوو. ڕۆژی دووەم، ژنەکە بەرگی جادووبەندی لەبەر کچەکە کردەوەو دایە کچەکەی خۆی. ئینجا کچەکەی لەناو دۆڵابی ژوورەوە بەند کردو کچەکەی خۆی بردە کۆشك و وای پێی گوتن ئەمە نۆبووکەکەی پاشایە.

بەڵام شازادان بەم شتانە فریو ناخۆن. کە شەو داهات، ڕازی زڕدایکەکە ئاشکرابوو. شازادە ڕووداوەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە.

پاشا زۆر تووڕە بوو. دەستووریدا زڕدایکی ناجسن و کچە فێڵبازەکەیان بە پێ لەیەك بەست و قژی هەریەکەیان لە کلکی ئەسپێك گرێدا.

ئینجا پاشا دەستووریدا:

-ئەسپەکان بدەنە بەر قامچییان!

- دەمەوێ سەری ئەم دایك و کچە لەجێ هەڵبکەنێ!

پاشا دەستووریدا سەریان لە مەیدانی شار هەڵواسن و بەمیرزاکانی گوت تاوانی ئەمانە لەسەر پێستە بنووسن و لە تەنیشت سەریانەوە هەڵیواسن.

بەڵێ، کچە و کوڕەی هەتیو بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن. ئومێدەوارم ئێوەش بە مرازی دڵی خۆیان بگەن.

www.pertwk.com

# 10-درۆزن

هەبوو نەبوو، لە سەردەمێکا، پاشایەك لە ئەرمەنستان فەرمانڕەوایی دەکرد، سروشتێکی سەیری هەبوو، هەندێ جار خولیای وای دەکەوتە سەر نموونەی نەبوو: جارێکیان قاسیدی ڕەوانەی هەموو ناوچەکانی فەرمانڕەوای خۆی کرد بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە بڵاوبکەنەوە:

- هەرکەسێ بتوانێ بسەلمێنێ درۆزنترین کەسە، جەنابی خاوەن شکۆ خۆی یەك سێوی زێڕی خەڵات دەکا.

خەڵکی لەشارو گوندەکانەوە هاتن و لەتەك کۆشکی شا دا ئاپۆرەیان دا. ئەوانە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدابوو: شازادە، بازرگان، وەرزێر،



قەشە، نەدار، دەوڵەمەند، لاواز، قەڵەو، کەڵەگەت و قوتە. بەڵێ وڵات درۆزنی کەم نەبوو! هەریەکە هەقایەتی خۆی بۆ پاشا دەگێڕایەوەو چاوەڕێی دەکرد سێوە زێڕەکەی بەربکەوێ. بەڵام ئەو فەرمانڕەوایە زۆر درۆی بیستبوو و هیچ درۆیەکی لەو درۆیانە پێ گەورە نەبوو کەئێستا بۆیان دەکرد.

پاشا خەریك بوو لەو بەزمە ماندوو دەبوو و ویستی ڕایبگەیەنێ کەس لەو پێشبڕکێیە نەیبردۆتەوە، کە کابرایەکی نەدار لەبەردەمی ئامادەبوو. کابرا جلێکی پزی پزی لەبەر بوو و گۆزەیەکی گەورەی پێ بوو.

پاشا پرسی:

- فەرموو چیت دەوێ بۆت بکەم؟

کابرا، بە وڕی و بەحە پەساوی، گوتی:

- باوکی بەڕێز! هەڵبەت لەبیرتانە یەك قەڕابەی پڕ زێڕ قەرزاری منن؟ هاتووم زێڕەکەم وەربگرمەوە.

پاشا گوتی:

- من تەنانەت یەك پوولیش قەرزاری تۆ نیم. تا ئێستاش هیچ درۆزنی وەکو تۆم نەدیوە!

کابرا گوتی:

- ئێستا ئەوە خۆتان گوتتان تائێستا هیچ درۆزنی وەکوو منتان نەدیوە، کەواتە سێوە زێڕەکە بۆ من دەبێ.

پاشا، کە زانی تەفرە دراوە، قسەی خۆی کێشایەوە:

- نا، نا، تۆ درۆزن نی!

کابرا گوتی:

- کەواتە، بێنە قەڕابە زێڕەکەم بدەوە.

www.pertwk.com

پاشا، هیچ ڕێگای دەرباز بوونی نەبوو، تەسلیم بوو و سێوە زێڕەکەی دایە.

# 11–سێ دز
# کۆسەو شەلەو یەکچاو

هەبوو نەبوو، لە سەردەمێکا، بازرگانێك لە یەریڤان هەبوو، کوڕێکی هەبوو. کابرا لەسەرە مەرگدا، بانگی کوڕەکەی کردو گوتی:

– کوڕم! لە هەر کوێ دەتەوێ، بازرگانی بکە، بەڵام بۆ بازرگانی مەچۆرە حەڵەب.

باوکە مردو ناشتیان. کوڕەکەی لە بازرگانی بەردەوام بوو. کەل و پەل و کاڵاکانی لە ئێسترەکانی بار دەکرد و دەچووە ئەم لاو ئەولا. زۆر شاری دیبوو، ڕۆژێ هاتە لای دایکی و گوتی:

– دایە، دەمەوێ بە بازرگانی بچمە حەڵەب.

دایکی گوتی:

– کوڕم، باوکت گوتی هەرگیز نەچیتە حەڵەب!



کوڕەکەی وەڵامی دایەوە کە هیچ هۆی ماقووڵ نابینێ نەچێتە ئەوێ. دەستی پێکرد، لەمو لەوی پرسی لە حەڵەب چ شتێ باش دەکڕن. هەموو پێیان گوت دارشمشاد لەوێ زۆر گرانە. گەنجەکە چل بارە دارشمشادی لە چل کەر بارکردو دوعای کردو بەرەو حەڵەب کەوتە ڕێ.

هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت، هەر خودا دەزانی ماوەی چەند ڕێگای بڕی تا لەدوورەوە شاری حەڵەبی لێ دەرکەوت.

کاروانسەرایەك لەدەرەوەی شاری حەڵەب هەبوو. خزمەتکارەکانی کاروانسەراکە، هەر کەچاویان بە بازرگانەکە کەوت، هاتنە دەرەوەو پێیان گوت هەموو کاروانسەراکانی شار داخراون و واچاکە ئەم شەو لەوێ بمێنێتەوە و سبەی بەیانی زوو بەرەو حەڵەب بکەوێتە ڕێ.

بازرگانەکە قبووڵی کرد. کاتێ کە بارەکانیان لەسەر پشتی کەرەکان داگرت، کابرایەکی شەلە لێیان نزیك کەوتەوەو دیتی هەموو ماڵی بازرگانی بازرگانەکە دارشمشادە. کابرای شەلە بارە دار شمشادێکی دزی و سۆبەی کاروانسەرای پێ داگرت و هەندێ داریشی خستە ژێر مێز.

کاتێ بازرگانە گەنجەکە بۆ خواردنی شێو هاتە ئەو ژوورە، کابرا لێی پرسی چ کاڵایەکی پێیە. بازرگانەکە پێی گوت دارشمشاد بۆ حەڵەب دەبەم، دزەکە ئاماژەی بۆ ئەو دارشمشادانە کرد کە لێرەو لەوێ کەوتبوون و گوتی:

– هاوڕێی ئازیز! ئێمە لێرە دارشمشاد بۆ سووتان بەکار دێنین، ئەوە تۆ چییە هێناوتە بۆ ئێرە! وەکوو ئەوە وایە (خوێ ببەیتە کوغاب)، بەڵام نیگەران مەبە. من ئامادەم هەموو دارەکانت بەحەفت کاسە زێڕ لێ بکڕم. بەو جۆرە زیانەکەت پڕ دەبێتەوە.

www.pertwk.com

کابرای گەنج لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە ئەگەر زێڕەکە وەربگرێ و یەکسەر بگەڕێتەوە ماڵێ، چ جوابی خەڵك بداتەوە؟ هەموو لێی دەپرسن لە حەڵەب چی دیوەو چی نەدیوە. بۆیە بڕیاریدا یەکەم جار بچێتە حەڵەبو ئینجا بگەڕێتەوە ماڵێ.

بازرگانەکە، ڕۆژی پاشی، چووە ناو حەڵەبو بەدوای کەسێدا گەڕا وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. ئاخیری چووە ناو فرۆشگایەك کە پیرەمێردێك سەرپەرشتی دەکرد. بازرگانەکە گوتی:

- ڕۆژ باش!

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

- سەدجار ڕۆژ باش! گەنجی غەریبە! لەکوێوە هاتووی؟

- لەگوندێکەوە هاتووم ناوی ( پارپ )ەو لەنزیك یەریڤانە.

- بەچ ئیش هاتوویتە ئەم شارە؟

- ئێستا هاتووم پیاسەیەك بکەم. پرسیارێکم هەیە. ئەرێ ئێوە دارشمشادتان هەیە.

- چەندت دەوێ؟

- نیو خەروار، ڕەنگە خەروارێك!

پیرەمێرد گوتی:

- خوا عومرت درێژ کا، گەنجۆ! ئێمە لێرە دارشمشاد بەخەروار نافرۆشین، لە سەرا پای شار دووسێ هۆقە زیاتر پەیدا نابێ. هەر سیرێکی پەنجا ڕوپیە دەکا!

گەنجەکە لە سەری خۆیداو گوتی:

- وای! خوا لەو سەرەوەیەو ئێوە لەم خوارەوەن، فریام کەون!



گەنجەکە مەسەلەکەی بۆ پیرەمێردەکە گێڕایەوە. کە لەقسەکانی بووەوە، پیرەمێردەکە گوتی:

- کوڕم! لەگەڵ کەسانی زۆر فێڵباز لێت قەوماوە. ئەمانە سێ دزن بەیەکەوە کار دەکەن. وای بەحاڵی کەسێ بکەوێتە بەر چنگیان. تەنیا یەك کەس هەیە دەتوانێ یارمەتیت بدا. ئەویش ئاشپەزێکە لە کاروانسەراکە ئیش دەکا. بڕۆ لایو چی گوت بەگوێی بکە.

کابرای گەنج گەڕایەوە کاروانسەراو چووە مۆبەقو داوای یارمەتی لەئاشپەزەکە کردو گوتی:

- ئەگەر لەم تەنگانەیە نەجاتم بدەی، پاداشتێکی باشت دەدەمێ.

ئاشپەزەکە گوتی:

- یارمەتیت دەدەم. ئێستا شتێکت پێ دەڵێم گومانی تێدا نییە سوودی بۆ تۆ هەیە. ئەمشەو کە چویتەوە ژوورەکەت بخەوی، دیوار کون بکەو گوێی خۆتی پێوە بنێو گوێ لەقسەی دزەکان بگرە. ئەوان سێ نەفەرن: یەکێ کۆسەیە، یەکێ شەلەیە، یەکێکیش یەکچاوە.

ئەوان ئەمشەو دەچنە لای کابرایەك بەناوی ( نیشانەی نائومێدی ) داوای ڕێنمایی لێدەکەن. ئەگەر گوێ لە قسەکانیان بگری، دەزانی چ پلانێکیان بەدەستەوەیە.

ئاشپەزەکە چی گوتبوو، کابرای گەنج وایکرد. دوای ئەوەی کە دیواری کون کرد، ماوەیەك چاوەڕێی کرد، ئینجا گوێی لە گفتوگۆیەك بوو:

- ( نیشانەی نائومێدی )! بازرگانێ لە یەریڤانەوە چل بارە دارشمشادی هێناوە.ئێمە پێمان گوتووە ئامادەین دارەکەت لێ بکڕین.

www.pertwk.com

بڕیارە حەفت کاسە زێڕی بچووکی پێ بدەین. بیری لێ بکەوە! چل بارە دارشمشاد! دەوڵەمەند دەبین!

(نیشانەی نائومێدی) گوتی:

- کابرا خەڵکی یەریڤانەیە. هەموو شوێنێ گەڕاوە. ئێوە زۆر فێڵبازن، بەڵام ئەو لەئێوەش فێڵبازترە! وادانێن، سبەینێ کابرا گوتی:

((من زێڕم ناوێ. حەفت کاسەی بچووکی پڕ کێچم دەوێ.)) ئەوسا ئێوە چ دەکەن؟

دزەکان گوتیان:

-(نیشانەی نائومێدی)! ماڵت ئاوەدان بێ! ئەو گە نجە شتی وای هەر قەت بە خەیاڵدا نایە.

بەڵام بەیانی، (نیشانەی نائومێدی) چی گوتبوو، بازرگانەکە ئەوەی داواکرد.

یەکەم جار بەیانی چووە لای خاوەنی کاروانسەراکەو داوای لێکرد بانگی ئەو سێ پیاوە بکا بۆ ئەوەی بێن دابنیشن و لەسەر نرخی دارشمشادەکان ڕێك بکەون.

خاوەنی کاروانسەرا، سێ دزەکەی بانگ کردو داوای لێ کردن لەگەڵ بازرگانەکە حیسابیان ببڕێننەوە، دزەکان گوتیان:

- ئێمە دەبێ حەفت کاسە زێڕی بدەینێ.

بەڵام بازرگانەکە گوتی:

- من چەندین شیناییم هەیە. هەر هیچ پێویستم بەزێڕ نییە. گیروگرفتی من ئەوەیە شوانەکانم بە چاکی چاودێری مێگەلەکەم ناکەن. هەمیشە هەر نوستوون. من پێویستم بەشتێکە لێ نەگەڕێ ئەوانە بخەون.



جا لەباتی زێڕ، کێچم بدەنێ. بەڵێ! حەفت کاسە کێچم بدەنێ: چوار کاسە کێچی مێ و سێ کاسە کێچی نێر.

هیچ چارە نەبوو، دزەکان دەبوایە بچن کێچ کۆبکەنەوە. کەکێچێکیان دەگرت و دەیانویست بزانن نێرە، یان مێیە، کێچەکە فرچکەی دەکردو لەدەستیان هەڵدەهات. دزەکان زانیان لەعۆدەی ئەم کارە نایەن.

گەڕانەوە کاروانسەرا و کاتێ کە بازرگانەکە چوو کەل و پەلەکانی بەسەر بکاتەوە، کابرایەکیان پەیدا کرد ببێ بەجاسووس بەسەر بازرگانەکەوە. بڕیاردرا سەد ڕوپیە پارەو یەك تۆپە قوماشی کەتانی بدەنێ و کابراش بەرامبەر بەمە، خۆی بکا بەبرادەری بازرگانەکەو چووە هەر شوێنێ لەگەڵیا بێ. وتا بتوانێ قسە لەبن زمانی دەربێنێ و بە دزەکانی بگەیەنێ.

کابرا ئیشی خۆی جێبەجێ کرد. خۆی لەبازرگانەکە نزیك خستەوەو بووبە هاو پیاڵەی. زۆری پێنەچوو، بازرگانەکە کابرای بەدۆست و برادەری خۆی داناو لەبارەی ژیانی خۆیەوە قسەی بۆ کرد. بۆی باس کرد کەباوکی کێیەو دایکی کێیە. خەڵکی کوێیەو ئەم جۆرە شتانە. کابراش پاشان چووە لای دزەکان و هەموو شتێکی بۆ باس کردن.

ڕۆژی پاشی، بازرگانەکە لە جادەدا تووشی دزی یەکچاو هات. دزەکە پێی گوت:

- بەیانی باش، مارتیرۆس! چۆنی؟ دایکت چۆنە؟ مامەت چۆنە؟

بەکورتی، دزی یەکچاو بەبازرگانەکەی نیشان دا کەهەموو کەس و کارەکەی دەناسێ. بازرگانی گەنج مات و حەیران بوو و دزەکە بەردەوام بوو.

- سوپاس بۆ خودا كەتۆم دۆزییەوە. ماوەیەكی زۆرە بەدواتدا دەگەڕێم. بەر لەچەندین ساڵ، كەتۆ هاتیتە دونیا، یەك چاوت هەبوو، من چاوێكی خۆم دەرهێناو دام بە تۆ.

ئینجا دزی یەكچاو چووە لای قازیو گوتی:

- كاتێ كەئەم بازرگانە لەدایك بوو، یەك چاوی هەبوو. من چاوێكی خۆمم دەرهێناو دامێ. بەلام ئێستا كە پیرو بێ توانا بوویم، خۆم پێویستم بەو چاوەیە. داواتان لێدەكەم چاوەكەمی لێ وەربگرنەوە.

قازی بانگی بازرگانەكەی كردو لێی پرسی:

- ئەم پیاوە یەكچاوە دەناسی؟

بازرگانەكە وەلامی دایەوە:

- دیارە، سەردەمێ لەماڵی ئێمەدا ژیاوە، بەلام من ئەوم بەبیر نایە!

قازی گوتی:

- ئەو پیاوە داوا دەكا كەیەكێ لەچاوەكانی تۆ، هی ئەوە و ئێستا دەیەوێ وەری بگرێتەوە.

بازرگانەكە یەك ڕۆژ ڕوخسەتی خواست. نەیدەزانی چ بكا. بڕیاریدا دیسان بچێتە لای هەمان خاوەن فرۆشگای پیرو داوای یارمەتی لێ بكا.

پیرەمێرد، كەگوێی لە بەسەرهاتەكەبوو، گوتی:

- ئەگەر كەسێ بتوانێ یارمەتیت بدا، هەمان ئاشپەزەو هیچ كەسی تر نییە.

بازرگانەكە دووبارە چووە دیدەنی ئاشپەزو داوای ڕێنمایی لێ كرد.

ئاشپەز گوتی:



- ئەمشەو دیسان، لەو كونەی لەدیوارت كردۆتەوە، گوێ لەقسەی دزەكان ڕابگرە. شەلەو كۆسەو یەكچاو، دووبارە دەچنە لای (نیشانەی نائومێدی) بۆ ئەوەی ڕاوێژی لەگەڵ بكەن.

ئەو شەوە، دیسان هەر سێ دزەكە لە ژووری (نیشانەی نائومێدی) كۆبوونەوە و بەشادومانی باسی ئەو فێڵەیان كرد كە لەبازرگانەكەیان كردبوو. دزی یەكچاو گوتی:

- بازرگانەكە ئیتر ناتوانێ لەم داوە دەرباز بێ.

بەلام (نیشانەی نائومێدی) گوتی:

- ئەم گە نجە خەڵكی پەریشانە. ئێوە ناتوانن فێڵی لێ بكەن.

دزی یەكچاو وەلامی دایەوە:

- چی پێ دەكرێ؟ دڵنیام لەترسی ئەوەی نەوەك چاوی لەدەست بدا، دارشمشادەكان جێدێڵێ و ڕادەكات.

(نیشانەی نائومێدی) گوتی:

- نەخێر! زۆر دڵنیا مەبە! ئەم گیروگرفتەش چارەی خۆی هەیە.

ئینجا (نیشانەی نائومێدی) چارەیەكی بۆ برادەرەكانی باس كردو بازرگانیش هەمووی بەتەواوەتی بیست.

سبەینەی ڕۆژی پاشی بازرگانەكەو دزی یەكچاو لەدادگا ئامادە بوون.

كە دزەكە جارێكیتر داوای خۆی دووبارە كردەوە، بازرگانەكە گوتی:

- زۆر چاكە، جەنابی قازی. من ئامادەم یەكێ لەچاوەكانی خۆمی پێ بدەم، بەلام بۆ ئەوەی ساغ بێتەوە كە ئەم چاوە بەڕاستی هی ئەوە، دەبێ ئەویش چاوی خۆی دەربێنێ، بۆ ئەوەی بزانین كێشی چەندە. ئەگەر چاوی من و چاوی ئەو كێشیان یەك بوو، دیارە ئەو ڕاست دەكا.

www.pertwk.com

کاتێ کەدزی یەکچاو ئەمەی بیست لەدادگا ڕای کردە دەرەوەو بانگی دوو برادەرەکەی تری کردو هەریەکەیان دووپێی هەبوو، دووپێی تری قەرز کردو هەلاٚتن. ئەو دزانە تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆش ناوی یەریڤانیان بە بەرگوێ بکەوێ، خۆیان لەناو حەفت کون دەشارنەوە.

بازرگانەکە بارە دارشمشادێکی بەئاشپەز بەخشیو ئەوەی تری بردە حەڵەبو بەنرخێکی باش فرۆشتیو بە باجە زێڕێکی زۆر گەڕایەوە ئەرمەنستانی ولاٚتی خۆی.

یاخوا، چۆن ئەو ئارەزووەکانی هاتە دی، ئێوەش ئاوها ئارەزووەکانتان بێتە دی.

سێ سێو لەئاسمان بەربوونەوە سەر زەوی: یەك بۆ هەقایە تخوان، یەك بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکە و یەکیش بۆ ئەو کەسەی سەرا پای بوو بەگوێ.



# 12–لە ئەرزە ڕۆم بێکارەو لە ئەستەنبۆڵ دەوڵەمەند

ژنو مێردێکی ئەرمەنی لە ئەرزە ڕۆمی ڕۆژهەلاٚتی ئەنادۆڵ لەگەڵ کوڕە تاقانەکەیان بەیەکەوە دەژیان.

کوڕەکەیان تەمبەڵو بێکارە بوو، بەلاٚم باوکی پینەدۆزێکی بەتوانا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا باوکە کڕیاری زۆری نەبوو و هەتا بڵێی دەستکورت بوو.

ئاخیری، باوکە نەخۆش کەوتو لە دونیادا دەرچوو، لەماڵی دونیا تەنیا یەك مانگای بۆ هاوسەرو کوڕەکەی بەجێ هێشت.

دایکە چی لەدەست دەهات؟ کوڕەکەی تەمبەڵو بێکارەبوو. نەبازرگانی دەزانیو نەدەستی لەکار ڕاهاتبوو. ژنەکەش تەنیا ئەوەی پێ دەکرا کەشیری مانگاکە بدۆشێو بیفرۆشێ. دایکە هەموو ڕۆژێ سەرکۆنەی منداڵەکەی دەکرد:

– بەلانی کەمەوە خەریکی پیشەی باوکی خۆت بە! بەڵکو بەو جۆرە بتوانین ژیانمان نەختێ خۆش بکەین.

بەلاٚم کوڕەکە، لە بەیانییەوە تائێوارە، هیچ ئیشی نەدەکردو ژیانی بەبێ ئیشی دەبردە سەر.

رۆژێ، برادەرەکانی هاتنە لای و گوتیان:

- ئێمە وا دەچینە ئەستەنبوڵ، بۆچی تۆش لەگەڵمان نایەی؟ لەوێ دەتوانین دەوڵەمەند ببین.

- کورەکە ماوەیەك بیری کردەوەو ئاخیری چووە لای دایکی و گوتی:

- دایە! دەزانی دەبێ چ بکەین؟

دایکە وەڵامی دایەوە:

- نەء! دەبێ چ بکەین؟

- دەبێ لەگەڵ دراوسێکانمان بچینە ئەستەنبوڵ. کارو کاسبی لەوێ زۆر بەرەواجە. بەڵێ، پێویستە کاروباری سەفەر رێك بخەین و بڕۆین. مانگاکەش لەگەڵ خۆمان دەبەین. پێویستە خۆمان لەم کونە مشکە نەجات بدەین. بۆی هەیە لە ئەستەنبوڵ ببم بەمرۆڤێکی دیارو بەرچاو. پیاو ناتوانێ لە ئەرزەڕۆم هیچ ئیش بکا، لێرە تەنیا دز پێدەگەن.

دایکە بە نارەزایی گوتی:

- کورم، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ چۆن بچین؟ بەچ بچین؟ ئێمە لەم مانگایە زیاتر هیچمان نییە، ئەویش لەوانەیە لەو سەفەرە دوورودرێژە مردار ببێ.

وەرە مانگاکە بفرۆشین و پارەکە بە چەرم بدەین. هەر هیچ نەبێ، تۆ باوکت پێنەدۆز بوو، تۆش ئیشی ئەو بکە.

- دایکە! دنیا ئەوەندە خراپ نییە وەکوو تۆ تێی گەیشتووی! ئێمە پێشتریش هەوڵماندا مانگاکەمان بفرۆشین، بەلام کوا کڕیار؟ بەهەر حاڵ هەرچی دەتەوێ بیکەی، زووبیکە، ئەوەکوو دراوسێکانمان بەجێمان دێڵن و دەڕۆن!



دایکە چی پێ دەکرێ و دەتوانێ چ بڵێ؟ ئاخیری هەستا کەل و پەلەکانی کۆکردەوەو خۆی بۆ سەفەر ئامادە کرد. کورەکەش پەتێکی لە ملی مانگاکە کردو لەدوو خۆی رایکێشاو ملی رێی گرتە بەر. کورو دایك، گەیشتنەوە برادەرەکانیان و پێکەوە کەوتنە رێگای ئەو سەفەرە دوورو درێژە. سەفەری بەگالیسکەو لەو رێگا پڕ پیچ و لوولەی ئەنادۆڵ بۆ ئەو دایك و کورە هیچ خۆش نەبوو. بەڵێ مانگاکە لە لەوەڕگاکان دەلەوەڕا و رۆژ بەڕۆژ قەڵەوتر دەبوو. ئاخیری هەموو گەیشتنە پایتەخت و لەیەك دابڕان و هەر کەسە چووە دوای چارەنووسی خۆی. دایك و کورەش کووخێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردو دامەزران. کورەکە لەماڵەوە چووە دەرێ بۆ ئەوەی گەشتێ بکا. بۆ کوێ؟ هەر خوا خۆی دەزانێ! کە رۆژ ئاوا بوو گەڕایەوە ماڵێ و گوتی:

- دایە، خواردن چیمان هەیە؟

- ئەوەی خوا داویە!

دایك و کوڕ خواردنێکی سووکیان خواردو نووستن.

رۆژگار بەم جۆرە دەڕۆیشت و کورە هیچ هەوڵی نەدەدا کارێك پەیدا بکا. دوای دوو هەفتە دایکە چەند قسەیەکی لەگەڵ کورەکەی کرد:

- من ناتوانم بەم جۆرە بەردەوام بم. تۆش منت هێنایە ئێرە. ئەگەر کارو کاسبی لێرە ئەوەندە باشە کە دەتگوت، ئەی تۆ بۆ بێکاری؟

کورەکە گوتی:

- دایە، ئێستا وا تێدەگەم مرۆڤ لێرە دەبێ بەدرێژایی رۆژ وەکوو سەگ رابکات بۆ ئەوەی پاروو نانێك بەدەست بێنێ.

www.pertwk.com

بەلاّم دواى چەند رِۆژێ کەبرسێتی زۆری بـۆ کورِەکـە هێنـا، بـە دایکـی گوت:

- مـن ئـەم مانگایـە دەبـەم دەیفرۆشـم بـۆ ئـەوەی لـەبازارِ مامەڵـە بە پارەکەی بکەم.

دایکە نارِەزایی پێشان نەداو مانگاکـەی هێنـا. کـورِە پـەتێکی لـەملی مانگاکە کردو ئامادەبوو برِوا. دایکەکـە، زۆر دەترسـا، ئـاخیری تاقـەتی نەماو گوتی:

- کورِم، هەر ئیشێ دەکەی، وریابە فێڵت لێ نەکەن، بازارِ پرِی دزە.

- کورِە! خەمت نەبێ. بە پشتیوانی خوا ناتوانن فێڵم لێبکەن.

کورِەکە ئەمەی گوتو بەرەو بازارِ کەوتە رِێ. لـەوێ وەسـتاو چـاوەرِێی کـرد. باڵەخانەیـەکی گـەورەو شکۆداری بەرامبـەر بـوو. بەرِێکـەوت، ئـەو باڵەخانەیە جێگای کۆبوونەوەی هەموو دزو قۆڵبرِەکانی ئەستەنبۆڵ بوو.

سەرۆکی دزەکـان لـە پە نجـەرەوە سـەرنجێکی لـە دەرەوەداو چـاوی بـە گە نجەکەو مانگاکەی کەوت. دزەکـە، لـە قەڵـەوی‌و تـەرِو پـرِی مانگاکـە دەمی پرِ ئاو بوو. بانگی یەکێ لە پیاوەکانی کردو گوتی:

- ئـەو گە نجـە دەبینـی لـەو سـەری مەیـدان رِاوەسـتاوە؟ ئـەوەی کـە مانگایەکی پێیە؟ برِۆ بەهەر رِێگەیەك بێ مانگاکەی لەدەست دەربێنە!

دزەکە یەکسەر لە ماڵەوە هاتە دەرێ‌و چووە لای گە نجەکەو گوتی:

- جەناب، خوا بازارِت بدا.

گە نجی ئەرزەرِۆمی گوتی:

- سوپاس، رِازیم بەرِەزای خوا.

دزەکە پرسی:

- ئەم (کەناری) یە دەفرۆشی؟



گە نجەکە بە سەرسامی گوتی:

- چی؟ (کەناری)؟

دزەکە دووبارە پرسی:

- ئەم (کەناری) یە بە چەند دەدەی؟

گە نجەکە کەوتە پتە پت‌و گوتی:

- کوا (کەناری)؟ ئەمە مانگایە. مانگایەکی سپ‌و ساخ‌و قەڵەوە!

دزەکە بە هێمنی‌و ئارامی گوتی:

- زۆر باشە! زۆر باشە! تـەنیا ئەوەنـدەم پـێ بڵـێ (کـەناری) یەکـەت بەچەند دەدەی؟

گە نجەکە گوتی:

- کاکە، برِۆ دوای کاری خۆت. من (کەناری)م نییە بیفرۆشم!

دزەکە، دەست لە (پێیان) درێژتر، گەرِایەوە لای سەرۆك‌و گوتی:

- نەخێر، تەفرە ناخوا.

سەرۆکی دزەکان، بانگی زیـرەکترین شـاگردی کـردو بردییـە شانشـین‌و گوتی:

- ئـەو پیـاوە دەبینـی مانگایـەکی پێیـەو لـەوێ وەسـتاوە؟ دەمـەوێ مانگاکەی لەچنگ دەربێنی! ئەگەر سەرکەوتووبیت، ئەمشـەو ئاهـەنگێکی گەورە دەکەین.

دزی دووەمیش لەماڵەوە هاتە دەرێ‌و چووە لای گە نجەکەو گوتی:

- خوا بازارِت بدا.

گە نجەکە وەلاّمی دایەوە:

www.pertwk.com

- ڕازیم بەڕەزای خوا.

دزەکە گوتی:

- ئەم ڕیشۆڵەیە بەچەند دەدەی؟

گە نجەکە لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە: (لێرە، خەڵکی سەیرو سەمەرە گەلێ زۆرە. دەڵێی کڕیاری ئاسایی هەر نییە. ئەمانە پیاو شێت دەکەن!)

ئینجا گە نجەکە سەری بڵند کردو بەئاوازی یەکلاکەرەوە گوتی:

- مانگای من مانگایە، تێدەگەی؟ مانگا! ڕیشۆڵەی چی؟ ئەگەر دەتەوێ مانگاکەم بکڕی، بڵێ: ((مانگاکەت بەچەند دەدەی؟))

دزەکە گوتی:

- دەڵێی هۆشت لەسەردا نەماوە! ئەمە ڕیشۆڵەیە، مانگا نییە. بەلام گرنگ نییە. ئەم مانگایە، بەقسەی خۆت، بەچەند دەفرۆشی؟

گە نجەکە گوتی:

- من مانگای خۆم بە پیاوی وەك تۆ نافرۆشم، خواحافیزت بێ!

دزی دووەمیش گەڕایەوە لای سەرۆکی دزەکان و گوتی:

- پیاوێکی کەللەڕەقە! منیش دەرەقەتی نەهاتم.

سەرۆك بە نەڕەنەڕ گوتی:

- بڕۆن ئەو بەرگە کەوڵە ئاوریشمەی من بێنن. ئێستا سەیر کەن من چیدەکەم!

سەرۆکی دزەکان خۆی خستە سەر شکڵی پیاوێکی بەویقارو چووە مەیدان و بە گە نجەکەی گوت:

- کوڕم، هەوێردەیەکی زۆر قەشەنگت هەیە!



گە نجی ئەرزەڕۆمی بڕیاری دا گاڵتە لەگەڵ ئەو کابرایەدا بکا. بۆیە گوتی:

- بەڵێ، زۆر قەشەنگە.

- بە چەندی دەدەی؟

گە نجەکە وەڵامی دایەوە.

- من نامەوێ پیاوێکی بەڕێزی وەکوو ئێوە بخاپێنم. خۆتان نازانن نرخی چەندە؟

دزی فێڵباز گوتی:

- من دەزانم، بەلام نرخەکەی دەبێ تۆ دایبنێی. دیارە لەم شارە غەریبەی. ئێستا پێت دەڵێم چ بکەی. من ئەم هەوێردەیە لەگەڵ خۆم دەبەم، تۆش بڕۆ بازاڕی قەیسەری و لەنرخی هەوێردە بپرسە. پاشان وەرە ئەو ماڵەی ها لەوێیە، نرخی هەوێردە هەر چەندبوو من پێنج ڕوپیە زیاتر دەدەم.

گە نجەکە مانگاکەی دایە و خۆیشی چووە بازاڕ و لەنرخی هەوێردەی پرسی.

لەوێ تێگەیشت کە چەند خراپ تێکەوتووە، لەگەڵ ئەمەشدا چووە بەر دەرگای خانووە گەورەکە و داوای پارەکەی خۆی کرد. خزمەتکاران هەشت ڕوپیەیان بۆ هێنا. ئەویش لەبەر دەرگا وەستابوو، دەیدی وا مانگا ئازیزەکەی سەر دەبڕن. خزمەتکارەکان هاواریان کرد:

- چاوەڕێی چ دەکەی؟ دەبڕۆ!

گە نجەکە گوتی:

- باوکی خوالێخۆشبووم ئامۆژگارییەکی کردووم. هەمیشە دەیگوت:

((كـورِم، هـەر كاتـێ مانگايـەكت فرۆشـت، كلكەكـەی بـۆ خـۆت هـەڵگرەوە)). ئێسـتاش ئەگـەر زەحمـەت نییـە، بـۆ خـاتری بـاوكی خوالێخۆشبووم، كلكی مانگاكەم بدەنێ.

خزمەتكارەكان، كە پێیان وانەبوو كلكی مانگاكە بە كەڵكی هـیچ بـێ، كلكەكەیان فڕێ دایە بەردەم گە نجەكە.

گە نجەكــە، كلكەكــەی هەڵگرتــەوەو یەكــەو ڕاســت چــووە لای ئاسنگەرێك و داوای لێكرد كلكەكەی بۆ لەبـەرگێكی چـەرم بگـرێ و بزمـاری گەورەی تێ بكوتێ. ئینجا كلكەكـەی بـە كەمـەری خـۆی وەكـردو گەڕایـەوە ماڵێ. سەلامی لەدایكی كردو گوتی:

- دایكە! تۆ واتدەزانی فێڵم لێدەكەن. هەرواش دەرچوو. من مانگاكەم فرۆشتە كابرایـەك بەڕواڵـەت بـەڕێزو بـەڕووەت دیـار بـوو. بـەڵام كـابرا فێڵبـاز دەرچـوو. ئێسـتا بـڕۆ دەسـتە بـەرگێكی ژنانـەم بـۆ لـە دراوسـێكان بخوازەوە.

دایكە گوتی:

- دەتەوێ چ بكەی؟ دەڵێی شەیتان ئالای هـەڵكردووەو تـۆش چـوویتە ژێر ئالاكەی!

- نەخێر، دایكە! نارەحەت مەبە! من دەزانم چ دەكەم!

دایكـە چـووە لای دراوسـێكان و دەسـتە بـەرگێكی خواسـتەوە. كوڕەكـە دەستە بەرگەكەی لەبن هەنگڵی ناو چووە لای سەرتاش و گوتی:

- سمێڵم بتاشەو شكڵم وەكوو كچێك لێ بكە.

سەرتاش گوتی:

- جەناب! ئەم كارە یەك لیرەی تێدەچێ.

گە نجەكە گوتی:



- قەیدی نییە، دەیدەم.

سەرتاش ڕیش و سمێڵی گە نجەكەی لەبنجەوە تاشی و خەنـەی لەقـژی داو سوراوو و سپیاوی لەدەم و چـاوی داو جـل و بـەرگی ژنانـەی كـردە بـەر. كاتێ كە گە نجەكە لەدوكانێ چووە دەرەوە، هەر كەسێ دیبـای وای دەزانـی كچێكی گەنج و جوانە.

گە نجەكە، كە سـەراپای بـەرگی سپی پۆشـی بـوو و چـارۆكەیەكی زۆر تەنكیشی بەسەر سـەریدا دابـوو، چـووە ژێـر شانشـینی خـانووی دزەكـان و چاوەڕێی كرد.

زۆری پێنەچـوو، سـەرۆكی دزەكـانی ئەسـتەنبوڵ خەبـەری پێگەیشـت كەكچـێكی جـوان لـەژێر شانشـینی خانووەكـەی وەسـتاوە. سـەرۆكی دزان لەماڵ چووە دەرەوە، ئازایانە لەكچەكە چووە پێش و گوتی:

- بریا نـەختێ زووتـر بهاتبـای! ئەمشـەو ئاهـەنگمان هـەبوو. جـاچ كەبابێك بوو!! بەڵام گرنگ نییـە. وەرە بچـینەوە ماڵـێ، بەیەكـەوە شـتێ دەخۆین.

كـــابراو كچـــەكە چـــوونە ژوورەوە. ســـەرۆكی دزان دەســـتووری بە پیاوەكانیدا سفرەی خواردن ڕا بخەن و ئەوان بچنە دوای ئیشی خۆیان.

كاتێ كە بەتەنیا مانەوە. گە نجەكـە، كلكـی بزمـار كـوتی مانگاكـەی لەبن جلی دەرهێنا، لەبەر چاوی دزەكە ڕایهەژاندو گوتی:

- ئاغا، ئەمە دەناسییەوە؟

- نازانم ئەمە چییە؟ دەڵێی كلكی مانگایە.

گە نجەكە، بەكلكی مانگا زەبرێكی توندی لەشانی دزەكە داو گوتی:

- نەخێر، ئەمە (كەناری) یە.

زەبری دووەمی لە سەری داو گوتی:

www.pertwk.com

- نەخێر، ئەمە ڕیشۆڵەیە... نەخێر هەوێردەیە.

هەر زەبری قامچی بوو بەسەر و ڕووی دزەکە دەکەوت، تا لەهۆش خۆی چوو و بەربووەوە.

گەنجەکە، هەر شتێکی بەنرخی دی، کۆی کردەوە. قیافەی خۆی گۆڕی و لە ماڵەکە چووە دەرەوە. کەگەیشتەوە ماڵی خۆیان بەدایکی گوت:

- وەرە، دایکە! ئەم زێڕو قاپە زیوانەم بۆ تۆ هێناوە. ئەو پیاوە بەڕێزەی مانگاکەی ئێمەی کڕیبوو، ویژدانی ئەشکەنجەی دابوو، گوتی:

((خوا شاهیدی ئیش و کاری بنیادەمە. من ئەم شتانەتان پێ دەبەخشم.))

ئێستا دایك و کوڕە بەم جۆرە جێ دێڵین و دەچینە سۆراغی دزەکان:

سبەینەی ڕۆژی پاشی، دزەکان گەڕانەوە ماڵێ. ماوەیەك چاوەڕێیان کرد، بەڵام ژووری سەرۆکەکەیان هیچ هەست و خوستی تێدا نەبوو. بە لایانەوە سەیر بوو. یەکێکیان گوتی:

- سەرۆکەکەمان خەوی ئەوەندە گران نییە. شتێکی بەسەر نەهاتبێ؟

ماوەیەکی تر چاوەڕێیان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ هەست و خوستیان لەژووری سەرۆك نەبیست، چوونە ژوورەوەو دیتیان بێهۆش کەوتووە. جووڵاندیانەوەو گوتیان:

- ئاغا، ڕابە سەرخۆ.

سەرۆك ناڵەیەکی لێوەهات و جووڵەیەکی کرد. دزەکان گوتیان:

- ئاغا زیندووە! نەختێ ئاو بێنن.

سەرۆك بەدەم ناڵینەوە گوتی:



- ئاخ! برادەرەکانم! پیاو دەتوانێ سووکایەتی قبووڵ بکا، دەتوانی مەرگ قبووڵ بکا. بەڵام هەرگیز نابێ یەك پاروو گۆشتی ئەو مانگایە قبووڵ بکا.

هاوڕێکانی وردە وردە ڕاستیان بۆ دەرکەوت، بە سەرسامی پرسیان:

- یانی ئەو کچە، خاوەنی مانگاکە بوو؟

ئاغا تەنیا ناڵەیەکی لێوە هات.

ئێستا دەگەڕێینەوە لای گەنجەکە و دایکی:

ڕۆژی پاشی، گەنجەکە بەنهێنی خۆی گەیاندە ژێر شانشینی ماڵی دزەکە بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ ماوە؟ یان، مردووە؟ وئەگەر ماوە چ خەیاڵی لەسەردایە. کە باش گوێی ڕاگرت، لە ژووری سەر سەرییەوە ئەم قسانەی بیست:

- پزیشکەکانی ئێرە هیچ نازانن! هەموو لەشم ژان دەکا. پزیشکێکی فەرەنگیم بۆ بێنن.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو، هەموو خەڵکی ئەستەنبوڵ دەیانزانی ئەم پیاوە چ کابرایەکی دزو فێڵبازە. هەر بۆیەش کابرا دەترسا پزیشکەکانی هەرێمایەتی لەباتی دەرمان، بەڵایەکی بەسەر بێنن.

گەنجەکە یەکسەر چووە دوکانی سەرتاش و لیرەیەکی زێڕی دایە و گوتی:

- شکڵم وەکوو شکڵی فەرەنگییان لێ بکە.

سەرتاش، کڵاوێکی لوولەیی لە سەری ناو چاکەتێکی فەرەنگی کردە بەر. بەکورتی دەق وەکوو فەرەنگییانی لێ کرد.

www.pertwk.com

گەنجەكە چەند بوتڵ و شووشەی كۆكردەوەو هەندێكی پڕ زەردێنە هێلكە كردو هەندێكی پڕ سپێنە كرد، سركەو ئەو شتانەیشی لە هەندێكی تر كرد. ئینجا هەمووی لەناو سەبەتەیەك ناو بەرەو بازاڕ كەوتە ڕێ. كە گەیشتە بازاڕ، دەستی بە جاڕدان كرد:

من پزیشكێكی ئینگلیزم! شاژنی خاوەن شكۆ خۆیان ودمیان پێداوم.

یەكێ لە دزەكان گوێی لێ بوو و یەكسەر خەبەری دایە ئاغاكەی:

– ئاغا! پزیشكێكی فەرەنگیم دۆزیوەتەوە. ئەگەر دەتەوێ پێی بڵێم بێ چارەتان بكا.

سەرۆكی دزان گوتی:

– تو خوا پێی بڵێ زوو بێ!

پزیشكی ئینگلیزی هات و تەماشای كردو گوتی:

– دەڵێی خراپ داركاری كراوی. ئەوە كێ زاتی كردووە بەم دەردەتان ببا؟ سەیرە! لەوە دەكا بەبزماری ئاسن كەوتبنە گیانت!

دزەكە، كەدیتی پزیشكەكە وا بەوردی لەدەردی دەزانێ، هەر واقی وڕماو لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە پزیشكێكی زۆر كارامەیە!) ئینجا ڕووی تێكردو گوتی:

– ئەگەر دەرمانم بكەن پاداشتێكی باشتان دەدەمێ. باشە، چ دەرمان و پارێزێكم بۆ دادەنێن؟

پزیشك گوتی:

– دەبێ ئێوە خۆتان لە گەرماو بشۆن.



یەكێ لە دزەكان چووە گەرماوی گشتی و داوای لە خاوەنی گەرماوەكە كرد كە گەرماو بۆ ئاغاكەی چۆڵ بكا. سەرۆكی دزان بە پیاوەكانی خۆی گوت:

– ئێوەش هەمووتان دەتوانن لەگەڵم بێن.

دزەكان زۆر شادو كەیفخۆشبوون، بەڵام كە بەرەو گەرماو كەوتنە ڕێ، پزیشك ناڕەزایی پێشان داو گوتی:

– من لەگەڵ ئەو كەسانە ناچمە هیچ شوێنێ كە ئەم جۆرە جل و بەرگەیان لەبەر بێ. دەبێ خۆتان ڕێك بخەن.

چارەی نەبوو. دزەكان ناچار بوون ئەو جل و بەرگەیان داكەند كەبۆ پیشە پیسەكەیان لەبەریان بوو و جلی تریان كردە بەر.

سەرۆك دەستووریدا هەموو جل و بەرگی ئاوریشمی نایاب بپۆشن و پێڵاوی زیوین لە پێ بكەن.

كاتێ كە هەموو ئامادە بوون، وەكوو دەستەیەكی شكۆدار بەرەو گەرماو كەوتنە ڕێ. دوو دز لەڕێگا یارمەتی ئاغایان دەدا. كە چوونە گەرماو، ئاغایان بۆ خۆ شووشتن ئامادە كرد. پزیشك گوتی:

– دەبێ خوێن لە نەخۆشەكە بەر بدەم. ئەگەر جار جارە هاواری كردو داوای یارمەتی كرد، ئێوە گوێ مەدەنێ، بەهیچ جۆرێ خۆتان لەئیشی من مەگەیەنن. لەوانەیە بەغەڵەت دەمارێكی ببڕم.

دزەكان گوتیان:

– باشە، ئەوە زانیمان، ئێوە خاترجەم بن.

ئەمەیان گوت و چوون خۆیان بۆ خۆ شووشتن ئامادە بكەن.

www.pertwk.com

کاتێ کە پزیشك بە تەنێ لەگەڵ نەخۆشەکە مایەوە. قامچییە بزمار کوتەکەی لەبن جلی شاردبووەوە، دەری هێناو لەبەر چاوی دزەکە هەژاندییەوەو گوتی:

- ئاغا، ئەمە دەناسیتەوە؟

کاتێ کە دزەکە چاوی بەکلکە مانگاکە کەوت، هەر وەخت بوو لەترسان گیانی لەلەش جودابێتەوە. گەنجەکە، بە قامچییەکەی زەبرێکی توندی خێواندە شانی دزەکەو گوتی:

- ئەمە (کەناری) یە!

زەبرێکی تری لێداو گوتی:

- ئەمەش ڕیشۆڵەیە!

بەکورتی، گەنجەکە بە قامچی کەوتە گیانی دزەکە. هاوڕێکانی دزەکە گوێیان لەدەنگی بوو، بەڵام گوێیان پێ نەدا. کاتێ کە دزەکە لەهۆش خۆی چوو، گەنجەکە لە گەرمخانە هاتە دەرەوەو چووە بینە (جل کەندك). هەموو جلو بەرگی ئاوریشمیو پێڵاوی زیو نیشانی کۆکردەوەو لە گەرماو دەرچوو و دەرگای گەرماوەکەشی لەدەرەوە کلیل دا.

گەنجەکە، جلو بەرگو پێڵاوەکانی فرۆشتو پارەکەی دایە دایکیو گوتی:

- دایە، سەیرکە! ئەو پارەیە هەمان ئەو پیاوە بەڕێزەی مانگاکەمانی کڕییوو پێی داموو گوتی: ((خودا شایەدی کارو بارمانە. وەرە، ئەم هەموو پارەیە بۆ خۆت.))

ئێستا بابزانین دزەکان چییان کرد:



ئەوان کاتێ کە خۆیان شووشت. دیتیان هیچ دەنگی پزیشكو ئاغا نایە. یەکێکیان گوتی:

- واچاکە بچین، بزانین چ بووە. دەبێ پزیشکەکە تا ئێستا کاری خۆی تەواو کردبێ.

دزەکان چوونە لای ئاغاکەیانو دیتیان بەبێ هۆشی لەسەر زەوی کەوتووە. لەوە دەچوو خرا پتر بووبێ.

یەکێکیان گوتی:

- پزیشکەکە هەمان خاوەن مانگا نەبووبێ؟

لەو ساتەدا سەرۆکی دزان ناڵەیەکی کزی لێوە هات. هەموو بەیەکەوە گوتیان:

- ئەوە چ بووە.

ئاغا تەنیا ناڵەیەکی لێوە هات.

دزەکان هاواریان کرد:

- ئاغا زیندووە! نەختێ ئاو بێنن.

ئاغا بەدەم ناڵەوە گوتی:

- ئاخ برادەرەکانم، پیاو دەتوانێ سووکایەتی قبووڵ بکا، دەتوانێ مەرگ قبووڵ بکا، بەڵام هەرگیز نابێ یەك پاروو گۆشتی ئەو مانگایە قبووڵ بکا!

دزەکان تەماشایەکی یەکتریان کرد. دوای نەختێ تێگەیشتن جلو بەرگو پێڵاوەکانیان دزراون. دیسان تەفرەیان خواردبوو. لەهەمووش خرا پتر ئەوە بوو دەرگایان لەسەر داخرابوو. هەرچەند هاتو هاواریان کرد کەس گوێی لێ نەبوو. پاش ماوەیەکی زۆر، یەکێ لە کرێکارانی

www.pertwk.com

گەرماوەکە، بەوێدا تیدەپەڕی، گوێی لە دەنگیان بوو و دەرگای لێ کردنەوە. یەکێ لەدزەکان جل و بەرگی لە کرێکارەکە خواستەوەو چووەوە ماڵێ، جل و بەرگی بۆ ئەوانەی تر هێنا. دزەکان خێرا جلیان کردە بەر و ئاغاکەیان خستە سەر گوازۆك و بردیانەوە ماڵێ.

دوای یەك دوو مانگ، گەنجی ئەرزەڕۆمی دووبارە چووە لای ماڵی دزەکان. لەژێر شانشینەکە وەستا و گوێی دایە قسەو گفتوگۆیان. دەیەویست بزانێ داخۆ دزە گەورەکە ماوە؟ یان مردووە؟ و ئەگەر ماوە چ پلانێکی بەدەستەوەیە.

گەنجەکە، گوێی لەدەنگی سەرۆکی دزان بوو، دەیگوت:

- بزانن، کەی کاروانێك بەرەو ئۆرشەلیم دەچێ. دەمەوێ بچمە زیارەت و یەك دوو ساڵ لەو شارە پیرۆزە بمێنمەوە. من هەر دەڵێی بەخت پشتی تێ کردووم. ئەگەر لێرە نەڕۆم، دەترسم ئەو شەیتانە دووبارە لەشوێنێ پەیدا بێتەوە و بەلایەکی ترم بەسەر بێنێ. ئەگەر خوا بکا دەگەڕێمەوەو ئەگەر خوا نەکا ناگەڕێمەوە. شەڕ لەگەڵ چارەنووس ناکرێ!

گەنجەکە، کە ئەم قسانەی بیست، یەکە و ڕاست چووە بازاڕ و دوو وشتری کڕی. ئینجا جل و بەرگ و پێویستی وشترەوانی ئامادە کرد و کابرایەکیشی بەکرێ گرت یارمەتی بدا. یارمەتییەکە ئەوەبوو، بەخۆ و بەدوو وشترەوە بە شەقامەکانی شاردا دەگەڕا و زەنگی لێ دەدا و جاڕی دەدا:

- کاروانێ بەچل وشترەوە ئامادەیە گاورەکان بۆ زیارەت بباتە ( خاکی پیرۆز). هەموو وشترەکان بەکرێ چوونە و تەنیا دوو وشتر ماون.



ئەم قسانەی لەسەر تەختەیەك نووسی بوو و بەملی وشترەکانی وەکردبوو. چەند ڕۆژی پێ چوو. دزەکان خەبەریان بیست کاروانێك ئامادەی سەفەرە بۆ ئۆرشەلیم. یەکسەر چوونە لای ئاغاکەیان و مەسەلەکەیان پێ ڕاگەیاند.

سەرۆکی دزان داوای کرد هەردوو وشتری بۆ بەکرێ بگرن: یەکێ بۆ خۆی و یەکێ بۆ کەل و پەلی سەفەرو سندووقی پارە.

ئاغا دەیەویست پارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ ئەوەی بەخۆشی سەفەر بکات و ماوەی چەندی بیەوێ لە ئۆرشەلیم بمێنێتەوە.

ئاخیری سەرۆکی دزان و وشترەوانەکە، لەڕۆژی دیاریکراودا، بەڕێ کەوتن بۆ ئەوەی بگەنەوە کاروانییەکانی تر. چل خزمەتکاری دزەکە، کە لەڕاستیدا ئەندامی دەستەکەی خۆی بوون، لەگەڵ سەرۆك چوون بەڕێی بکەن.

وشترەوانەکە بە دزەکەی گوت:

- کاروان لەدەرەوەی شار خستوویەتی. بۆ بەخزمەتکارەکان ناڵێی بگەڕێنەوە ماڵێ؟ تا ئێمە دەگەینە کاروان، ئەوان گەیشتوونەتەوە ماڵێ. واباشتر نییە؟

دزەکە گوتی:

- قسەی تۆیە!

ئینجا پیاوەکانی خۆی کۆکردەوەو پێی گوتن:

- ئێوە لەئێش بەردەوام بن. ئەو ماوەی من لەوێ نیم چاوتان لەماڵ و موڵکی من بێ. ئەگەر گەڕامەوە باشە، بەلام ئەگەر تا دووساڵ

www.pertwk.com

نەگەڕامەوە چیم هەیە لە بەینی خۆتان دابەشی بکەن. خانووەکەش ئەوە لەبەر دەستی خۆتاندایەو تیا بژین. جارو باریش دوعا بۆ ڕۆحم بکەن.

وشترەوان و دزەکە ماوەیەك ڕێیان بڕی، ئاخیری دزەکە پرسی:

- کەی دەگەینە کاروان؟

گە نجی ئەرزەرۆمی، کەخۆی خستبووە سەر شکڵی وشترەوان، گوتی:

- هێندەی نەماوە.

دزەکە، دوای چەند دەقیقەیەکی تر هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە، وشترەوان گوتی:

- کاروان لەو دیو ئەم گردەیە.

ئەم دووە لەڕۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون تا گەیشتنە گردەکەو بەسەر گردەکە کەوتن. دزەکە سەیری دەوروبەری خۆی کردو دیتی هیچ لەم ناوەدا دیار نییە. هەموو شوێنێ بیابانی گەرمو قاقڕە!

وشترەوان، قامچی بزمار کوتی لەژێر جلی دەرهێناو بەرامبەر دزەکە هەژاندییەوەو گوتی:

- جەنابی ئاغا، ئەمە دەناسییەوە؟

بێننە بەر چاوی خۆتان، دزەکە کەچاوی بەکلکە مانگاکە کەوت، چی بەسەر هات! خوێن لەدەمارەکانی مەیی! زراوی ڕژا!

دەتوانێ چ بکا؟ بێهوودە دەستی بە دادو فوغان کرد، بەڵام کێ هەیە فریای کەوێ.

گە نجەکە بەدەنگێکی تۆقێنەر گوتی:

- تۆ زۆر کەست کردۆتە کەباب! ئێستا نۆرەی خۆتە ببی بە کەباب!



گە نجەکە ئەمەی گوتو دزەکەی دایە بەر قامچییان. ئەوەندەی نەبرد، دزی گەورە لەسەر وشتر بەربووەوەو قنیاتی لەبەر بڕا.

گە نجی ئەرزەرۆمی کەلەشی دزەکەی ڕاکێشایە لایەك و خۆڵی بەسەردا کردو گەڕایەوە شار. کە گەیشتەوە شار، دونیا تاریك داهاتبوو.

گە نجەکە بەرگی وشترەوانی داکەندو جلو بەرگی خۆی پۆشیو بەدوو وشترەوە بەرەو ماڵەوە بووەوە. دەنگی زرنگە زرنگی لیرەی زێڕ لەناو سندوقەکانەوە دەهات. گە نجەکە، کە چاوی بەدایکی کەوت، بەرووخۆشی گوتی:

- دایە! وەرە یارمەتیم بدە ئەم زێڕانە ببەینە ژوورەوە. ئەمە دوا پارەیە بەرامبەر بەمانگاکە وەری دەگرین. ئەو پیاوە بەڕێزەی مانگاکەی لێ کڕیبووم، جگە لەزێڕ، ئەم وشترانەشی دامێ. ئێستا چ لەم وشترانە بکەین؟ سبەی دەیانبەم، دەیانفرۆشم!

هەر وایشی کرد. ئینجا گە نجەکە خانوویەکی گەورەی کڕیو لەگەڵ دایکیا ماڵی گواستەوە ناویو دوای ئەوە ژیانێکی سەر بەرزانەی گرتەبەر.

ئەمە بوو هەقایەتی ئەو کەسەی لە ئەرزەڕۆم شیاوی ئەوە نەبوو ناوی بنێن پیاو و لەئەستەنبوڵ بوو بە پیاوێکی زۆر بەڕێز.

www.pertwk.com

# 13-قەشەی نەخوێندەوار

قەشەی گوندێك هەموو ڕۆژێ سپێدە دەم دەچووە کلێسەو دابی دوعای بەجێ دەهێنا. بەڵام هەمیشە، کاتێ کە خەڵك دەگەیشتنە کلێسە، دەیاندی قەشە دابەکانی تەواو کردووەو لەکلێسە هاتۆتە دەرەوە.

خەڵکەکە دەیانگوت:

- باوکە! بۆ نەختێ سەبر ناکەی بۆ ئەوەی ئێمەش بگەین و ئینجا دەست بە دابەکە بکەی.

قەشەکە هەمیشە وەڵامی ئەمە بوو:

- ئێوە هەمیشە درەنگ دێن، خەتای من نییە. پێویستە زووتر لەخەو هەستن.

بەڵام گوندییەکان هەرچی دەیانکرد، نەیاندەتوانی لەکاتی خۆی بەدابەکە ڕابگەن. وردە وردە گومانیان لە قەشە پەیدا کردو گوتیان:

- قەشە نەخوێندەوار نەبێ و نەتوانێ کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە.

ئاخیری یەکێکیان پلانێکی داناو گوتی:

- نابێ کار وا بەردەوام بێ. من خۆم دەمرێنم. ئێوە بمبەنە کلێسە. کاتێ قەشە ویستی دوعام لەسەر بخوێنێ، گوێ ڕادەگرم، بزانم، چ دەخوێنێ. ئەو کاتە دەردەکەوێ داخۆ خوێندەواری هەیە، یان نا.



کابرا خۆی مراندو گوندییەکان لەناو تابووتیان ناو بردیانە کلێسەو لە پێش سەکۆی دوان دایاننا و گەڕانەوە.

کاتێ کەس لەکلێسەدا نەما، قەشە هاتە کلێسە، سەیرێکی ئەم لاو ئەولای کردو دەستی بە بەجێهێنانی دابی ئایینی کرد.

لەسەر ینگانی کابرا ڕاوەستاو گوتی:

- لەسەرەوە تا پێی ئەم کابرایە هەلەلوویا[1]، ئامین.

ئینجا چووە پێینگانی کابراو گوتی:

- لە پێوە تا سەری ئەم کابرایە، هەلەلوویا، ئامین!

ئینجا چووە لای ڕاستەی کابراو گوتی:

- لەلای راستەوە تا لای چەپی ئەم کابرایە هەلەلوویا، ئامین.

ئینجا چووە لای دەستە چەپی کابراو گوتی:

لەلای چەپەوە تا لای راستی ئەم کابرایە، هەلەلوویا، ئامین!

ئەو پیاوەی خۆی مراندبوو، کەزانی قەشە نازانێ دوعا بخوێنێ، سەری لەناو تابووت دەرهێناو گوتی:

- جێبەجێ کردنی دابی ئایینی بەم جۆرە نییە، باوکە! ئیشی خۆت بە دروستی بکە!

قەشە، بەسەرسامییەوە زانی ئەم جەنازەیە، جەنازەی ڕاستەقینە نییە. یەکسەر دەستی دایە بخوردان و لەسەر دەم و چاوی کابرای داناو بەتوندی پاڵیدا:

یەك، دوو، سێ!

کابرا بوو بەجەنازەیەکی راستەقینە!

---

[1] (1) هەلەلوویا(HALLELUYAH) وشەیەکی عیبرییە، ماناى (سوپاس بۆ خودا- الحمدلله)یە

زۆری پێ نەچوو، گوندییەکان بە پەلە خۆیان بەکڵێسەدا کردو دیتیان قەشە ئارەقەی لێ دەچۆڕێتەوە. گوتیان:

- باوکە، ئەوە چ بووە؟

قەشە بە هاوارەوە گوتی:

- ئێوە بنیادەمی چەند ناجسنن؟ مۆڵەتتان بەم پیاوە نەداوە بۆ خۆی بە تەواوەتی بمرێ! ئەگەر من نەبامە تائێستاش گیانی لەلەش دەرنەچوو بوو!



# 14–لوقمانی حەکیم

هەبوو نەبوو، لەڕۆژگارێکا، ڕاوکەرێکی گەنج لە ناوچەی ئەدەنەی کیلکیا دەژیا. ئەو کاتەی هەقایەتەکەمان دەستی پێکرد، ئەو گەنجە تەمەنی پازدە ساڵان بوو. ڕۆژێ، کە چووبوو بۆ ڕاو، کردییە بارانێکی خوڕو ئەویش پەنای بردەبەر ئەشکەوتێك. لە ئەشکەوتەکەدا، بەو پەڕی سەرسامی هەستی کرد کەبەبێ خواستی خۆی چۆتە ماڵی (شای ماران). (شای ماران) زیندەوەرێکی پیر بوو، سەری مرۆڤو لەشی مارێکی گەورە بوو.

کوڕە گەنجەکە، وای پێشان دا ئەم دیمەنەی هەر هیچ بەلاوە سەیر نەبووە و ئاگرێکی کردەوەو خۆی خەریکی وشك کردنەوەی جلو بەرگەکانی کرد. کاتێ گەنجەکە خەریکی ئەم کارەی بوو، مارەکە لەلای ڕاستەی نزیك کەوتەوەو مۆری خۆی لە پشتیدا.

گەنجەکە، کە جلەکانی وشك کردەوە، پێش داکردنە باران حەیوانێکی ڕاو کردبوو، لەسەر ئاگرەکە کردی بە کەبابو نەختێکی بۆ خۆی هەڵگرتو ئەوەی تری دایە شای مارانو ئەو چوار مارەی لەگەڵی بوون.

مارەکان گۆشتەکەیان خواردو شاکەیان گوتی:

- ئەوە خواردنت پێ داین، ئێستا ئاویشمان بدەرێ.

گەنجەکە دەستی دایە کوندەکەی، چووە سەر کانیو پڕ ئاوی کردو گەڕایەوە ئەشکەوت. ئاوەکەی لەقۆرتی سەر بەردێکی ناو ئەشکەوتەکە کرد.

چوار مارە گەنجەکە چوون ئاوەکەیان خواردەوە، بەڵام شای ماران گوتی:

– من خەریکە دەخنکێم، ئاو لە چ بخۆمەوە؟

ڕاوچییەکە شتێکی وەکوو کەوچکی گەورەی لەدار دروست کردو دایە شای ماران بۆ ئەوەی ئاوی پێ بخواتەوە.

باران سێ ڕۆژو سێ شەو لێی نەکردەوە و گەنجەکە نەیتوانی لە ئەشکەوتەکە بچێتە دەرەوە.

شای ماران بە گەنجەکەی گوت:

– دەتوانی شتێکی وا بکەی ئاوی کانییەکە بێتە ناو ئەم ئەشکەوتە؟

ڕاوکەری گەنج شەش ڕۆژ ئیشی کرد. یەکەم جار حەوزێکی لە ناوەندی ئەشکەوتەکە هەڵکەند، ئینجاجۆگایەکی لە کانییەکەوە تا ناو ئەشکەوتەکە لێداو ئاوی کانییەکەی بەردایەوە سەر حەوزەکە.

گەنجەکە، کە ویستی بڕوا، مامزێکی کوشتو ئاگرێکی کردەوەو مامزەکەی کردە کەبابو گوتی:

– ئەمەش خواردنی تۆ. بخۆ! من ئیتر دەبێ بڕۆم، بەڵام دێمەوە.

پیرەمارەکە گوتی:

– کوڕم، باوەڕناکەم بێیتەوە. شتێ بە بارمتە لێرە دابنێ بۆ ئەوەی دڵنیابم دەگەڕێیتەوە.



ڕاوکەرەکە تیرو کەوانی خۆی لەوێ جێ هێشتو ڕۆیشت. بەڵام زۆری پێنەچوو، گەڕایەوە بۆ ئەوەی بزانێ مارەکانو شا کەیان پێویستیان بە چ شتێ نییە.

کە گەنجەکە ویستی دووبارە لە ئەشکەوتەکە بڕواتە دەرەوە، مارەکە بەردێکی بچووکی دایەو گوتی:

– ها، ئەم بەردە بگرە! ئەمە زۆر بەنرخە. پێشانی هیچ کەسی مەدە. لە قوماشێکی شینی بپێچە، شەو وەکوو ئاگر دەدرەوشێتەوە. لەبەر ئەوەی تۆ خواردنو ئاوت بەمن داوە، من تۆ بەکوڕی خۆم دەزانم، وریابە هیچ کاتێ لە پێش بێگانان جلت دانەکەنی. نابێ هیچ کەس بزانێ من مۆرم لە پشتی تۆ داوە.

ڕاوکەرەکە لەناو ئەشکەوتەکە چووە دەرەوە. بەردە بەنرخەکەی لە فەرەنسە فرۆشت، قەرزەکانی دایەوە. خانوویەکی گەورەی دروست کرد. چل مەڕی کڕیو دووبارە گەڕایەوە ئەشکەوتەکە. پیرە مارەکەی ماچ کردو مامزێکی سەر بڕیو کەبابی مامزەکەی دایە هەموو مارەکان.

پیرە مارەکە بەردێکی بەنرخی تری دایەو گوتی:

– لای هیچ کەسێ باسی من مەکە. من (شای ماران)م، شای هەموو مارانم.

گەنجەکە، بۆ ماڵاوایی مارەکەی ماچ کردو کاتێ کە ویستی لێی جیابێتەوە، مارەکە ئەنگوستی بەرز کردەوە، چوار مار دەرکەوتن، مارەکان گەنجەکەیان تا بەردەرگای ماڵی خۆی بەڕێ کرد. دوو مار لە پێشەوەو دوو مار لەدواوەی دەڕۆیشتن.

www.pertwk.com

هەر لەو سەردەمەدا، فەرمانڕەوایی ئەدەنە تووشی نەخۆشییەکی گران هاتبوو. سەرا پای لەشی ببوو بە برینی ترسناك. باشترین پزیشك چوونە سەر بالینگانی. پزیشکێکی فەرەنسی فەرمانیدا دوو مریشك بکوژنەوەو پارچە پارچەیان بکەن و لەسەر برینەکانی دابنێن. ئەم چارەسەرە ماوەیەکی کورت ئارامی بەفەرمانڕەواکە بەخشی، بەلام هەر زوو برینەکانی کەوتنەوە سۆ. کە سەیری برینەکانیان کرد، دیتیان هەموو پارچە گۆشت مریشکەکانیان خوراون. برینەکانی خۆراکیان دەخوارد.

ئەم پاشایە ناوی (کاین) بوو و ئەویش ئەوەبوو کە شاری ئەدەنەی دروست کردو ولاتی کیلیکیای بەناوی ئەو کراوە.

ئەو پزیشکانەی هاتبوونە سەر بالینگانی پاشا، پزیشکێکی زۆر بەناوبانگیان تێدابوو. تەماشای برینەکانی کردو گوتی:

- ئەو شتەی پێویستم پێیە، ئەگەر پەیدای بکەم، دەمو دەست چارەسەرتان دەکەم. سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدەن.

پاشا، کە لەبەر دەردو ڕەنج ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو، گوتی:

- یەك مانگ مۆڵەتت دەدەم، بەلام ئەوەندە هەیە کارێ بکە!

پزیشکەکە جامێکی بلووری هەبوو، تەماشای جامەکەی کردو زانی مۆری شای ماران لە پشتی کوڕێکی گەنج دراوە ناوی (پورتۆ)یە. پزیشکەکە بە پاشای گوت:

- بەهەر جۆرێ بێ دەبێ (پورتۆ) ڕازی بکەن شای ماران بێنێتە ئێرە، ئەگەر نا هیچ ئومێدی چابوونەوەتان نییە.

فەرمانبەرانی پاشا (پورتۆ)یان هێنایە حزوور پاشا. پاشا گوتی:



- کوڕم، یارمەتیم بدە. ڕۆحم نەجات بدە. شای ماران بێنە ئێرە!

(پورتۆ) گوتی:

- ئێوە داوایەکی نەکردەنیتان هەیە! مارەکە نایەڵێ من بەزیندوویی دەرباز بم.

پزیشکەکە زۆر تووڕە بوو و فەرمانیدا گە نجەکە ببەستنەوەو بەقامچی لێی بدەن. (پورتۆ) هاواری دەکرد، بەلام پزیشکەکە پیاوێکی زۆر دڵڕەق بوو.

گوێیەکانی گە نجەکەیان شەق کردو خوێو بیبەریان بە برینەکانی دەکرد. پارچە پارچە بەگاز گۆشتیان لەلەش کردەوە.

ئاخیری (پورتۆ)یان ئەوەندە ئەشکە نجەدا تا خۆی بەدەستەوەدا و قبووڵی کرد شای ماران بێنێ.

(پورتۆ) بەرەو ئەشکەوتەکە کەوتە ڕێ. لەڕێگادا دە مامزی بۆ مارەکان ڕاو کرد. کەگەیشتە ئەشکەوتەکە بەرامبەر شای ماران کڕنۆشی برد. پیرە مار زانی بۆچی هاتووە. بەڕوویەکی خۆشەوە بە گە نجەکەی گوت:

- تۆ کوڕی گفتەنی منی. ناتوانم ڕێ بدەم لەبەر من تۆ ئەشکە نجە بدەن. ئێستا وەختەکەی درەنگە، ئەمشەو لێی دەخەوین و سبەی سبەینێ زوو بەڕێ دەکەوین.

ڕۆژی پاشی سبەینێ زوو هەردووکیان کەوتنە ڕێ. (پورتۆ) لە پێشەوەو شای ماران لە دواوەی. مارەکانی تریش ویستیان لە گەڵیان بێن، بەلام شای ماران لێ نەگەڕا بێن و گوتی:

www.pertwk.com

- ڕۆڵەکانم، بگەڕێنەوە. ئەو ماوەی لێتان دوورم، تا دیاری منتان پێ دەگا، دیارە من ساغو سەلامەتم. ئەگەر دیارییەکانم بڕا، ئەوسا خۆتان دەزانن.

مارەکەو ڕاوکەرەکە هەر ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تا گەیشتنە کێوی نەورۆز. ئەو کێوە پڕاو پڕی گوڵی جوانو بۆنخۆش بوو. شای ماران گوڵێکی چنیو دایە ڕاوکەرەکەو گوتی:

- ئەمە بەبێ جوین، قووت بدە!

ئینجا پێنج قەفتە گوڵی بۆنداری چنیو دایە پورتۆو گوتی:

- ئەمانە سێ جار بکوڵێنە، ئاوەکەیان بخۆرەوە. کە خواردتەوە دەتوانی بزانی هەر گوڵو گیایەك چ دەرمانێکی تێدایە.

ڕاوکەرە گەنجەکە، لەگەڵ مارەکە چووەوە ماڵی خۆیانو چی گوتبوو ئەنجامیدا.

ئینجا شەربەتە جادووییەکەی نۆشیو بە دەستووری شای ماران درێژبوو و خەوی لێکەوت. کە بەخەبەر هات، مارەکە لێی پرسی:

- کوڕم! هەست دەکەی توانایەکی تایبەتت پەیدا کردووە؟

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، ئێستا دەزانم سەری تۆ چوار مێشکی تێدایە. دوو مێشکی لای ڕاستە ژەهریان تێدایەو دوو مێشکی لای چەپە دەرمانن.

ئینجا شای ماران داوای لەکوڕی گفتەنی خۆی کرد کە کۆنە شەرابی حەفت ساڵەی دەرخوارد بداو ئینجا سەری ببڕێو کەلەشی بنێژێ (پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین لەو ناوە خەڵك بڕوایان وابوو، ئەگەر یەکێ مارێك بکوژێ، دەبێ کەلەشی لەژێر خاکدا بنێژێ، ئەگەر نا، مارەکە، شەو هاواری ئەستێران دەکاو دووبارە زیندوو دەبێتەوە). شای ماران کوڕەکەی فێر کرد کە بەردەوام دیاری بۆ مارەکان بنێرێ. بۆ ئەوەی نەوەکوو ئەوان لەمەرگی شای ماران ئاگادار ببنەوەو دونیا وێران بکەن!

شای ماران شەرابی حەفت ساڵەی نۆشیو بێهۆش بوو. (پورتۆ) شای مارانی بەستەوەو سەری بڕیو هەر چوار مێشکی دەرهێنا.

دوو جۆرە هەتوانی لەو مێشکانە دروست کرد: یەکی کوشندەو یەکی شیفابەخش. کاتێ کە (پورتۆ) چووە ئەدەنەو دەرمانەکانی بۆ پاشا برد، پاشا دەستووری بەسەرۆکی پزیشکان دا دەرمانەکان تاقی بکاتەوە. (پورتۆ) هەتوانی کوشندەی دایە پزیشکی دڵڕەق. پزیشکەکە، هەر کەهەتوانەکەی تام کرد هاوارێکی وای کرد، دەرو دیواری کۆشکی لەگەڵ لەرزییەوە. هەر دەتگوت تۆپیان تەقاندووە! پزیشکەکە لەبەر چاوی پاشا، کە لەترسان وشك ببوو، گیانی سپارد.

دوای نەختێ، پاشا هاتەوە سەرخۆو هاواری کرد:

- ئاوها دەتەوێ چارەسەری من بکەی؟

بەڵام (پورتۆ) دەرمانێکی دایە. پاشا دەرمانەکەی نۆشیو برینەکانی سارێژ بوون. پاشا، گەنجی ڕاوکەری بە سەرۆکی پزیشکانی دەربار هەڵبژاردو لەو ڕۆژە بەدواوە ناویان نا لوقمانی حەکیمی باوکی پزیشکان.

بەڵام دوای ماوەیەك، یەکێ لە مارەکانی ئەدەنە، بەڕێکەوت پێی کەوت کەشای ماران مردووە. کاتێ کە مارەکان لەم مەسەلەیە ئاگادار

www.pertwk.com

بوونەوە، هەموو پێکەوە هەڵمەتیان بۆ ئەدەنە بردو کەوتنە کوشتنی خەڵك. پاشا داوای لە لوقمان کرد چارەیەك بدۆزێتەوە.

لوقمان چل پاکەتە دەرمانی لە جگەری شای ماران دروست کرد و تەسبیحی مارە مردووەکەی لە کەمەری بەستو چووە دیدەنی مارەکان. مارەکان، کە دیتیان تەسبیحی پاشایان لەکن لوقمانە، لوقمانیان بە پاشای خۆیان قبووڵ کردو ئارام بوونەوە.

لوقمان پێی گوتن:

– تا ئێوە دیاری منتان پێ بگا، خاتر جەم بن کەمن، واتە پاشا نوێکەتان، هێشتا ماوم و زیندووم.

( لوقمان تا مابوو دیاری بۆ مارەکان دەنارد، تەنانەت ئەمرۆش لە ناوچەی کیلیکیا، ئەو کەسانەی باوەڕیان وایە شای ماران لەو ناوە نێژراوە، هەموو ڕۆژێکی یەکشەممە دیاری بۆ مارەکان دەنێرنە دەرەوە. )

ناوبانگی لوقمان تا مەودایەکی دوور بڵاوبووەوە. دەیتوانی بەو دەرمانانەی لە مێشکی مارەکە گرتبوویەوە، مەرگ لەخەڵك دوور بخاتەوە و تا حەفت ساڵی تەواو هیچ کەسێ نەمرد.

ژنێ هەبوو هەموو ڕۆژێ دەهاتە ماڵی لوقمان لە کوڵو جل شووشتن یارمەتی هاوسەرەکەی دەدا. جارێکیان کە ژنەکە داهاتبووەوە سەر جلان و جلەکانی هەڵدەپشاوت، گەنجێکی خۆش سیمای هاتە لا. دەستی بردە گیرفانی و کلیلێکی بردو ڕۆیشت. کاتێ ژنەکە لە ئیشەکە بووەوە، هاوسەری لوقمان لە ژنەکەی پرسی:

– ئەو گەنجە کێ بوو؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە:



– کوڕم بوو. منداڵێکی داوێنپاکی کەڕو لاڵە. چەند شتی چاك بوو ئەگەر مێردەکەی خۆتان ڕازی بکردایە بە شاگردی خۆی قبووڵی بکا! کوڕەکەی من ناتوانێ ڕازی کاری حەکیم لای کەس بدرکێنێ.

هاوسەری لوقمان گفتیدا یارمەتی بدا. کاتێ کە لوقمان هاتەوە ماڵێ، ژنەکەی داوای لێکرد کوڕی ژنەی کوڵکەر بە شاگردی قبووڵ بکا. لوقمان ڕازی بوو و کوڕەکە هاتە لایەوە و دەستی ماچ کردو بوو بە شاگردی.

دوای یەك مانگ، لوقمان بە هاوسەرەکەی گوت:

– من دڵنیام ئەم کوڕە نە کەڕەو نە لاڵە!

لوقمان لە ترسی ئەوەی نەوەك رازی ئیشەکەی بەردەستی ئەهل و نائەهل بکەوێ، چی توانی کردی بۆ ئەوەی گەنجەکە وازی لێ بێنێ و بڕوا. بەڵام کوڕی ژنەی کوڵکەر هیچ جارێ بچووکترین شتی نەدەکرد نیشانەی ئەوە بێ قسە دەزانێ یان گوێی لەقسەیە. سەرباری هەموو هەوڵ و تەقەللای لوقمان، گەنجەکە هەر لای مایەوەو هەمیشەش دەستووراتی مامۆستاکەی موو بە موو ئەنجام دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لوقمان دەترسا و هەوڵی دەدا گەنجەکە ئاگاداری ڕازی کارەکانی نەبێ.

ئەو گەنجە حەفت ساڵ لای لوقمان مایەوە.

ڕۆژێ، کابرایەك لە وڵاتێکی دوورەوە هاتە لای لوقمان و پێی گوت بەدەست ژانەسەرێکی ترسناکەوە دەتلێتەوە. لوقمان کابرای بردە عەنباری ماڵی خۆی و هەتوانێکی دایە و بێهۆشی کرد. ئینجا دەستی دایە نەشتەری توێکاری و کەللەی کابرای شەق کرد. زیندەوەرێکی ڕەشی

ترسناکی هەشت پێ لەناو کەللەی سەری کابرادا بوو. لوقمان دەستی دایەمقاشەکەی و ویستی ئەو زیندەوەرە لەناو مێشکی کابرا دەربێنێ، بەڵام نەیتوانی. چی ئامێری تریشی لەبەر دەستدابوو هەمووی بەکارهێنا، بەڵام دیسان هەر سەرکەوتوو نەبوو. لەو هەموو ساڵەی خەریکی پیشەی پزیشکی بوو، شتی وای نەدیبوو. شاگردەکەی، ماوەیەکی زۆر، بەهێمنی سەیری هەوڵ و تەقەلای مامۆستاکەی کرد، ئاخیری حەوسەڵەی نەماولەبیری چوو دەبێ وا پێشان بدا کەلاڵە. بەبێ سەبری هاواری کرد:

– نووکی مقاشەکە بخەرە ناو ئاگر تا سووردەبێتەوە، ئەوسا دەتوانی ئەم زیندەوەرە بێزەوەرە دەربێنی!

لوقمان بەسەرسامی و تووڕەیی سەرنجێکی لە گەنجەکەدا، بەڵام گەنجەکە چی گوتبوو، ئەو وایکرد. یەکسەر کە توێکاری و چارەسەرەکە تەواو بوو و سەری کابرایان بە پەڕۆ بەستەوە، شاگردی لوقمان لەجێی خۆی هەستاو بزر بوو.

شاگردەکە چووەوە ماڵێ. سێ جامی گەورەی هەبوو: یەکێکی پڕ شیر کردو یەکێکی پڕ شەراب. جامە بەتاڵەکەی لەسەر جامی شیرەکە داناو خۆی چووە ناوی. ئینجا جامە شەرابەکەی لەسەر جامی خۆی دانا، بەم جۆرە کەوتە نێوان دوو جامی شیرو شەراب.

لێرەدا شاگردی لوقمان بەو حاڵە جێ دێڵێن و دەچینە لای لوقمان:

لوقمان لە شاگردەکەی گەڕاو و هەموو شوێنێکی نۆڕی، بەڵام کەڵکی نەبوو. ئاخیری پەنای بردە بەر جادوو و زانی کە شاگردەکەی لەجێیەکە



کەوتۆتە بەینی سووری و سپێتی. لوقمان وای بۆ چوو، دەبێ لەجێگایەکی نێوان دەریای سوورو دەریای سپی دابێ. بۆیە، چەند دەریاوانێکی خستە کارو داوای لێکردن دەریای سوورو دەریای سپی و وڵاتی بەینیان بەوردی بگەڕێن. بەڵام هیچ دەوسێکی شاگردی لوقمان دەست نەکەوت.

ئاخیری، لوقمان چووە لای دایکی شاگردەکەی و گوتی:

– من ئێستا پیاوێکی پیرو زوهانم. تەمەنم سەدوچوار ساڵ زیاترە. حەز دەکەم کوڕەکەت ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم. سوێند دەخۆم هیچ ئەزیەتی نادەم.

ژنەی کۆڵکەر کوڕەکەی ڕازی کرد لەناو جامەکە بێتە دەرێ و بچێتە لای لوقمان. کاتێ کە لوقمان شاگردەکەی خۆی دی، گوتی:

– کوڕم! تۆ منت زۆر نیگەران کرد. من پیر بوویم. ئەگەر بمرم ڕازی ئیشەکانم لەگەڵ خۆم دەبەمە گۆڕو هیچ ناوم لە پاش بەجێ نامێنێ.

شاگردەکە دەستی مامۆستای خۆی ماچ کردو بە دووقۆڵی دانیشتن و بادە شەرابێکیان بەیەکەوە نۆشی. شاگردەکە نەیدەزانی لوقمان دەتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوەو پیر گەنج بکاتەوە. لەم ڕووەوە لوقمان پێی گوت:

– یەك جامی گەورە پڕ ئاو بکەو لەسەر ئاگری دابنێ، ئینجا یەك پیاڵە شەرابم بدەرێ بیخۆمەوە، کە ئاوەکە کوڵا، من بخەرە ناو ئاوەکەو سەری دەرخوونەی جامەکە قەپات کە. دوای چل سەعات لەناو جامەکە دەرم بێنەو لە پەمۆم بپێچە، پاشان لەم شووشەیە چەند دڵۆپە دەرمانێك لە زارم بکە.

www.pertwk.com

شاگردەکە دەستووراتی مامۆستاکەی موو بە موو ئەنجام دا، بەڵام کاتێ کە ویستی دڵۆپەکان لە زاری لوقمان بکا، لە پڕ جبرائیلی لێ پەیدا بوو و زەبرێکی لەدەستی ڕاستەی دا. بەم جۆرە تەنیا یەك دڵۆپەی دەرمانەکە کەوتە ناو زاری لوقمان. ئەو دڵۆپەیە نیوە گیانێکی بە لوقمان بەخشی و ئەویش بە زەحمەت گوتی:

- تێکە! تێکە! تێکە!

لوقمان ئەم وشانەی بە زار گوت و مرد.

دوای ئەم ڕووداوە، شاگردی لوقمان ئۆقرەو هەدادانی نەبوو. دوا وشەکانی لوقمان هەمیشە لە گوێیدا دەزرنگایەوە:

- تێکە! تێکە! تێکە!

وێڵ و سەرگەردان و بێ ئامانج بە هەموو شوێنێکدا دەسووڕایەوە، بەڵام لە هەموو شوێنێ دەنگی لوقمانی بەدواوە بوو.

جارێکیان، هەر بەرێکەوت گەیشتە ماڵێك ئوستوفێك و قەشەیەك و دوو ڕاهیب و سەد میوانی زیاتر تێدا بوو. شەش ڕۆژ لەوێ مایەوە. تەنانەت یەك جار نەیدی یەکێ پێ بکەنێ، یان خەندەیەکی بکەوێتە سەر لێو. ئاخیری لە قەشەی پرسی:

- باوکە، ئێوە بۆچی ئەوەندە غەمگین و پەشێون؟ سەبارەت بەمن نەبێ؟ ئەگەر وابێ من هەر ئێستا دەڕۆم.

- نەخێر، کوڕم! خەم و جەخاری ئێمەمانان پەیوەندی بە تۆوە نییە. خانمی ئەم ماڵە لە حاڵی منداڵبووندایە، بەڵام منداڵەکەی نابێ. ژنە



شەو و ڕۆژ لەبەر ژانی خۆی هات و هاوار دەکا. هەر پزیشکێکمان دەناسی داوای یارمەتیمان لێ کرد، بەڵام سوودی نەبوو.

شاگردی لوقمان گوتی:

- باوکە! بۆچی زووتر پێتان نەگوتم؟ من دەتوانم یارمەتی بدەم.

ئەوەندەی پێنەچوو، شاگردی لوقمان گەیشتە سەر بالینگانی ژنەکە و بەو زانست و شارەزاییەی لە مامۆستاکەی فێری ببوو، چارەسەری کرد. منداڵەکە لەدایك بوو و بنەماڵەی ژنەکە زۆر شادو کەیفخۆش بوون. نەیاندەزانی بەچ زمانێك سوپاسی ئەم پزیشکە گەورەیە بکەن. کردیان بەباوکی گفتەنی منداڵە تازەکە و باڵەخانەیەکی گەورەو شکۆداریان بۆ تەرخان کرد. شاگردی لوقمان لە کاتی مردنی لوقمانەوە تا ڕووداوی ئەم بەسەرهاتە یەك لەحزە ئارامی نەبوو. بیست و پێنج ساڵ بوو نەخەوتبوو. بەڵام دوای ئەم ڕووداوە بۆ یەکەم جار خەوی لێکەوت و دەنگی لوقمانی حەکیمیش ئیدی نەما.

کابرا دوای ماوەیەك گەڕایەوە لای دایکی و دایکە کچێکی جوان و میهرەبانی بۆ هێنا. ئاهەنگی زەماوەند حەفت شەوو حەفت ڕۆژ درێژەی کێشا.

لەو ئاهەنگەدا، چەند نەواخوانی گەڕیدەش هاتبوون هەر بۆ خۆشی مەتەڵیان بۆ یەکتر دەگوت: زاوا هاتە لایانەوەو گوتی:

- منیش مەتەڵێکم هەیە.

نەواخوانەکان، دەیانزانی ئەمە شاگردی لوقمانی حەکیمە، گوتیان:

- ئێمه ناتوانین پێشبڕکێ لەگەڵ شاگردی لوقمانی حەکیم بکەین! نامانەوێ (ساز)ی خۆمان لەدەست بدەین!

(ئەوسا دەستوور وابوو ئەوەی بیدۆڕاندایە، دەبایە ئامێری مۆسیقی خۆی بەوە بدا کە بردوویەتیەوە.)

زاوا وەڵامی دایەوە:

- من نەسازم لەئێوە دەوێ و نە پارە.

ئەمەی گوت و مەتەڵەکەی خۆی گوت:

ئەوە چییە بەئاو تەڕ نابێ؟

ئەوە چییە هەرگیز ژەنگی لێ نادا؟

ئەوە چییە لە ئاسمان دەگرمێنێ و دەشریخێنێ؟

ئەوە کێیە لەناو گۆڕی خۆی دەناڵێنێ؟

هیچ یەکێ لە نەواخوانەکان مانای مەتەڵەکەیان نەزانی. زاوا خۆی وەڵامی دایەوە:

پەڕی مراوی بەئاو تەڕ نابێ.

زێڕ هەرگیز ژەنگی لێ نادا.

هەورە تریشقە لە ئاسمان دەگرمێنێ و دەشریخێنێ.

لوقمانی حەکیم لەناو گۆڕی خۆی دەناڵێنێ.



# 15-جادووگەر

هەبوو نەبوو لە دەورو زەمانێکا، کابرایەکی نەخۆش هەبوو، هەگبەکەی بەشانی داداو چووە سەفەر. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە کانییەك لەناو جەرگەی بەردێك هەڵدەقوڵا. کانییەکە لەبن دار بەڕوویەکی زۆر بەرز بوو. کاتێ کابرا چاوی بە ئاوی ڕوونی کانییەکە کەوت، زۆر هەستی بە تینوێتی کرد. چەند ژنێ لەسەر کانییەکە بوون گۆزەیان پڕ دەکرد. کابرا پێی گوتن:

- خانمی میهرەبانینە! ڕوخسەت دەدەن نەختێ ئاو لەو کانییە بخۆمەوە؟ زۆر تینووم.

ژنەکان وەڵامیان دایەوە:

- نەء، لە تینوان بمری باشترە! بڕۆ دوای ئیشی خۆت!

بەڵام یەکێ لە ژنەکان سکی پێ سووتاو گوتی:

- دراوسێینە، بۆ ئاو نادەنە ئەم پیاوە؟

ژنەکە گۆزەی خۆی دایە کابرا بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە. پاشانیش پێی گوت:

- برا! ئەگەر جێ و ڕێت نییە. لە ماڵی ئێمە جێ هەیە. دەتوانی بێی لەوێ بحەسێیتەوە.

www.pertwk.com

کابرا قبووڵی کردو لەگەڵ ژنەکە چووە ماڵیان. کاتێ گەیشتنە ماڵەوە، مێردی ژنەکە پرسی:

- ئەم پیاوە کێیە؟

- نایناسم. میوانە!

مێردەکە گوتی:

- زۆر باشە! سفرە ڕاخە، با نان بخۆین.

میوان گوتی:

- بەڵام من تەنیا گۆشتی منداڵی ساوا دەخۆم!

ژن و مێردەکە، کە بەئەرکی خۆیان دەزانی هەرچی میوانەکە بیەوێ بیدەنێ، تاقە منداڵێکیان هەبوو، کۆرپەیەکی شیرە خۆرە بوو، چوون هێنایان و سەریان بڕی و لێیان ناو لەبەر میوانەکە یان دانا.

سبەینێ، بەیانی زوو، ژن و مێردەکە گوێیان لە دەنگی کۆرپەیەك بوو، دەگریا.

ژنەکە گوتی:

- ئەم کۆرپەیە هی کێیە، دەگری؟

مێردەکە گوتی:

- نازانم. ئێمە یەك منداڵمان هەبو. ئەویش دوێنێ سەرمان بڕی.

ژن و مێردەکە بەدوای دەنگەکەدا چوون، دیتیان منداڵەکەی خۆیانە، لەناو بێشکە دەگری. میوانەکەشیان هیچ دیار نەبوو. ژن و مێردەکە زانیان کابرا جادووگەر بووەو منداڵەکەی زیندوو کردۆتەوەو لە ماڵەوە دەرچووە.



جادووگەرەکە لە سەفەری خۆی بەردەوام بوو. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە کابرایەك لەناو زەوییەکا چڵ و گەڵای وشکی درەختی کۆدەکردەوە.

جادووگەرەکە پێی گوت:

- هۆ برا! هۆ! ئەم شتانە بنیادەم ناژیێنن.

کابرا گوتی:

- چ بکەم؟ دەستکورتم. هیچ ئیشی ترم لەدەست نایە.

جادووگەرەکە زەوی کابرای کرد بە ڕەزێکی پڕ دار مێوی سەوز و گوتی:

- برا، وەرە. بخۆو بەختت یار بێ.

جادووگەرەکە لە سەفەری خۆی بەردەوام بوو تا گەیشتە کابرایەك لەناو باخێکی پڕ درەختی وشك ئیشی دەکرد. جادووگەرەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

- هۆ، برا! هۆ! ئەوە تۆ چ جۆرە دار سێوێکت هەن؟

جادووگەرەکە باخی کابرای کردبوو بە باخێکی پڕدار سێو.

خاوەنی باخەکە گوتی:

- هەر بژی! برا! خوا تەمەنت درێژ بکا.

جادووگەرەکە لەڕێی خۆی بەردەوام بوو تا گەیشتە کابرایەك گاشە بەردی گەورەی بە شان دەکێشا. جادووگەرەکە گوتی:

- هۆ، برا، هۆ! ئەوە تۆ مەڕی چەند جوانت هەن! پیرۆزت بێ!

گاشە بەردەکان ببوون بە مەڕ!

هیچ یەکێ لەو کەسانە بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەم پیاوە جادووگەربێ.

جادووگەرەکە یەك ساڵی تەواو لە سەفەردا بوو، تا هەستی کرد لە نەخۆشی چاك بۆتەوە. بۆیە بریاریدا بگەڕێتەوە ماڵێ و لە دڵی خۆیدا گوتی:

(لە گەڕانەوەدا سەرێ لەو پیاوانە دەدەم، بزانم چ دەکەن)

لە گەڕانەوەدا، یەکەم جار گەیشتە ئەو پیاوەی بەردی دەکێشا. یەکێ لە مەرەکانی سەر بڕییوو و خەریك بوو نانی دەخوارد. جادووگەرەکە گوتی:

- پارووەکم لەو کەبابە نادەیتێ؟

کابرا وەلامی دایەوە:

- تۆ بەرامبەر بەمە، چاوت لە مەرەکانم دەبێ؟

- نەء، من داوات لێ دەکەم بەخێرپارووەکم لەو کەبابە بدەیتێ.

شوانەکە قبووڵی نەکردو جادووگەرەکە بەیەك ئاماژەی ئەنگوست هەموو مەرەکانی دووبارە کردەوە بە بەرد.

جادووگەرەکە لە ڕێگای خۆی بەردەوام بوو تا گەیشتە باخی سێو. چەند پیاوێك لەوێ خەریکی سێو ڕنین بوون. جادووگەرەکە گوتی:

- ئەگەر دەکرێ، لەرێی خوا سێوێکم بدەنێ!

خاوەن باخەکە تووڕە بوو گوتی:

- برۆ دوو ئیشی خۆت! نامەوێ چارەی شوومت ببینم!

بەیەك ئاماژەی جادووگەرەکە، باخی سێو بوو بە زەوییەکی وشك و بەیار.



ئینجا جادووگەرەکە گەیشتە ڕەزی مێوەکەو دیتی چەند کەسێك خەریکی ئیشن.

بە یەکێکی گوت:

- ئەرێ هێشووە ترێیەکم نادەیتێ؟

کابرا گوتی:

- دەبێ بچم پرس بە ئاغاکەم بکەم.

کابرا ڕۆیشتو دوای نەختێ گەڕایەوەو گوتی:

- ئاغا دەڵێ دەمەوێ سەرت بە لەشەوە نەبێ! بڕۆ لەبەر چاوم بزر بە!

جادووگەرەکە ئاماژەیەکی کردو ترێیەکان بوون بە تووی سەر عەردی لێرەوار.

جادووگەر لەرێی خۆی بەردەوام بوو تا ئاخیری گەیشتە ماڵی ئەو ژن و پیاوەی منداڵی خۆیان بۆ کردبووە قوربانی. کاتێ کە ژن و مێردەکە چاویان پێ کەوت، دیسان میوانپەروەریی خۆیان پێشان داو گوتیان:

- بەخێرهاتی! بەخێرهاتی! چاوت ڕۆشن کردینەوە! خێرو بەرەکەتت هێنا، فەرموو! فەرموو!

جادووگەرەکە گوتی:

- ئێوە مرۆڤی ڕاستو میهرەبانن. ماڵ و ژیانی خۆتان بە باشی بەرێوە دەبەن. لێرە بەدواوە هەموو شەوێ چوار سەد لیرەی زێڕ لەبن تەختەکەتان دەدۆزنەوە. بەڵێ! زۆر زوو دەوڵەمەند دەبن! بەختتان هەر یار بێ!

جادووگەر ئەمەی گوتو بەرەو ماڵی خۆی کەوتە ڕێ.

www.pertwk.com

# 16–ئەو کچەی بوو بە کوڕ

هەبوو نەبوو، پیرەژنێك هەبوو یەك کچی هەبوو. ئەو پیرەژنە بەرگی کورانەی لەبەر کچەکەی دەکردو ئەویش هەمیشە لەگەڵ کوڕی دراوسێکان یاری دەکرد.

ڕۆژێ کچی پاشا بزر بوو. کچی پیرەژنەکە دۆزییەوەو لەگەڵ خۆی بردییەوە ماڵێ و بە دایکی گوت:

– من ئەم کچەم دۆزیوەتەوە. ڕوخسەت بدە لە ماڵەوە لای خۆمان بێ.

پیرەژن قبووڵی کردو کچی پاشا لە ماڵی ئەوان مایەوە.

پاشا فەرمانیدا لە سەرا پای وڵات جاڕ بدەن هەر کەسێ کچەکەی بدۆزێتەوە، هەرچی بخوازێ دەیدەنێ.

ئەم خەبەرە کەوتە بەر گوێی پیرەژن. پیرەژن بە پاشای ڕاگەیاند کە ماوەیەکە کچێکی دۆزیوەتەوەو لە ماڵی خۆی گلی داوەتەوە، لەوانەیە ئەوە کچە ونبووەکەی پاشا بێ. یەکێ لە وەزیرانی پاشا سواری ماینێکی جوانی (لوولوو عوزار) ناو بوو، بۆ ئەوەی دۆتشا (کچی پاشا) بێنێتەوە. چووە ماڵی پیرەژن.

کە ویستیان کچی پاشا ببەنەوە، کچی پیرەژنیش لە گەڵیا چوو. لە ڕێگادا ماینە جوانەکە بەگوێی کچەکەدا چرپاندیو گوتی:



– کە پاشا لێی پرسیت چیت دەوێ، تۆ بڵێ تەنیا ئەوەندەم دەوێ ببم بە خاوەنی ئەم ماینە!

کاتێ کە گەیشتنە حزوور پاشا، پاشا کچەکەی گرتە باوەش و ئینجا ڕووی کردە کچی پیرەژن و گوتی:

– هەرچی دەخوازی بڵێ تا بۆت بێنمە دی!

کچەکە گوتی:

– خوا تەمەنی خاوەن شکۆ درێژ بکا! دەمەوێ ببم بە خاوەنی لوولوو عوزار.

پاشا وەڵامی دایەوە:

– ئەم ماینە هەموو وڵاتەکەم دێنێ. ئەگەر بیدەم بەتۆ، دەبێ کچەکەشم بدەم بەتۆ.

پاشا هەر وایشی کرد.

داب و دەستووری زەماوەند حەفت شەو و حەفت ڕۆژ بەردەوام بوو.

هەڵبەت کچی پاشا هەر زوو تێ گەیشت کە مێردەکەی وەکوو خۆی کچە.

کچەکە یەکسەر چووە لای شاژن و گوتی:

– نەفرەت لە خۆتان و لەم سەڵتەنەتەتان! منتان بە مێرد داوەتە ژنێ!

بەڵێ، مێردەکەم وەکوو خۆم کچە. ئێستا خاکی کوێ بکەم بەسەر خۆما؟

شاژن ڕووداوەکەی بۆ پاشا باس کرد. پاشا گوتی:

– ئێستا چ بکەین؟ ئەگەر سەری ئەم (زاوایەمان) لە لەش جودا بکەینەوە کەڵکی نییە. ئەگەر نەشیکوژین کچەکەمان بەدبەخت دەبێ.

www.pertwk.com

تەنیا دەتوانین ئەوەندە بکەین ڕەوانەی شوێنێکی بکەین چوونی هەبێ، هاتنەوەی نەبێ.

پاشا بانگی زاواکەی کردو گوتی:

- کورم، دەبێ بچی برای ( لوولوو عوزار)م بۆ بێنی.

(( مێرد ))ە لە شوێنی خۆی هەستاو چووە تەویلە بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە ماینەکە ڕابگەیەنێ.

هەر کە چاوی بە ماینەکە کرد، لە پڕمەی گریانیدا. ماینەکە پرسی:

- ئەوە بۆچی دەگری؟

کچەکە بە دەنگێکی قیناوی گوتی:

- پاشا فەرمانی داوە بچم براکەت بدۆزمەوە و بۆی بێنم! نازانم چ بکەم.

ماینەکە گوتی:

- برۆ لای پاشاو پێی بڵێ بوتڵە شەرابێکی کۆنو یەك بوخچە خوریت بداتێ. ئەوسا بە یەکەوە دەچین بۆ ئەوەی برام بدۆزینەوە.

ماینەکە چی گوت، کچەکە وای کرد.

ئینجا بەسواری ماینەکە لەکۆشك هاتە دەرەوە.

هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە دەریا... سەنگاوێك لە نزیك کەنارەوە هەبوو، کانییەکی لەبنی هەڵدەقوڵا.

ماینەکە گوتی:

- برۆ سەر ئەو کانییە. سەنگاوەکە بەتاڵ کەو بەو خورییەی پێتە زارکی کانییەکە بگرە بۆ ئەوەی ئاو نەیەتە ناو سەنگاوەکە. ئینجا



شەرابەکەلەناو سەنگاوەکە بکەو خۆت لە شوێنێ بشارەوە. براکەم لەناو دەریاوە دەردەکەوێ. دێتە سەر سەنگاوەکەو شەرابەکە دەنۆشێو وڕو گێژ دەبێ. پاشان تۆ دەچیتە لایو خۆت هەڵدەدەیتە سەر پشتی. بەرام بەرەو دەریا دەکەوێتە غار، بەڵام تۆ دەبێ هاوار بکەی: "هۆ هۆ! خوشکت چاوەڕێت دەکا!"

ئەسپەکە دەگەڕێتەوەو دێتە لای من.

لوولوو عوزار چی گوت، کچەکە وای کرد. ئەسپەکە لەناو شەپۆلی دەریاوە دەرکەوت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو هاتە سەر سەنگاوەکەو شەرابەکەی نۆشی. کە وڕو گێژ بوو، کچەکە لە حەشارگەی خۆی هاتە دەرەوەو سواری بوو. ئەسپەکە زۆر بە تووڕەیی بەرەو دەریا غاریدا. بەڵام کچەکە هاواری کرد:

- هۆ هۆ! خوشکت چاوەڕێت دەکا!

لوولوو عوزار بە ڕاکردن چووە پێشوازی برایو ئینجا هەرسێکیان بەرەو کۆشك کەوتنە ڕێ. لە کۆشکی پاشا، ((زاوا))ی پاشا، برای ماینەکەی پێشکەش بە پاشا کرد.

کاتێ کە کچی پاشا دیتی ((مێردەکەی)) گەڕاوەتەوە. لە ڕقان سوور هەڵگەڕاو گوتی:

- مردوو شۆڕ ئەم سەڵتەنەتە بەرێ! لە دەست ئەم ژنە نەجاتم دەن.

پاشا بانگی وەزیری خۆی کردو پێی گوت:

- ((زاوا)) کەم گەڕاوەتەوە! چ بکەین بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە دەستی ڕزگار بین.

وەزیر گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! ڕەوانەی کۆشکی دێوانی بکەن. پێی بڵێن دەبێ باجی کەڵەکەبووی حەفت ساڵی ڕابردوویان لێ بسەنێ و بیهێنێ. دڵنیام هەرگیز ناتوانێ لە چنگ دێوەکان دەرباز بێ.

پاشا لەدوو ((زاوا))ی ناردو گوتی:

- کوڕم، دێوەکان حەفت ساڵە باجیان بە ئێمە نەداوە. بڕۆ باجەکە کۆکەوەو بیهێنە.

کچەکە لەلای پاشا ڕۆیشت و چووە تەویلە. کە چاوی بە لوولوو عوزار کەوت، لە پڕمەی گریانیداو گوتی:

- ماینی ئازیز! گیانی من لە دەست تۆدایە، وەکوو چۆن تۆ گیانت لە دەست خوادایە. پاشا داوای لێ کردووم بچمە کۆشکی دێوەکان و باجی حەفت ساڵی ڕابردوویان لێ بسەنم.

ماینەکە گوتی:

- مەگری. هەر هیچ ترست نەبێ! بە یەکەوە دەچین باجەکە وەردەگرین و دێینەوە.

کچەکە سواری ماینەکە بوو و لە کۆشك چووە دەرەوە. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا ئاخیری گەیشتە بەر دەروازەی بەردینی کۆشکی دێوەکان. دەروازەکە داخرا بوو. ماینەکە گوتی:

- کلکی من لە یەکێ لە دەرگاکان ببەستە. من دەروازەکە دەکەمەوە. ئینجا تۆ دەچیتە ناو کۆشك و باجەکە وەردەگری و دەیهێنی.

کچەکە کلکی ماینەکەی لە یەکێ لە دەرگاکان بەست. ماینەکە بە هەموو هێزی خۆیەوە دەرگاکەی ڕاکێشا و تۆز و گەردێکی زۆر بەرز بووەوە،



ئاخیری دەروازەکە بووەوە و کچەکە چووە ناو کۆشك و لە ناکاو خۆی بەرامبەر چل دێو بینی. دێوەکان پێکەنین و گوتیان:

- باشە! ئێمەش خواردنمان بۆ هات!

کچەکە گوتی:

- ئێوە بە ڕەحەتی لێرە دانیشتوون؟ پاشا دەیەوێ لەباتی باجی کەڵەکە بوو، دەست بەسەر کانی مەرمەڕی ئێوەدا بگرێ!

دێوەکان ڕایانکردە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانن مەسەلە چییە. کچەکە سەرنجێکی لە دەوروبەری خۆی داو دیتی باجی حەفت ساڵی ڕابردوو لەناو کیسە پارەیەك کراوەو بە ئەستووندەیەك وەکراوە. کیسەکەی هەڵگرت و ڕایکردە دەرەوە. ماینەکەی کردەوەو خۆی هەڵدایە سەر پشتی و بەرەو کۆشکی پاشا کەوتە ڕێ. کاتێ کە باجی حەفت ساڵی ڕابردووی دایە پاشاو لە حزوور پاشا ڕۆیشت، کچی پاشا بە ناڕەحەتی هاتە لای باوکی و هاواری کرد:

- ئەی من کەی لە دەست ئەم ژنە دەرباز دەبم؟ بۆچی نایکوژن؟!

پاشا دووبارە لەدوو وەزیری ناردو گوتی:

- ((زاوا)) کەم لە کۆشکی دێوەکانیش بەزیندوویی گەڕاوەتەوە! چ بکەین بۆ ئەوەی بە یەکجاری لەدەستی دەرباز بین؟

وەزیر گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! باوە گەورەی ئێوە تەسبیحێکی زۆر بەنرخی هەبوو دێوەکان دزیویانەو بە دیاری پێشکەش دایکی خۆیان کردووە. ((زاوا)) کەتان بنێرن وەری بگرێتەوە. من دڵنیام ناتوانێ بە سەلامەتی لە دەست ئەم دەڵە دێوە ڕزگاری بێ.

پاشا بانگی "زاوا" کەی کردو گوتی:

- کورِم، دەبێ بچی تەسبیحی باوە گەورەم وەربگریتەوە. تەسبیحەکە ئێستا لای دایکی دێوەکانە.

کچەکە لە جێی خۆی هەستاو چووە لای لوولوو عوزار. کە چاوی پێکەوت دەستی بە گریان کرد. ماینەکە پرسی:

- کچەکە، بۆ دەگری؟

کچەکە، کە هۆرە هۆرەی گریان ئەمانی نەدەدا، گوتی:

- پاشا ئەم جارە داوای لێکردووم تەسبیحی باوە گەورەی لە دایکی دێوەکان بسەنمەوەو بۆی بێنم. نازانم چ بکەم!

ماینەکە گوتی:

- نارەحەت مەبە، کچەکە! خوا گەورەیە! بە یەکەوە دەچین تەسبیحەکە وەردەگرینەوە.

کچەکە سواری ماینەکە بوو و بەدوو قۆڵی هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا ئاخیری گەیشتنە قەلایەك. دایکی دێوەکان لەوێ دەژیا.

قەلاکە لەسەر چیایەکی بڵند دروست کرابوو کە بەسەر گەلییەکی قووڵدا دەیڕوانی.

ماینەکە گوتی:

- کە چووینە ناو قەلای دەڵە دێوەکە، دەبینی دەڵە دێوەکە پشتی بە ئەستووندەیەك داوەو بە ئارخەیانی خەوتووە. تەسبیحەکەش بە هەمان ئەستووندەوە کراوە. لە سەرەتای هەموو سەعاتێك، تەسبیحەکە لە سەرەوەڕا بەردەبێتەوە ناو دەستی ژنەکەو ئەویش دەست دەکا بە ژماردنی قلەکانی. تۆ کەدیتت تەسبیحەکە خەریکە بەربێتەوە، بەر لەوەی



بکەوێتە ناو دەستی دێوەکە، پڕی پیاکەو لە قەلاوە ڕاکەو یەکەو ڕاست لە گەلییەکە شۆڕبەوە. من لەو خوار گەلییە چاوەڕێت دەکەم.

کچەکە چووە ناو قەلا. لە دەرگای سەرەکی تێپەڕی و ماینەکە چۆنی گوتبوو، ئاوا دیتی دەڵە دێوەکە خەوتووە. خۆی لە پشت ئەستوندەکە شاردەوە.

کاتێ کە زەنگی سەعاتەکە لێیدا، تەسبێحەکە ڕەها بوو و خەریك بوو بەربێتەوە ناو دەستی دێوەکە، کچەکە دەستی درێژ کردو گرتییەوەو وەکوو بروسکە خێرا لە قەلا چووە دەرەوەو لە گەلییەکە شۆڕ بووەوە خوارێ.

دوای نەختێ، سواری ماینەکە بوو و ماینەکە وەکوو بفڕێ وا دەڕۆیشت و وەکوو ( با ) بەرەو کۆشکی پاشا دەچووە پێش. دایکی دێوەکان یەکسەر خەبەری بووەوەو بەو پەڕی سەرسامییەوە بینی تەسبیحەکە دزراوەو ئەویش هەرگیز دەستی بەو کەسە ناگا کە تەسبیحەکەی ڕفاندووە. ئەوەبوو خرا پترین نەفرەتی حەواڵەی ئەو کەسە کرد کە تەسبێحەکەی ڕفاندوەو گوتی:

- دەك تووك و نەفرەتت لێ بارێ! ئەگەر پیاوی ببی بە ژن! ئەگەر ژنی، ببی بە پیاو!

بە چاو تروکانێك، کچەکە بوو بە کوڕێکی گەنج.

ماینەکەو گە نجەکە گەڕانەوە کۆشك. زاوای پاشا تەسبیحەکەی پێشکەش پاشا کرد کەزۆر لەمێژبوو ڕفاندبوویان، ئینجا چووە ژووری کچی پاشا بۆ ئەوەی دیدەنی بکا.

ئەم جارە، کە کچی پاشا هاتە لای باوکی، ئەوە هیچ تووڕە نەبوو، بگرە زۆر شادومانیش بوو! بە باوکی گوت:

– مێردی من هیچ عەیبی نییە! بە هیچ کەس و هیچ شتی ناگۆڕمەوە. ئیتر بە دوای کاری ترسناکدا ڕەوانەی مەکە!

پاشا، شارێکی ئاوەدان و دەوڵەمەندی خستە بەر دەستی کچەکە و زاواکەی بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی تێدا بکەن. هەموو ئاهەنگیان گێڕا و تێر و پڕیان خوارد و خواردەوە و کردیان بە شادی و خۆشی. لەوە بەدواوە ئەو ژن و مێردە گەنجە بە شادی و بەختەوەری لە ژیانی خۆیان بەردەوام بوون.

سێ سێو لە ئاسمان کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هەقایە تخوان، یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەی و یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی سەرا پای بوو بە گوێ!

# 17–کەندەک و گورگە مرۆڤ



هەبوو نەبوو، لە سەردەم و ڕۆژگارێکا، ژن و مێردێک بەیەکەوە دەژیان، حەفت کچیان هەبوو. ڕۆژێ کابرا چووە سەر شینایی بۆ ئەوەی زەوی بکێڵێ، ژنەکەی، کە بەتەنێ لەماڵەوە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (نازانم چ لەم هەموو کچە بکەم! ئێ ئێ زانیم! تەندوور دادەگیرسێنم و هەموویان دەسووتێنم.)

ژنەکە تەندووری داگیرساند و هەموو کچەکانی هاویشتە ناوی. بەڵام کچە بچووکەکەی، کە ناوی (کەندەک) بوو، توانی، بێ ئەوەی دایکی بیبینێ، خۆی لە پەنایەک بشارێتەوە و بەم جۆرە لە مردن ڕزگاری بوو.

کاتێ کە هەموو کچەکان مردن و بوون بە خۆڵەمێش، دایکە لە پڕ بە نارەحەتی گوتی:

– وەی داد و بێداد! بریا یەکێ لە کچەکانم بە زیندوویی بهێشتبایەوە بۆ ئەوەی فراوین بۆ مێردەکەم بباتە سەر شینایی.

لەو کاتەدا، دەنگی کەندەک لەحەشارگەکەیەوە هات:

– دایکی ئازیزم! من خۆم خواردن بۆ بابە دەبەم.

دایکی کەندەک خواردنی مێردەکەی لە پەڕۆیەک پێچا و دایە دەست کچەکەی و ڕەوانەی سەر شینایی کرد. کچە، کە خواردنەکەی دایە باوکی، باوکی گوتی:

– کچم، برۆ نەختێ بگەڕێ، بەڵام وریابە سێوی ئەو درەختە نەخۆی!

کچەکە، نەختێ لەو دەوروبەر گەڕا و چاوی بە دارسێوەکە کەوت.

www.pertwk.com

دارەکە، سێوی سوورو جوانی پێدا شۆڕ ببووەوە. سێوەکان دڵی کچەکەیان خستە وەسوەسە بۆ ئەوەی سێوێك لێ بکاتەوەو بیخوا. ئاخیری، کچەکە قسەی باوکی شکاندو سێوێکی لێ کردەوەو خواردی.

لە هەمان کاتدا، پیرەژنێك بە شەلەشەل هاتە لایەوەو گوتی:

- ئازیزەکەم! سێوێکیش بە من بدە!

ئەم پیرەژنە لە ڕاستیدا گورگە مرۆڤ بوو، هەر دوو چاوی کوێر بوو و خواردنی گۆشتی بنیادەم بوو.

کەندەك، لەسەر درەختەکە بوو، گوتی:

- وەرە نزیك بەرەوە، سێوت بۆ بەردەدەمەوە، بۆ ئەوەی بتوانی بیگریتەوە!

پیرەژن گوتی:

- من کوێرم، هیچ شوێنێ نابینم. تۆ وەرە ئێرەو سێوەکەم لەناو زاری بنێ.

کچەکە سێوێکی لێکردەوە. لە درەختەکە هاتە خوارێ، چووە لای پیرەژنەکەو سێوەکەی لە زاری نا. پیرەژن لە پڕ خۆی هەڵداو کچەکەی گرتو لەناو تۆربەکەی ناو تۆربەکەی بە شانی خۆی داداو ملی ڕێی گرت.

کەندەك لە ڕێگادا پێی گوت ڕوخسەتی بدا نەختێ لەناو تۆربەکە بێتە دەرەوە، نەوەك تۆربەکە پیس دەکا! گورگە مرۆڤ تۆربەکەی لەسەر زەوی داناو زارکی کردەوە. کەندەك یەکسەر دەرپەڕییە دەرەوە. هەندێ کوچکە بەردی پەیدا کردو لەناو تۆربەکەی ناو لە پیرەژن دوور کەوتەوە.

پیرەژن، کوێر بوو، ئاگای لە چەندو چوونی مەسەلەکە نەبوو، کە دووبارە تۆربەکەی بە شانی دادا، گوتی:



- کچم، ئەوە تۆ چەند قورس بووی!

پیرەژن کاتێ کە گەیشتەوە ماڵێ، تۆربەکەی کردەوە، هەستی کرد لە بەرد زیاتر هیچی تێدا نییە. بڕیاریدا بگەڕێتەوەو کەندەك بدۆزێتەوە. کە کچەکەی دۆزییەوە، گرتیو لەناو تۆربەکەی ناو دووبارە بەرەو ماڵ کەوتەوە ڕێ.

لەرێگادا، کەندەك، بە پیرەژنی گوت کە ماندوو بووەو دەیەوێ نەختێ دەستو پێی ڕابکێشێ. پیرەژن ڕاوەستاو تۆربەکەی لەسەر زەوی داناو ڕوخسەتیدا کەندەك بێتە دەرەوە. کەندەك، هەر کەهاتە دەرەوە، تۆربەکەی پڕ بەفر کردو خۆی تێی تەقاندو هەڵات. پیرەژن، دوای نەختێ، تۆربەکەی بە شانی داداو کەوتە ڕێ. کەمێ ڕۆیشت، بەفرەکە دەستی بە توانەوە کرد، پیرەژن گوتی:

- کەندەك، کچم! ئەوە خەریکە تەڕم دەکەی!

کاتێ کە پیرەژن گەیشتەوە ماڵێ و تۆربەکەی بەتاڵ کرد، لە نەختێ بەفر بەولاوە هیچی تێدا نەدی. پیرەژن دیسان چوو گەڕا کەندەك بدۆزێتەوە، ئاخیری دۆزییەوەو لەناو تۆربەی ناو بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. لە ڕێگادا، کچەکە پێی گوت وەختە بخنکێم دەبێ هەندێ هەوا هەڵمژم. کە پیرەژن زارکی تۆربەکەی کردەوە، کچەکە دەرپەڕییە دەرێو ئەم جارە تۆربەکەی پڕ دڕكو داڵ و تووی سێ پەڕی جەنگەلی کردو خۆیشی هەڵات.

www.pertwk.com

پیرەژنی کوێر، دوای ئەختێ تۆربەکەی بە شانی داداو لە ڕێگـای خـۆی بـەردەوام بـوو. هێشـتا ڕێگایـەکی زۆری نـەبڕیبوو، کـە دڕکەکـە پشـتی بریندار کرد،

پیرەژن گوتی:

- کەندەك، کچم قولابەی کراست خەریکە پشتم بریندار دەکا.

کاتێ کە پیرەژن گەیشتەوە ماڵێ و تۆربەکـەی بـەتاڵ کـرد، جگـە لـە خارو خاشاك و هەندێ تووی سێ پەڕی جەنگەڵی هیچی تێدا نەدی. دیسان چوو لە کەندەك گەڕا و دۆزییەوەو لەناو تۆربەی ناو بەرەو ماڵەوە کەوتـە ڕێ. ئـەم جـارە گـوێی بەقسـەی کەنـدەك نـەداو بـەبێ وەسـتان خـۆی گەیاندەوە ماڵێ. لە ماڵـەوە، بـە کچـەکەی خـۆی گـوت ئـاگر لـە ئـاگردان بکاتەوەو کەندەك سەر ببڕێ و گۆشتەکەی لێ بنێ.

کچـی پـیرەژن ئـاگری لـە ئـاگردان کـردەوە، مەنجـەڵی پـڕ ئـاو کـردو لەسـەر ئـاگردانی دانـا. ئینجـا دەسـتی دایـە چـەقۆ بـۆ ئـەوەی گـەرووی کەندەك هەڵببڕێ، بـەلاّم کەنـدەك چـەقۆی لـە دەست دەرهێنـاو گـەرووی ئـەمی هـەڵبڕی. ئینجـا کەلەشـی کچـەکەی لـەناو مەنجەڵـە ئاوەکـە نـاو نـەختێ برنجیشـی تـێکرد. شـینە ئەسـتوندەیەك درابـووە بـەر سـا پیتە، بەسەر ئەستوندەکە کەوت و چاوەڕێی کرد.

کە شـەو داهـات، پـیرەژن گەڕایـەوە ماڵـێ. مەنجـەڵ لەسـەر ئـاگردان دەکولا و هەموو شتێ بۆ جەمی ئێوارە ئامادە بوو. پـیرەژن لـە ژێـر لێـوەوە، دەستی بە نزەنز کرد:

گۆشتی کەندەك بەتامە!



گۆشتی کەندەك بەتامە!

کەندەکیش لەسەر سەری پیرەژن، بە ئاواز گوتی:

گۆشتی کچە بەتامە!

گۆشتی کچە بەتامە!

پیرەژنی کوێر، زۆر سەرسام بوو، گوتی:

- کەندەك، کچم! ئەوە چۆن چوویتە ئەو شوێنە بڵندە!؟

کچەکە گوتی:

- پارچە دارێکی درێژ لەو گۆشـەیە کـەوتووە. سـەرێکی ئـەو دارە بـدە بەر یەکێ لە کاریتەکانی بان و دارەکە بگرەو وەرە سەرەوە.

پیرەژن دەستی دایە دارەکەو سەرێکی دایە بەر کاریتەیەکی بان و پێـی هەڵگـەڕا. بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی کـوێر بـوو، خـزی و بـەربووەوە و کەمـەری ئازاری خوارد.

پیرەژن، دووبارە بە کچەکەی گوت:

- کەندەك، کچم! ئەوە تۆ چۆن چوویتە ئەو شوێنە بڵندە؟

کچەکە گوتی:

- فـەردە خوێیـەکان لەسـەر یـەك دابنـێ، ئینجـا شـەی خـوری لەسـەر فەردەکان دابنێ و وەرە سەرەوە.

پیرەژن ئەمەی کـردو چـووە سـەر شـەی خـوری، بـەلاّم دانـە تیـژەکانی شـەیەکە پێیـان بـڕی و پـیرەژن هـاواری کـردو دیسـان بـەربووەوە. کـە هەستایەوە، دووبارە بە کەندەکی گوت:

- کەندەك، کچم! ئەوە تۆ چۆن چوویتە ئەو شوێنە بڵندە؟

www.pertwk.com

کەندەك گوتی:

- فەردە خوێیەکان لەسەر یەك دابنێ و پێیان سەر کەوە.

پیرەژن وای کرد، بەڵام کاتێ کە بەسەر فەردەکان کەوت، فەردەیەك تەقیو خوێ چووە ناو برینەکانی پێی. سۆزی برینەکان ئەمانیان لێ بڕیو دیسان لەسەر ڕا بەربووەوەو گیانی لە لەش دەرچوو.

کەندەك هاتە خوارەوە. لەو ماڵە دەرچوو و گورگە مرۆڤەکانی تری ئاگادار کردەوە کە پیرەژن مردووە. گورگە مرۆڤەکان پەلاماری ماڵەکەیان داو هەرچی هەیبوو بردیان.

# 18-بادیکان و خان بۆ غوو



هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. پاشایەك هەبوو، چل کوڕی هەبوو. هەر کوڕێ کە پێڕا دەگەیشت، پاشا ڕەوانەی سەفەرێکی دووری دەکرد بۆ ئەوەی ئیشی گەورە بکاتو ئازایی خۆی بنوێنێو کچێکی شایستە بە هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ.

ئەو کاتەی هەقایەتەکەمان دەست پێدەکا، سیونۆ کوڕی پاشا ژنیان هێنابوو. بەڵام هەر خوا خۆی دەزانێ داخۆ چ کارێکیان کردبوو، ئایا هیچ ئازایەتیان نواندبوو، یان نا؟ بەهەر حاڵ، ئێستا نۆرەی کوڕی هەرە گچکە بوو، کە ناوی ( بادیکان ) بوو.

باوکی، شمشێرو تیرو کەوانو پارەی دایەو چەند خزمەتکارێکی خستە بەر دەستو بە دوعای خێر ڕەوانەی سەفەری کرد. بادیکان بە زۆر وڵاتدا تێپەڕیو شتی زۆر سەیرو سەمەرەی دی. وڵاتی تاریکستانی بینی، وڵاتی ڕوناکستانی بینی. لەگەڵ یاجووجو ماجووجو ئەزناوەر دێو و ئینسانو جانەوەر کەوتە شەڕو بەسەر هەموویان دا زاڵ بوو و لە ڕێگای خۆی بەردەوام بوو. بەڵام ئاخیری هەموو یاوەرەکانی کوژرانو پارەی تەواو بوو و بە شەکەتیو تەنیایی گەیشتە کۆشکێکی زۆر شکۆدار. ئەو کۆشکە لە هیچ شوێنێکی دنیادا وێنەی نەبوو. لە ڕابردوویەکی دوور، ئەو کۆشکەیان بە بەردی گەورەو ئاسن دروست کردبوو. بە نموونە باسی پتەوی بورجو قۆنگرەکانیان دەکرد. بادیکان بە دەوری کۆشکەکەدا سووڕایەوە، لە پەنجەرەکانەوە تەماشای ناو ژوورەکانی کرد، بەڵام هیچ

جووڵەیەکی نەکەوتە بەر چاو. گە نجەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: (( خودای گەورە! ئەوە من هاتوومەتە چ جێگایەك؟ ))

کوڕەکە ماوەیەك چاوەڕێی کرد تا دونیا تاریك داهات. لە پڕ بوونەوەرێکی دی بەرەو لای دەهات. غوولێکی لەندە هۆر بوو. زرێی پۆڵاو کلاو خودەو پێڵاوی تووج بوو. تیرو کەوانێکی ئاسنینیشی بە دەستەوە بوو.

کە هەنگاوی دەنا، زەوی لە ژێر پێی دەلەرزی. لە پڕ غوولەکە ڕاوەستاو بۆنێکی کردو گوتی:

- بۆنی بنیادەم دێ. بە درێژایی ڕۆژ لە کێوان بە دوای نێچیردا دەسووڕامەوە، کەچی ئێستا دەبینم نێچیر بە پێی خۆی هاتۆتە ماڵم! کوا لە کوێی؟ تۆ کێی؟ وەرە پێشەوە بتبینم، ئەگەر نا خۆم دەتدۆزمەوە و وەکوو کەستەك وردو خاشت دەکەم.

بادیکان چی پێ دەکرێ؟ هیچ شیرو تیرێك کاری لەو بوونەوەرە نەدەکرد. گە نجەکە ناچار بوو هاتە پێشەوەو لە بەردەم غوولەکە ڕاوەستا. غوولەکە پرسی:

- تۆ کێی زاتت کردووە پێ بنێیتە ئەم وڵاتە؟ ناوی ( خان بۆ غوو ) ت نەبیستووە؟

گە نجەکە گوتی:

- بەڵێ، ناوی تۆم بیستووەو هاتوومەتە دیدەنی تۆ. من ناوم بادیکانە.



هەموو دونیا گەڕاوم. لەگەڵ چەندین دێو و ئەژدەها جەنگیومو ئێستا کەش هاتووم لەگەڵ ( خان بۆ غوو ) بجەنگمو شکستی پێ بدەم.

خان بۆ غوو سەرنجێکی لە چارەی بادیکان داو فوویەکی بە زاری لێکرد.

بادیکان، بە چاوتروکانێك، خۆی نیو قۆناغ لەولا ترەوە دۆزییەوە!

غوولەکە هاواری کرد:

- بادیکان! بگەڕێوە! تۆ گە نجێکی ئازای. ئەگەر بتەوێ تۆ لای خۆم گڵ دەدەمەوە. تیرو کەوان و شمشێرەکەشت لەگەڵ خۆت بێنە، ئەوانە ئازار بە من ناگەیەنن، بەڵام لەوانەیە بە کەڵکی ڕاو بێن.

بادیکان ڕازی بوو و لە کۆشکی غوولەکەدا جێوار بوو. ڕۆژێ خان بۆ غوو پێی گوت:

- خۆت دەزانی هیچ کەس ناتوانێ من بکوژێ، یان زیانم پێ بگەیەنێ. بەڵام منیش دەردێکم هەیە بە دەستی دەتلێمەوە. پاشای ڕۆژهەڵات کچێکی هەیە نموونەی لە هیچ شوێنێکی دونیادا پەیدا نابێ. من حەفتا جار هەوڵم داوە بیدزم، بەڵام شکستم هێناوە. ئەگەر تۆ ئەم کچەم بۆ بێنی، هەرچی بتەوێ دەتدەمێ.

ئەسپو پارەو چەك هەرچی دەتەوێ بیبەو برۆ.

بادیکان گفتی بە غوولەکە دا کە بگەڕێتەوە لای. ئینجا سواری ئەسپێکی بە بەز بوو و چووە شاری کچە جوانەکە. خۆی خستە سەر شکڵو دەستووری خەڵکی ئەو شارەو خۆی فێری زمانی خەڵکەکەی ئەوێ کرد.

گەنجەکە، لە دەوروبەری کۆشکی پاشا، لە باخێك ئیشی دەکرد. ڕۆژێ، کچی پاشا خەریك بوو لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، دیتی بادیکان کە تەنیا دەبێ، جلو بەرگێکی زۆر جوانو پۆشتە دەپۆشێو لەناو باخ پیاسە دەکا. کچە زانی ئەمە باخەوانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە نەجیبزادەکانە. عەشقی بادیکان کاری لە دڵی کچی پاشا کرد. کچەکە هەموو شەوێ کوڕەکەی لە خەودا دەدی.

بادیکانیش عەشقی کچەکە بوو. زۆری پێ نەچوو، کچی پاشا یەکێ لە دەستە خوشکەکانی خۆی نارده لای بادیکان بۆ ئەوەی پێی بڵێ چەندی خۆش دەوێ. بادیکانیش پەیامی بۆ نارد:

((من کوڕە پاشام. زۆر مەترسیم دیوەو گەلێ ئازایەتیمان نواندووە. ناوبانگی جوانی تۆ منی بۆ ئێرە بەکێش کردووە. هەر کە چاوم بە تۆ کەوت، هەستو هۆشم لە دەست داو گرفتاری تۆ بووم. ئێستاش چاوەڕێم هەرچی تۆ بڵێی، من وا دەکەم.))

ئەو شارە بورجو قۆنگرەی مکوومو پتەوی هەبوو و بە توندی پارێزگارییان لێ دەکرد.

خەڵکی شار، ژنو پیاو، بەهێزو جەنگاوەر بوونو هەموو ساتێ چاوەڕێ بوون خان بۆ غوو پەلاماری شارەکەیان بدا. کچی پاشا ڕۆژێ بڕیاری دا لە شار بچێتە دەرەوەو نەختێ لە کەناری دەریاچە پیاسە بکا. ئومێدیشی بەوە هەبوو کە بادیکان ئازایی خۆی بنوێنێ، بێو هەڵیگرێو بیبا.



کچی پاشا، بە خۆو بەچل خزمەتکاری، لە شار دەرچوو و چووە کەناری دەریاچەکە. بادیکان، بە سواری ئەسپ، وەکوو برووسکە گەیشتە سەری، کچی پاشای خستە سەر پاشکۆی ئەسپەکەیو وەکوو (با) بۆی دەرچوو و لەچاو بزر بوو.

یاوەرەکانی کچی پاشا، کە لەسەرسامییان دەمیان بەش ببووەوە، کە هاتنەوە سەرخۆ بە پەلە پرووزێ چوونە لای پاشاو مەسەلەکەیان بۆ باس کرد. پاشا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەربازان کەوتە سۆراغی بادیکان. بادیکان، لە شوێنێکی لەبار، کچی پاشای لە پەنا دار چنارێك شاردەوەو خۆیشی چووە مەیدانی سەربازەکانو گردی لە کوژراوان هەڵنا. ئینجا چووە لای کچەکەو خستیە سەر پاشکۆی ئەسپی خۆیو کەوتەڕێ. هەر ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تاگەیشتنە سەر دەریا. بادیکان بە ئەسپەوە لە دەریای داو ئەسپەکە بە مەلەوانی گەیاندنیە کەنار. لەوێوە، کۆشکە گەورەکەی خان بۆغوو، لە دوورەوە بەدەر کەوت. کچی پاشا بە بادیکانی گوت:

- بادیکان! قوربانت بم! ئێمە چەندین قۆناغمان بڕیوەو تۆ تەنانەت یەك قسەت لەگەڵ نەکردووم! پێم بڵێ، تۆ بە ڕاستی منت خۆش دەوێ؟ تو خوا، ڕاستیم پێ بڵێ. منت بۆ خۆت دەوێ؟

بادیکان گوتی:

- ئێستا مادام سوێندت دام، ناچارم ڕاستی بڵێم. من دەبێ تۆ تەسلیم بە خان بۆغوو بکەم. گفتم پێداوە.

www.pertwk.com

کچی پاشا، بەدەم گریانەوە گوتی:

- بەڵام ئەو غوولە تۆقێنەرە خۆی چەندین جار هەوڵیدا من برفێنێو نەیتوانی. تۆش هەرگیز ناتوانی من تەسلیم ئەو غوولە بکەی! نا، نا، هیچ کەسێ ناتوانێ بە زۆری شمشێر، یان بە قسەی نەرمو خۆش ناچارم بکا تەسلیمی ئەو غوولە بم.

نەفرەت لە ئێمەی ژن بدا، نەفرەتمان لێدا کە بەندەی دڵی خۆمانین! بریا هەموو پیاو بمردبانو تازیەمان بۆ دانابان! من بۆیە لەگەڵ تۆ هاتم، تا ببم بە هاوسەریتۆو تۆش دەتەوێ بمدەی بەو غوولە؟ من خۆم لە دەریادا دەخنکێنم! خۆم لە چیا هەڵدەدێرم! دەبم بە خۆراکی ماسیو باڵندان.

کچی پاشا، ماوەیەکی زۆر سەرکۆنەی بادیکانی کردو نەفرەتی لە پیاوان کردو بە دڵبەردو فێڵباز ناوی بردن. بادیکان بێدەنگ ببوو هیچی نەدەگوت.

بەڵام کاتێ کچەکە ویستی خۆی لە دەریادا بخنکێنێ، بادیکان بە تکاو پاڕانەوە لەم کارە پەشیمانی کردەوەو گوتی تاکە ئارەزووم ئەوەیە زەماوەند لەگەڵ تۆ بکەم. بەڵام نازانم چ بکەم. ئینجا لە قاپی خوا پاڕایەوەو داوای لێ کرد ڕێی نەجاتی پێشان بدا. لەو کاتەدا خان بۆغوو هاتە دیدەنییانو زۆر سوپاسی بادیکانی کرد. ئینجا فەرمانیدا کچی پاشا ببەنە ناو کۆشکەکەی. خان بۆغوو، کە لەخۆشییان لە پێستەی خۆی نەدەحەوایەوە ڕەفتاری شیاو و خۆشەویستانەی لەگەڵ کچەکە دەکرد. زۆر



وریا بوو نەوەك کچەکە ئەوەندە لێی بێزاربێ، شتێك لە خۆی بکا. کاتێ کە خان بۆغوو و کچەکە بە تەنێ مانەوە، خان بۆغوو گوتی:

- یارەکەم، چۆنی؟ چاکی؟ هەرچی دەتەوێ بڵێ تا بۆت جێبەجێ بکەم.

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- زۆر سوپاس. وەزعم زۆر زۆر باشەو هەرچی تۆ بتەوێ دەیکەم. تەنیا یەك داوام لە تۆ هەیە. داییابم بەڵێنیان لێ وەرگرتووم تا حەفت ساڵ مێرد نەکەم. ئەگەر بە قسەیان نەکەم، حاشام لێدەکەن. شیری دایکمو ڕەنجی باوکم لێ حەرام دەبێ. بەڵێنم پێ دەدەی حەفت ساڵ سەبر بگری؟

غوولەکە بە کەیفخۆشی گوتی:

- ئێستا مادام لای منیت، ئامادەم نەك حەفت ساڵ، چل ساڵ سەبر بگرم!

بەم جۆرە غوولەکەو کچی پاشا بڕیاریان دا تا حەفت ساڵی تر زەماوەند نەکەنو (بادیکان) یش لای ئەوان بمێنێتەوەو لە ئاهەنگی زەماوەندا ببێ بە برازاواو خاچ لەسەر سەریان ڕابگرێ.

ماوەیەك هەموویان بەم بڕیارە پابەند بوون. بەڵام کچی پاشاو بادیکان خەیاڵیان ئاسوودە نەبوو. ئەگەر بیانویستایە خان بۆغوو بکوژن، نەیاندەتوانی، چونکە شیرو تیر کاریان لێ نەدەکرد و ئەگەر بیانویستایە لە چنگی ڕابکەن، نەدەکرا، چونکە دەیدۆزینەوەو تۆڵەیەکی ترسناکی لێ دەکردنەوە.

www.pertwk.com

ڕۆژێ، غوولەکە سەری لەسەر کۆشی کچی پاشا دانابوو و خەریك بوو قسەی لەگەڵ دەکرد. کچی پاشا، لەکاتی گفتوگۆدا، لێی پرسی:

– تۆ بۆچی بە تەنیا دەژی؟ بۆچی شیرو تیر کار لە لەشی تۆ ناکەن؟ ڕازی ژیانی تۆ چییە؟ ئەگەر ڕازی خۆت بەمن نەڵێی، دیارە منت خۆش ناوێ. ئەوسا ئیتر ژیان بۆ من هیچ نرخی نییە. بمرم باشترە!

کچی پاشا، بە زمان شیرینی ئەوەندە قسەی فریو دەری بۆ غوولەکە کرد، تا ئاخیری غوولەکە ڕازی خۆی پێ گوت:

– لە شوێنێکی دوور لێرە، کێوێکی سپی هەیە. لە کۆشکی منەوە تا ئەوێ حەفت ڕۆژە ڕێیە. گایەك لەو کێوە دەژی کەس ناتوانێ شکستی بدا. هیچ بنیادەمێ ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە. ئەم گایە حەفت ڕۆژ، بێ ئەوەی هیچ بنۆشێ ڕێگا دەبڕێو ڕۆژی حەفتەم دەچێتە سەر ترۆپکی چیای سپی . ئەوێ کانییەکی لێیە، حەفت زارکی هەیە. گاکە ئاو لە هەر حەفت زارکی کانییەکە دەخواتەوەو ئینجا حەفت ڕۆژ پشوو دەدا. ﴿ئەو گایە ڕێوییەکی سپی لەناو ورگ دایە﴾. ڕێوییەکە سەدەفێکی لە ورگ دایە. حەفت چۆلەکەی سپی لەناو سەدەفەکە دەژین. ئەم حەفت چۆلەکەیە نوێنەری هێزی نهێنی منن. هیچ کەس ناتوانێ بەسەر ئەو گایە سپییەدا زاڵبێ، هیچ کەس ناتوانێ ئەو ڕێوییە سپییە بگرێ، هیچ کەس ناتوانێ ئەو سەدەفە بکاتەوەو هیچ کەس ناتوانێ ئەو چۆلەکانە بخاتە داوەوە. هەر بۆیە من نەمرمو هیچ کەس ناتوانێ زیانم پێ بگەیەنێ. ئەگەر بێتو یەکێ بتوانێ ئەم گایە بکوژێ، ڕێوییەکە ڕادەکات، ئەگەر ڕێوییەکە



بگرێو سەدەفەکە بکاتەوە، ناتوانێ چۆلەکەکان بگرێ. چۆلەکان دەفڕن و بە چاوترووکانێك بزر دەبن.

کچی پاشا چی بیستبوو بۆ (بادیکان) ی باس کردو گوتی:

– من ئەوە ئەرکی خۆم ئە نجام دا، ئێستاش بزانم تۆ چ دەکەی؟

دوای چەند ڕۆژێ، بادیکان داوای لە خان بۆغوو کرد ئەسپی ئاگرینی خۆی بداتێ بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەفەر بچێتە وڵاتێکی دوور و بێتەوە. غوولەکە ئەسپی خۆی دایە بادیکان و ئەویش بە ڕێ کەوت. بادیکان ڕاستەوخۆ چووە لای جادووگەر و دەروێشان و لێی پرسین:

– چۆن دەکرێ بەسەر پیاوێدا زاڵبی کە ئاگر و ئاسن کاری تێ نەکەن؟ چۆن دەکرێ گیانداری ڕام بکەی کە شکست نەخوا.

جادووگەر و دەروێشەکان گوتیان:

– پیاوی بەهێز، ژن شکستی پێ دەداو گیانداری بەهێز، شەراب.

بادیکان حەفت بەرمیلە شەرابی حەفت ساڵەی ئامادە کرد و بە ئێستر بردییە سەر کێوی سپی و لەناو کانییاوەکەی کرد. گا یەکە کاتێ کە بۆ خواردنەوەی ئاو هاتە سەر کانییەکە، هەر هێندە بۆنی شەرابی کرد، نەعرەتەیەکی لێداو بە قەدەر حەفت دار بەڕوو خۆی هەڵدایە ئاسمان و بە غار لەوێ دوور کەوتەوە. ڕۆژی پاشی دووبارە هاتەوە سەر کانییەکە. ئەم جارە تینوێتی بەجۆرێ زۆری بۆ هێنابوو خەریك بوو بخنکێ. بە ناچاری شەرابەکەی نۆشی و گەڕایەوە بێشەی خۆی. لەوێ بە مەستی و بێهۆشی خەوێکی قورسی لێ کەوت.

www.pertwk.com

بادیكان چووە بێشەكەی، شمشێری هەڵكێشاو سەری گاكەی بڕی.

لەو كاتەدا، خان بۆغوو لە دەرەوەی كۆشكەكەی خەریكی ڕاووشكار بوو. كەسەری گایەكە بڕا، یەكەم جار خان بۆغوو لەرزێكی لە سەری پەیدا بوو و ئینجا سەرا پای لەشی چرك و هۆڕ لەرزی. غوولەكە یەكسەر زانی چ قەوماوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: (كچی پاشا ڕازی منی بە بادیكان، یان بەیەكێكی تر گوتووە. هەر وەختە بمرم. بەڵام یەكەم جار ئەو كچە دەكوژم. ئەگەر بۆ من نەبێ، نابێ بۆ هیچ كەسی تر بێ!)

غوولەكە وەكوو شێت بەرەو كۆشكی خۆی كەوتە ڕێ. لەو كاتەدا بادیكان ورگی گا یەكەی دڕاند و توند كلكی ڕێوییەكەی گرت بۆ ئەوەی ڕانەكات. كاتێ كە بادیكان سەری ڕێوییەكەی بڕی، غوولەكە خوێنی لە لووت هات. كە بادیكان سەدەفەكەی دەرهێناو شكاندی، خان بۆغوو دەمی پڕ خوێن بوو. بەڵام هەر وەكوو شێت بەرەو كۆشكەكەی دەڕۆیشت. كچی پاشا، كە چاوی پێكەوت، لە ترسان لە جێی خۆی وشك بوو. بەڵام بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ بوو و چووە سەربان. بڕیاری دابوو، پێش ئەوەی غوولەكە دەستی پێ‌بگا، ئەو خۆی لە سەربان فڕێ بداتە خوارەوە.

كە ئەوەندەی نەما خان بۆغوو بگاتە سەربان، بادیكان دوو چۆلەكەی سپی خنكاند و خان بۆغوو بە چۆكدا هات.

بادیكان دوو چۆلەكەی دی خنكاند و خان بۆغوو دەستەكانی لەكار كەوتن و كاتێ كە شازادە چۆلەكەی پێنجەم و شەشەمی خنكاند، غوولەكە دڵ و جەرگی تەقی. بادیكان چۆلەكەی حەفتەمی لەبن بەردێك



پان كردەوە و غوولەكە لە پڕ بۆ پێشەوە لەتریدا و سەری بە بەردێك كەوت و مێشكی پژا. لە هەمان كاتدا، دووكەڵێكی ڕەش لە دەم و لووتی هاتە دەرێ و تخێلی زەوی بوو و قنیاتی لەبەر بڕا.

بادیكان بە سواری ئەسپی ئاگرین لە سەربانی كۆشك هاتە خوارێ. دۆتشاو شازادە یەكتریان گرتە باوەش و پیرۆزبایی سەركەوتنیان لە یەكدی كرد.

پاشان ملیان بۆ خواستی خوا دانەواند و زەماوەندیان كرد و لەوە بەدواوە، بە بەختەوەری ژیان و هەرگیز بەدبەختی ڕووی تێ نەكردن.

## 19–بەرازەوانی ئازا

هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو زۆر بە تاقەت بوو، زۆریش حەزی لە ڕاووشکار بوو. ڕۆژێ، دوای ئەوەی چەند سەعاتێ بەناو لێرەواردا گەڕا، لە ناکاو تووشی باڵندەیەکی زۆر جوان هات. باڵندەکە لەسەر چڵی درەختێك نیشتبوو و خەریك بوو لەبەر هەتاو ئاوازی دەخوێند. ئاوازەکەی ئەوەندە دڵگر بوو هەموو کەسی جادووبەند دەکرد.

پاشا، بە هێمنی بە وەزیرەکەی گوت:

- کارێکی وا بکەم ئەم باڵندەیە بە زیندوویی بگرین. حەیفە باڵندەی واجوان بکوژرێ.

وەزیر دەستووریدا، داویان دانایەوە و باڵندەکەیان گرت و بردیانە کۆشك.

پاشا دەستووریدا لەناو کۆشك قەفەزێکی شووشە دروست بکەن و باڵندەکەی لەناو دابنێن بۆ ئەوەی هەموو بتوانن ببینن. قەفەسێکی شووشەی گەورەیان دروست کرد و باڵندەکەیان لەناو دانا. خەڵك لە سەرانسەری وڵاتەوە دەهاتنە دیدەنی باڵندەکە و چێژیان لە تەماشاکردنی وەردەگرت.

پاشا تەنیا یەك تاقە کوڕی هەبوو، تازە تەمەنی گەیشتبووە سیانزە ساڵی. کوڕەکە ڕۆژێ دەستی دایە تیروکەوانەکەی و بۆ ڕاووشکار چووە ناو باخ. یەکێ لە تیرەکانی کەوتە سەر قەفەسەکە، کە لە تۆڕ دروست کرابوو و لەبەر پێی باڵندەکە کەوتە سەر زەوی.

شازادەچووە لای باڵندەکە و داوای لێکرد تیرەکەی بداتەوە.



باڵندەکە گوتی:

- ئەگەر تیرەکەت بدەمەوە، ئازادم دەکەی؟ کلیلی ئەم قەفەسە لە ژێر سەرینی باوکتدایە. بڕۆ کلیلەکە بێنەو ئازادم کە! من لە دیلێتی شەکەت بووم. دڵم تەنگ بووە. ئەگەر یارمەتیم بدەی، لوتفێکی گەورەم دەرهەق دەکەی!

کوڕەکە گوتی:

- ئەگەر ئازادت بکەم، باوکم هەر دەمکوژێ.

باڵندەکە وەڵامی دایەوە:

- تۆ تاقە کوڕی باوکتی. قەت ناتکوژێ.

شازادە چوو کلیلەکەی هێناو دەرگای قەفەسەکەی کردەوە.

باڵندەکە گوتی:

- ئەگەر باوکت بەدرەفتاری لەگەڵ کردی، وەرە لای من بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم.

من لە ناوەندی لێرەوار، لەسەر کانییەك دەژیم.

باڵندەکە ئەمەی گوت و لە شەقەی باڵی داو ڕۆیشت.

پاشا، کاتێ کە زانی کوڕەکەی باڵندەکەی ئازاد کردووە، زۆر تووڕە بوو و هاواری کرد:

- سەری ئەم منداڵە ببڕن!

بەڵام وەزیرو ڕاوێژکارانی پاشا، پاشایان لەم کارە وریا کردەوە و گوتیان:

- ئەوە تاقە كوڕی خۆتە! دروست نییە لەبەر خاتری باڵندەیەك بیكوژی! دەتوانی لە كۆشك دەری بكەیت، كەیفی خۆیەتی دەچێتە كوێ با بچێ.

پاشا، لە دوو كوڕی سەرەك وەزیرانی خۆی نارد و یەك مستە لیرەی زێڕی بۆ مەسرەفی سەفەر دایە و گوتی:

- ئەم كوڕە لەگەڵ خۆت ببە، چی لێدەكەی لێی بكە! ئەگەر دەیكوژی و ئەگەر بە زیندوویی دەیهێڵیتەوە، ئەوە خۆت دەیزانی! بەڵام ئیشێكی وا بكە كەجارێكی تر پێی بەم كۆشكە نەكەوێتەوە.

شازادە و كوڕی وەزیر لە كۆشك چوونە دەرەوە. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە لێڕەوارێك. كوڕی وەزیر گوتی:

- لێرە دەتكوژم.

كوڕی پاشا دەستی بە گریان كرد و داوای لێ كرد بەزەیی پێدا بێتەوە.

كوڕی وەزیر گوتی:

- ئەگەر ئەو بازووبەندە زێڕەت بە من بدەی، ناتكوژم.

شازادە گوتی:

- فەرموو، ئەم بازووبەندە بۆ خۆت، من پێویستم پێ نییە.

كاتێ كە كوڕی وەزیر بازووبەندەكەی لە شازادە وەرگرت، گوتی:

- لەمڕۆ بەدواوە من كوڕە پاشام و تۆ بەندەی منی.

شازادە گوتی:

- باشە! قبووڵمە! لەوە بەولاوە هیچی ترم لە دەست نایە!

كوڕی وەزیر چوو لە ژێر درەختێك خەوت. شازادە بڕیاری دا بەناو لێڕەواردا بگەڕێ. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە كانییەك. لەسەر



كانییەكە باڵندەیەكی جوان هێلانەی لەسەر چڵی درەختێك كردبوو. ئەمە ئەو باڵندەیە بوو كە شازادە ئازادی كردبوو. گەنجەكە، هەر كە چاوی بە باڵندەكە كەوت دەستی بە گریان كرد و هەموو بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕایەوە. باڵندەكە پێی گوت:

- نارەحەت مەبە! من كارێكی وا دەكەم تۆ بتوانی خۆت نەجات بدەی.

بڕۆ سەر كانیی و نەختێ ئاو بخۆرەوە.

كوڕەكە چوو، نەختێ ئاوی خواردەوە. باڵندەكە گوتی:

- ئێستا مستێك لەو درەختە بدە.

شازادە مستێكی لە درەختەكەداو درەختەكە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهات!

باڵندەكە گوتی:

- نەختێ ئاوی تریش بخۆرەوە!

كوڕەكە نەختێ ئاوی تری خواردەوە. باڵندەكە ئاماژەی بۆ درەختێكی گەورەتر كردو گوتی:

- ئێستا مستێ لەو درەختە بدە.

شازادە مستێكی لە درەختەكە داو درەختەكە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهات و بەربووەوە سەر زەوی.

باڵندەكە گوتی:

- بەلای خۆتەوە بە تەواوی بەهێز بووی، یان دەتەوێ لەوەش بەهێز تر بی؟؟

شازادە گوتی:

www.pertwk.com

- دەمەوێ بەهێزتربم.

بالندەكە گوتی:

- دیسان نەختێ ئاو بخۆرەوە!

كوڕەكە نەختێ ئاوی تری خواردەوەو ئەم جارە مستێكی لە درەختێك دا، بە تەنیا بەقەد هەردوو درەختەكەی پێشوو دەبوو. درەختەكە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهات، بەرزبووەوە ئاسمان و بەربووەوە سەر زەوی!

بالندەكە پرسی:

- بەسە؟

شازادە وەلامی دایەوە:

- بەلێ، سوپاس، بەسە!

شازادە، مالاوایی لە بالندەكە كردو گەڕایەوە لای كوڕی وەزیر. هەردووكیان بەیەكەوە كەوتنە ڕێ. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە ولاتێك پاشایەك فەرمانڕەوایی دەكرد.

كوڕی وەزیر پەیامی بۆ پاشا نارد گوتی من كوڕی فلانە پاشام هاتوومەتە سەردانی تۆ.

پاشا چەند كەسێكی ناردە پێشوازی و بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی لێكرد.

پاشا كەیفی بەدوو میوانەكەی خۆی هات و ڕووی كردە كوڕی وەزیرو گوتی:



- من كچی خۆمت پێشكەش دەكەم و دەتكەم بە زاوای خۆم و هەر لەم كۆشكەشدا دەمێنیتەوە، بەلام چ كارێك بدەمە خزمەتكارەكەت؟

- خۆتان باشتر دەزانن. هەر كارێكی بە شیاوی ئەوی دەزانن پێی بسپێرن.

پاشا لە شازادەی ڕاستەقینەی پرسی:

- ئامادەی بچیتە بەر بەرازەكانم؟

شازادە گوتی:

- بەلێ!

بەم جۆرە شازادە چووە ناو گەوڕی بەرازان و بەرازەكانی بۆ لەوەڕ بردە دەرەوە. كە شەو داهات، بەرازەكانی هێنایەوەو بەرەو كووخی خۆی كەوتە ڕێ. دارێكی گەورە لە نزیك كووخەكەی كەوتبوو. بڕیاریدا لە سبەی بەیانییەوە بیكا بە داردەست.

سبەینێ بەیانی زوو دەستی دایە دار دەستەكەی و چووە ژێر شانشینی ژووری پاشاو دارێكی هێدی لە شانشینەكە دا. شانشینەكە هەژاو هەموو لە خەو ڕابوون و هاتنە خوارێ و پرسیان:

- چیت دەوێ؟

- عانەیەكم[2] بدەنێ. دەمەوێ كە پەك بكڕم.

پاشا گوتی:

- جا بۆچی عانەیەك؟ لیرەیەكی زێڕت دەدەمێ.

- نەخێر، تەنیا یەك عانەم دەوێ. نازانم لیرەیەكی زێڕ لە كوێ خورد كەمەوە.

[2] عانە لە باتی شاهی بەكارهاتووە

www.pertwk.com

شازادە عانەیەکی وەرگرت و دەرگەی دوکانی گەنمفرۆشی بە یەك زەبری داردەستەکەی ورد کردو بای یەك عانە کەپەکی هێناو بەرازەکانی بردە لەوەڕ.

شەو کە لەلەوەڕگا هاتەوە، چووە لای پاشاو گوتی:

- ئەمر بکە تۆبزێکی ئاسنم بۆ دروست بکەن.

پاشا وەڵامی دایەوە:

- ئەو داردەستەی خۆت هەتە، باش نییە؟

- نەء، ئەمە شوارێکی بچووکە! ئەمر بکە تۆبزێکی ئاسنی سێ سەد هۆقەم بۆ دروست بکەن.

پاشا گفتی پێدا فەرمان بدا تۆبزەکەی بۆ دروست بکەن. بەیانی، سبەینێ زوو شانشینی پاشا دووبارە کەوتە هەژەهەژو هەموو بە خەبەر هاتن و چوونە خوارەوە.

شازادە گوتی:

- یەك عانەم بدەنێ. دەمەوێ کەپەك بکڕم.

شازادە عانەیەکی وەرگرت و لە دەرگای چەند دوکانێکی داو ئاخیری کەپەکی کڕی و بەرازەکانی بردە لەوەڕگا. کە شەو داهات بەرازەکانی هێنایەوەو خۆیشی چووە ناو جێ و بالینگانی خۆی.

سبەینێ بەیانی زوو، تۆبزە ئاسنەکەی ئامادە بوو. دەستی دایەو هەڵیسەنگاندو گوتی:

- باشە. ئەمە ئەو شتەیە کە من دەمویست.



ئەمەی گوت و تۆبزی ئاسنینی سێ سەد هۆقەیی خستە سەر شانی و بەرازەکانی بۆ لەوەڕ بردە دەرەوە.

شازادە، ئەو ڕۆژە بەرازەکانی بردە وڵاتی (دێوی ڕەش). لەوێ، خۆی لە بەردەم دەروازەیەکی گەورەدا بینی. لە دڵی خۆیدا گوتی:

(هەڵبەت ئێرە کۆشکی یەکێکە. با بچم بزانم.)

شازادە، کە نزیکتر کەوتەوە، دیتی دەروازەکە داخراوە، نەختێ کشایەوەو بە تۆبزە زلەکەی خۆی دوو زەبری لە دەرگا دا. دەروازەکە وردو هەڕا بوو، نیوەی پارچەکانی کەوتە ڕۆژهەڵات و نیوەکەی تری کەوتە ڕۆژئاوا. بەرازەکانی لە دەروازەکە بردە ژوورەوەو خۆی لەناو باخێکی زۆر گەورەو هەراو دۆزییەوە.

باخەکە پڕ شووتی و کاڵەك و کدوو و جۆرەها میوە بوو. گەنجەکە، بەرازەکانی بەرهەڵدا، هەرچی بیانەوێ بیخۆن. خۆیشی لە ژێر درەختێك ڕاکشا.

کە کاتی فراوین داهات، دێوی ڕەش گەڕایەوە ماڵێ و دیتی دەرگای ماڵی تێك و پێك شکاوەو بەراز بەناو باخەکەی وەربوون و خەریکی لەوەڕن و گیاو گوڵیان لەڕیشەوە دەرکێشاوە، دێوەکە نەعرەتەیەکی لێداو گوتی:

- ئەی خودای گەورە! ئەوە کێ زاتی کردووە پێ باوێتە ئێرە؟

دێوی ڕەش بەناو باخەکەدا خولێکی داو دیتی شازادە لە ژێر درەختەکە خەوتووە. دیسان نەعرەتەیەکی لێداو گوتی:

- بنیادەم! هۆ بنیادەم! ڕابە سەرخۆ!

www.pertwk.com

گەنجەکە گوێی لەدەنگی بوو بەڵام هیچ خۆی لەگووره نەبرد.

دێوەکە گوتی:

- لە سەرا پای دونیادا، هیچ باڵندەو هیچ خشۆکێك نییە زات بکا پـێ باوێتە ناو باخی من! تۆ کێی ڕێگای ئەم جۆرە کارەت بە خۆت داوە؟

گەنجەکە گوتی:

- ئاگـاداری خـۆت بـە! مـن بـۆ خـۆم خـەریکم ئیسـراحەت بکـەم و تـۆ سەخڵەتم دەکەی! ناچارم مەکە لە گەڵت بجەنگم.

دێوەکە نەڕاندی و گوتی:

- ئەگەر لەگەڵ من بجەنگی، پارچەی بچووکت، گوێت دەبـێ! ئێستا پێم بڵێ تۆ کێی؟

شازادە، تەکانێکی دایە خۆی و بناگوێی خۆی خوراندو گوتی:

- نەختێ بکشێوە دواوە.

گەنجەکە ئەمەی گوت و لە جێگای خۆی هەستاو دێوەکە گوتی:

- زەبری یەکەم تۆ لێ دەدەی، یان من لێ بدەم؟

شازادە گوتی:

- تۆ لێ بدە!

دێوی ڕەش ئەوەندە بە توندی گورزی داهێنایە خوارێ، شازادە لەناو تەپ و تۆزو گەردەلوولێکی گەورەدا بزر بوو.

دێوەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

(نەعلەت لـەم دەستەی مـن دا! ئەگـەر زەبرێکـی سـووکترم لێبدایـە، بەلانی کەمەوە شتێکی لێدەمایەوە ورگی خۆمی پێ تێر بکەم.)



کاتێ گەردەلوولەکە نیشتەوە، شازادە سپو ساغو تۆکمەو پتەو لەجێی خۆی وەستابوو.

گەنجەکە گوتی:

- ئێستا نۆرەی منە. خۆت بۆ مەرگ ئامادەکە!

گەنجەکە دەستی دایە تۆبزی ئاسنینی خۆی و زەبرێکی وای خێوانـدە ئەسکوردی دێوەکە، سەری لە لەشی جودا کردەوەو سەری ڤڕەی هات بە هەوادا فڕی و لەوانەیە ئێستاش هەر لە فڕیندابێ.

شازادە ڕووی کردە قەڵای دێوەکە. کەچووە ناو قەڵا، لە ژوورێکا دە ئەسپی ڕەشی بینی، دە پیاوی چەکداری زرێ ڕەش لەسەر پشتی ئەسپەکان ئامادەی جەنگ بوون.

شازادە پرسی:

- ئێوە کێن؟ و چۆن هاتوونەتە ئێرە؟

- ئێمە جەنگاوەرین. دێوی ڕەش ئێمەی بە زۆر هێناوەتە ئێرە. ئەگەر ئازادمان بکەی، هەر کاتێ داوای یارمەتی بکەی، درێغی ناکەین.

گەنجەکە، ئەسپی دێوی ڕەشی هێنایە ئەوێ. دەستە بەرگێکی ڕەشی لەسەر زینەکە بەستو هەر ئەسپەو موویەکی لە کلکی کردەوەو شۆڕە سوارە ڕەشپۆشەکانی ئازاد کرد. ئینجا خۆیشی ڕەوە بەرازەکەی کۆکردەوەو بە ڕەوە کۆشکی پاشا کەوتە ڕێ. کە گەیشتەوەجێ، لە هەموو لاوە دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەهات. پرسی:

- مەسەلە چییە؟

گوتیان:

- ئاهەنگی زەماوەندی کچی گەورەی پاشا دەگێڕین.

گەنجەکە بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازان و دەرگای لەسەر داخستن و چووە ناو کووخەکەی خۆی. لەناو کووخەکەی دانیشتبوو، کچە گچکەی پاشا هاتە دیدەنی و گوتی:

- سەلام!

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

- سەلام، فەرموو چیت دەوێ؟

- هاتووم قسەت لەگەڵ بکەم.

- من بەرازەوانم، تۆ کچی پاشای. دەتەوێ قسەی چیم لەگەڵ بکەی؟ بۆنی بەراز ئەزیەتت نادا؟! نا، نا، وا چاکە بڕۆی!

کچەکە گوتی:

- دڵم پێم دەڵێ قسەت لەگەڵ بکەم.

گەنجەکە گوتی:

- بەڵام من نامەوێ قسە لەگەڵ تۆ بکەم! بڕۆ، بڕۆ!

کچەکە دەستی بە گریان کردو ڕۆیشت، بەڵام دڵی هەر لای گەنجی بەرازەوان بوو.

کە گەیشتەوە ژوورەکەی خۆی، هەندێ نانی هەڵگرت و دووبارە هاتەوە لای گەنجەکە. چەند جارێك لە دەرگای‌دا. گەنجەکە دەرگای کردەوەو دیتی‌دیسان کچی پاشایە. بە تووڕەیی گوتی:

- ئیتر چیت دەوێ؟

- نەختێ نانم بۆ هاوردووی. دەتوانین بە یەکەوە بیخۆین.



گەنجەکە، نانەکەی لە دەست کچەکە ڕا پسکاندو بەرەو دواوە پاڵێکی پێوەناو دەرگای پێوەدا. کچەکە بەربووەوە سەر زەوی، بەدەم گریانەوە هەستایەوەو ڕۆشیت.

ڕۆژی پاشی، گەنجەکە وەکوو جاران چووە کۆشك و بە زەبرێك ژووری پاشای هەژاند. پیاوانی دەربار ڕژانە دەرەوەو گوتیان:

- مەسەلە چییە، کابرا؟

- پارەم دەوێ بۆ ئەوەی کە پەك بۆ بەرازەکان بکڕم.

گەنجەکە پارەی وەرگرت و چووە دوای ئیشی خۆی. ڕۆژئاوا، کاتێ گەڕایەوە ماڵێ، دیتی هەموو دەگرین و دەناڵێنن، پرسی:

- چ بووە؟

- دێوەکان پەلاماری شاریان داوە دەیانەوێ کچی گەورەی پاشا ڕابکێشن و بیبەن.

پاشا سەربازی کۆکردۆتەوەو خۆی بۆ جەنگ ئامادە کردووە.

گەنجەکە بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازان. لەوێ کچی گچکەی پاشای دی وەکوو هەوری بەهاری فرمێسکی دەباراند. پرسی:

- بۆچی دەگری؟

- تۆ نازانی چەند نارەحەتم! دێوەکان دەیانەوێ خوشکم ببەن.

- باشە، لێرە چ دەکەی؟

- هاتووم داوات لێ بکەم نەجاتی بدەی.

- مەگەر من کێم؟ من بەرازەوانم. ئەگەر بتوانم چاوم لە بەرازەکانی خۆم بێ، دیارە هونەرێکی گەورەم نواندووە! بۆچی داوا لە دەزگیرانی خۆت ناکەی؟ ئەو کوڕە پاشایە!

- ئەو، ئەم جۆرە ئیشانەی لە دەست نایە، بەڵام تۆ بەو تۆبزە سێ سەد هۆقەییە هەموو ئیشێکت پێ دەکرێ.

بەرازەوان کچەکەی نایە لاوەو بەرەو کووخی خۆی کەوتە ڕێو گوتی:

- بڕۆ، چیتر سەخڵەتم مەکە!

بەیانی ڕۆژی پاشی، گەنجەکە لە خەو هەستاو دووبارە چووە کۆشكو بە زەبرێك ژووری پاشای خستە لەرزە! پیاوانی دەربار ڕژانە دەرەوەو هاواریان کرد:

- چیت دەوێ؟ ئەی نازانی دێوەکان وا لێرەن؟

- پارەم دەوێ! دەبێ کە پەك بۆ بەرازان بکڕم. زووبن!

گەنجەکە پارەکەی وەرگرتو کە پەکی کڕیو بەرازەکانی کۆکردەوەو لەشار چووە دەرەوە. لە دەرەوە، وازی لە بەرازەکان هێنا بۆ ئەوەی بۆ خۆیان بلەوەڕن.

کیسەیەکی بچووکی بەملییەوە کردبوو، موی ئەسپەکانی دێوی ڕەشی لەو کیسەیە دەرهێناو هەڵیکرووزاندن. بە چاوتروکانێك ئەسپی دێوی ڕەشو دەشۆڕە سوارە لەبەر دەمی ئامادە بوون. گەنجەکە، ئەو دەستە بەرگەی لە زینی دێوی ڕەشی بەستبوو، کردیە بەرو سواری ئەسپەکە بوو و لەگەڵ دە شۆڕە سوارەکەی تر کەوتە ڕێ.

پاشا سوپای خۆی کۆکردبووەوەو لەشار چوو بووە دەرەوە. یازدە شۆڕە سوار خۆیان دایە پاڵ سوپاکەیو لە پێشی پێشەوەی سوپا کەوتنە جمین. ئەوەندەی پێ نەچوو جەنگ هەڵگیرساو شۆڕە سوارەکان پەلاماری سوپای



دێوەکانیان دا و هەموویان تارو مار کردن. تەنیا یەك دێو بە زیندوویی دەرباز بوو. ئەویش بەرازەوانەکە گرتیو ددانەکانی دەرکێشاو پێی گوت:

- لە کوێ بووی بڕۆرەوە ئەوێ. بە ئاغاکەت بڵێ چ ئازایەتییەکت نواندووە!

یازدە شۆڕە سوارەکە ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام پاشا هاواری کردو گوتی:

- لێنەگەڕێن ئەمانە بڕۆن! دەبێ پاداشتیان بدەمێ.

بەڵام شۆڕە سوارەکان نەگەڕانەوەو خێرا لەبەر چاو بزر بوون.

کە گەیشتنەوە شوێنی خۆیان. گەنجەکە لەسەر ئەسپەکە دابەزی. بەرگی ئاسایی خۆی کردەوە بەرو شۆڕە سوارەکانی بەڕێ کرد. بەرازەکانی کۆکردەوەو بەرەو شار کەوتە ڕێ. کە گەیشتەوە شار، دیتی ئاهەنگێکی گەورە سازدراوە و لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەهۆڵو زوڕنا دێت. بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازانو خۆیشی گەڕایەوە کووخەکەی.

کچی گچکەی پاشا، یەك سینی پڕ جۆرەها خواردنی بۆ ماڵی گەنجەکە بردو لە دەرگای دا.

گەنجەکە دەرگای کردەوەو بەبێ ئۆقرەیی گوتی:

- کچەکە، چیت دەوێ؟

کچی پاشا گوتی:

- هەندێ خواردنم هێناوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بیخۆین.

گەنجەکە گوتی:

- پێویست ناکا، بڕۆ دوای ئیشی خۆت!

گەنجی بەرازەوان سینی لە دەست کچی پاشا وەرگرتو کچەی دەرکرد.

www.pertwk.com

کچی پاشا دەستی بە گریان کردو گەڕایەوە ماڵێ.

بەیانی ڕۆژی پاشی، گەنجەکە لە خەو هەستا. پوولی ڕۆژانەی وەرگرت. تۆربەکەی پڕ کە پەك کردو بەرازەکانی لە شار بردە دەرەوە. ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە ولاتی دێوی سوور. دیوارێکی بینی سەری گەیشتبووە ئاسمان. لە دڵی خۆیدا گوتی: (بێشك ئێرە قەڵای دێوێکە، پێویستە بەرازەکان ببەمە ناو قەلا، بەڵکو خواردنێکی باشیان دەست بکەوێ.)

شازادەی گەنج لە دیوارەکە نزیك بووەوە، بە تۆبزی سێ سەد هۆقەیی خۆی، دوو زەبری لە دیوارەکەدا. دیوارەکە ڕووخاو هەندێ پارچەی لە حەڵەب و چین و تەنانەت ولاتی دوورتریش کەوتە خوارەوە!

باخێکی سەوزو خۆش لەو دیو دیوارەکە بوو. گەنجەکە بەرازەکانی بردە ناو باخ و لە دڵی خۆیدا گوتی: (بەه! بەه! چ باخێکە! با لێگەڕێم بەرازەکان چیان دەوێ بیخۆن...)

شازادە بەرازەکانی بەرهەڵداو خۆیشی لەبەر سێبەری درەختێك خەوی لێکەوت

کاتی فراوین، دێوی سوور گەڕایەوە ماڵێ و دیتی دیواری باخەکەی ڕووخاوە. زۆر تووڕە بوو. کاتێ کە چووە ناو باخ و دیتی بەرازەکان دەوەنەکانیان پێ پەست کردووە. هەموو گیانی بوو بە ڕق وبەناو باخەکەدا گەڕا تا چاوی بە گەنجێ کەوت بە ڕەحەت و ئاسوودەیی نوستبوو!

دێوەکە لە گەنجەکە چووە پێش و نەعرەتەیەکی لێداو گوتی:

- هۆ، بنیادەم هۆ! هەستە بزانم!



گەنجەکە بە خەبەر هات و دێوی سووری لەسەر ینگانی خۆی بینی.

بەبێ بایەخی گوتی:

- چ بووە؟ بۆچی ڕەفتاری گێلانە دەکەی؟ نابینی خەریکم پشوویەك بدەم؟

دێوەکە نەڕاندی و گوتی:

- دەبێ دەردێکی وات پێ بکەم، پارچەی گەورەت گوێت بێ. باخی منت ئاوها لێ کردووەو ئێستاش بەم جۆرە قسەم لەگەڵ دەکەی؟ کابرایەکی زیخ و ئازای ها! هیچ بوونەوەرێ، هیچ باڵدارێ، هیچ خشۆکێ، تا ئێستا زاتی نەکردووە بێتە ناو باخی من. تۆ کێی ڕێت بەخۆت داوە ئیشی وا بکەی؟ ئێستا دەتکەم بە پارووێکی چەور. پارچە پارچەت دەکەم!

گەنجەکە دەستی دایە تۆبزی ئاسنی خۆی و لە شوێنی خۆی قیت بووەوەو گوتی:

- زەبری یەکەم تۆ بیوەشێنە.

دێوەکە ئەوەندە بە توندی گورزی داوەشاند، بوو بە گەردەلوول و شازادە لەناو گەردەلوولەکە بزر بوو.

دێوەکە لەبن لێوەوە مراندی:

- حەیف! یەك پارچەی بچووکیشی نەما، بیخۆم!

بەلام کە گەردەلوولەکە نیشتەوە، گەنجەکە سپ و ساغ و تۆکمە و پتەو لە شوێنی خۆی ڕاوەستابوو! ئێستا نۆرەی گەنجەکە بوو زەبری خۆی بوەشێنێ.

www.pertwk.com

شازادە زەبرێکی وای خێواندە ئەسکوردی دێوەکە، سەری لێ کردەوەو سەرەکەی یەکەو ڕاست بەرەو کێوی ئەرارات فڕیو لە ڕێی خۆیدا بەسەر هەر شوێنێدا تێدەپەڕی بوومەلەرزەیەکی توندی بەرپا دەکرد.

گە نجەکە، ڕووی کردە قەلای دێوی سوور. لە ژوورێکی قەلاکە، دە شۆڕە سواری سوور پۆشی بینی، بە سواری ئەسپی سوور ئامادەی جەنگ بوون.

شازادە لێی پرسین:

- ئێوە کێن؟

گوتیان:

- ئێمە دیلین. دێوی سوور ئێمەی بە زۆر هێناوەتە ئێرە. ئەگەر ئازادمان بکەی، هەر کاتێ داوای یارمەتیمان لێ بکەی، دریغی ناکەین!

گە نجەکە ئەسپی دێوی سووری هێناو دەستە بەرگێکی سووری لەسەر زینی ئەسپەکە بەست. موویەکی لە کلکی هەریەکە لە ئەسپەکان کردەوەو سوارەکانی هەموو ئازادکرد بۆ ئەوەی بڕۆن. ئەوسا گەڕایەوە ناو باخ و، بەرازەکانی کۆکردەوەو بەرەو ماڵ بووەوە. کە گەیشتەوە شار، ئاهەنگێکی گەورەبوو و هەموو لە خۆشیدا بوون. گە نجەکە بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازان. لەو کاتەدا کچی گچکەی پاشا لەسەر ڕێی پەیدا بوو و گوتی:

- ئەمڕۆ ئاهەنگی زەماوەندی خوشکی دووەمی منە. هەموو خەڵك خەریکی خواردن و خواردنەوەن. تۆ بۆچی خۆت لە بەرچاوی خەڵك دەشاریتەوە؟ بۆچی نایەیتە لای من؟

گە نجەکە گوتی:



- دەستم لەسەر هەڵگرە! من شایەنی تۆ نیم. من بەرازەوانم و تۆ کچی پاشای!

کچی پاشا گوتی:

- بەلام من تۆم خۆش دەوێ. بەلای منەوە تۆ کوڕە پاشای!

- ئیتر بەسی کە! بڕۆ وازم لێ بێنە.

گە نجەکە ئەمەی گوت و کچەکەی لای خۆی دەرکردو چووەوە کووخەکەی خۆی. دوای سەعاتێ، کچەکە بە سینییەکی پڕ کێك و شیرینی و خواردن هاتە بەر دەرگای ماڵی بەرازەوان و لە دەرگای دا. گە نجەکە دەرگای کردەوەو کچەکە چووە ناو کووخەکەی و گوتی:

- شتێکم بۆ هێناوی بیخۆی. وەرە، با پێکەوە خواردن بخۆین.

گە نجەکە سینییەکەی لە دەست کچەکە وەرگرت و گوتی:

- سەیرکە! ئێرە جێگای تۆ نییە!

ئینجا کچەکەی لە کووخی خۆی وە دەرنا.

سبەینێ بەیانی، دووبارە هەمان بەسەرهاتی ڕۆژانی پێشوو دووبارە بووەوەو گە نجەکە دوای ئەوەی کە پەکی کرێ، ڕەوە بەرازەکانی لە شار بردە دەرەوە. شەو، کە هاتەوە شار، دیتی هەموو دەگرین و دەناڵێنن، پرسی:

- چ بووە؟

گوتیان:

- دێوەکان دەیانەوێ کچی دووەمی پاشا ڕابکێشن و ببەن.

گەنجەکە، بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازان و خۆیشی چووە ناو کووخەکەی. کچی گچکەی پاشا ئەم جارە بە چاوی بە گریانەوە، هاتە لایەوەو گوتی:

- خودا لەو سەرەوە لە ئاسمانە و تۆش لەم خوارەوە لەسەر زەوی. تکات لێ دەکەم! لە تۆ کە فەرمانبەرداری خوای! من دەزانم خوشکی گەورەم تۆ نەجاتت دا. ئێستا خوشکی دووەمیشم نەجات بدە!

- بۆ ناچیتە لای ئەو شازادە؟ یان ئەو کوڕە وەزیرە؟ بڕۆ داوا لەوان بکە شتێ بکەن. من بەرازەوانێکم و هیچی تر. من چم لە دەست دێ!؟

کچەکە گوتی:

- نا، نا، ئەوان هیچیان لە دەست نایە. تۆ ئەگەر بتەوێ، دەتوانی خوشکم نەجات بدەی!

گەنجەکە لە جێی خۆی هەستا. دەستی کچەکەی گرت و بۆ دەرگای برد. کچەکە بە چاوی بەگریانەوە لەلای ڕۆیشت.

سبەینێ، بەیانی، شازادەی بەرازەوان وەکوو هەموو ڕۆژێ، بەرازەکانی لە شار بردە دەرەوەو بەرازەکانی بەرهەڵدا بۆ ئەوەی بلەوەڕێن. ئەوسا مووی ئەسپەکانی هەڵکرووزاند. ئەسپی دێوی سوور لەگەڵ بیست سوار پەیدا بوو.

شازادە، خۆی بەرگی سووری پۆشی و لەگەڵ شۆڕە سوارەکانی دی کەوتە ڕێ.

پاشا، لە ناکاو چاوی پێکەوتن نزیك دەکەونەوە، هاواری کرد:

- چاوتان ڕون! ئەو سوارانە بۆ نەجاتدانی ئێمە هاتوون!



کە سوارەکان نزیکتر بوونەوە، پاشا، لە خۆشییان نەیدەزانی چ بکا، هاواری کرد:

- هاوڕێینە، وەرن! وەرن!

سوارەکان وەکوو لافاو کەوتنە ناو ڕیزی دێوەکان و تارو ماریان کردن. هەموو دێوەکان کوژران، تەنیا یەکێکیان نەبێ، ئەویش شازادە گرتی و گوێیەکانی بڕی و گوتی:

- ئێستا بگەڕێوە وڵاتی خۆت و خەبەری ئەم شکستە بە هەموو لایەك بگەیەنە!

دوای ئەمە، شۆڕە سوارەکان ویستیان بگەڕێنەوە. پاشا بە سەربازانی خۆی گوت:

- پێشیان لێ بگرن. دەبێ خەڵاتیان بکەین.

بەڵام شۆڕە سوارەکان، ئەسپەکانیان چوار ناڵە تاوداو دوای نەختێ لە چاو بزر بوون. پاشا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- حەیفە! ئەگەر بمانتوانیایە ڕایانبگرین، دەمانزانی ئەوانە کێن و لە کوێوە هاتوون.

کە ڕۆژئاوابوو و شازادە گەڕایەوە شار، دیتی سەرا پای شار لە شادی و کەیفخۆشیدایە. بەڵام ئەو چووە ناو کووخەکەی خۆی. لەناو کووخەکە دانیشتبوو، کچی پاشا هات و گوتی:

- ئەوە بۆچی بە تەنیا لێرە دانیشتووی؟ وەرە بە یەکەوە بچینە دەرەوە. هەموو خەڵك کردوویانە بە ئاهەنگ و بە شادی ڕادەبوێرن. من و تۆش دەتوانین شاد بین.

گەنجەکە گوتی:

- من چۆن دەتوانم لەگەڵ تۆ بێمە دەرەوە؟ من بەرازەوانم و تۆ کچە پاشای! وازم لێ بێنە و برۆ!

کچی پاشا، بە چاوی فرمێسکاوی و دڵی غەمگینەوە لە ماڵی گەنجەکە چووە دەرەوە، بەڵام دوای سەعاتێ، بەیەك سینی پڕ خواردن و خواردنەوە هاتەوەو گوتی:

- زۆر باشە! ئەگەر حەز ناکەی بێیتە دەرەوە، لێرە بە یەکەوە خواردن دەخۆین.

گەنجەکە گوتی:

- برۆ، وازم لێ بێنە برۆ، تۆ ناتوانی لەناو ئەم گەوڕی بەرازانە خواردن بخۆی.

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- تۆ لە هەر کوێ بی، بەلای منەوە ئەوێ باشترین جێگایە!

گەنجەکە لە جێگای خۆی هەستا. دەستی کچەکەی گرت و بەرەو دەرگا بردی. کچەکە جارێکی تریش بە گریانەوە لەوێ ڕۆیشت.

ڕۆژی پاشی، گەنجەکە لە خەو ڕابوو، بەرازەکانی لە گەوڕ هێنایە دەرێ و لە شار چووە دەرەوەو ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە وڵاتی دێوی سپی. لەوێش دەروازەیەکی زۆر زلی بینی، لە دڵی خۆیدا گوتی: (هەڵبەت ئێرەش هی دێوێکی ترە.)

بەرازەوانەکە چووە لای دەروازەکەو دیتی داخراوە. دیسان تۆبزی ئاسنینی قیت کردەوەو لەدەرگاکەی دا. ئەو دەرگا زلە هیچی لێ نەمایەوە.



باخێکی سەوزو تەڕو پڕ لەو دیو دەرگا بوو. هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا بوو. تا چاو بڕی دەکرد شووتی و کاڵەك و کدووە شیرینە بوو. گەنجەکە بەرازەکانی بەر هەڵدا، هەرچی دەخۆن بخۆن. خۆیشی لەناو کانییەك مەلەی کردو لە ژێر درەختێك خەوی لێ کەوت.

لە کاتی نیوەڕۆ، دێوی سپی گەڕایەوە ماڵێ، کە دیتی دەروازە شکاوە لەرزی هاتێ. بەڵێ، دێوەکە چرك و هۆڕ دەلەرزی! لە تەوقی سەری تا بنی پێی، هەموو ئەندامی لەشی دەلەرزی! لەدەماری دڵی بگرە تا مۆخی ئێسقانی دەلەرزی!

دێوەکە چووە ناو باخ و دیتی بەرازەکان هەموو شتێکیان پێ پەست کردووەو هەرچی ویستوویانە خواردویانە. لەناو باخەکە چەرخەیەکی لێداو دیتی شازادە لە ژێر درەختێك نوستووە. سەرا پای بوو بە ڕق. پێی لە زەوی کوتاو نەعرەتەیەکی لێدا:

- هۆ! بنیادەم، هۆ! هەستە، ڕابە سەرخۆ!

زەوی لە ژێر پێی لەرزی و شازادە لەخەو بە ئاگا هات و گوتی:

- چ بووە؟ بۆ لێ ناگەڕێی بخەوم!

دێوەکە جارێکی تر نەعرەتەی لێدا:

- حەفت ساڵە گۆشتی بنیادەمم نەخواردووە! ددانم کول بووە. قسە نەکەی. هەستە! کە ئیشم لەگەڵ تۆ تەواو بوو، پارچەی هەرە گەورەت، تیکەیەکی گوێت دەبێ.

گەنجەکە، دەستی دایە تۆبزی سێ سەد هۆقەیی و هەستایەوە سەر پێ و گوتی:

- نۆرەی تۆیە. زەبری یەکەم تۆ بیوەشێنە!

www.pertwk.com

دێوی سپی پێیەك كشایەوە دواوە و ئەوەندە بە توندی گورزی خۆی داوەشاند، تۆزو غوبارێكی وەكوو پەڵە هەور بەرزبووەوە ئاسمان و گەنجەكە لەناو تۆزو غوبارەكەدا بزر بوو. دێوەكە لە دڵی خۆیدا گوتی:

(وام لێدا، لە زەوی چووە خوارێ، بە قەدەر یەك پارووشی نەمایەوە.)

كاتێ كە تۆزو غوبارەكە نیشتەوە، گەنجەكە هیچ بەلای نە گەیشتبوێ، بە دێوی سپی گوت:

- زۆر بە خۆت دەنازی! ئێستاش نۆرەی منە.

گەنجەكە ئەمەی گوت و تۆبزی ئاسنینی خۆی بەرزكردەوە سەر سەری.

دێوەكە گوتی:

- تۆ دەتوانی دوو زەبر بوەشێنی!

گەنجەكە وەڵامی دایەوە:

- من یەك جار لە دایك بووم و بەیەك زەبریش تۆ دەكوژم!

تۆبزی سێ سەد هۆقەیی هاتە خوارێ و بە ئەسكوردی دێوی سپی كەوت و سەری لێ كردەوە و سەرەكەی بە هەوادا ڕۆیشت. ئێستاش سەری هەروا لە هەوادا دەخولێتەوە.

شازادەی بەرازەوان چووە ناو قەلای دێوی سپی و لەوێ دە سواری سپی پۆشی دی.

گەنجەكە پرسی:

- ئێوە كێن و لێرە چ دەكەن؟

- ئێمە دیلی دێوی سپین. بەزۆر ئێمەی هێناوەتە ئێرە. ئەگەر ئازادمان بكەی، لە هەموو مەترسییەك نەجاتت دەدەین.



گەنجەكە ئەسپی دێوی سپی دۆزییەوە، یەك دەستە بەرگی سپی لەسەر زینەكەی بەست. تاڵە موویەكی لە كلكی هەریەكە لە ئەسپەكان كردەوە و لەناو كیسەیەكی نا كە بەگەردەنییەوە بوو. ئینجا هەمووی ئازاد كردن. پاشان چووە ناو باخ، بەرازەكانی كۆكردەوە و بەرەو ماڵەوە بەڕێ كەوت.

كچە گچكەی پاشا یەكسەر كەدیتی بەرازەوان هاتۆتەوە ماڵێ وەكوو هەموو جارێ هاتە سەردانی و گوتی:

- سەلام. وەرە بچینە ماڵی ئێمە.

گەنجەكە گوتی:

- مرۆڤ یەك جار قسە دەكا و پێیەوە پابەند دەبێ. من هەرگیز نایەمە لای تۆ. من بەرازەوانم و تۆ كچە پاشای. ئێمە ناتوانین ببین بە ژن و مێرد.

كچەكە وەڵامی دایەوە:

- خۆم و دایبابم لە سەرت گەڕێین! تۆ ئەم وڵاتەت نەجات داوە. بەلای منەوە تۆ سەرووەری هەمووانی.

- وازم لێ بێنە و بڕۆ!

گەنجەكە ئەمەی گوت و دەستی كچی پاشای گرت و بۆ دەرگای برد.

كچە بەدەم گریانەوە، ماڵی بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

بەڵام دوای سەعاتێ، بە سینییەكی پڕ خواردن گەڕایەوە و گوتی:

- وەرە دانیشە، بە یەكەوە خواردن بخۆین.

گەنجەكە گوتی:

- ئەوە دیسان هاتیتەوە؟ كچێ، بڕۆ دوو ئیشی خۆت!

- دەتوانی بمكوژی، بەڵام من لێرە ناڕۆم!

گەنجەكە دەستی كچەكەی گرت و لەناو كووخەكە بردییە دەرەوە.

www.pertwk.com

رۆژی پاشی، بەرازەوان بەرازەکانی بردە لەوەڕگاو ئێواریَ گەڕایەوە. کە گەیشتەوە شار، دیتی هەموو خەڵکەکە دەگرین و دەناڵێنن. گەنجەکە، بەرازەکانی بردە گەوڕی بەرازان و خۆیشی گەڕایەوە ماڵێ. کچی پاشا دووبارە هاتە لای و بەدەم گریانەوە کەوتە سەر پێی و گوتی:

- وەکوو چۆن خوشکەکانت نەجات دام، منیش نەجات بدە! دێوەکان هاتوون من ڕابکێشن و بمبەن.

شازادەی بەرازەوان گوتی:

- ئەگەر دەیانەویَ تۆ ببەن، هەر دەتبەن! من چیم لە دەست دێ؟

- تکات لێ دەکەم. لێت دەپاڕێمەوە. لێ مەگەڕێ بمبەن! نەجاتم بدە!

- کچێ برۆ دوو ئیشی خۆت! من هیچ ئیشم لە دەست نایە. من بەرازەوانم. هەر ئەوەندە دەزانم چاوم لە بەرازەکانم بێ. برۆ داوای یارمەتی لەو کورە پاشایە، یان ئەو کورە وەزیرە بکە. هەڵبەت ئەوان نەجاتت دەدەن!

کچەکە بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە گوتی:

- خاکیان بەسەر! ئەوان بە کەڵك هیچ نایەن!

گەنجەکە هەستا. دەستی کچەکەی گرت و لە کووخەکە دەری کرد.

کچەکە بە چاوی بە فرمێسکەوە ڕۆیشت. بەڵام دوای سەعاتێ، بە سینییەکی پڕ خواردن گەڕایەوەو لە دەرگای دا. گەنجەکە دەرگای کردەوەو گوتی:

- ئەوە دیسان ئەتۆی؟ ئەوە مێشکت لەسەردا نییە؟

- خواردنم بۆ هێناوی. دەبێ شتێ بخۆی. دانیشە. با بەیەکەوە نان بخۆین.



گەنجی بەرازەوان دانیشت و کچی پاشا دەستی بە خواردن کرد. کچی پاشا بەدەم خواردنەوە، لە بنەوە سەیری گەنجەکەی دەکرد. فرمێسکی لەچاو قەتیس مابوو.

گەنجەکە گوتی:

- بۆچی دەگری؟

- دڵم تۆقیوە، چۆن نەگریم؟ دێوەکان دەیانەویَ بمبەن.

- بۆ؟ خوشکەکانیان بردی؟

- نەخێر، تۆ ئەوانت نەجات دا، بەڵام ئامادەنی من نەجات بدەی.

گەنجەکە گوتی:

- تۆش نەجات دەدەم. خۆت سەخڵەت مەکە. بەڵام ئەو مەسەلەیە بە هیچ کەس مەڵێ، یەك قسە چییە نەیکەی!

کچی پاشا گەڕایەوە کۆشك و دایکی لە ژوورەکەی خۆیا بینی. شاژن هەستی کرد کچەکەی کەیفخۆشە، پرسی:

- ئەوە چ ڕوویداوە؟ دێوەکان دەیانەویَ سبەی سبەینێ ڕاتبکێشن و بتبەن، تۆش کەیفخۆشی؟

- نیگەران مەبە، دایە! ئەوەی خوشکەکانی نەجات دام، منیش نەجات دەدا:

- دڵنیای؟ بە چ مەعلووم؟

- خۆی گفتی پێ دام.

- خۆی؟ ئەوە کێیە؟

- ئەو کەسەی کە خوشکەکانمی نەجات دا.

- باشە، ناوی چییە؟ لە کوێ دەژی؟

- بەڵێن دەدەی بە هیچ کەس نەڵێی؟

- بەڵێ، هەڵبەت.

www.pertwk.com

- ئەو گە نجەیە کە دەچێتە بەر بەرازەکانمان!
- ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ کچێ! ئەوە عەقڵت لە سەردا نەماوە؟
- خودا ئاگای لێیە ڕاست دەڵێم!
- کەواتە هەستە بچینە لای.

کچەکە زریکاندی:

- نەخێر، دایە، نەخێر، ئەگەر بزانێ یەك قسەم بۆ ئێوە کردووە، هەر دەمکوژێ، ئێوەش دەکوژێ.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، پاشا سەربازەکانی خۆی کۆکردەوەو بۆ شەڕ کردن لەشار چووە دەرەوە. بەڵام زۆر دەترسا. هەمیشە چاوی دەگێڕا داخۆ ئەو سوارانە دەردەکەون، یان نا؟ لە ناکاو دیتی لەودیو گردەکانەوە سوارێکی سپیپۆش لەگەڵ سی سواری دی بەدەر کەوت. پاشا بە شادومانی هاواری کرد:

- هەر بژی! وەرن هاوڕێینە! وەرن!

لەشکری پاشا بەرەو پێش جووڵاو سوارەکان هەڵمەتیان بۆ دێوەکان برد.

جارێکی تریش دەنگی چرتەی شمشێران هەستاو زۆری پێنەچوو هەموو دێوەکان کوژران، تەنیا یەکێکیان نەبێ و ئەویش بە دەستی سوارەی سپیپۆش بە دیل گیرا. سوارەکە لووت و گوێیەکانی دێوەکەی بڕی و گوتی:

- لە کوێ بووی هەر ئێستا بگەڕێوە ئەوێ و خەبەری ئەم شکستە بە هەموو لایەك بگەیەنە!

شۆڕە سوارەکان ویستیان بگەڕێنەوە، پاشا بە شێنەیی فەرمانی بە سەربازەکانی کرد ئابڵووقەیان بدەن.

کاتێ کە شازادەی بەرازەوان زانی کەوتۆتە ناو ئابڵووقە، بە پیاوەکانی خۆی گوت:



- ئێوە ڕاکەن. ئەگەر من دەستگیر بکەن گرنگ نییە!

شۆڕە سوارەکان بە خێرایی دوور کەوتنەوە. شازادە چەقۆی هەڵکێشاو برینێکی بچووکی لە بازووی خۆی کردو پێی گران کرد. سەربازەکان گرتیان و بردیانە لای پاشا.

پاشا هاتە پێشوازی و نێوچەوانی ئەسپەکەی ماچ کرد، ئینجا ئەویشی گرتە باوەش و تەوێڵی ماچ کردو گوتی:

- سەرا پای وڵاتی من هی تۆیە!

پاشا، لەو کاتەدا چاوی بە بازووی برینداری گە نجەکە کەوت. دەسماڵی خۆی دەرهێناو برینەکەی بەستەوە. بەڵام گە نجەکە، یەکەم دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و ڕکێبی لێداو وەکوو ( با ) و ( بروسك ) دووركەوتەوە.

کە شازادە ماوەیەکی باش دوور کەوتەوە. ئەسپی سپی بەرەڵاکرد. جل و بەرگی خۆی گۆڕی، بەرازەکانی کۆکردەوەو بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ.

کاتێ گەیشتەوە ماڵێ، لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەهات و سەرا پای شار ببووە چراخان. هەموو خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون و بە سەرکەوتنی خۆیان شادو کەیفخۆش بوون.

کچی گچکەی پاشا یەك سینی پڕ جۆرەها خواردن و خواردنەوەی هێنایە ماڵی گە نجەکە. ئەم جارە هەردووکیان دانیشتن و بە یەکەوە خواردنیان خوارد.

پاشا ئەو شەوە بۆ شاژنی باس کرد کە چ جۆرە سوارێکی سپیپۆش لەگەڵ سی سواری تر بەهانایەوە هاتن و دێوەکانیان لەناو برد. ئینجا

مەسەلەی دەستگیرکردنی سوارە سپییەکەو هێنانی بۆ لای خۆی و بەستنەوەی برینەکەی و ڕاکردنی کابرای بۆ شاژن گێڕایەوە.

شاژن، کە گوێی دابووە قسەکانی پاشا، زەردەخەنەی دەهاتێ. پاشا پرسی:

- بە چ پێدەکەنی؟

- دەزانی ئەو سوارە سپیپۆشە کێیە؟

- نەخێر، گوتم پێش ئەوەی لە ناونیشانی بپرسم، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و بە چاوتروکانێك لەبەر چاو بزر بوو.

شاژن گوتی:

- من دەیناسم. ئەوە گە نجە بەرازەوانەکەی خۆمانە.

- چی؟ ئەو بەرازەوانەی خۆمان؟ شتی وا نابێ.

- بەڵێ. ڕاستی ئەوەیە کە گوتم. دەتوانی سبەی سبەینێ لە دووی بنێری و ڕووداوەکەت بۆ دەربکەوێ.

پاشا هەر ئەو دەمە لەدوو بەرازەوانی نارد. سەیری بازووی کردو دەسماڵی خۆی لەسەر برینەکەی بینی. بە سەرسامی لە گە نجەکەی پرسی:

- ئەوە مەسەلە چییە؟

شازادە گوتی:

- کە کوڕە پاشابێ بە بەرازەوان و کوڕە وەزیر بەخۆی بڵێ کوڕە پاشا، کوڕە پاشای ڕاستەقینە ناچارە کاری سەیرو سەمەرە ئە نجام بدا. ئەگەر باوەڕ ناکەی. ئەوەی ناوی لە خۆی ناوە شازادە، لەدووی بنێرە بێتە ئێرە، دەبینی بازووبەندی زێڕی منی لە بازوودایە.



پاشا دەمو دەست لەدوو زاوای ئایندەی خۆی ناردو زانی بازووبەندەکەی لە ڕاستیدا هی (شازادەی بەرازەوان)ە.

دوای نەختێ، بە فەرمانی پاشا، میر غەزەب سەری گە نجە قۆڵبڕەکەی لە لەش جودا کردەوەو پاشا بازووبەندەکەی دایەوە شازادەی ڕاستی و گوتی:

- لە پاداشتی ئەو خزمەتەی بە منت کردووە، کچە گچکەی خۆمت دە قەبەر دەکەم، با ببێ بە هاوسەری تۆ.

ئاهەنگی زەماوەند حەفت ڕۆژو حەفت شەو بەردەوام بوو. ڕۆژی حەفتەم تاجی زەماوەندیان لەسەر سەری مێردە گە نجەکە دانا. پێنج ڕۆژ دوای زەماوەند، شازادە لەگەڵ هاوسەرەکەیا گەڕایەوە وڵاتی خۆی و زانی ئەو کاتەی ئەو لەوێ نەبووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە. بەم جۆرە، فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتە ئەستۆ.

خۆزگە چۆن ئەوان بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن، هەموو ئەوانەی لێرەشن ئاوها بە مرازی دڵی خۆیان بگەن.

www.pertwk.com

# 20-شاگردی چل دز

هەبوو نەبوو، لە ڕۆژگارێکا، وەرزێرێك هەبوو، ناوی (ئوهان) بوو، تەنیا یەك کوڕی هەبوو. ئەو کوڕەی نیشانەی نووری ڕزگاریی بە تەوێڵەوە دیار نەبوو! کوڕێکی تەمبەڵو بێعار بوو، بە کەڵکی هیچ ئیشێك نەدەهات! کاتێ کە باوکی بینی بە هیچ جۆرێ ناتوانێ کوڕەکەی بخاتە سەر کارو کاسبی، بڕیاریدا خۆی لە دەست ڕزگار بکا، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕەکە، کوڕی تاقانەی ماڵەوە بوو، کابرا بە هاوسەرەکەی خۆی گوت:

- حورمێ، من ئەو کوڕە دەبەمە شوێنێ بۆ ئەوەی فێری ئیشێك ببێ.

ژنەکە گوتی:

- حەز دەکەی بیبەیتە هەر کوێیەك، بیبە!

بەم جۆرە باوك‌و کوڕ کەوتنە ڕێ. کوڕەکە کاڵ‌و بێ ئەزموون بوو، هیچ نەیدەزانی حاڵ‌و مەسەلە چییە. باوك‌و کوڕ هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن، هەر خوا خۆی دەزانێ چەند ڕۆیشتن، ئاخیری گەیشتنە زەوییەکی ڕاستان کە بۆ کشت‌وکاڵ زۆر لەبار بوو. دوو سێ خانووی لێ بوو، کوڕەکە کە چاوی بە خانووەکان کەوت گوتی:

- باش بوو! شەو دەتوانین لێرە بمێنینەوە!



کوڕەی بەسەزمان نەیدەزانی ئەو شوێنە چ شوێنێکە! بە هەر حاڵ، ئوهان‌و کوڕەکەی ڕوویان کردە ماڵێك، چل دز لەبەر دەرگای ماڵەکە دانیشتبوون، دزەکان گوتیان:

- تۆ وەرە سەیری ئە دونیایە بکە!! ئێمە لە چیاو گەلییان بە دوای نێچیردا دەگەڕاین، کەچی ئێستا وا نێچیر بە پێی خۆی بۆمان هاتووە!

دزەکان ڕوویان کردە باوك‌و کوڕەکەو پرسیان:

- ئێوە کێن؟ و چ کارەن؟

ئوهان گوتی:

- من کوڕەکەمم هێناوەتەلای ئێوە، بۆ ئەوەی فێری پیشەکەی ئێوە ببێ.

چل دزەکان گوتیان:

- بەلای تۆوە ئێمە پیشەمان چییە، دەتەوێ کوڕەکەت فێری ببێ؟

ئوهان گوتی:

- ئێوە پیشەتان چییە، ئەمە پەیوەندی بە منەوە نییە. گرنگ ئەوەیە بەو پیشەیە بژێوی خۆتان پەیدا دەکەن. ڕوخسەت بدەن کوڕەکەی منیش هەمان ئیش بکات.

دزەکان وەڵامیان دایەوە:

- زۆر باشە، پیرەمێرد! ئەمشەو لێرە بمێنەوەو سبەی بەیانی کوڕەکەت لای ئێمەمانان جێ بێڵەو خۆت بڕۆ. کە فێری پیشەی ئێمە بوو، خۆمان بۆتی دێنینەوە.

سبەینێ بەیانی، کە پیرەمێردەکە ڕۆیشت، دزەکان گۆزەیەکیان دایە دەست گەنجەکەو گوتیان:

www.pertwk.com

– کانیاوێك لەم دەوروبەرە هەیە. برۆ ئەم گۆزەیە پڕ ئاو کەو بیهێنە.

گەنجەکە دەستی دایە گۆزەکەو چووە سەر کانییەکەو گۆزەکەی لە ئاو نقووم کرد بۆ ئەوەی پڕ ببێ، بەڵام کە ویستی لەناو ئاودا دەری بێنێ، دیتی دەرنایە! جارێکی تر هەوڵی دا، ئەم جارە، گۆزەکە نەختێ لەناو ئاو هاتە دەرەوە. دەستێکی سپی وەك بەفر، توند بە دەسکی گۆزەکەوە چەسپابوو!

گەنجەکە بە دەستێ گۆزەکەی گرتو بە دەستەکەی تری ئەو دەستەی گرتو هەوڵیدا هەردووکیان لە ئاو بێنێتە دەرەوە. خاوەنی دەستەکە هاواری کردو یەك جامی زێڕی لە دەست گەنجەکە نا بۆ ئەوەی ئازادی بکا. کوڕی ئوهان دەستەکەی ئازاد کردو گۆزەکەی لە ئاو دەرهێنا. ئینجا جامەکەی لەناو ئاو شووشت. جامەکە یەکەم جار پیس بوو، بەڵام کە کوڕەکە شووشتی، دیتی زێڕی سافە. لەبن کراسی شاردییەوەو گۆزەی پڕ ئاوی بردەوە ماڵی دزەکان. دزەکان هیچ چاوەڕێیان نەدەکرد بگەڕێتەوەو کە دیتیان گەڕاوەتەوە، زۆر سەرسام بوون و پرسیان:

– گۆزەکەت لە کوێ پڕ ئاو کرد؟

( دزەکان بۆیە سەرسام بوون، چونکە هەر کەسێکیان ناردبووە سەر ئەو کانییە ئاو بێنێ، کەوتبووە ناو ئاوەکەو خنکابوو! )

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

– لەو کانییەی کە لەو نزیکانەیە. گۆزەکەم لە ئاو نقووم کرد، بەڵام کە ویستم دەری بێنم، دەر نەهات. قایمتر ڕامکێشا، دیتم دەستێکی سپی وەك بەفر لەناو ئاوەکە هاتە دەرەوە! دەستەکە توند بە دەسکی گۆزەکەوە



چەسپابوو. من بە هەردوو دەستەکانم دەستەکەو گۆزەکەم گرتو هەوڵمدا هەردووکیان لەناو ئاو بێنمە دەرەوە. خاوەنی دەستەکە، خۆی لە ژێر ئاوەوە بوو، دەستەکەی تری بردە باخەڵیو جامێکی دەرهێناو دایە من. منیش دەستم بەردا. جامەکەش ئەوەتا. سەیرکەن چۆن دەبریقێتەوە!

گەنجەکە جامەکەی لە ژێر کراسی دەرهێناو نیشانی دزەکانیدا. دزەکان جامەکەیان وەرگرتو باش لێی وردبوونەوە. کە دڵنیا بوون زێڕی سافە، لە خەنی خۆشییان لە پێستەی خۆیان نەدەحەوانەوە. گەنجەکەیان گرتە باوەشو گوتیان:

– ئەم جامە زۆر بەنرخە! گەنجۆ، هونەرێکی باشت نواندووە!

ئینجا سەر دەستەی دزەکان ڕووی کردە هاوڕێکانیو گوتی:

– منداڵینە! ئیتر لەمەو دوا ئێمە ئیشمان دزیو جەردەیی نییە! ئەم جامە دەفرۆشینو بە پارەکەی دەژین. ئەسپەکەم زین بکەن، من دەچمە شارو ئەم جامە زێڕە دەفرۆشمو دێمەوە ئێرە، پارەکە بە یەکسانی لەنێو خۆمان دابەش دەکەین. هەر کەسە بەشی خۆی وەردەگرێو دەگەڕێتەوە سەر ماڵو ژیانی خۆی!

سەر دەستەی دزەکان سواری ئەسپ بوو و بەرەو شار کەوتە ڕێ. لەشار چووە دوکانی سەڕڕافێكو داوای کرد جامەکە بە پارەی هیشکە بگۆڕێتەوە.

سەڕڕافەکە گوتی:

– ئەم ئیشە لە توانای مندا نییە. بای ئەوە پارەم نییە. تەنیا یەك کەس ئەوەندە پارەی هەیە، ئەویش (( سەڕڕافی جوولەکە ))ە.

www.pertwk.com

سەرۆکی دزەکان جامەکەی بردە لای سەڕڕافی جوولەکە. جوولەکە جامەکەی وەرگرت و بە باشی لێی ورد بووەوە. ماوەیەك لەناو دوکانەکەی هات و چۆی کردو ئاخیری گوتی:

- وا چاکە ئەم جامە ببەینە لای پاشا. پاشا دەبێ نرخی لەسەر دابنێ. ئەو چی گوت وا دەکەین.

دزەکە و جوولەکەکە چوونە لای پاشا. جوولەکەکە گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، ئەو ساڵەی دوکانەکەی منیان بڕی، ئەم جامەشیان دزی بوو. ئێستا ئەو پیاوە هاتۆتە لای من و دەیەوێ جامەکە بفرۆشێتەوە خۆم. ئێوە خۆتان دادوەریمان بکەن. داوا دەکەم ئەمر بکەن جامەکەم بداتەوە.

پاشا لە سەردەستەی دزانی پرسی:

- ئەم جامەت لەکوێ هێناوە؟

دزەکە گوتی:

- خوا تەمەنی پاشا درێژ بکا! ئێمە شاگردێکمان هەیە، ئەو ئەم جامەی پەیا کردووە.

پاشا پرسی:

- ئێوە ئیشتان چییە، کە شاگردتان هەیە؟ ڕاستی بڵێ، نەوەك ئەمر دەکەم سەرت لەلەشت جودا بکەنەوە!

دزەکە گوتی:

- ڕاستت دەوێ ئێمە دزین. چل نەفەرین. بەو دواییە کوڕێکمان بە شاگردی قبووڵ کرد. ئەو ئەم جامەی بۆ ئێمە هێنا.

پاشا فەرمانیدا، سی و نۆ دزەکەی دی و شاگردەکەیان بێننە حزوور.

شاگرد، یەکسەر کە گەیشتە حزوور پاشا، بیرێکی بە مێشکدا هات.

چووە پێش و حەفت جار ئیکلامی کێشاو گوتی:



- خوا تەمەنی پاشا هەر درێژ بکا! من جامەکەم پەیدا کردووە. ئەگەر یازدە جامی تری وەکوو ئەوەتان بۆ بێنم، باوەڕ دەکەن کە ئەو سەڕڕافە جوولەکەیە درۆ دەکا؟ ئەو کاتە ئەمر بکەن ئەم جوولەکە شار بەدەر بکەن، ئەگەر نەشم هێنا ئەمر بکەن لە سەری من و هەر چل برادەرەکەم بدەن!

پاشا قبووڵی کرد و دەستووری دا چل دزەکە بخەنە زیندان، بەڵام شاگردەکە ئازاد بکەن بۆ ئەوەی بچێ، یازدە جامی تر بێنێ!

گەنجەکە سواری ئەسپی سەردەستەکە بوو، دەستی دایە جامەکە و کەوتەڕێ. هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕێی بڕی تا ئاخیری گەیشتە شارێك، پایتەختی ولاتێکی دی بوو. لەو شارە چووە بەر دەرگای ماڵێك و چووە ژوورەوە. دیتی ژنێکی زۆر پیر دانیشتبوو. پیرەژن برۆکانی ئەوەندە درێژو تێکچڕژاو بوون، ئەگەر کێچێ یان مەگەسێ لەسەر برۆکانی بنیشتایە، کە پیرەژن ڕووی گرژ دەکرد، مەگەسی بێچارە پارچە پارچە دەبوو!

گەنجەکە لە پیرەژنی پرسی:

- دایە گەورە! بۆچی وا ڕووت گرژ کردووە؟

پیرەژن گوتی:

- ئاخ! چ جۆرە پرسیارێ دەکەی! وس بە و نانی خۆت بخۆ.

گەنجەکە گوتی:

- توخوا پێم بڵێ بۆچی وا ڕووت گرژ کردووە. بەڵکو بتوانم یارمەتییەکت بدەم. بەڵکوڕێگایەك بدۆزمەوە خەم و خەفەتت کەم بێتەوە.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- نەخێر، کوڕم، نابێ! زۆر گەنجی وەکوو تۆ چوون بۆ ئەوەی چارەیەك بدۆزنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە.

کوڕەکە گوتی:

- دایە گەورە، بڵێ گیر و گرفتەکە چییە؟

- پاشاکەمان کوڕێکی زۆر کۆك و بە توانای هەبوو، بەڵام لە پڕ مەرگ گەیشتە سەری. ئەو کوڕە بە ڕۆژ لەناو گۆڕدایە، بەڵام بە شەو، شتێ دێ، گۆڕەکەی شەق دەکاو دەری دێنێ. بەڵێ، هەموو ڕۆژێ ئەو کوڕە بەکفنی دڕاوەوە لە تەنیشت گۆڕەکەی کەوتووەو دووبارە کفنی دەکەینەوەو دووبارە بە خاکی دەسپێرین.

گەنجەکە دەستی لە خواردن کێشایەوەو گوتی:

- باشە، دایە گەورە! خواردنەکە بە زیاد کە، من تێر بووم.

پیرەژن گوتی:

- کوڕم، بۆچی خواردنەکەت نەخوارد.

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

- تێرم خوارد. خواردن لە گەرووم ناچێتە خوارێ. وەرە لەگەڵم بچینە لای پاشا. من دەمەوێ پاسەوانی گۆڕی کوڕەکەی بکەم. لێ ناگەڕێم هیچ کەس لەناو گۆڕ دەری بێنێ و کفنی پارچە پارچە بکا. ئەگەر نەمتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەم، با پاشا لە سەرم بدا.

پیرەژن گەنجەکەی بردە لای پاشاو پێی گوت چ داخوازییەکی هەیە.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە، من لاریم نییە. با بچێ پاسەوانیی گۆڕەکە بکا.

گەنجەکە ئەو شەوە لە نزیك گۆڕی شازادە، خۆی لە جێیەك شاردەوەو چاوەڕێی کرد. بوو بەنیوە شەو، سێ باڵندە بەفڕین هاتن و لەسەر گۆڕی



شازادە نیشتن. دوای نەختێ، پەڕەکانیان لەبەر کردەوەو بوون بە سێ کچی بەربەختی جوان.

یەکێکیان گوتی:

- یەکەم جار نەختێ خواردن دەخۆین، ئینجا شازادە لەناو گۆڕ دێنینە دەرێ و دیسان خواردن دەخۆین.

یەکێکی تر گوتی:

- ماڵت خراپ بێ! گەنجێ بەو جوانی و توانایە لە ژێر خاکە و تۆ دەتەوێ خواردن بخۆی؟ خواردن لە گەرووت دەچێتە خوارێ؟

یەکێ لە پەرییەکان سفرەی پان کردەوەو داردەستێکی ئەرخەوانی بە دەستەوە بوو، بە داردەستەکە لەسفرەکەی داو گوتی:

- سفرە، پان بەوە!

سفرەکە خۆی لە خۆیەوە پان بووەوەو یەکسەر نان و گۆشت و قاپ و پەرداخ و چەقۆو چەنگاڵ و کەوچکی لەسەر ڕیز بوو.

ئینجا پەرییەکان چوونە سەر گۆڕەکە و بە هەمان داردەستی ئەرخەوانی زەبرێکیان لە بەردی گۆڕەکەدا و گوتیان:

- بەردەکە! لاکەوە!

بەردەکە لا کەوت. پەرییەکان گوتیان:

- خۆڵەکە، لا کەوە.

خۆڵەکە یەکسەر شەقی بردو پەرییەکان جەنازەی شازادەیان لە خاك ڕاکێشایە دەرێ. لەسەر زەوی خەواندیان و بە داردەستە ئەرخەوانییەکە زەبرێکیان لێدا. شازادە زیندوو بووەوەو لە شوێنی خۆی هەستایەوە.

پەرییەکان بەرگێکی جوانیان کردە بەرو لەسەر سفرەکە دایاننا و دەستیان بە خواردن کرد.

گەنجەکە دیتی هەر سێ پەری لە تەنیشت یەکترو ڕووبەڕووی شازادە دانیشتوون، لە دڵی خۆیدا گوتی:

( ئەگەر تیرێکیان تێ بگرم، مەترسی بۆ شازادە تێدا نییە! )

گەنجەکە تیرێکی لە پەرییەکان گرت. تیرەکە بە تەنیشتیاندا تێپەڕی و زۆر تووشی حەپەسانی کردن. پەرییەکان بە پەلە پەرەکانی خۆیان کردەوە بەرو فڕین و دوور کەوتنەوە. بەڵام سفرەو داردەستە ئەرخەوانییەکەیان لەوێ لێ بەجێما.

شاگردی دزەکان لە شازادە چووە پێش و گوتی:

- شەو باش، شازادە! من یەکێکم لە پاسەوانانی باوکت. وەرە بە یەکەوە نان بخۆین.

گەنجەکە و شازادە بە یەکەوە خواردنیان خوارد. ئینجا گەنجەکە گوتی:

- ئێستا دەبێ بتبەمەوە ناو گۆڕ.

شازادە بە نارەحەتی گوتی:

- بەڵام من تازە ئازاد بووم! وەرە بچینەوە ناو کۆشك و سەرای خۆمان.

- نە ء، ئێوە ئەمشەو دەبێ لەناو گۆڕی خۆتان بمێننەوە.

شاگردی چل دزەکان سفرەکەی لە کەمەری خۆی بەست و داردەستە ئەرخەوانییەکەی هەڵگرت. لەو ساتەدا چاوی بە ئەنگوستیلەیەك کەوت لەسەر زەوی کەوتبوو، ئەویشی هەڵگرتەوەو لە پەنجەی خۆی کردو پاشان بە شازادەی گوت:

- ئێوە بگەڕێنەوە ناو گۆڕی خۆتان.

شازادە چووە ناو گۆڕو گەنجەکە بە داردەستە ئەرخەوانییەکە زەبرێکی لە بەردی گۆڕەکەدا. هەموو شتێ وەکوو جارانی لێهاتەوە.



کە بوو بە بەیانی، فەرمانبەرانی پاشا هاتنە سەر ئارامگای شازادەو دیتیان هەموو شتێ وەکوو خۆیەتی و جەنازەکە لەناو گۆڕ نەهێنراوەتە دەرەوە. وەزیری پاشا چووە لای پاشاو گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! چاوتان ڕون! دوێ شەو کوڕەکەتان دەستی لێنەدراوە.

پاشا دەستووریدا گەنجەکەیان هینایە حزووری و گوتی:

- چۆن توانیت پارێزگاری گۆڕی کوڕەکەم بکەی؟

- بڵێن، با شاژنیش بێ. پێتان نیشان دەدەم.

پاشاو شاژن و وەزیر چوونە سەر ئارامگای شازادە. گەنجەکە گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، هەر وەکوو دەبینی گۆڕەکە دەستی پێ نەکەوتووە. ئەگەر من کوڕەکەتان بە ساغ و سەلامەتی بۆ بێنمەوە، چیم دەدەنێ؟

پاشا گوتی:

- هەر ئارەزوویەکت هەبێ بۆت دێنمە دی!

گەنجەکە جامە زێڕەکەی دەرهێناو بە پاشای گوت:

- یازدە جامی وەکوو ئەم جامەم دەوێ. چل هاوڕێم لەبەر ئەم جامە کەوتوونەتە زیندان.

پاشا گوتی:

- بەڵام من جامی وەکوو ئەمەم نییە. داوای کچەکەمم لێ بکە، دەیدەم! داوای خەزێنەکەمم لێ بکە، دەیدەم! داوای شاریکم لێ بکە دەیدەم! بەڵام شتێکم نەبێ، ناتوانم بیدەم.

گەنجەکە گوتی:

- من لەوە زیاتر پێویستم بە هیچ شتێکی تر نییە.

پاشان گەنجەكە بە داردەستە جادووبەندەكەی زەبرێكی لە بەردی گۆڕەكە داو فەرمانیدا بەردەكە لا بكەوێ و خۆڵەكە شەق بەرێ. ئینجا هەموو ئەو كارانەی پەرییەكان ئەنجامیان داو ئەو تەماشای دەكردن، موو بە موو ئەنجامی داو شازادەی گەڕاندەوە جیهانی زیندووان.

یەكسەر كە شازادە زیندوو بووەوە، گەنجەكە سواری ئەسپی خۆی بوو و كەوتە ڕێ. ڕۆیشت و ڕۆیشت، هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕێی بڕیبوو. كە گەیشتە شارێكی گەورە. ئەم شارەیش پایتەختی پاشایەك بوو.

گەنجەكە چووە ماڵێك و دیتی خانەخوێ بڕۆكانی وێك هاتوونەتەوە و ئەژنۆی غەمی گرتۆتە باوەش. كە خانەخوێكە چاوی پێكەوت، گوتی:

- بەخێر هاتی! خێرو بەرەكەتت هێنا! بەڵام شەرمەزارم كە ناتوانم پێشوازیت لێ بكەم. تەنانەت یەك پاروو نان لە سەرا پای شار دەست ناكەوێ.

گەنجەكە گوتی:

- خەمت نەبێ! من خواردنی خۆم پێیە. تۆش دەتوانی لە گەڵم بخۆی.

گەنجەكە سفرەی جادوویی دەرهێنا و بە داردەستەكەی خۆی زەبرێكی لێدا. سفرەكە پان بووەوە. گەنجەكە بە خانە خوێكەی گوت:

- بانگی منداڵەكانت بكە بێن خواردن بخۆن.

منداڵەكان هاتن و دەستیان بە خواردن كرد. كە هەموو دەستیان لە خواردن كێشایەوە، گەنجەكە پرسی:

- ئەوە چ قەوماوە نان لەم شارە دەست ناكەوێ؟ ئێوە زەویتان نییە گەنم بچێنن؟



كابرا گوتی:

- نەخێر، برا، لێرە زەوی كشتوكاڵی هەر نییە.

- ئەی خواردنتان لەكوێ دەستەبەر دەكەن؟

- كەشتی خواردنمان بۆ دێنێ.

- هەڵبەت دیارە كەشتی شتێكی بەسەر هاتووە، وا نییە؟

كابرا بە داخ و كەسەرەوە سەری باداو گوتی:

- بەڵێ! هەر كەشتییەكی گەنم و ئاردمان بۆ دێنێ، كاتێ كە لەكەنار نزیك دەكەوێتەوە، دەستێك لە ئاو دێتە دەرەوەو كەشتییەكە ڕادەكێشێتە ژێر ئاو. نازانین چ لەگەڵ ئەو دەستە بكەین!

گەنجەكە گوتی:

- ئەگەر من بچم كەشتییەكە بێنمە سەر كەنارو شارەكەتان پڕ خواردن بكەم، پاشاكەتان ئارەزووی من دێنێتە دی؟

- بەڵێ، هەر ئارەزوویەكت هەبێ دەیهێنێتە دی. تۆ بەس زار لێك بكەوە.

هەردووكیان هەستان و چوونە لای پاشا. گەنجەكە لە پاشای پرسی:

- ئەگەر من كارێكی وا بكەم كەشتییەكان بە سەلامەتی بگەنە سەر كەنار، چم دەدەیتێ؟

پاشا گوتی:

- هەر شتێكی ئارەزوو بكەی، بۆت دێنمە دی!

گەنجەكە، سواری بەلەمێكی بچووك بوو و بە سەوڵ لێدان بەرەو كەشتییەكان كەوتە ڕێ.

www.pertwk.com

چل کەشتی پڕ ئارد سنگی ئاویان شەق دەکرد و لە کەناری دەریا نزیك دەکەوتنەوە. گە نجەکە لە پڕ دیتی دەستێك لەناو ئاوی کەفاوی دەریا هاتە دەرەوە، دەستبەندێکی سپی لە مەچەکی دەستی بەستبوو. گە نجەکە توند دەستبەندەکەی گرت و ڕایکێشا. دەستبەندەکە لەدەستەکە دەرهات و بەدەست گە نجەکەوە مایەوە. دەستەکە یەکسەر لەبنی دەریادا بزر بوو. کەشتییەکان بە سەلامەتی لەنگەریان گرت و بارەکانیان بەتاڵ کرد. بەم جۆرە شار پڕ خواردن بوو.

شاگردی چل دزان، چووە دیدەنی پاشا و گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! ئێستا ئارەزووی من بێنە دی، چونکە دەبێ بڕۆم!

پاشا گوتی:

- فەرموو بڵێ چ ئارەزوویەکت هەیە؟

گە نجەکە جامە زێڕەکەی بە پاشا پێشان داو گوتی:

- یازدە جامی وەکوو ئەم جامەم دەوێ.

پاشا گوتی:

- هاوڕێم! ئەم جامە هەموو ولاَتی من دێنێ. من چۆن یازدە جامی وەکوو ئەمەت بدەمێ؟ ئەگەر کچی منت بوێ دەیدەم! ئەگەر ئەم شارەت بوێ، دەیدەم! هەموو ولاَتی منت بوێ، دەیدەم! بەلاَم کە شتێکم نەبێ، ناتوانم بیدەم.

گە نجەکە گوتی:



- من پێویستم بە هیچ شتێکی تر نییە. چل هاوڕێم لە زیندان ڕەنج دەکێشن تا یازدە جامی وەکوو ئەمە پەیدا نەکەم و ئەوان ئازاد نەکەم، ئۆقرەو هەدادانم نییە.

پاشا گوتی:

- ئێستا مادام وایە، من قسە لەگەڵ کەشتیوانەکەی خۆم دەکەم، بزانم داخۆ دەتوانێ یارمەتیت بدا، یان نا؟ سبەی بەیانی وەلاَمەکەت پێ دەڵێم.

شا لەدوو کەشتیوانی بەسالاَچوویدا نارد و لێی پرسی:

- شوێنی نان خواردنی کچەکانی شای پەریان پێ دەزانی؟

کەشتیوانەکە گوتی:

- بەڵێ، پێ دەزانم.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە. دەمەوێ ئەوێ پێشانی ئەو گە نجە بدەی کە هاتۆتە کۆشکی من.

ئینجا پاشا لەدوو گە نجەکەی ناردو گوتی:

- ئەم کەشتیوانە تۆ دەباتە شوێنی نا نخواردنی کچەکانی شای پەرییان . ئەو جامانەی تۆ دەتەوێ لەوێ دەستت دەکەوێ.

شاگردی چل دزەکان ئەسپی خۆی لای پاشا بەجێ هێشت و سواری کەشتی بوو. حەفت ڕۆژو حەفت شەو بە دەریادا هاژوایان تا گەیشتنە کەنارێکی دوورە دەست. کەشتیوانەکە لەوێ لەنگەری خست.

www.pertwk.com

باڵەخانەیەك دیار بوو. ئەوەندە لە كەنارەوە دوور نەبوو، دەرگایەكی ئاسنی بچووكی هەبوو.

كەشتیوانەكە گوتی:

- دەتوانی لێرە كچەكانی شای پەرییان ببینی، كەی دەتەوێ بە كەشتی بگەڕێیتەوە، بۆ ئەوەی بێم بتبەمەوە؟

گەنجەكە گوتی:

- پانزە ڕۆژی تر.

گەنجەكە چووە كەناری دەریا، كە گەیشتە ماڵەكە، لە دەرگای داو چووە ژوورەوە. پیرەمێردێكی ڕیش چەرمووی بینی قۆڵی هەڵكردبوو، خەریك بوو خواردنی دروست دەكرد.

گەنجەكە گوتی:

- سەلام، بابە گەورە! ماندوو نەبی! هەر ساخ و سەلامەت بی!

- سەلام و سەد سەلام، هەر بژی، كوڕەكەم!

پیرەمێرد ڕوخساری ئەوەندە دڵكێش بوو، گەنجەكە نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێ. پیرەمێردەكە بە گەنجەكەی گوت:

- تا ئێستا هیچ بنیادەمێ، یان باڵدارێ، یان خشۆكێ، پێی بێرە نەكەوتووە، ئەوە تۆ چۆن هاتیتە ئێرە؟

گەنجەكە گوتی:

- بابە گەورە! دەمەویست تۆ ببینم. شەوقی دیداری تۆ منی ڕاكێشایە ئێرە.

پیرەمێرد گوتی:



- بیستنی ئەم جۆرە قسانە، پیاو كەیفخۆش دەكا. خۆت لەژێر ئەم لێف و چەرچەفانە بشارەوە. ئێستا پەرییەكان دێنە ئێرە. ئەگەر بتبینن ئەزیەتت دەدەن و كەمتەرخەمیش هەر لەخۆتەوەیە!

گەنجەكە خۆی شاردەوەو لەژێر لێف و چەرچەفەكان متەقی لە خۆی بڕی. ئەوەندەی پێ نەچوو، كچەكانی شای پەریان هاتنەوە و گوتیان:

- سەیرە! بۆنی بنیادەم دێ.

پیرەمێرد، هەر بەو جۆرەی كە خەریكی ئاشپەزی بوو، گوتی:

- ماڵ ئاوەدانینە! من بنیادەمم، ئەوە بۆنی منە!

پەرییەكان گوتیان:

- نە، بۆنی بێگانان دێ!

بەڵام كەس لێرە نییە، دەتوانن بۆ خۆتان تەماشا بكەن.

- زۆر باشە، ئەگەر خواردن ئامادەیە، هەر ئێستا دە یخۆین.

پیرەمێرد مێزی ڕازاندەوەو هەر سێ خوشك لە دەوری مێزەكە دانیشتن.

لەو كاتەدا پێش خزمەتی شای پەرییان هات و ڕوخسەتی هاتنە ژوورەوەی خواست. نامەیەكی بەدەستەوە بوو، پەرییەكان گوتیان:

- سەبركە! دوای خواردن، نامەكە دەخوێنینەوە.

لەكاتی نان خواردن، ئەو پەرییەی لە هەموویان گەورەتر بوو، شەرابی بۆ خۆی و بۆ ئەوانی دی تێكرد و گوتی:

- من ئەم جامە بە شانازی یەك كەس دەخۆمەوە. بە شانازی ئەو گەنجەی هاتە سەر كانییەكەی من بۆ ئەوەی گۆزە ئاوێك بباو ئەو كانییەی چل دز ماوەی حەفت ساڵ بوو نەیانتوانیبوو یەك دڵۆپە ئاوی لێ بخۆنەوە. بەڵام ئەو گەنجە گۆزەكەی پڕ ئاو كرد و دەستی ڕاكێشام،

www.pertwk.com

ناچار بووم بۆ نەجاتدانی خۆم یەك جامی ژێرم دایە. هەر بژی شاگردی زرنگ!

سێ خوشکەکە جامەکانیان هەڵقوڕاند.

خوشکی دووەم پێکەنی و گوتی:

- منیش دەبێ بە شانازی یەك کەس بخۆمەوە.

هەر سێ جامە شەرابیان دووبارە پڕ کردەوە و خوشکی دووەم گوتی:

- بەڵێ! من بە شانازی ئەو گەنجە دەخۆمەوە کە سفرە و داردەستی منی ڕفاندو مردووەکەی منی لە گۆڕ دەرهێناو زیندووی کردەوە. هەر بژی شاگردی زرنگ!

جامەکانیان دووبارە هەڵقوڕاند.

خوشکی سێیەم پێکەنی و گوتی:

- منیش بە شانازی ئەو گەنجە دەخۆمەوە کە مەچەکی منی گرت و دەستبەندەکەی بردمو چل کەشتی پڕ ئاردی لێ ڕفاندم. هەر بژی شاگردی زرنگ!

پیرەمێرد، یەکسەر زانی چ جۆرە کەسێکی حەشار داوە، بۆیە ڕووی کردە سێ پەرییەکەو گوتی:

- ئەگەر ئەو گەنجەی دڵی لێ سەندوون، لێرەبێ، چی پێ دەدەن؟

هەرسێ خوشك بە یەکەوە گوتیان:

- هەرچی بیەوێ دەیدەینێ!

لەو کاتەدا، گەنجەکە لەبن چەرچەفەکان هاتە دەرەوە و لە بەرامبەر پەرییەکان ڕاوەستا.

- دروودو سڵاو، پەری میهرەبانینە!



پەرییەکان لە سەرسامییان دەمیان بەش بووەوە، کە هاتنەوە سەر خۆیان، گوتیان:

- وەرە دانیشە، خواردنمان لەگەڵ بخۆ!

هەموو دانیشتن و خواردنیان خوارد. کە لەخواردن بوونەوە، پێش خزمەتەکە هاتە ژوورەوە، ئەو نامەیەی پێی بوو دایە کچە هەرە گەورەکە و خۆیشی دەست لەسەر سینگ چاوەڕێی کرد.

پەری نامەکەی کردەوەو خوێندییەوەو فرمێسکی لە چاوان قەتیس ما.

خوشکی دووەم نامەکەی لێوەرگرت و خوێندییەوەو فرمێسکی لە چاو هاتە خوارێ. خوشکی سێیەم نامەکەی وەرگرت و خوێندییەوەو دەستی بەگریان کرد.

گەنجەکە پرسی:

- ئەوە نامەکە چی تێدا نووسراوە، ئێوە ئاوها ناڕەحەت بوون؟

خوشکەکان پرسیان بە یەکدی کرد.

- ئەری پێی بڵێین؟

ئاخیری، بڕیاریان دا بەسەرهاتەکە بۆ گەنجەکە باس بکەن.

خوشکی گەورەتری چوو وێنەیەکی لەناو دۆلابێك دەرهێناو دایە دەست گەنجەکەو گوتی:

- ئێمە برایەکمان هەیە، حەفت ساڵە بە دەستی غوولێك دیل بووە ناوی عزرائیلەو تا ئێستا نەمانتوانیوە ئازادی بکەین. ئەگەر تۆ بتوانی ئازادی بکەی، هەرچی بتەوێ دەتدەینێ.

گەنجەکە گوتی:

- من ئازادی دەکەم.

www.pertwk.com

یەکێ لە پەرییەکان گوتی:

- راستی ئەوەیە تۆ دەتوانی کاری وا بکەی کە بەبنیادەمی تر ناکرێ.

گەنجەکە گوتی:

- ئەی چارەنووسی ئەو چل نەفەرەی لە زینداندان بە چ دەگا؟ ئەوان چۆن ئازاد دەبن؟

پەری گوتی:

- هەر رۆژێ تۆ بتەوێ، ئێمە دەتوانین لە بەینی فراوین و شێواندا بتبەینە لای ئەوان.

- بەلام تەنیا دیدەنی ئەوان بەس نییە. من پێویستم بە یازدە جامە بۆ ئەوەی ئازادیان بکەم.

- ئێمە لەباتی یازدە جام، بیست جام دەدەین! باشە؟

گەنجەکە گوتی:

- زۆر باشە! بەلام دەبێ یەکەم جار باوکتان ببینم.

هەموو پێکەوە چوونە لای پاشا. گەنجەکە حەفت جار لە بەردەم پاشادا ئیکلامی کێشا و ئینجا دەست لەسەر سینگ چاوەڕێی کرد.

شای پەرییان لە کچەکانی پرسی:

- کچینە! ئەم بنیادەمەی لەگەڵ خۆتان هێناوە، کێیە؟

- بنیادەمێکە دەتوانێ براکەمان ئازاد بکا.

پاشا گوتی:

- چی؟ دەتوانێ کوڕەکەی من ئازاد بکا؟

پاشا سەرنجی بڕییە گەنجەکە و پرسی:

- تۆ دەتوانی کوڕەکەی من ئازاد بکەی؟

- بە پشتیوانی خوا ئازادی دەکەم.



پاشا گوتی:

- زۆر باشە، بابزانم چ دەکەی! تۆ تا ئێستا چ جار عزرائیلت دیوە؟

- نەخێر، قوربان.

- دەبێ لە هەموو لاوە ئامادەبی رووبەرووی بیتەوە. پێویستت بە چ هەیە؟

گەنجەکە گوتی:

- رۆخسەت بدە بچمە تەویلەی ئەسپان و هەر ئەسپێکم دەوێ بیبەم. شمشێری خۆشتانم بدەنێ بۆ ئەوەی لە کەمەرم ببەستم. پێویستم بە گورزو تیرو کەوانیشە.

شای پەرییان گوتی:

- هەر کاتێ بتەوێ، ئەمانەت دەدەمێ، پێویستت بە شتی تر نییە؟

- دەبێ رێبەرێکیش ئەو چیایەم پێشان بدا کە غوولەکەی تێدا دەژی.

- پاشا گوتی:

- زۆر باشە! خوات لەگەڵ. ئێمە بە پەرۆشەوە چاوەڕێین، بزانین، تۆ چ دەکەی؟

گەنجەکە چووە تەویلەی پاشا و ئەسپێکی بێ وێنەی دەستنیشانکرد. ئەسپێ بوو هەرگیز رووی رۆژی نەدیبوو، بەلام لەگەڵ ئەستێران سەمای کردبوو!

ئینجا شمشێری پاشای لە کەمەر بەست و تیرو کەوانی لە ملی کرد و دەستی دایە گورزێک و بە سواری ئەسپ گەڕایەوە لای پاشا. لەدەرەوەی تەلاری کۆشک وەستا. ئەسپەکەی حیلەیەکی کرد و پاشا هاتە دەرەوە. کاتێ کە گەنجەکەی دی بەم جۆرە تەیارو ئامادەیە، دڵی لەرزی و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ( دڵنیام ئەم بنیادەمە سەگبابە کوڕەکەمم بۆ دێنێتەوە! )

گەنجەکە گوتی:

- بە دەرگەوانەکەتان بڵێن سواری ئەسپەکەی بێ، تا زوو بەزوو بەڕێکەوین.

دەرگەوان سواری ئەسپەکەی خۆی بوو و بە پێش گەنجەکە کەوتو ڕۆیشت. هەر ڕۆیشتن، ڕۆیشتن، هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕۆیشتن، گەیشتنە چیای جانجەواز. دەرگەوان لە دامێنی چیا وەستاو گوتی:

- من ڕوخسەتم نییە لێرە زیاتر بێم.

گەنجەکە گوتی:

- زۆر باشە. تۆ بگەڕێوە. خوات لەگەڵ!

گەنجەکە لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو، بەسەر چیاکەدا هەڵگەڕا تا گەیشتنە چەند بینایەکی سەر لە ئاسمان. دەنگی گفتوگۆیەکی هێدی لە بیناکانەوە دەهات.

گەنجەکە هاواری کرد:

- هۆ هۆ! وەرنە دەرەوە! وەرنە دەرەوە! هاتووم خوێن بڕێژم!

دوو قوڵە ڕەشی تۆکمەو بەهێز دەرکەوتن و گوتیان:

- تۆ کێی؟

- من هاتووم خوێن بڕێژم!

دوو قوڵە ڕەشەکە هاتن و ڕێیان پێ گرت و لە دڵی خۆیاندا گوتیان:

- ( ئەم گەنجە کێیە دەیەوێ خەوی ئاغا بزڕێنێ )

کاتێ کە گەنجەکە بینی دوو قوڵە ڕەشەکە ڕێیان پێ گرتووە. شمشێری لە کالان دەرکێشاو بەیەك زەبر سەری هەردووکیانی بڕی. ئینجا



لە ئەسپ دابەزی. سەرەکانی هەڵگرتنەوەو ڕایوەشاندنە پەنجەرەی یەکێ لە بینایەکان. غوولەکە لە خەو بەخەبەر هات و هاتە دەرەوە. گەنجێکی بینی هاوار دەکاو داوای زۆرانبازی دەکا.

غوولەکە ئەسپی خۆی زین کرد. سوار بوو و بۆلای گەنجەکە هاژوای. گەنجەکەش بە سواری ئەسپەکەی خۆی، لە مەیدان چاوەڕوانی ئەمی دەکرد. غوولەکە بە دەنگێکی وەکوو هەورە تریشقە گوتی:

- بەخێر هاتی! هەزار جار بەخێر هاتی! ئێستا دەجەنگین. یەك زەبر بەرامبەر بەیەك زەبر. تۆ دەست پێ دەکەی، یان من؟

گەنجەکە گوتی:

- من میوانم. تۆ حەفت گورزو حەفت تیرو حەفت شیرت هەیە. تۆ دەست پێ بکە. خوا دادوەری بەینمان بێ.

غوول گورزی خۆی ڕاوەشاندە گەنجەکە. چیاو گەلی لەگەڵ لەرزین، بەڵام گورزەکە بەر گەنجەکە نەکەوت. گەنجەکە گورزەکەی هەڵگرتەوەو گوتی:

- کاتی یاری نییە! گورزێکی تر باوێ، بەڵام ئەم جارە وریابە نیشانە بپێکی!

غوولەکە هەر حەفت گورزی هاویشت، بەڵام هیچیان بە گەنجەکە نەکەوت. ئینجا حەفت تیری تێ گرت، دیسان هیچی پێ نەکەوت. ئاخیری حەفت شیری حەواڵە کرد، هەموویان بە بەردان کەوتن و وردو خاش بوون.

غوولەکە گوتی:

- ئێستا نۆرەی تۆیە. من ئامادەم.

www.pertwk.com

گه نجه‌كه لغاوی ئه‌سپه‌كه‌ی تونید كرد. ئه‌سپه‌كه وه‌كوو شێت به‌لاماری غووله‌كه‌یدا. ئه‌سپه‌كه ئاره‌قه‌ی له‌سه‌رو رووی ده‌چۆڕایه‌وه‌و چاوه‌كانی تاری ببوون. گه نجه‌كه ئه‌سپه‌كه‌ی برده گۆشه‌ی مه‌یدان، هه‌ستایه‌وه سه‌ر زین و گورزێكی هاویشت. گورزه‌كه به سه‌ری غووله‌كه كه‌وت و مێشكی پژاند. غووله‌كه وه‌كوو تاشه به‌ردێكی زل به‌ر بووه‌وه‌و مرد. گه نجه‌كه له سواری ئه‌سپ دابه‌زی و سه‌ری غووله‌كه‌ی به شمشێر له‌له‌ش جودا كرده‌وه. له پڕ سه‌ری غووله‌كه گلۆر بووه‌وه! گه نجه‌كه له دڵی خۆیدا گوتی: ( ئه‌وه ئه‌م سه‌ره ده‌چێته كوێ؟ )

ئینجا شمشێرێكی كوشنده‌ی له سه‌ره‌كه‌داو كردی به دوو كه‌رت.

سه‌ره‌كه گوتی:

- زه‌برێكی تریش بوه‌شێنه!

گه نجه‌كه گوتی:

- ناتوانم. من یه‌ك جار هاتوومه‌ته دونیاو یه‌ك زه‌بریش ده‌وه‌شێنم!

ئینجا گه نجه‌كه چووه لای بینایه‌كان. ئه‌سپی خۆی له ده‌ره‌وه به‌سته‌وه‌و خۆی چووه ژووره‌وه. كوڕی پاشای په‌ریيانی له ژوورێكا بینی به زنجیر به‌سرابووه‌وه. گه نجه‌كه به زه‌بری شمشێر زنجیره‌كانی پساندو شازاده‌ی ئازاد كرد.

شازاده‌و گه نجه‌كه سواری ئه‌سپ بوون و كه‌وتنه ڕێ. كاتێ گه‌یشتنه نزیك شار، شازاده به گه نجه‌كه‌ی گوت:

- گه نجی بوێر! كه منت برده كۆشك، باوكم لێت ده‌پرسێ:

- ( چیت ده‌وێ، بڵێ! )

تۆ بڵێ:

- كچه بچووكه‌كه‌تان و ئه‌و ئه‌نگوستیله‌یه‌ی له په نجه‌تاندایه.



هه‌ردوو گه نجه‌كه چوونه ناو كۆشك. باوك و دایك و خوشكه‌كان هاتنه پێشوازیان و شازاده‌یان گرته باوه‌ش. له خۆشییان فرمێسكیان له چاوان ده‌هات.

شای په‌ریيان ڕووی كرده گه نجه‌كه‌و گوت:

- بخوازه، هه‌رچی بڵێی بۆت جێبه‌جێ ده‌كه‌م.

گه نجه‌كه گوتی:

- ساغ و سه‌لامه‌تی پاشام ده‌وێ!

شا وه‌ڵامی دایه‌وه:

- سوپاس. شتێ بۆ خۆت بخوازه!

گه نجه‌كه گوتی:

شای په‌ریيان هه‌ر ته‌مه‌ن درێژبێ، ئه‌گه‌ر ڕوخسه‌ت بده‌ن. ده‌مه‌وێ كچی سێیه‌مینتان بكه‌ن به هاوسه‌ری من و ئه‌گه‌ر ئه‌و ئه‌نگوستیله‌یه‌و یازده جامه زێڕه‌كه‌شم پێ كه‌ره‌م بكه‌ن، هه‌میشه سوپاسگوزارتانم.

پاشا گوتی:

- هه‌مووی هی تۆیه! هه‌ر به‌خته‌وه‌ربی!

ئاهه‌نگی زه‌ماوه‌ند حه‌فت شه‌وو حه‌فت ڕۆژ درێژه‌ی كێشا. كچی شای په‌ریيان و شاگردی چل دز زه‌ماوه‌ندیان له‌گه‌ڵ یه‌كتر كرد. شه‌وی په‌رده، گه نجه‌كه شیری خۆی هه‌ڵكێشاو له به‌ینی خۆی و هاوسه‌ره‌كه‌ی درێژی كرد. كچه‌كه گوتی:

- تۆ متمانه‌ت به من و به باوكم نییه، شیر له به‌ینی من و خۆت درێژ ده‌كه‌ی؟

گه نجه‌كه وه‌ڵامی دایه‌وه:

- من متمانەی تەواوم هەم بەتۆو، هەم بە بە باوکت هەیە، بەڵام دەمەوێ پێش هەموو شتێ دۆستەکانم ئازاد بکەم. ئەوان لە زینداندا لە ڕەنج و ئەشکەنجەدان!

سبەینێ بەیانی زوو، گەنجەکە لەخەو ڕابوو، جامە زێڕەکانی هەڵگرت و خۆی بۆ سەفەری گەڕانەوەی نیشتیمان ئامادە کرد. هاوسەرەکەی بەدەستی پاشا سپاردو گوتی زوو دەگەڕێمەوە.

پاشا زۆری پێ سەیر بوو، بەڵام هیچی نەگوت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. گەنجەکە گەڕایەوە نیشتیمانی خۆی و چووە لای پاشاو دوازدە جامە زێڕەکەی لە پێش دانا.

بانگی جوولەکەی سەڕڕافیان کردو داوایان لێکرد بزانێ لەو دوازدە جامە، کامیان هی ئەوە.

جوولەکە یەك یەك جامەکانی هەڵگرت و بە وردی سەیری کردن، بەڵام نەیتوانی دیاری بکا داوای کام جامی کردبوو. پاشا زانی جوولەکەکە بە شەیتانی خۆی تەفرەی داوە. دەستووریدا چل دزەکە ئازاد بکەن. ئینجا فەرمانی بە میر غەزەب کرد جوولەکەکە ئەنجن بە ئەنجن بکا!

گەنجەکە لە کۆشکی پاشا ڕۆیشت و گەڕایەوە لای هاوسەرەکەی و هێنایەوە نیشتمانی خۆی. ئەوەندەی پێ نەچوو، پیاوانی دەربار خەبەریان دایە پاشا کە کچی پاشای پەرییان لە وڵاتەکەیانە. یەکێکیان بە پاشای گوت:



- ئەو گەنجەی دوازدە جامی زێڕی بۆ ئێوە هێنا، هاوسەرێکی هەیە لە جوانیدا بێ هاوتایە. کچی شای پەرییانە. لە دوویان بنێرن بێنە کۆشك و خۆتان بیانبینن.

پاشا زۆر پیر ببوو، هیچ میراتگریشی نەبوو جێی بگرێتەوە. دەستووریدا گەنجەکە و ژنەکەی بێنە کۆشك. پاشا کە کچی شای پەرییانی دی، سەری سووڕا و هەستی کرد زەوی لە ژێر پێی دەلەرزێ. ئاخیری بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و گوتی:

- تۆ کێی؟ دایك و باوکت کێن؟

- من کچی شای پەرییانم.

-خۆت ڕازی بووی مێرد بەم گەنجە بکەی؟

- بەڵێ.

پاشا فەرمانیدا خەڵك کۆکەنەوە. کە خەڵك خڕبوونەوە، گوتی:

- خەڵکینە! من دەمەوێ بە ئارەزووی خۆم، دەسەڵات بەم گەنجە ببەخشم. ئێوە ڕازین؟

خەڵکەکە هاواریان کرد:

- بەڵێ، ڕازین!

پاشا ئەنگوستیلەی خۆی لە پەنجەی دەرهێناو دایە گەنجەکە. گەنجەکەش ئەنگوستیلەی شای پەرییانی لە پەنجەی خۆی دەرهێناو پێشکەشی پاشای کردو گوتی:

- ئێستا کە ئێوە ئەم ئەنگوستیلەیەتان بە نیشانەی دەسەڵاتدارێتی بەمن بەخشی، منیش ئەم ئەنگوستیلەیەتان پێشکەش دەکەم.

بەم جۆرە، گە نجەکە لەسەر تەخت دانیشتو برادەرەکانیشی، واتە چل دزەکە، بە سەرۆك وەزیرو وەزیرو ئەمیر دامەزراند.

بەڵێ، ئەوان هەموویان بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن، یاخوا ئێوەش بە مرازی دڵی خۆتان بگەن!

سێ سێو لە ئاسمان کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هەقایە تخوانو یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەو یەکێکیش بۆ ئەوەی کە سەرا پای بوو بە گوێ.

## 21–کچۆڵەی بەرگدروو



هەبوو نەبوو لە سەردەمێکا، بەرگدروویەك هەبوو لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە دەژیان، تەنیا یەك کچیان هەبوو، لایان وەکوو نووری چاویان ئازیزو خۆشەویست بوو.

ڕۆژێ باوکە کچەکەی بردە لای پیرەژنێكو داوای لێکرد کچەکەی فێری بەرگدروویی بکا.

پیرەژن ماڵی بەرامبەر ماڵی پاشا بوو و پاشاش تەنیا یەك کوڕی هەبوو. شازادە لە سبەینێوە تا ئێوارێ لەبەر هەیوانی ژوورەکەی پیاسەی دەکردو دەیویست ڕێگایەك بدۆزێتەوە قسە لەگەڵ کچەکە بکا. بەڵام کچەکە، هەر کاتێ شازادە تەماشای دەکرد، چاوی لەبەر خۆی دەناو هیچ ئاوڕی لە شازادە نەدەدایەوە.

ڕۆژێ، شازادە بیرێکی بە مێشکدا هات. کاتێ کچەکە خەریك بوو بە بەردەمیدا تێدە پەڕی، بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– هۆ، کچی بەرگدروو، هۆ! دێڵە سەگ! یەك پارچە قوماش چەند داوی تێدایە؟

کچەکە هیچ وەڵامی نەدایەوە.

شازادە سێ جار پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. کچۆڵەی بەرگدروو بێ ئەوەی سەیری شازادە بکا، گوتی:

– هۆ، کوڕی پاشا! هۆ سەگباب! ئاسمان چەند ئەستێرەی تێدایە؟

کچۆڵەی بەرگدروویش سێ جار پرسیارەکەی خۆی دووبارە کردەوە.

شازادە ڕۆژی پاشی، هەر بیری لەوە دەکردەوە چۆن گاڵتە بە کچۆڵەکە بکاو تۆڵەی ڕۆژی پێشووی لێ بکاتەوە. ئاخیری لەدوو ئەو پیرەژنەی نارد کە کچۆڵەکەی فێری بەرگدروویی دەکرد و گوتی:

– دایە گەورە! هەرچی دەتەوێ دەتدەمێ بەو مەرجەی بمبەیتە لای شاگردەکەت بۆ ئەوەی ماچی بکەم.

پیرەژن گوتی:

www.pertwk.com

- زۆر باشە، شازادە، قوربانی بەژن و باڵات بم! هەرچی بڵێی فەرمانبەردارم.

رۆژی پاشی پیرەژن یەخدانێکی گەورەی لە کۆگا هێنایە دەرێ و بانگی کوڕی پاشای کردو لەناو یەخدانەکە شاردییەوەو جلی بەسەردا دا.

پێش ئەوەی کچۆڵەکە بێتە ژوورەوە، پیرەژن لە کۆڵانێ خۆی گەیاندێ و وای پێشان دا بەئیش دەچێتە دەرەوە. ئینجا بە کچۆڵەکەی گوت:

- کچم، کە چوویتە ژوورەوە، ئەم قوماشە بخەرە ئەو یەخدانە گەورەیە کە تازە لە کۆگا دەرم هێناوە.

کچەکە، کاتێ چووە ژوورەوە، یەکەو ڕاست چووە سەر یەخدان و دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی قوماشەکەی بخاتە ناوەوە. کە دەرگای کردەوە، شازادە دەرپەڕییە دەرەوە، دەستی هاویشتە گەردەنی و ماچی کرد.

کچەکە نەیکرد بە هەرا و هۆریاو هیچیشی بە شازادە نەگوت، یەکسەر چووەوە ماڵێ و وای پێشان دا کە نەساخەو یەك دوو ڕۆژ نەچووەوە ماڵی پیرەژن. کچەکە هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە چۆن تۆڵە لە کوڕی پاشا بکاتەوە.

باوك و دایکی کچەکە کە دیتیان کچەکە زۆر بیر دەکاتەوە، لێیان پرسی:

- کچم! بیر لە چ دەکەیتەوە؟ چیت دەوێ؟ پێمان بڵێ بەڵکو بتوانین گیروگرفتەکەت چارەسەر بکەین.

کچەکە گوتی:

- عەبایەکی گەورەی سپیم بۆ دەدوورن؟ دەمەوێ بەجۆرێ بێ کە پۆشیم تەنیا چاوم دیار بێ. پەڕیشی لە پشتەوە بدوورن بۆ ئەوەی وەکوو



باڵی فریشتە وابێ و سەرا پای زەنگۆڵەو خشڵ و زێوەری لێ بدوورن، دەمەوێ جێی یەك نووکە دەرزی وەکوو خۆی نەمێنێتەوە.

باوکە، ئەو عەبایەی کچەکەی داوای کردبوو بۆی دووری و پێی گوت:

- وەرە، کچم! ئەمە لەبەرکە بزانم هیچ عەیب و کەم و کورتی نییە. زۆرم زەحمەت پێوە کێشاوە.

کچەکە عەباکەی پۆشی هەندێ پێی هەڵبەزو دابەزی و چووە ئەملاو ئەولا، دەق ئەوەبوو کە خۆی دەیویست. کە عەباکەی دەپۆشی، وەکوو فریشتەی لێ دەهات.

کچەکە عەباکەی لەبەر کردەوەو بەدایك و باوکی گوت:

- من ئەمڕۆ دەچمە بەرگدروویی و شەویش ناگەڕێمەوە.

کچەکە چووە ماڵی پیرەژن و پێی گوت:

- دەمەوێ ئەمشەو لای ئێوە بمێنمەوە. دایك و باوکم چوونەتە سەفەر.

پیرەژن گوتی:

- زۆر باشە، کچم! ئەگەر حەز دەکەی بمێنیتەوە، بمێنەوە!

ئەو شەوە، دوای شێو کردن، کچۆڵەکە لەماڵەوە دەرچوو و بە نهێنی چووە ناو کۆشك.

کاتێ کە هەموو نووستن. کچۆڵەکە وارە وارە چووە ناو تەلاری ماڵی شازادە. عەباکەی کردە بەرو چووە ژووری نووستنی شازادە. لەوێ باڵەکانی لێکدا! دەنگی زەنگۆڵەکان ژووری پڕ کرد.

شازادە چاوی کردەوە و دیتی بوونەوەرێکی سپیپۆش لەسەرینگانی وەستاوە.

زۆر ترسا و بە پچڕ پچڕی گوتی:

www.pertwk.com

- تۆ... تۆ کێی؟ چیت دەوێ؟

تارماییەکە گوتی:

- من فریشتەی مەرگم. هاتووم ڕۆحت بکێشم!

شازادە گوتی:

- بەڵام من هێشتا گەنجم. هەرچی هەمە بۆ تۆبێ! هەموو زێڕم بۆ تۆبێ! بەڵام ڕۆحم مەکێشە.

تارماییەکە گوتی:

- زۆر باشە، دە ڕۆژ مۆڵەتت دەدەم. بەڵام شتێ لێرە بە بارمتە لەگەڵ خۆم دەبەم!

شازادە، کەسەرا پای دەلەرزی، گوتی:

- ببە، هەرچی دەتەوێ بیبە!

فریشتەکە تەشتێکی زێڕی هەڵگرت و گوتی:

- خۆت ئامادەکە! دە ڕۆژی تر دێمەوە ڕۆحت دەکێشم.

تارماییەکە ئەمەی گوت و لەژوورەوە دەرچوو.

کچۆڵەکە عەباکەی لەبەر کردەوەو گەڕایەوە ماڵێ. تەشتە زێڕەکەی لەقوماشێك پێچاو لەناو یەخدانی دانا. بەیانیداو کچەکە دەستی بەئیشی خۆی کرد.

شازادە، کە شەوی ڕابردوو بەتاقیکردنەوەیەکی ترسناك تێپەڕی بوو، کاتێ کە لەخەو هەستا، نیمچە ئیفلیج ببوو. بە خشەخش خۆی گەیاندە هەیوانی ژوورەکەی. لەوێ کچۆڵەی بەرگدرووی بیر کەوتەوە و لەدڵی خۆیدا گوتی:

(پێش ئەوەی بمرم، با قسەی لەگەڵ بکەم!)



ماوەیەك لەبەر هەیوان چاوەڕێی کرد و لە وەختێکی لەبار، بەکچەکەی گوت:

- هۆ، کچی بەرگدروو هۆ! دێڵە سەگ! یەخدان چەند ماچی تێدایە؟

کچی بەرگدروو سەری بڵند کردو گوتی:

- هۆ، کوڕی پاشا، هۆ سەگباب! ئەی تۆ چەند فریشتەی مەرگت بینی؟

هۆ کوڕی پاشا! هۆ سەگباب! چەند تەشتی زێڕت هەیە؟

هۆ کوڕی پاشا! هۆ سەگباب! چەند ڕۆژ مۆڵەتت هەیە؟

شازادە، لەگەڵ بیستنی ئەم قسانە، زۆر بەقووڵی بیری کردەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەم کچە غەیبگۆیە! بەختی منی لەسەر ئەستێرەکان دیوەو دەزانێ کەی دەمرم!)

شازادە، بەناڕەحەتی چووە ژووری خۆی و خۆی فڕێدایە سەر چوارپاو بەدەم گریانەوە لەدڵی خۆیدا گوتی:

- وای لە منێ! وای لە منێ! هێندەم نەماوە بمرم!

شازادە، چەند ماوەیەك بیری لە کچەکە کردەوە و ئاخیری گەیشتەئەم ئەنجامە کە ئەو کچە لەڕۆژی مەرگ خەبەرداراەو ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەزانێ و فریشتەی مەرگ دەناسێ. شازادە باشترین ئیشی بەلاوە ئەوەبوو زەماوەندی لەگەڵ بکا.

شازادە، بۆ ئەوەی بەئامانجی خۆی بگا، پلانێکی داڕشت. نۆکەری خۆی ناردە لای باوکی بۆ ئەوەی پێی بڵێ شازادە لە سەرە مەرگدایەو پێویستی بە قەشەیە.

www.pertwk.com

دایك و باوكی شازادە خێرا چوونە سەر بالینگانی كوڕەكەیان و گوتیان:

- كوڕی ئازیزم! وڵاتی ئێمە چی كەمە، تۆ كەوتوویتە ئەم حاڵە ناخۆشە و هەر دەڵێی:

(( وای لە منێ! وای لی منێ! )) باشترین پزیشكت بۆ دێنین بۆ ئەوەی چارەسەرت بكا.

شازادە گوتی:

- من كچی بەرگدرووم دەوێ. بۆم بڕۆنە داخوازیی.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە. ئەگەر بەئارەزووی خۆی ئامادەبوو مێردت پێ بكا، باشە، ئەگەر نا بەزۆر ناچاری دەكەین!

پاشا وەزیرو ڕاوێژكارانی خۆی ڕەوانەی ماڵی بەرگدروو كردو داخوازیی كچەكەی بۆ شازادە كرد.

كە كچەكە گەڕایەوە ماڵێ، باوكی گوتی:

- لە دەرباری پاشاوە هاتبوونە داخوازیی تۆ بۆ كوڕی پاشا. ڕازی مێردی پێ بكەی؟

- ئەگەر ئێوە بتانەوێ مێردی پێ بكەم، باشە، مێردی پێدەكەم.

بەم جۆرە كچۆڵەی بەرگدروو بوو بەهاوسەری شازادە.

بەڵام دوای ئاهەنگی زەماوەند، مێردەكەی لەناوجێ نەدەهاتە دەرێ و هەر دەینالاند:

- وای لە منێ! وای لە منێ! ئەوەندەم لە عومردا نەماوە!



شازادە بەدرێژایی ڕۆژ هەر دەینالاندو هیچ بایەخی بەژنەكە نەدەدا.

كچەكە سەرزەنشتی كردو گوتی:

- ئەگەر منت خۆش نەدەویست، بۆچی زەماوەندت لەگەڵ كردم.

شازادە ئاخێكی هەڵكێشاو گوتی:

- كچی بەرگدروو، حەیف! من چیم پێ دەكرێ؟ عومرم ئەوەندە نەماوە! تەنیا شەش ڕۆژی تر زیندووم!

هاوسەری گوتی:

- ئێستا مادام تەنیا شەش ڕۆژت لەژیاندا ماوە، منیش جێت دێڵم!

كچەكە لەجێی خۆی هەستا، جل و بەرگی پۆشی و لەژوورەوە چووە دەرێ و چووە ناو هۆڵ و لەوێ عەبا تایبەتییەكەی خۆی كردە بەر.

شازادە، بەدەم گریانەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی:

- ( خودایە! ژنەكەشم جێی هێشتم! چ بكەم! وا دەمرم! )

لەو كاتەدا، كچەی بەرگدروو بەو عەبایەی پێ وەكوو فریشتەی لێ هاتبوو، هاتە ناو ژووری نووستن و كەوتە پەڕوباڵ لێكدان.

شازادە، بەچاوی بەگریانەوە گوتی:

- وای لەو بەدبەختییە! ئەوە هێشتا ڕۆژەو فریشتەی مەرگ گەیشتۆتە سەرم.

فریشتە گوتی:

- شازادە، ئێستا كە ژنت هێناوە، بڕیارم دا بەزووترین كات بێم و ڕۆحت بكێشم.

شازادە نەیدەتوانی دەم بكاتەوە. ئەژنۆی چرك و هۆڕ دەلەرزی، ئاخیری بەربووەوە سەر زەوی. هاوسەرەكەی، كە ئەم وەزعەی بینی، ترسا

نەوەك مێردەكەی هەر بەڕاستی شتێكی بەسەر بێ، زەبرێكی هێدی لە تەرۆكی داو گوتی:

- كوڕە، تۆ چەند ساویلكەی! من فریشتەی مەرگ نیم، من ژنی تۆم!

بەڵام شازادە، كە باوەڕی نەدەهات، گوتی:

- ئەگەر بەڕاستی هاوسەری منی، تەشتە زێڕەكەم نیشان بدە!

كچەكە چوو تەشتە زێڕەكەی لەناو دۆڵاب دەرهێنا و لەبەردەم شازادە داینا. بەڵام شازادە هێشتا هەر باوەڕی نەدەكرد و بەسووربوونەوە داوای لە هاوسەرەكەی كرد عەباكە دابكەنێ و ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی پێشان بدا.

كچەكە عەباكەی داكەند. شازادە بە سەرسامی گوتی:

- حورمێ، هەڵبەت تۆ جادووگەری! پەیوەندیت بەفریشتانەوە نییە؟ دەتوانی پێشبینی بكەی؟ دەتوانی پێم بڵێی من چەند ساڵ لەعومرم ماوە؟

كچۆڵەی بەرگدروو پێكەنی و گوتی:

- من لەبەختی تۆدا وای دەبینم تەمەنێكی درێژت هەیە و ڕۆژێ دێ و دەبی بە پاشای ئەم وڵاتە!

شازادە پرسی:

- ئاسمان چەند ئەستێرەی تێدایە؟ لەبەر ئەوەی خۆت ئەم پرسیارەت لەمن كرد، هەڵبەت خۆیشت وەڵامەكەی دەزانی.

- دەزانی ئەم پارچە قوماشە چەند داوی تێدایە؟ ژمارەی داوەكان بەقەدەر ژمارەی ئەستێرەكانی ئاسمانە!



شازادە، كە بینی چۆن فریوی خواردووە، پێكەنی! لەشوێنی خۆی هەستا. سپڕو ساخ بوو و لەخەنی خۆشییان لە پێستەی خۆی نەدەحەوایەوە. ئاهەنگی زەماوەندیان حەفت ڕۆژو حەفت شەو بەردەوام بوو.

یاخوا، چۆن ئەوان بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بەمرازی دڵی خۆتان بگەن.

## 22-گوڵشەنی شاعەباس

هەبوو نەبوو لە ڕۆژگارێكا، داركەرێكی دەستكورت هەبوو، ماڵی لە ئەسفەهان بوو. ئەسفەهان پایتەختی شا عەباسی پاشای ئێران بوو. بەڵام ئەم پاشایە هیچ كوڕی نەبوو و لە مەراقی ئەوەی كەكوڕێكی ببێ،

www.pertwk.com

بتوانێ ببێ میراتگری تەختو تاجی، دەسووتاو دەبرژا. ئاخیری پاشا پەیمانی لەگەڵ خۆی بەست، تا خوا کوڕێکی پێ کەرەم نەکا، پێ نەخاتە ناو ((گوڵشەن))ی خۆی.

ڕۆژێ دارکەرێکی دەستکورت بەخۆو بەژنەوە دانیشتبوون، قسەیان دەکرد.

ژنەکە گوتی:

- وەرە لەمڕۆ بەدواوە، لەو دووبارە دارەی تۆدەیکەی، بارێ بخەینە لاوە بۆ ڕۆژی تەنگانە، بۆ ئەو ڕۆژێ کە نەخۆش بکەوین، یان توانای کارکردنمان نەبێ.

مێردەکەی گوتی:

- ڕاست دەکەی. سبەی زۆر زوو بە ئاگام بێنە بۆ ئەوەی بچم دوو بارە دار بێنم. یەکێ دەفرۆشین و بە خواردنی دەدەین، ئەوەی تریش بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵدەگرین.

ئەو شەوە، بەڕێکەوت، کەڵەشێر بەناوەختی بانگی دا، هێشتا شەو مابوو، ژنەکە لە خەو بەئاگا هاتو مێردەکەی بە خەبەر هێناو گوتی:

- هەستە، وەختی ئەوەیە بچیتە لێرەوار.

مێردە، لەجێ هەستا، دەستو دەمو چاوی شووشت، خاچی کێشاو لەماڵەو بۆی دەرچوو. لەبەر دەرگا بە ژنەکەی گوت:

- کەمن ڕۆیشتم دەرگا کڵۆم دە!

دونیا هێشتا تاریک بوو، کابرا بەرەو لای دەریا کەوتە ڕێ. لە کەناری دەریا، سێ پیاوی دی دانیشتبوون و شتێکیان لە کتێبێکی گەورە دەنووسی.

پیرەمێرد بە واق وڕماوی پرسیاری لێ کردن:



- ئێوە کەی لەماڵ هاتوونەتە دەرەوە، وا پێشی من گەیشتوونەتە ئێرە؟ هەڵبەت هەرچی دارێ بەکەڵك بێ، بۆ خۆتان کۆتان کردۆتەوە!

پیاوەکان گوتیان:

- ئێمە دارکەر نین.

- ئەی چین؟

پیاوەکان وەڵامیان دایەوە:

- ئێمە ڕوناکی و تاریکی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەین.

پیرەمێردی نەدار گوتی:

- بەقوربانی خاکی بەر پێتان بم! ناتوانن ئیشێکم بۆ بکەن؟ ئەم هاتو چوونەو دارکۆکردنەوەیە لە پەل و پۆی خستووم. کوڕێکیشم نییە یارمەتیم بدا.

سێ پیاوەکە گوتیان:

- خوا دوارۆژێکی زۆر چاکی بۆ تۆ داناوە.

- جا ئەو دوارۆژە کەی دێ؟

سێ پیاوەکە وەڵامیان دایەوە:

- تۆ دوو کوڕی جمکت دەبێ. یەکێ لە ڕۆژهەڵات فەرمانڕەوایی دەکات و یەکێ لە ڕۆژاوا و لەبەر ئەوەی تۆ هەمیشە خەریکی خوا پەرستی بووی، ئێمە هێلکە مریشکێکت دەدەینێ لەتاریکیدا دەدرەوشێتەوە. بەڕۆژ لەبن مەنجەڵێك بیشارەوە. لای هیچ کەسیش باسی مەکە. هەموو شەوێ هێلکە مریشکەکە هەڵگرەو لە بەردەم خۆتی دانێ و چل جار چۆکی لە پێشدا بدەو دوعای شەو بخوێنە. ئینجا بڕۆ دوو کاری هەمیشەیی خۆت.

www.pertwk.com

دارکەر، ئەو هێلکە مریشکەی پێشکەشیان کرد، لە گیرفانی نا. ئینجا چووە لێڕەوارو دووبارە داری کۆکردەوەو لە پشتی خۆی کردو بردییە بازاڕ. دارەکانی لەبازاڕ فرۆشتو گەڕایەوە ماڵێ. کە چاوی بە ژنەکەی کەوت، گوتی:

- حورمێ، چاوت ڕون!

- پیاویژگە، چ رووی داوە؟ کوا بارە دارەکە؟

- حورمێ، خوا شتێکی پێ کەرەم کردووین، نابێ لای کەس باسی بکەی.

- چییە؟

- یەك هێلکە مریشکە.

ژنەکە بەواق وڕماوی گوتی:

- بەڵام ئێمە لە ماڵەوە، ئەگەر هیچمان نەبێ، هێلکە مریشکمان هەیە، دیارە هێلکە مریشکێکی تایبەتییە، وانییە؟

- حورمێ، ئەم هێلکە مریشکە لەتاریکیدا دەدرەوشێتەوە! ئیتر پێویستمان بە مۆم نییە.

- وەرە تاقی بکەینەوە.

ژنو مێرد چوونە ژوورێکی تاریکی ماڵەوە. لەسەر رایەخە شڕەکەیان دانیشتنو هێلکە مریشکەکەیان لەبەر دەمی خۆیان دانا. هێلکە مریشکەکە وەکوو خۆری بچووك دەدرەوشایەوە و ژوورەکەی هەموو رووناك دەکردەوە.

ژنەکە گوتی:

- ئەم هێلکە مریشکە، خوا بۆی ناردووین.



ژنو مێرد دوعای شەویان خوێندو چل جار لەبەردەم هێلکە مریشکەکە چوونە سەر چۆكو هەستانەوە. ئینجا چوونە دوای کاری هەمیشەیی خۆیان.

هەموو شەوێ ئەم کارەیان ئەنجام دەدا.

ڕۆژێ، شا عەباس دەستووری بە جارچییەکانی خۆی دا، لە سەرانسەری ئەسفەهان جاڕ بدەن شار بەدرێژایی شەو تاریك بێ و کەس هەقی نییە، کەدونیا تاریك داهات، چرا دابگیرسێنێ. ئاژاوە و پشێوی لە پایتەختی شا عەباس پەیدا ببوو و شا خۆی دەیەویست، شەو، بەناو شەقامەکاندا بگەڕێ و هۆی ئەو ئاژاوەیە بزانێ.

شا عەباس شەو بەوەزیری خۆی گوت:

- دوودەستە بەرگی دەروێشی ئامادەکە. لەبەریان دەکەینو ئەمشەو بەناو شەقامەکاندا دەگەڕێین.

پاشاو وەزیر بەرگی دەروێشانیان کردە بەرو بەناو شەقامەکانی شاردا کەوتنە گەڕان. پاشا بەوەزیری گوت:

- جێگایەکی بەرز بدۆزەوە و برۆ سەری. دەبێ بزانین داخۆ هیچ چرا پێ کراوە، یان نا؟

وەزیر فەرمانی پاشای بەجێ هێنا. لەسەر بڵندایییەك وەستاو چاوی بەسەرا پای شاردا گێڕا، بە پاشای گوت:

- جەنابی خاوەن شکۆ! لەهیچ شوێنێ ڕۆناکی ناکەوێتە بەر چاو. تەنیا لە پەڕگەی شار نەبێ، ڕوناکییەکی کز دەبریسکێتەوە.

پاشا گوتی:

- دەبێ بچین بیدۆزینەوە. هەڵبەت ئەوانە دزن لەوێ!

پاشاو وەزیر بەرەو پەڕگەی شار کەوتنە ڕێو گەیشتنە ماڵی دارکەرەکە.

پاشا لەوەزیری خۆی پرسی:

- ئایا تۆ لە سەردەمی گە نجێتیدا هیچ جارێ گوناهت کردووە؟

وەزیر بەسەرزەنشتەوە گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! من پیاوی گوناهکار نیم!

پاشا گوتی:

- جا واچاکە نەچیتە ژوورەوە. بەو جۆرە خەڵکەکە یەکسەر دەزانن تۆ لەخۆیان نیت! بڕۆ سەربان، بزانە چ دەکەن؟

وەزیر خۆی گەیاندە سەربان و لەبەر ڕۆناکی ئەستێران، ژن و مێردێکی دی خەوتبوون و شتێکی نوورانی لە تەنیشتیانەوە لەناو کاسەیەك بوو. وەزیر لەسەربان هاتە خوارێو گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! تا بەچاوی خۆتان نەبینن، باوەڕ ناکەن!

پاشا سەرکەوت و ئەوەی وەزیر دیبووی، ئەویش بەچاوی خۆی دیتی. دارکەرەکە و ژنەکەی وەکوو بەرد لەو گۆڕە کەوتبوون و هیچ ئاگایان لێ نەبوو، لەدەوروبەریان چ هەیەو چ نییە. پاشا، وای زەن دەبرد زانیویەتی ئەو نوورە لە چ شتێ دەدرەوشێتەوە، گوتی:

- هەڵبەت ئەمە گەوهەرێکەو ئەمانە لەخەزنەی من دزیویانە! چەند باش بوو بەسەرمان کردەوە!

پاشا لە سەربان هات خوارەوەو گوتی:



- دەرگای ئەم ماڵە بە نیشان دەکەین. سبەی کابرا ڕادەکێشمە کۆشك و بەسزای کاری خۆی دەگەیەنم. لەسێدارەی دەدەم.

بەیانی داو دارکەرو ژنەکەی لەخەو هەستان. کابرا بەژنەکەی گوت:

- بڕۆ گوریسەکەم بۆ بێنە، بۆ ئەوەی زوو زوو بۆی دەربچم.

هەر کە ژنەکە گوریسی دایە دەست مێردی، لەدەرگا درا.

دارکەرەکە گوتی:

- کێیە؟

- دەرگا بکەوە! پاشا لەکۆشکی خۆی داوای کردووی؟

کابرا بە هەردوو دەستان لەسەری خۆی داو گوتی:

- من چیم کردووە؟

کابرا کاتێ کە دەرگای کردەوە. فەرمانبەرانی پاشا بردیانە کۆشك.

دارکەری هەژار کە چاوی بە شا عەباس کەوت، حەفت جار ئیکلامی کێشاو ئینجا دەست لەسەر سینگ چاوەڕێی کرد.

پاشا پرسی:

- باشە، کابرا! تۆ ئەو گەوهەرەت لەکوێ هێناوە؟

دارکەرەکە گوتی:

- پاشا هەر تەمەن درێژ بێ! شەوێ دیتم سێ پیاو لە کەناری دەریا دانیشتبوون، ڕۆناکی و تاریکیان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد. ئەوان ئەو گەوهەرەیان دامێ.

پاشا هاواری کرد:

- درۆم لەگەڵ مەکە! ئەمر دەکەم لەسەرت بدەن!

www.pertwk.com

بە فەرمانی پاشا، میر غەزەبان هاتن: یەکێ "میلچی" بوو، لە دەرهێنانی چاو بەمیلی تایبەتی، پسپۆڕ بوو. یەکێکی تر لەسەر بڕین وەستابوو! هەردوو میر غەزەب لەبەرامبەر دارکەری داماو، ڕاوەستان:

دارکەرەکە گوتی:

- ئەی پاشا، مەمکوژن! من ڕاستیم پێ گوتن. سێ پیاو، کە ڕوناکیو تاریکیان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد، ئەو هێلکە مریشکەیان دایە من.

پاشا گوتی:

- ئەگەر ڕاست دەکەی، بڕۆ هێلکە مریشکەکە بێنەو بیدە من. نرخی هەر چەندە بێ، دەیدەم.

دارکەرەکە گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! حەفت ڕۆژ مۆڵەتم بدەنێ. بەڵێن دەدەم دوای حەفت ڕۆژەکە هێلکە مریشکەکەتان پێشکەش دەکەم. خۆتان دەزانن من ڕاناکەم!

شا عەباس گوتی:

- زۆر باشە، ئەوە حەفت ڕۆژ مۆڵەتم دای.

دارکەرەکە هاتەوە ماڵێو بەنیگەرانی بە ژنەکەی گوت:

- حەیف! ئەو خوا دەیداو ئەم خوا دەیبیا!

ژنەکە پرسی:

- چ بووە، پێم بڵێ، چ قەوماوە؟

- دەبێ ئەو بەردە جادووییە بدەینە پاشا، بەڵام ڕەنگە بتوانین کەرتێکی بدەینە ئەمو کەرتەکەی تری بۆ خۆمان هەڵبگرین. پاشا حەفت



ڕۆژ مۆڵەتی داوین. پێویستە بەڕۆژوو بینو لە دەرگای خوا بپاڕێینەوەو دوعا بکەین. بەڵکو خوا ئەو بەردە بکاتە دوو کەرت.

ژنو مێردی فەقیر حەفت ڕۆژی تەواو بەڕۆژوو بوونو لە قاپی خوا گریەو زارییان کرد تا ئاخیری بەردەکە بەکاری خوا بوو بە دوو کەرت. دارکەرەکە کەرتێکی بردە کۆشکی پاشاو کەرتەکەی تری بۆ خۆیان گل دایەوە.

شەوێکیان، ژنی دارکەرەکە دوو کوڕی بوو. ئەو دوو کوڕە ئەوەندە جوان بوون، ڕۆژ دەیتوانی هەڵنەیێو بەوان بڵێ: ئێوە هەڵێن!

دارکەری فەقیر لە ماڵ دەرچوو بۆ ئەوەی یەکێ پەیدا بکا ببێ بە باوکی ئاخیرەتو سەرداری مەعنەوییان. بەڵام هەرچەندە گەڕا، هیچی دەست نەکەوت. کابرا ئاخیری گەڕایەوە ماڵێو بەژنەکەی گوت:

- ئێستا کە کەسم پێ پەیدا نابێ، دەچم ئەو سێ پیاوە دەدۆزمەوە کە ئەم منداڵانەیان بەئێمە بەخشی. ئەوان دەبێ خۆیان، دیارییەکەیان تەبەڕڕوك بکەن. دوو نان لەناو تۆربەکەم بنێ، بابچم بزانم چ دەبێ.

ژنەکە دوو نانی لەناو تۆربەی پیاوەکە ناو ئەویش بەدوای میرزا ڕەمزنووسەکاندا هەموو شوێنێ گەڕا تا ئاخیری گەیشتە ((زنجیرە چیای باکوور)). سێ پیاوەکە لەسەر لێوی دەریاچە دانیشتبوونو خەریکی نووسین بوون.

دارکەرەکە گوتی:

- سەلام! جەواهیر بەخشینە! وەرن ئەو منداڵانە تەبەڕڕوك کەن کەخۆتان پێتان بەخشیوین. من کەسم دەست ناکەوێ ببێ بە باوکی ئاخیرەتیان.

یەکێ لەسێ پیاوەکە گوتی:

www.pertwk.com

– دارکەر! بڕۆوە ماڵی خۆت. من بەیانی میوانی کۆشکی پاشام. کارێکی وا دەکەم کەمن و شا عەباس هەریەکە ببین بە باوکی ئاخیرەتی یەکێ لە کوڕەکانت. بەخاتر جەمی بگەڕێوە ماڵێ و تا پێت دەکرێ ماڵت پاک و ڕێک و پێک کە، من و شا دێینە ماڵتان.

دارکەرەکە بە ئاسوودەیی گەڕایەوە ماڵێ و کابرا چی دەستوور دابوو، جێبەجێی کرد.

یەکێ لەسێ فریشتەکەی چارەنووس، پیاوێکی گەنج و کۆک بوو، ئەوەیان بوو کەبڕیاربوو ببێ بەمیوانی شا عەباس. کاتێ ئەو کابرایە گەیشتە بارەگای شا عەباس، شا تەواو کەوتە ژێر کاریگەری و وەکوو پاشایەکی ئاوقەرانی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ کرد.

کابرا گوتی:

– ئەوە ئێوە بۆچی ئاگاتان لە پیاوی هەژارو نەدار نییە؟

شا عەباس گوتی:

– برام، مەبەستت چییە؟

– زۆر پیاوی هەژار هەن، پیاوی چاکن. بۆچی هەوڵ نادەی لە نەبوونی و دەستکورتی ڕزگاریان بکەی؟ من پێشنیازێکم هەیە. ئەگەر دەرگایەک داخراوە، تۆ بیکەوە. ئەگەر دەرگایەک کراوەتەوە، تۆ دایبخە. بیستوومە دەرگای ((گوڵشەن))ی بەناوبانگی خۆت داخستووە، بۆچی نایکەیتەوە؟ ئەو دارکەرەی کە بەردێکی بەهاداری بەئێوەدا، ئێستا دوو کوڕی بووە. دەستوور بدە لەکۆشکەوە تا کووخەکەی ئەم قاڵی ڕا بخەن و بە درێژایی ڕێگاکە مۆم دابگیرسێنن و پاسەوانان ڕابسپێرن چاویان لەمۆمەکان بێ نەکوژێنەوە. ئینجا من و تۆ بەیەکەوە دەچینە ماڵی



دارکەرەکە: تۆ دەبی بە باوکی ئاخیرەتی یەکێ لە کوڕەکانی و منیش دەبم بە باوکی ئاخیرەتی کوڕەکەی تری.

پاشا بەوپەڕی ئارەزوو پێشنیازی کابرای قبووڵ کرد و هەردووکیان بەیەکەوە چوونە ماڵی دارکەرەکە. شا عەباس و فریشتەکە، کوڕەکانی دارکەرەکەیان لەگەڵ خۆیان بردە کڵێسە و بوون بە باوکی ئاخیرەتیان.

فریشتەکە بە شا عەباسی گوت:

– برا! تۆ ڕازی دەبی، کە منداڵی تەعمیدیمان گەورە بوون، فێری خوێندن و نووسینیان بکەی؟

شا عەباس گوتی:

– بەڵێ ڕازی دەبم. و کامە کوڕ باشتر فێری خوێندن و نووسین بێ، بە منداڵی گفتەنی خۆمی دادەنێم.

دارکەری دەستکورت، دوای ئەم ڕووداوە، دووبارە کەوتەوە سەر پیشەی خۆی. منداڵەکان خێرا گەورەبوون و کە گەیشتنە تەمەنی هەشت، یان دە ساڵی، بوون بە کوڕی تۆکمە و بەهێز.

ڕۆژێ هاوسەری دارکەرەکە بە مێردەکەی گوت:

– ئەم منداڵانە هەموو شتێکمانن! بەڵام هەر چۆنێ بێ، پاشایش باوکی ئاخیرەتیانە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە داوای لێ بکەین فێری خوێندن و نووسینیان بکا.

دارکەرەکە هەمان ڕۆژ چووە لای پاشا و گوتی:

– پاشا هەر تەمەن درێژ بێ! منداڵەکان کاتی پەروەردەکردن و فێرکردنیان هاتووە.

پاشا گوتی:

www.pertwk.com

- زۆر باشه. تۆ بڕۆوه ماڵی خۆت. سبەی من و شاژن دێینه سەردانتان.

ئینجا پاشا به شاژنی گوت:

- چاوت ڕون! هاوسەرەکەم! ئێمه که منداڵمان نەبوو، ئێستا کوڕێکمان هەیه!

پاشا لەدوو باخەوانی ناردو پێی گوت:

- گوڵەکانی ((گوڵشەن)) ئاو بده. دەمەوێ گوڵەکانی هەموو تەڕو تازەبن، وەکوو ئەو ڕۆژەی، بۆ یەکەمین جار، لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووم هاتمه ئەوێ. ئەو گوڵانەی وشك و سیس بوونه، هەموویان لێ بکەوەو تووریان هەڵده.

شا عەباس دوو دەسته بەرگی نایاب و دوو قەیتانی سوڵتانی بۆ منداڵەکان ئامادەکرد بۆ ئەوەی هەر کەسێ ئەو دوانەی دی بزانێ ئەوانه خزمی بنەماڵەی سوڵتانین. ئاخیری پاشاو شاژن گەیشتنه کووخی دارکەرەکه. پاشا به باوکی منداڵەکانی گوت:

- سەلام، کابرای هەرزەگۆ! منداڵەکان کوان؟ بانگیان که بێن، دەمەوێ بیانبینم.

دارکەرەکه دوو کوڕەکەی هێنایه لای پاشاو گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! ئەمانه کوڕەکانی منن. ئومێدەوارم ببن به خزمەتکاری باشی تۆ.

دوازده سازنده، که لەگەڵ پاشا هاتبوون، دەستیان به ئاواز لێدان کردو پاشا بەرگه نایابەکانی لەبەر کوڕەکانی کردو قەیتانی سوڵتانیشی لەقۆڵ بەستن.

دوای ئەم دابه، پاشا ماڵاوایی له دایك و باوکی منداڵەکان کردو لەگەڵ یاوەرەکانی بەرەو ((گوڵشەن))ی خۆی کەوته ڕێ.



شا عەباس دەستی کوڕێکی گرتبوو و شاژنیش دەستی کوڕەکەی تر.

سازندەکان ئاوازیان لێ دەداو گۆرانیبێژ گۆرانیان دەچڕی و هەموو یاوەرەکانی پاشا، دوابەدوای پاشا، بەرەو "گوڵشەنی سوڵتان" کەوتبوونه ڕێ. کاتێ که گەیشتنه ناو باخ، پێشتر هەموو شتێ ئامادە کرابوو. هەموو به شادمانی دانیشتن و کەوتنه سەر خواردن و خواردنەوە.

لەو کاتەدا دوو بولبول هاتنه خوارەوەو لەسەر شانی هەردوو کوڕەکه نیشتن و دەستیان بەخوێندن کرد. شاژن گوتی:

- وای دەنا خۆزگه دەمانزانی ئەم بولبولانه چ دەڵێن!

ئەو برایەی سەعاتێك دوای براکەی تری هاتبووه دونیا، گوتی:

- ئەگەر جەنابی خاوەن شکۆ ڕوخسەت بفەرموێ، من پێتان دەڵێم ئەم بولبولانه چ دەڵێن.

پاشا گوتی:

- کوڕم، ڕوخسەتت هەیه، فەرموو بڵێ!

برای بچووکتری گوتی:

- بولبولەکان دەڵێن: (حەیف پاشا خۆی بەم دوو کوڕه ماندوو دەکا، چونکه یەکێکیان دەبێ به پاشای ڕۆژهەڵات و ئەوەی تر دەبێ به پاشای ڕۆژاوا.)

پاشا به سەرسامی گوتی:

- یانی خوا خەڵکی ئاسایی بەو جۆره پلەو پایەیه دەگەیەنێ؟ بەڵام ئەم جۆره خەڵکه هیچ کاتێ ناگەنه پایەی سوڵتانی.

برای گەورەتری گوتی:

www.pertwk.com

- بێ شك جەنابی خاوەن شكۆ باوەڕ بەم جۆرە شتە پڕو پووچانە ناكا.

پاشا گوتی:

- نەخێر، باوەڕ ناكەم. بەڵام هەر چۆن بێ ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە دواڕۆژەوە هەیە. من تا ئێستا بە سەخاوەتی ڕەفتارم لەگەڵ ئێوە كردووە، هیچ هۆم بەدەستەوە نییە ئەو ڕەوشەم بگۆڕم.

پاشا هەردوو كوڕەكەی لەگەڵ خۆی بردە كۆشك و مامۆستایەكی بۆ دیاری كردن و لێی پرسی:

- چەند ساڵی پێدەچێ بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە بەچاكی فێری خوێندەواری ببن؟

مامۆستا وەڵامی دایەوە:

- حەفت ساڵ، جەنابی خاوەن شكۆ!

پاشا گوتی:

- ئەوانە بە تۆ دەسپێرم. چیت پێ باشە وابكە.

مامۆستا منداڵەكانی بردە قوتابخانەی خۆی و دەستی بەدەرزدانیان كرد. كاتێ كە حەفت ساڵ تێپەڕی. پاشا بانگی شاژن و هەر دوازدە وەزیری كردو هەموو چوونە قوتابخانە. لەدەرگایان داو چوونە ژوورەوە. پاشا داوای لەمامۆستا كرد هەرسێ سەد شاگردی لەیەك شوێن كۆبكاتەوە.

لە حەوشەی قوتابخانە، ئەو دوو بولبولەی پێش حەفت ساڵ لەسەر شانی دوو كوڕەكە نیشتن و خوێندیان، دیسان لە شەقەی باڵیان داو هاتن لەسەر لێوی پەنجەرە نیشتن. كاتێ كە پاشا چاوی پێ كەوتن، لەسەر لێوی پەنجەرە، بەهەڵچوونەوە پەڕوباڵ لێك دەدەن، گوتی:



- پەنجەرەكە بكەنەوە با باڵندەكان بێنە ژوورەوە!

كە پەنجەرە كرایەوە. بولبولەكان فڕین و وەكوو حەفت ساڵ پێش ئێستا، هاتن لەسەر شانی هەردوو كوڕەكە نیشتن. بولبولەكان بەجۆرێ دەیانخوێند، هەر دەتگوت گفتوگۆ لەگەڵ یەكتر دەكەن. پاشا گوتی:

- ئەگەر لەناو ئێوە، ئەم سێ سەد شاگردە، یەكێ هەیە بزانێ ئەم دوو باڵندەیە چ دەڵێن، ڕوخسەتە با قسە بكا.

كوڕەی تەعمیدی بچووكترێ دەستی بڵند كردو گوتی:

- جەنابی خاوەن شكۆ، من دەتوانم بیڵێم؟

پاشا گوتی:

- بەڵێ، كوڕم، فەرموو، بڵێ!

كوڕەكە گوتی:

- بولبولەكان دەڵێن: ( حەیف پاشا خۆی بەم دوو كوڕەوە ماندوو دەكا، چونكە یەكێكیان دەبێ بە پاشای ڕۆژهەڵات و ئەوەی تر دەبێ بە پاشای ڕۆژاوا. )

پاشا هەقی مامۆستای داو منداڵەكانی بردە كۆشك. بەڵام ئەم جارە پێشبینی بولبولەكانی بەهەند هەڵگرت و بڕیاریدا منداڵەكان لە قەڵەمڕەوی خۆی دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی بچنە دوای ئەو چارەنووسەی بۆیان داندراوە. بۆیە بەمنداڵەكانی گوت:

- ئێوە دەبێ بەدونیادا بگەڕێن و بزانن چ چارەنووسێك چاوەڕێتان دەكا.

دوو كوڕەكە هاتنەوە ماڵی دایك و باوكیان. ماڵاوایییان لێ كردن و لەشار دەرچوون. هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕێگەیان بڕی، ئاخیری گەیشتنە دووڕیانێك. برای گەورەتری گوتی:

- باشه، برا، من دەچمە ئەم ڕێیەو تۆش بڕۆ ئەو ڕێیە. من دەچمە ڕۆژهەڵاتو تۆش بڕۆ ڕۆژئاوا.

برای گەورەتریّ هەر ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە لێرەوارێکی زۆر گەورەو چووە ناو لێرەوارەکە. لەناو لێرەوارەکە کانییەکی دیو لەبەر ئەوەی دونیا بەرەو تاریکی دەچوو، بڕیاریدا شەو لەسەر کانییەکە بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کابرایەکی دووربین بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەگەر لەسەر زەوی بخەوم، لەوانەیە شتێ پەلامارم بدا. وا چاکە شەو لەسەر درەخت بەسەر ببەمو سبەی بەیانی لەڕۆیشتنی خۆم بەردەوام دەبم.)

کوڕەکە چووە سەر درەختەکەو لەسەر کانییەکە ئۆقرەی گرت.

بەڵام ئەم کوڕە، بەبێ ئەوەی خۆیشی بزانێ، پێی نابووە ناو قەڵەمڕەوی پاشای ڕۆژهەڵات. کوڕی پاشا ئەو ڕۆژەی بەڕاووشکار قەتاندبوو و ئێستا کە شەو داهاتبوو، هاتبووە سەر کانییەکە بۆ ئەوەی ئەسپەکەی ئاو بدا. بەڵام ئەسپەکە کاتێ کە ویستی ئاو بخواتەوە، وێنەی کوڕێکی گەنجی لەناو ئاوی کانییەکە بینیو ڕەوییەوە. شازادە، سەری هەڵبڕیو سەیری سەرەوەی کرد، دیتی گەنجێکی خۆش سیما لەناو چڵەکانی درەختەکە خەوتووە.

شازادە هاواری کردو گوتی:

- هۆ هۆ! ئەوە تۆ کێی؟ ئەسپی منت وا ترساند! بنیادەمی، یان ئەجندەی، یان پەری؟

گەنجەکە گوتی:

- برام، منیش وەکوو تۆ بنیادەمم.

- وەرە خوارەوە پێم بڵێ تۆ کێیو کوڕی کێی؟



- من کوڕە گەورەی شا عەباسم.

شازادە پرسی:

- ئەی دەچیتە کویێ؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:

- بەدوای هاوسەرێکی جواندا دەگەڕێم.

شازادە گوتی:

- کەواتە دەبێ بێیتە ماڵی ئێمە! وەرە خوارەوەو شوێن ئەسپەکەم بکەوە. منیش دەچمە کۆشکی باوکمو داوای لێ دەکەم بەوپەڕی ڕێزەوە داوەتی کۆشکی خۆیت بکا.

گەنجەکە لەسەر دارەکە هاتە خواریّو چووە شوێن ئەسپی شازادە.

شازادەش گەڕایەوە کۆشكو بەباوکی گوت کە پاشای ڕۆژهەڵات بوو:

- جەنابی خاوەن شکۆ، چاوتان ڕون!

پاشا پرسی:

- چ بووە، کوڕم؟

- گەنجێکی کۆكو لێوەشاوە هاتۆتە داخوازیی کچەکەتان.

- لەکوێوە هاتووە؟ کوڕی کێیە؟

شازادە گوتی:

- کوڕی شا عەباسە.

باوکە پرسی:

- کوڕم، ئەی تۆ بۆ بە پێ هاتووی؟ ئەسپەکەت کوا؟ لەناو لێرەوارە؟

www.pertwk.com

- باوکە! من هاتووم چەند کەسێك لەگەڵ خۆم ببەم بۆ ئەوەی بەرێزەوە بیهێنینە ناو کۆشك.

پاشا لەرکان سوور هەڵگەڕاو گوتی:

- کورم، تەفرەت خواردووە! ئەو گەنجە ئەسپەکەی دزیوی و خوا دەزانێ ئێستا لەکوێیە! پێویست ناکا بگەڕێیتەوە ناو لێرەوار!

شازادە وەڵامی دایەوە:

- جەنابی خاوەن شکۆ! ئەو لەو جۆرە کەسانە نییە. من دڵنیام لەناو لێرەوار چاوەڕێی من دەکا. چەند کەسێکم لەگەڵ بنێرە بۆ ئەوەی بیهێنمە حزوورت.

لەو کاتەدا شاژن هاتە ژوورەوەو پرسی:

- ئەوە مەسەلە چییە؟

پاشا گوتی:

- کوڕی شا عەباس هاتۆتە هەجبینی کچەکەمان.

شاژن گوتی:

- کەواتە دەبێ کچەکەمان خۆی بۆ دیداری شازادە ئامادە بکا.

کوڕی پاشا دە پیاوی لەگەڵ خۆی بردە ناو لێرەوار و بەرێزو شکۆمەندییەوە گەنجەکەی هێنایە ناو کۆشك. پاشایش بەوپەڕی میهرەبانی پێشوازی لێ کردو گوتی:

- کورم، چیت دەوێ؟ هەر چیت دەوێ بڵێ تا بۆت پێك بێنم.

گەنجەکە گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! بێجگە لە سەلامەتی ئێوە، من هیچم ناوێ.



ئینجا گەنجەکەیان بردە ژووری نووستن بۆ ئەوەی بخەوێ. سبەینێ بەیانی، گەنجەکە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی لە حەوزی مەرمەڕ دەستو دەمو چاوی بشوا. کچی پاشا خاولییەکی هێناو دایە دەست گەنجەکە. گەنجەکە دەمو چاوی وشك کردەوە و خاولییەکەی دایەوە دەست کچی پاشاو بێ ئەوەی هیچ قسەبکا لەکنی ڕۆیشت.

کچەکە گەڕایەوە لای دایکی و گوتی:

- دایە! ئەگەر بڕیارە من بژیم، من دەمەوێ لای ئەو گەنجە بم وئەگەر بڕیاڕیشە بمرم، دیسان هەر دەمەوێ لای ئەو گەنجە بم. بەڵام نازانم بۆچی یەك قسە چییە لەگەڵی نەکردم؟

شاژن چووە لای پاشاو ڕەفتاری سەیری گەنجەکەی بۆ باس کردو گوتی:

- وا چاکە لێی بپرسی بۆچی هاتووە، لەوانەیە شەرمن بێ و شەرم بکا خۆی داخوازی کچەکەمان بکا.

پاشا چووە لای گەنجەکەو لێی پرسی:

- کورم، من داوام لێ کردی ئارەزووت لەچییە بیڵێ، بەڵام تۆ هیچت نەگوت. شەرم مەکە! ئەگەر شتێکت دەوێ بیڵێ!

گەنجەکە گوتی:

- ئەی پاشا، من دەمەوێ کچەکەتان بکەن بە هاوسەری من، سەبارەت بەمە هاتوومەتە ئێرە.

- باشە، کورم. تۆم بە زاوای خۆم قبووڵە. کچەکەم و وڵاتەکەم هی تۆن. چونکە کە مردم، وڵاتەکەشم دەبێ بە هی ئێوە.

ئاهەنگی زەماوەند حەفت رۆژو حەفت شەو درێژەی کێشاو کچی پاشا پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەو پیاوە گەنجە بەست. دوای چەند مانگێك، گەنجەکە فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی گرتە دەست، چونکە پاشا زۆر کەوتبووە ناو ساڵان و کوڕەکەشی زۆر نەزان و نەشیاو بوو و جگە لە سواری و ڕاوو خۆشگوزەرانی چ ئیشی ئەنجام نەدەدا. کاروباری شار تێکەڵ و پێکەڵ ببوو و لە هەموو لاوە هەرا و ئاژاوە بوو. کاتێ کە گەنجەکە جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتە دەست، کاروباری ڕێکخست و لەهەموو شوێنێ یاسای کردە سەروەر، بەجۆرێ کە لەهەموو دونیادا هیچ وڵاتێکی وانەبوو. هەر بازرگانێ کە دەهات، دەبوایە بەرامبەر فرۆشتنی کاڵا و کەل و پەلەکانی باج بدا و پاشای نوێ ئەو پارانەی لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی خەرج دەکرد.

ئێستا ئەم کوڕەی دارکەرەکە لێرە جێ دێڵین و دەچینە لای کوڕەکەی تری:

ئەو برایەی چووە ڕۆژئاوا، هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە چەند کەسێ لەناو شاخان دەژیان. گەنجەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

– (هەرچی دەبێ با ببێ! شەو لێرە دەمێنمەوە و سبەی بەیانی بەڕێ دەکەوم.)

گەنجەکە چووە ماڵێك و خۆی بەرامبەر چل دز بینی، بێ ئەوەی بترسێ، گوتی:

– سەلام، برای دزینە!

دزەکان گوتیان:

– سەلام و سەد سەلام، بەخێر هاتی، گەنجۆ!



بەڕێکەوت سەر دەستەی دزەکان ڕەوشتی وابوو، هەر ڕێبوارێك پێی بەوێ بکەوتایە سەری دەبڕی، بەڵام سەرنجێکی لە گەنجەکەدا و پرسی:

– تۆ کێیت و کوڕی کێیت؟

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

– من کوڕی شا عەباسم. باوکم پیاوێکی گەلێ زۆردارە، بۆیە منیش وازم لێ هێناو ڕێگای ڕۆژئاوام گرتە بەر.

سەرۆکی دزەکان گوتی:

– هەر کەسێ بێتە ماڵی ئێمە سەری بەبڕین دەچێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ڕەفتارت ماقووڵ و پەسندە و پیاو خۆشی لە هاوڕێتیت وەردەگرێ، تۆ ناکوژم و بەمنداڵی خۆم قبووڵت دەکەم.

گەنجەکە گوتی:

– باشە، چ بکەم؟

سەرۆکی دزەکان گوتی:

– پاشای ڕۆژئاوا کچێکی هەیە جەنگاوەرێکی زۆر ئازایە. هەر پیاوێ دەچێتە داخوازی دەبێ لەگەڵی بجەنگێ و ئەگەر دەری نەبردو دۆڕاندی، سەری خۆی لەدەست دەدا. تا ئێستا پەنجا گەنج سەری خۆیان لەدەست داوە.

بەداخەوە تۆش دەبێ بەختی خۆت تاقی بکەیتەوە و لەگەڵیا بجەنگی، بەڵام من شتێکت فێر دەکەم بۆ ئەوەی بتوانی بەسەر کچی پاشادا زاڵ ببی. ئەوسا ئەگەر تۆ بووی بە پاشا، دەبێ من بکەی بە سەرۆك وەزیران. من ئیتر لە جەردەیی وەڕس بووم.

سەرۆکی دزەکان، ئەسپێك و گورزێك و کەوانێك و چەند تیرێکی دایە گەنجەکە و گوتی:

www.pertwk.com

- سبەی بەیانی منو پیاوەکانم دەتبەینە مەیدانی نێزەبازی بۆ ئەوەی بزانین تۆ پیاویت! من دیومە کچی پاشا چۆن دەجەنگێ، دەمەوێ بزانم داخۆ تۆ دەرەقەتی دێی؟ یان نا؟

کە بەیانیدا، هەموو بەیەکەوە بەرەو مەیدانی نێزەبازی هاژوایان. چل دزەکە لایەکی مەیدانیان گرتو کوڕی دارکەرەکەش لاکەی تری گرت. سەرۆکی دزەکان گوتی:

- تۆ زەبری یەکەم بوەشێنە.

گەنجەکە چووە ناوەندی مەیدان و گوتی:

- ئەی سەردەستەی ڕێگران! من زەرەر بە خۆت ناگەیەنم، بەلام ئەسپەکەت دەتۆپێنم!

ئەمەی گوتو گورزی قورسی خۆی ڕاوەشاندە ئەسپەکە. گورزەکە بەسەری ئەسپەکە کەوتو ئەسپەکە وەرپلا سەر زەوی دەمو دەست گیانی دەرچوو.

سەرۆکی دزان گوتی:

- ئافەرین! باوەڕم نەدەکرد ئەم جۆرە توانا و جوامێرییەت هەبێ! دیارە گەنجێکی بەئەسلو نەسەبی. بڕۆ زەماوەند لەگەڵ کچی پاشا بکە! من پارەی سەفەرەکەت دەدەم، دەمەوێ بەجۆرێ ئەو سەفەرە بکەی کەشایەنی خۆت بێ. سبەی بەیانی، بڕۆ مەیدان و لەگەڵ کچی پاشا بجەنگە!

سەر دەستەی ڕێگران کیسەیەکی پڕ لیرەی زێڕی دایە گەنجەکە، نێوچەوانی ماچ کردو گوتی:



- بڕۆ، ئەمانەتی خوای بی! لە ئەحواڵی خۆت بێ خەبەرمان مەکە.

گەنجەکە سواری ئەسپ بوو و بەرەو پایتەختی پاشا کەوتە ڕێ. کاتێ گەیشتە شار، لەمیوانخانەیەك دابەزی. دوای ئەوەی ئەسپەکەی بردە تەویلەو چووە ژووری خۆی، خاوەنی میوانخانەکە هاتە لایەوەو گوتی:

- سەلام، گەنجۆ! تۆ خەڵکی کوێی؟

- من کوڕی شا عەباسم. هاتوومەتە خوازبێنی کچی پاشای ئێوە.

- کوڕم، ئیشی وا مەکە!

- بۆچی؟

- چونکە هیچ کەس ناتوانێ ئەم کچە ببەزێنێ. تۆ نازانی چ جۆرە گەنجانێك بۆ خاتری ئەو کچە سەری خۆیان دۆڕاندووە! حەیفە تۆش گیانی خۆت بخەیتە سەر ئەم ئیشە! بگەڕێوە شارو وڵاتی خۆت.

گەنجەکە گوتی:

- من سبەی لەگەڵی دەچمە مەیدان، یان دەمرمو یان دەمێنم!

خاوەنی میوانخانەکە یەکێ لەخزمەتکارەکانی خۆی نارد بۆ ئەوەی خەبەر بداتە کچی پاشا کە گەنجێ هاتۆتە خوازبێنیو دەبێ خۆی بێ ببینێ.

کچی پاشا کە بەڕێکەوت ناوی ((گوڵشەن)) بوو، (هاو ناوی ئەو گوڵزارەی شا عەباس بوو کەزۆر دڵی پێوە بوو) باشترین جلو بەرگی کردە بەرو لەگەڵ چل خزمەتکار، کە بەنەرمی گۆرانییان دەگوت، هاتە میوانخانەکەو چووە دیدەنی گەنجەکە. کچەکە هەر یەکسەر کە چاوی بە

www.pertwk.com

داخوازیکەرە تازەکەی کەوت، دڵی داخورپاو چۆکی لەرزی! لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەم گەنجە سبەی من دەبەزێنێ. تەواو دڵنیام! بەڵێ، من دەبێ ببم بەهاوسەری ئەم پیاوە. سەر فەرماندەی دەستی بنیادەمە، من بەهیچ جۆرێ ناتوانم زەبرێ لەم گەنجە بدەم. هاوسەری وام لەکوێ دەست دەکەوێ؟)

کچەکە گەڕایەوە کۆشكو بە باوکی گوت:

- جەنابی خاوەن شکۆ! ئەو گەنجەی ئەم جارە هاتۆتە داخوازی من، ئەوەندە پیاوێکی کۆکە، پیاوی وەکوو ئەو لە هەموو دونیادا دەست ناکەوێ. وەکوو فریشتەکانی ئاسمان وایە! کەچاوم پێ کەوت، هۆشم لەسەردا نەما! چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەو جۆرە کەسە بجەنگم؟

پاشا گوتی:

- کچم، ئەگەر واتێ دەگەی ناتوانی بیبەزێنی، با یەکێ بنێرم بیهێنێتە کۆشكو یەکسەر دەستی تۆی لەناو دەست بنێم.

کچی پاشا گوتی:

- راست دەکەی، باوکە! ئیتر پێویست ناکا لەگەڵ ئەم گەنجە بجەنگم. ئەگەر ڕوخسەت بدەی، بەبێ زۆرانبازی مێردی پێ دەکەم.

پاشا قاسیدێکی نارده لای گەنجەکەو داوەتی کردە کۆشك. بەڵام گەنجەکە نەچووە کۆشكو خەبەری بۆ پاشا نارد:

- تا منو کچی پاشا لە مەیدانی زۆرانبازی بەرەو ڕووی یەکتر نەبینەوە، نایەمە کۆشك.



سبەینێ، کە بەیانیدا کوڕی تەعمیدی شا عەباس لەخەو هەستا. دەستو دەمو چاوی خۆی شووشت. ناشتای کرد، ئەسپی خۆی زین کردو لەتەویلە هێنایە دەرێ. سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو مەیدانی نیزە هاویشتن، ئەسپی خۆی تاودا.

کە ئەم خەبەرە بەکۆشك گەیشت، کچی پاشا دەستە بەرگێکی رەشی عەرەبی لەبەر کرد، سواری ئەسپ بوو و لەکۆشك هاتە دەرێو لەمەیدان، بەرامبەر ناحەزەکەی ڕاوەستا.

پاشا دەستووریدا هەموو دوکانەکان دا بخەن، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بتوانن بۆ تەماشاکردنی زۆرانبازیی کۆببنەوەو بەچاوی خۆیان ببیینن کە زۆرانباوزییەکە داد پەروەرانەیە. ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵك کۆبوونەوە. پاشاو شاژن لەشوێنی تایبەتی خۆیان دانیشتنو خەڵکی ئاسایش لەشوێنی تایبەتی خۆیان.

گەنجەکە لەبەردەم پاشادا ئیکلامی کێشاو ڕوخسەتی خواست زۆرانبازیی لەگەڵ کچەکەی بکا. پاشا ڕوخسەتی داو زۆرانبازیی دەستی پێ کرد.

کچی پاشا بە گەنجەکەی گوت:

- تۆ لەلای سەرەوەی مەیدان وەستاویو من لەلای خوارەوە. یەکەم جار تۆ گورزی خۆت بوەشێنە.

گەنجەکە بەسواری ئەسپ، سێ جار چەرخەی داو کچی پاشا کە دیتی ئەمە گەنجێکی چەند قاڵو لێوە شاوەیە، لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە: (ئەم توولە سەگە چەند بەتاقەت دیارە، دڵنیام دەمبەزێنێ!)

ناحەزی کچی پاشا، بەسواری ئەسپەکەی لەشوێنی پاشاو شاژن نزیك کەوتەوە و حەفت جار ئیکلامی لەبەرامبەر کێشان. پاشا بەشاژنی گوت:

– گە نجێکی چەند بەوەجە! با دوعا بکەین گورزی بەئەسپی کچەکەمان بکەوێ، نەك بەکچەکە خۆی! ئیتر چارەنووسی کچەکەمان لەدەست ئێمەدا نییە، لەدەستی ئەو دایە.

کوڕی کابرای دارکەر ئەسپی لێخوڕییە سەرەوەی مەیدان و هاواری کرد:

– ئەم گورزە لە سەری ئەسپەکەت دەگرم.

گورزی سەنگینی گە نجەکە فڕییە هەواو هاتەخوارەوە بە بەینی هەردوو چاوی ئەسپی کچی پاشا کەوت. ئەسپەکە وەرپلا سەر زەوی و دەم و دەست گیانی دەرچوو.

گە نجەکە لەئەسپ دابەزی، شمشێری هەڵکێشاو بەدانییەوە گرتی و پەلاماری کچەکەیدا. کچەکەی بە هەردوو دەست گرت و لەزەوی کوتاو چۆکی لەسەر سنگی دادا. چنگی لەقژی لوولی ناو سەری بەرەو دواوە کێشایەوەو شمشێری لەسەر گەرووی دانا، وەك ئەوەی بیەوێ سەری لەلەش جودا بکاتەوە!

پاشاو شاژن لەشوێنی خۆیان دەرپەڕین و هاواریان کردو گوتیان:

– هۆ گە نجی ئازا هۆ! بەسە! کچەکەمان و وڵاتەکەمان هی تۆیە!

گە نجەکە شمشێری خۆی خستەوە کالان و دەستی کچی پاشای گرت و قیتی کردەوە. خەڵك بەدیتنی ئەو زۆرانبازییە جۆشیان سەندبوو و هاواریان دەکرد:



– هەربژی! هەربژی! کچە پاشاکەمان هاوسەرێکی لێوەشاوەی پەیدا کرد.

کوڕی دارکەرەکە تا کۆشکی پاشا لەگەڵ کچەکە چوو، لەوێ ئەنگوستیلەی خۆی دەرهێناو دایە کچی پاشاو کچی پاشایش ئەنگوستیلەی خۆی پێشکەش بەو کرد.

خەڵکەکە، تا بەردەم کۆشکی پاشا بەدوای گە نجەکە و کچی پاشادا هاتبوون، دەیانگوت:

– هۆ پاشا! ئەم گە نجە شیاوی پاشایەتییە!

ئاهەنگی زەماوەند حەفت رۆژو حەفت شەو بەردەوام بوو. کە کوڕی دارکەرەکە و کچی پاشا زەماوەندیان کردو دابی زەماوەند کۆتایی هات، پاشا بەزاوای خۆی گوت:

– کوڕم، من ئیتر پیربووییم و لەکار کەوتووم. لەمڕۆوە تاج و تەختی خۆمت پێ دەسپێرم.

بەم جۆرە کوڕی دووەمی کابرای دارکەریش بوو بە پاشای رۆژئاوا.

کاتێ کە ئەم کوڕە لەسەر تەخت دانیشت، پایتەختی وڵات لە ئاژاوەو هەرا و هۆریان نقووم ببوو. پاشای گەنج، بۆ سەقامگیری یاسا، رایگەیاند هاتوچۆ بەشەو قەدەغەیە.

ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو دەستی بە پاشایەتی کردبوو کە نامەیەکی لە پاشای رۆژهەڵاتەوە پێ گەیشت. پاشای رۆژهەڵات جەنگی لەدژ راگەیاندبوو.

ئەم گەنجە، کە نەیدەزانی برای چی بەسەر هاتووە، نەشی دەزانی پاشای ڕۆژهەڵات چ کەسێکە، بە هەرحاڵ دەمو دەست نامەیەکی بۆ پاشای ڕۆژهەڵات نووسی و لە نامەکەدا گوتی:

- ئەگەر توانای جەنگت هەیە، باشە! دەجەنگین! بەڵام دەبێ نەختێ مۆڵەتم بدەی.

لەو سەردەمەدا ڕەوشت وابوو پاشاکان تەن بەتەن دەجەنگان و لەشکرەکانیان پێکیان دا نەدەدا، بۆیە ئاسایی بوو مۆڵەتیان بە یەکدی دەدا.

پاشای ڕۆژئاوا نامەیەکیشی بۆ سەردەستەی دزان ناردو کردی بە سەرۆك وەزیرانی خۆی.

کاتێ کە سەرۆکی ڕێگران نامەکەی خوێندەوە، بە سیونۆ دزەکەی تری گوت:

- برادەرینە! ئیدی جەردەیی و ڕێگری بەسیەتی! واچاکە هەموومان بگەڕێینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان. ئەوە سامانی من لێرەیە، لەبەینی خۆتان دابەشی بکەن.

ئینجا سەرۆکی دزان چووە کۆشکی پاشاو پایەی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت.

پاشا، پێی گوت.

- سەرۆك وەزیر! پاشای ڕۆژهەڵات نامەیەکی بۆ ناردووم. بیخوێنەوە و پێم بڵێ چ بکەم.

سەرۆك وەزیر نامەکەی خوێندەوەو گوتی:



- جەنابی خاوەن شکۆ! هەموو گیروگرفتێك چارەسەری هەیەو ئەگەر چارەیەك بۆ فرت و فێڵی پاشای ڕۆژهەڵات نەدۆزینەوە، دەمانکات بەدیلی خۆی.

پاشای ڕۆژئاوا گوتی:

- باشە، چ بکەین؟

سەرۆك وەزیر گوتی:

- ئەم پاشایە کەمەندێکی هەیە لە چەرمی ئەسفەهان دروست کراوە، ئێوە دەبێ شتێکی وا بکەن نەکەونە ناو کەمەندی .

ڕۆژی پاشی، بەیانی زوو، چوونە مەیدانی جەنگ. سوپای دوژمن ڕیزی بەستبوو. ئەستێرەی ئاسمان دەهاتە ژمار، بەڵام سەربازی ئەم لەشکرە نەدەهاتە ژمار! هەردوو لەشکرەکە ناوەڕاستی مەیدانیان چۆڵ کرد بۆ ئەوەی هەردوو پاشا لەگەڵ یەك بکەونە جەنگ. هەر دوو برا کەوتنە بەرامبەر یەکتر. بەڵام یەکتریان نەدەناسی، چونکە هەردووکیان سەرا پای خۆیان بەزرێ دا پۆشی بوو.

پاشای ڕۆژهەڵات گوتی:

- ئەی پاشای دلێری ڕۆژئاوا، تەن بەتەن لەگەڵم دەجەنگی، یان وڵاتەکەت بەبێ شەڕ تەسلیم دەکەی؟

پاشای ڕۆژئاوا وەڵامی دایەوە:

- تا من لەژیاندا مابم، تۆ ناتوانی ببی بەخاوەنی یەك بستی وڵاتەکەم.

پاشای ڕۆژهەڵات گوتی:

www.pertwk.com

- زۆر باشە! ئەو چاکەیەت لەگەڵ دەکەم، کەتۆ دەست بەشەڕ بکەی.

پاشای ڕۆژئاوا گوتی:

- نەخێر، تۆ دەست پێ کە!

وەزیری پاشای ڕۆژئاوا پێی گوت:

- جەنابی خاوەن شکۆ! زۆر وریا بە گرفتاری کەمەندی نەبیت.

لە پڕ پاشای ڕۆژهەڵات کەمەندی خۆی بۆلای پاشای ڕۆژئاوا هەڵدا. حەڵقەی کەمەند کەوتە گەردەنی پاشای ڕۆژئاواو پاشای ڕۆژهەڵات بەهەموو هێزی خۆیەوە ڕایکێشا، بەڵام پاشای ڕۆژئاوا لەجێگای خۆی نەجووڵایەوە. پاشای ڕۆژهەڵات بەپڕتاوی لێی نزیک کەوتەوە و بەچاو ترووکانێك بەکەمەند هەردوو دەستی بەست. ئیتر پاشای ڕۆژئاوا هیچی پێ نەدەکرا. پاشای ڕۆژهەڵات، خستییە سەر پشتی ئەسپی خۆی‌و بەیاوەری لەشکری خۆی بەرەو پایتەختی پاشای ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ.

کاتێ کەشاژن بە شکستی مێردەکەی زانی، یەکسەر جلی ڕەشی عەرەبی خۆی لەبەر کردو لەکۆشك هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەدەرەوەی شار لەگەڵ دوژمن بجەنگێ. لەڕقان چاوی پڕوشکی دەهاویشت. کە گەیشتە لەشکری دوژمن هاواری کرد:

- راوەستن! هۆ پاشای ڕۆژهەڵات، منیش پاشام! وەرە پێکەوە بجەنگین.

ئینجا شاژن نەعرەتەیەکی ترسناکی لێداو پەلاماری پاشای ڕۆژهەڵاتی دا.



پاشای ڕۆژئاوا، کاتێ کەگوێی لەدەنگی هاوسەرەکەی بوو، فرمێسکی لەچاو قەتیس ماو لەدڵی خۆیدا گوتی: (بەداخەوە! من نەمتوانی دوژمن بشکێنم، ئێستا هاوسەرەکەشم بەدیل دەگیرێ!)

بەڵام ئەمجارە پاشای ڕۆژهەڵات ئیشی زۆر شڕبوو. حەفت ڕۆژو حەفت شەو شەڕ دەوامی کرد، تا سمی ئەسپی شاژن کەوتە ناو قۆرتێك‌و ئەسپەکە لەحزەیەك لەجووڵە وەستا. پاشای ڕۆژهەڵات خێرا وەکوو (با)، کەمەندی هاویشت‌و خستیە گەردەنی شاژن. دوای نەختی بەستی‌و یەخسیری کرد.

پایتەختی پاشای ڕۆژئاوا داگیر کراو پاشای ڕۆژهەڵات لەگەڵ هەردوو دیلەکە گەڕایەوە وڵاتی خۆی. بڕیاریدا ڕۆژێ چاوی یەکێکیان کوێربکاو ڕۆژی پاشی چاوی ئەوەی تر (چونکە بەپێی ڕەوشت مرۆڤی کوێر نەدەبوایە فەرمانڕەوایی بکاو بەم جۆرە ئیتر ئەم دووە نەدەبوون بە مەترسی بۆ پاشای ڕۆژهەڵات)، بەدەستووری پاشای ڕۆژهەڵات شاژن‌و پاشای بەزیویان فڕێ دایە ناو کونە ڕەشێ.

پاشای ڕۆژهەڵات، ڕۆژی پاشی، لەدوو (میلچی) خۆی ناردو گوتی:

- کە من ئیشارەتم دا، تۆ یەکسەر چاوەکانی پاشای ڕۆژئاوا دەردێنی!

پاشای ڕۆژئاوایان هێنایە حزووری. پاشای بەزیو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ ئیکلامی کێشاو بەرامبەر پاشای ڕۆژهەڵات وەستا.

پاشای ڕۆژهەڵات گوتی:

www.pertwk.com

- هەقایەتی خۆت لەمنداڵییەوە تا ئێستا بگێڕەوە، نەوەك ئەمر دەکەم چاوەکانت لە قە پێلك دەربێنن!

کۆڕەکە زۆر خەڵکی تێدا بوو. جگە لە پاشاو شاژن و وەزیرو پێشکارو فەرمانبەران، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاسایی کە بیستبوویان بڕیارە چاوی پاشای بەزیو دەربێنن، بۆ تەماشاکردن کۆ ببوونەوە.

پاشای ڕۆژئاوا، هەقایەتی ژیانی خۆی بەدوورو درێژی باس کردو پاشای ڕۆژهەلات کەزانی ئەمە برای خۆیەتی بەدیلی گرتووە، لە پڕمەی گریانی داو دەستی هاویشتە ملی برای.

پاشای ڕۆژئاوا گوتی:

- ئەو کەسەی تریش کەتۆ حەفت ڕۆژو حەفت شەو لەگەڵی جەنگای و وات دەزانی پیاوێکی بەهێزو شەڕ دیتووە، ئەوە پیاو نییە، هاوسەری منە، برام، زوو هاوسەرەکەم ئازاد کە. ڕەوا نییە لەکونە ڕەشی تۆدا بەند بێ!

پاشای ڕۆژهەلات یەکسەر چووە کونەڕەش و هاوسەری برای ئازاد کرد. ئینجا بەمیهرەبانی ناوچەوانی ماچ کردو گوتی:

- تۆ حەفت شەو و ڕۆژ لەگەڵ من جەنگای! بەڕاستی تۆ شایەنی برای منی!

پاشاو شاژنی ڕۆژئاوا چەند ڕۆژێ میوانی پاشای ڕۆژهەلات بوون، ئەوسا پاشای ڕۆژهەلات بەبرای گوت:

- برام، هاوسەرو سەربازەکانت هەڵگرەو بگەڕێوە ولاتی خۆت. کە گەیشتیتەوە ئەوێ دەستوور بدە دەستە بەرگێکی ژنانە لە باشترین ئاوریشم بدوورن، ئینجا دەستە بەرگەکە بێنەو وەرەوە ئێرە بۆ ئەوەی بە



یەکەوە بچینە دیدەنی دایك و باوکمان و سوپاسی شا عەباس بکەین کە ئەو لوتفەی لەگەڵ کردووین.

پاشای ڕۆژئاوا لەگەڵ هاوسەرو سەربازەکانی گەڕایەوە ولاتی خۆی و دەستووریدا دەستە بەرگێکی ژنانە لەباشترین ئاوریشم بدوورن. ئینجا بەرگەکەی خستە ناو خورجینەی ئەسپەکەی، بەڕێوەبەرایەتی ولاتی بەژنەکەی سپاردو بە سەرکردایەتی لەشکرەکەی گەڕایەوە لای برای.

برایشی لەم ماوەیەدا دیاری زۆر بەنرخی بۆ دایکی خۆی و هاوسەری شا عەباس ئامادە کردبوو و خۆی بۆ سەفەر تەیار کردبوو. هەردوو برا، هەریەکە بە سەرکردایەتی لەشکری خۆی کەوتنە ڕێ و هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە دەوروبەری پایتەختی شا عەباس، واتە شاری ئەسفەهان. نیوە شەو، پاشای ڕۆژهەلات تیرێکی بۆ لای شار هاویشت بۆ ئەوەی بەدەنگی ئەو تیرە شا عەباس لە هاتنی خۆیان ئاگادار بکاتەوە.

کاتێ شا عەباس گوێی لەدەنگی تیرەکە بوو، لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی کردو دیتی لەدەورانەوری شار چراوگیان داگیرساندووە. شا عەباس دەست و ئەژنۆی لەرزی. بەنیگەرانی گوتی:

- خودایە! ئەمە چ بەدبەختییەکی گەورەیە! ئەوەندەی نەماوە پایتەختم داگیر بکەن!

شا عەباس، بەترس و ناڵەوە، سوارێکی ڕەوانەی دەرەوەی شار کرد بۆ ئەوەی بزانێ ئەوانە چ کەسانێکن هێرشیان کردۆتە سەر ولات. دوو پاشای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا پەیامیان بۆ شا عەباس نارد:

- ئێمە دۆستین و هاتووین چەند ڕۆژێ میوانی شا عەباس دەبین.

www.pertwk.com

بەلام شا عەباس، کەهێشتا هەر دەترسا، لەشکرێکی گەورەی کۆکردەوەو بۆ پێشوازیان لەشار چووە دەرەوە. پێش ئەوەی بیانبینێ، هەمیشە لەو خەیاڵەدابوو کە چ دیارییەکیان پێشکەش بکا بۆ ئەوەی دڵیان بۆ خۆی رابکێشێ.

لە دەرەوەی شار، یەك خێوەتی تایبەتیان بۆ شا عەباس هەڵداو ئەویش دەعوەتنامەیەکی بۆ هەردوو پاشای رۆژهەلاتو رۆژئاوا ناردو دەستووری بە لەشکری خۆی کرد لەشەرافەتی ئەوان بەرێز برۆن.

شا عەباس، دوای بەجێ هێنانی دابو دەستوور، گەرایەوە کۆشکی خۆیو دوو پاشاکە لە دەرەوەی شار مانەوە. شا عەباس، شەو بەهاوسەری خۆی گوت:

- ئەمانە بۆچی هاتوون؟ دڵم نایە پەلاماریان بدەمو سەری هەردووکیان لەلەش جودا بکەمەوە.

ئەمانە زۆر گە نجن! بەلام ئەگەر شەریشیان لەگەڵ نەکەم، نازانم چ دیارییەکیان پێشکەش بکەم، کە پێی رازی بنو بێ شەرو خوێن رشتن لێرە برۆن؟

شاژن گوتی:

- تۆ بۆچی ئەوەندە نیگەرانی؟ هێلکە مریشکە جادووبەنەکەیان بە دیاری پێشکەش دەکەین. دڵنیام زۆریان کەیف پێ دێ.

بەیانی،کەرۆژ سەری دەرهێناو هەموو دونیا روناك بووەوە، شا عەباس چووە دیدەنی دوو پاشاکە و بەرێزو ئیحتیرامەوە بەخێر هاتنی کردن. ئەوانیش بەرێزو ئیحتیرام وەلامیان دایەوەو گوتیان:



- پاشا، دەزانی ئێمە بۆچی هاتووین؟

شا عەباس، کەچاوەڕێی دەکرد، ناخۆشترین خەبەر ببیستێ، گوتی:

- نەخێر، نازانم! خۆتان بڵێن، بۆچی هاتوون؟!

- ئێمە تەنیا ئەوەندەمان دەوێ، بەم خورجینانەمانەوە، لە شەقامەکانی ئەسفەهان پیاسە بکەین.

شا عەباس بە واق ورماوی، بەلام بە خەیاڵی ئاسوودەوە، گوتی:

- زۆر باشە، منیش لەگەڵتان دێم.

دوو براکە خورجینەکانیان هەڵگرتو لەگەڵ شا عەباس بە شەقامەکاندا رۆیشتنو گەیشتنە پەرگەی شار.

ئێستا هەرسێ پاشا لەماڵی دارکەرە پیرەکە نزیك ببوونەوە. شا عەباس تروسکاییەکی سەیری لە چاوی دوو براکە دەدی.

برای گەورەترێ، فەرمانی بەخزمەتکارێکی کرد کە خورجینەکان بباتە ماڵی دارکەرەکەو بە پیرەمێردو هاوسەرەکەی بڵێ پاشا دەیەوێ بێتە سەردانیان. ئەم جلانە بپۆشنو خۆتان ئامادە کەن.

خزمەتکارەکە چووە ناو کووخە خراپەکەی کابرای دارکەرو دیتی پیرەمێردو هاوسەرەکەی بەنیوە رووتی لەبەردەم ئاگردانێکی کوژاوەدا هەڵترووشکاون.

خزمەتکارەکە پێی گوتن:

- خۆتان ئامادە کەن، وا پاشا دێتە سەردانتان!

پیرەمێردەکە گوتی:

- کورم، جائێمە چیمان هەیە پاشا دێتە سەردا نمان!

- وەختەکە بەم قسانە مەکوژن. هەستن، ئەم جلانە لەبەر کەن. پاشا بۆی ناردوون.

هاوسەری پیرەمێردەکە، بەمێردەکەی گوت:

- خوا جلی بۆ ناردووین! وەرە سوپاسی بکەین و جلەکان بپۆشین.

دارکەرەکە و هاوسەرەکەی ئەو جلە نایابانەیان کردە بەرو چاوەڕێیان کرد.

شا عەباس و دوو گە نجەکە، لەدەرەوەی ماڵەوە بوون، کە شا عەباس لە پڕ دیتی فرمێسکیان لەچاو دێتە خوارێ. لێرەوە زانی ئەم دوو گە نجە کوڕە تەعمیدییەکانی ئەون.

شا عەباس کەلەگەڵ ئەو دوو پاشا گە نجە چووە ژوورەوە، بە پیرەژن و پیرەمێردی گوت:

- برادەرە دێرینەکانم، سەلامتان لێ بێ! حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە؟

ژنەکە و پیرەمێردەکە گوتیان:

- لە سایەی خواوە باشین. بەخێر هاتی!

دوو براکە دایک و باوکیان گرتە باوەش و بەدەم زارزار گریانەوە گوتیان:

- ئێمە کوڕەکانی ئێوەین! ئێمەتان لەبیر ماوە؟

دایکیان، کە ئەم قسانەی بیست بوورایەوە. کوڕەکانی ئاویان لەدەم و چاوی رشاند و وردە وردە هاتەوە هۆش خۆی و کوڕەکانی گرتە باوەش. دایکە، لەخۆشییا وەکوو هەوری بەهار دەگریا و سەرو رووی دوو کوڕە گە نجەکەی ماچ دەکرد.



هەموویان ماوەیەك لەکووخەکە مانەوە، تا ئاخیری شا عەباس پێشنیازی کرد هەموو بەیەکەوە بچنە ((گوڵشەن)) بەبۆنەی گەڕانەوەی دوو براکە و شادبوونیان بەدیداری دایك و باوکیان، ئاهەنگ بگێڕن.

کە لەناو "گوڵشەن" خەریکی پشوو بوون، جارێکی تر دوو بولبولی هەزار داستان بەفڕین هاتن و لەسەر شانی دووبراکە نیشتن و دەستیان بە ئاواز خوێندن کرد. یەکێ لەدوو براکان گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ! بەبیرتان دێ، جارێکیان داواتان لێ کردم پێتان بڵێم ئەم دوو بولبولە چ دەڵێن و منیش گوتم ئەوە دەڵێن ئێمە یەکێکمان دەبین بە پاشای رۆژهەڵات و ئەوەی تر بە پاشای رۆژاوا؟ هەر وەکوو دەبینن پێشبینی ئەم دوو باڵندەیە ڕاست دەرچوو.

ماوەیەك لە (گوڵشەن)ی شا عەباس مانەوە، کەوتنە سەر خواردن و خواردنەوە. ئینجا هەموو هەستان، چوونە کۆشك. منداڵە تەعمیدییەکانی شا عەباس، ئەو دیارییانەی بۆ پاشا و شاژنیان هێنابوو، پێشکەشیان کردن و داوایان لێ کردن دیارییەکان قبووڵ بفەرموون.

دیارییەکان بەلای شا عەباسەوە زۆر بەنرخ بوون و بەرامبەر بەمە ئەو هێلکە مریشکە جادووبەندەی بەدیاری پێش کەش کردن کەلە پیرەمێردی دارکەری سەندبوو.

ئەو شەوە هەموویان لەکۆشك مانەوە. سبەینێ بەیانی زوو، شا دەستووریدا دوو ئەسپی جوان و رەهوان لە تەویلەی سوڵتانی بێننە دەرێ. ئەسپێکی دایە باوکی کوڕە تەعمیدییەکانی خۆی و یەکێکیشی دایە دایکیان. ئینجا ڕووی کردە دوو کوڕەکە و گوتی:

www.pertwk.com

- دایك و باوکتان لەگەڵ خۆتان ببەنە وڵاتەکانتان. ئەم پیرەمێردو پیرەژنە دوای ئەم هەموو دوورییە لەئێوە، ئێستا پێویستیان بە خزمەت و ئارامی هەیە. وا چاکە باوکە لەگەڵ کوڕی گەورە بچێ و دایکە لەگەڵ کوڕی گچکە!

دوو پاشا گەنجەکە ماڵاواییان لە شا عەباس کردو لەشار دەرچوون. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو جێیەی دەبوایە لەیەك جیا ببنەوە. یەکتریان گرتە باوەش و هەریەکە بەرەو وڵاتی خۆی کەوتە ڕێ. برای گەورە باوکی لەگەڵ خۆی بردە ڕۆژهەڵات و برای بچووکیش دایکی بردە ڕۆژئاوا.

یاخوا، چۆن ئەوان بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بە مرازی دڵی خۆتان بگەن.

سێ سێو لەئاسمان کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هەقایە تخوان و دووش بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکە.



# 23-زەنگی و زرنگی

هەبوو نەبوو، لەڕۆژگارێکا، کرێکارێکی دەستکورت هەبوو، لەگەڵ ژنەکەی لە گوندێکدا دەژیا. دوو منداڵیان هەبوو: کوڕێکی مێرد منداڵە و کچێکی سێ مانگی .

ڕۆژێ هاوسەری ئەو پیاوە تەندووری داگیرساند، هەویری کردە ئەنگوتك و پانی کردەوەو بەتەندووری وەدا بۆ ئەوەی ببرژێ. کوڕەکە لە تەنیشت تەندوور دانیشتبوو و خوشکە سێ مانگییەکەی لەناو بێشکەدا بوو.

کوڕە گەنجەکە، لەناکاو دیتی خوشکی لەناو بێشکەکەی هاتە خوارێ، چووە سەر تەندوور، سێ نانەکەی هەڵگرت و بە چاوترووکانێك قووتی دان و پاشان گەڕایەوە ناو بێشکەی خۆی و نووست.

www.pertwk.com

كوڕەكە زۆر سەرسام بوو و كە دايكى گەڕايەوە ماڵێ بۆى باس كرد چ روويداوە:

- دايە، نازانى چ بوو! كۆرپەلەكەمان لەناوبێشكەكەى هاتە خوارێ و هەرسێ نانى خواردو چووەوە ناو بێشكە.

دايكە، بە قسەى كوڕەكەى باوەڕ نەكردو زللەيەكى قايمى لێداو گوتى:

- تۆ لێرە لەتەك تەندوور دانيشتووى و دەڵێى ئەم منداڵە بێ گوناهە سێ نانى خواردووە؟ هەرسێ نانەكە خۆت خواردووتە!

كوڕەكە نەختێ گرياو دايكى لەماڵ چووە دەرەوە. كە هاتەوە مريشكێكى كڕى بوو، لەناو تەندوورى دانا بۆ ئەوەى سوور بێتەوە. ئينجا دووبارە بەئيشێك چووە دەرەوە. كوڕەكە دووبارە ديتى خوشكى لەبێشكە هاتە خوارێ، مريشكەكەى لەناو تەندوور هەڵگرت و بە چاوتروكانێك هەمووى لرف كردو دووبارە گەڕايەوە ناو بێشكەو نووست.

بێ گومان ئەم كۆرپەيە ديو بوو لەقالبى مرۆڤدا!

كاتێ كە دايكە گەڕايەوە، كوڕەكە رووداوەكەى بۆ گێڕايەوە، بەلام دايكە ديسان بڕواى بەقسەكانى نەكردو جوێنى پێداو لێى دا، ئينجا گوتى:

- ئاخر ئەم منداڵە بێ گوناهە چۆن دەتوانێ ئەم جۆرە ئيشانە بكا؟ خوا لەبەر ئەو درۆيانە ئاسمان بەسەر سەرماندا دەڕووخێنێ! ها!

كوڕەكە، كە ديتى هەرچى دەڵێ بێ هوودەيە! بڕيارىدا ڕابكات. هەر رۆيشت و رۆيشت، هەرخوا دەزانێ ماوەى چەند ڕێگاى بڕيبوو، كە گەيشتە



شارێك. شارێكى زۆر گەورە بوو، بەلام كوڕەكە هيچ بنيادەمى لەشار نەدى. هەرچەندە سەيرى ئەم لاو ئەو لاى كرد، ديسان هيچ دەوسى ژيان و چالاكى نەدى، بەلام نائوميد نەبوو. سەرى لە هەموو گۆشەو كەنارێكى شاردا تا بينى دووكەڵ لە خانوويەك بەرز دەبێتەوە. لەدڵى خۆيدا گوتى: (با بچم، بزانم، ئەم دووكەڵە لەكوێوە دێ. هەڵبەت يەكێ لەوێ هەيە.)

كوڕەكە چووە لاى دووكەڵەو گەيشتە خانوويەكى كۆن و داتەپيو.

چووە ژوورێ و ديتى ژن و مێردێكى پير دانيشتوون. هەردووكيان كوێر بوون و قە پێلكى چاويان بەتاڵ بوو! كوڕەكە گوتى:

- سەلام! دايە گەورەو بابە گەورە!

پيرەژن و پيرەمێرد كە گوێيان لەدەنگى بوو نقوومى سەرسامى بوون و گوتيان:

- ئەوە چ جۆرە كەسێكە زاتى كردووە بێتە ئێرە؟ ئەوە چۆن لە (ڤيشاپەكان - ئەژدەهاكان) نەترساوە؟

پيرەمێرد رووى كردە كوڕەكەو گوتى:

- ئەوە تۆ جنۆكەى؟ يان ديوى؟ زاتت كردووە بێيتە ئێرە؟ تۆ نازانى ئەژديهاكان پەلامارى ئەم شارەيان داوە؟

كوڕەكە گوتى:

- نەء، نازانم. من غەريبەم. دايكم لێيدام. منيش لەماڵەوە ڕام كرد. بەرێكەوت گەيشتمە ئێرە. ئەگەر من بەمنداڵى خۆتان قبووڵم بكەن، ئامادەم لەلاى ئێوە بژيم.

پيرەمێردەكە گوتى:

- ئێمه ئامادەین تۆ بەمنداڵی خۆمان قبووڵ بکەین، بەڵام ئێمە ژیانمان لێرە زۆر سەختە. سێ ئەژدیها لێرە دەژین. ئەوانە هەموو خەڵکی ئەم شارەو گوندەکانی دەوروبەریان لەیەك جێ زیندانی کردووە بۆ ئەوەی بتوانن یەك یەك بیانخۆن.

من و ژنەکەمیان لێرە هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی چوار مەڕ بدۆشین و شیرەکەیان بدەینێ. بەڵام ئەم ئەژدیها بێ ڕەحمانە چاوەکانیان لە قەپێلك دەرهێناوین و لەشوێنێ شاردوتیانەوە.

کوڕەکە گوتی:

- زۆر باشە! من مەڕەکان دەبەمە لەوەڕ و ئێوارە دەیانهێنمەوە بۆ ئەوەی بیاندۆشین.

پیرەژن و پیرەمێردی کوێر رازی بوون و کوڕەکەیان بەمنداڵی خۆیان قبووڵ کرد، کوڕەکە ناوی (سوورین) بوو. کەکوڕەکە ویستی مەڕەکان بباتە لەوەڕ، پێیان گوت:

- سوورین! وریابە! ئەژدیهاکان نەتدۆزنەوە، مەڕەکانیش ببە جێیەکی ئەمین.

کوڕە گەنجەکە دوو سێ ڕۆژ مەڕەکانی بردە لەوەڕو هیچ ڕووی نەدا. ڕۆژی چوارەم کاتێ کە مەڕەکان خەریکی لەوەڕان بوون و ئەویش ویستی لەژێر سێبەری درەختێك دابنیشێ و پشوو بدا، دەڵە شێرێکی دی لە مێگەلە بچووکەکەی نزیك کەوتەوە.

سوورین دەستی دایە داردەستەکەی بۆ ئەوەی مێگەلەکەی پاس بکا. شێرەکە راوەستا و وەکوو بنیادەم بەقسە هات و گوتی:

- لەمن مەترسە! دەبینم تۆ گەنجێکی ئازای. هاتووم دوو سەگت بدەمێ بۆ ئەوەی مێگەلەکەت پاس بکەن.

شێرەکە ئەمەی گوت و یەکسەر دوو توولەسەگی بوو و بە سوورینی سپاردن و ڕۆیشت:



- بەڵام ئەم توولە ئەفسانەییانە زۆر خێرا گەورە دەبوون، بەجۆرێ کە گەورەبوونی یەك ڕۆژیان بە قەدەر گەورەبوونی یەك مانگی توولە سەگی ئاسایی بوو و بەماوەی پازدە ڕۆژ بوون بە سەگی کەلەش گەورە.

سوورین زۆر کەیفخۆش بوو کە ئەم دوو سەگەی هەیە، یەکێکی ناونا (زەنگی) و ئەوەی تری ناونا (زرنگی). ڕۆژ هات و چوو، هەموو ڕۆژێ سوورین سبەینان مێگەلەکەی خۆی و سەگەکانی دەبردە لەوەڕو ڕۆژئاوا دەگەڕایەوە.

ڕۆژێ سوورین دانیشتبوو، خەریك بوو یاری لەگەڵ سەگەکانی دەکرد لە پڕ دوو سەگەکەی دەرپەڕین و لەدەستی هەڵاتن و دوور کەوتنەوە. سوورین، یەکسەر هەستا بۆ ئەوەی بچێتە دوایان، دەڵە ئەژدیهایەکی کەلەش گەورەی بینی بەرەو لای دەهات. ئەژدیهاکە بژییەکی زۆر زلی لەدوو دەخشا. سەگەکان کە چاویان بە ئەژدیهاکە کەوت، تاویان دایە و لە هەردوو لایەوە وەستان. ئەژدیها، کە دیتی دوو سەگی کەلەش گەورە، لەوانەیە لەهەر ساتێکا پەلاماری بدەن، بەسوورینی گوت:

- سەلام، گەنجی ئازا! بە سەگەکانت بڵێ هەقیان لەمن نەبێ. من دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

سوورین لەگەڵ یەکەم سەرنجدا زانی ئەم ئەژدیهایە یەکێکە لەو سێ ئەژدیهایەی خەڵکی شارو گوندەکانی دەوروبەری دەخۆن. بەڵام لەسایەی زەنگی و زرنگی، سوورین هیچ ترسی لە ئەژدیهاکە نەبوو. بانگی سەگەکانی کردو ئەوانیش هاتن و لەبن درەختەکە، لە تەنیشتی وەرکەوتن.

www.pertwk.com

ئەژدیهاکە بەهەموو گیانی ئارەزووی دەکرد سوورین بکاتە یەك پاروو، بەڵام لەو دوو سەگە دەترسا کە لەتەنیشت خاوەنەکەیان وەرکەوتبوون و چاویان تێ بڕیبوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەژدیهاکە کەڵبەکانی نەختێ کوڵ ببوون و دەبوایە تیژیان بکاتەوە، بۆیە ئەژدیها بەفێڵبازی بەگە نجەکەی گوت:

– گە نجی میهرەبان! دەتوانی قژی سەرم بدۆزی و رشکەکان بکوژی؟

سوورین یەکسەر زانی فێڵێك لە گۆڕێدایە، بە ئەژدیهای گوت:

– وەرە ژێر ئەم درەختە تا قژت بدۆزم.

سوورین سەری ئەژدیهاکەی لەسەر ڕانی خۆی دانا و دەستی بەدۆزینی قژی کرد و لە هەمان کاتدا، بێ ئەوەی ئەژدیها پێ بزانێ، قژی لەقەدی درەختەکە گرێ دا.

ئەژدیها بە خەیاڵی ئاسوودە، بەو شێوەیەی کە سەری خستبووە سەر ئەژنۆی کوڕەکە، هەسانی لە ددانەکان دەدا بۆ ئەوەی تیژیان بکاتەوە و بتوانێ کوڕەکە بخوا.

سوورین پە نجەی بۆ هەسانەکە درێژ کرد و لەئەژدیهای پرسی:

– ئەوە خەریکی چ دەکەی؟

– هیچ. شتێ چۆتە بن ددانم، خەریکم دەری دێنم.

سوورین لەجێی خۆی هەستا و گوتی:

– یەك دوو خوولەك سەبر کە. مەڕێ رای کردووە. دەبێ بچم بیدۆزمەوە.

ئەژدیها گوتی:

– گرنگ نییە! هیچی بەسەر نایە! دەتوانی پاشان بچی بیدۆزیتەوە.



– نەء، دەبێ هەر ئێستا بڕۆم، هەر زوو دەگەڕێمەوە.

سوورین کە خەریك بوو لەئەژدیها دوور دەکەوتەوە، ئەژدیها بڕیاری دا لەدواوە پەلاماری بدا و بیخوا. بەڵام بەو پەڕی سەرسامی دیتی قژی لە درەختەکە گرێ دراوە و ناتوانێ بجووڵێتەوە.

سوورین مەڕەکەی گرتەوە کە کردبوویە بەهانە بۆ ئەوەی لە ئەژدیهاکە دوور بکەوێتەوە، ئینجا گەڕایەوە و کەمێ لەدوور ئەژدیهاکە ڕاوەستا. ئەژدیها گوتی:

– گە نجی میهرەبان! ئەوە بۆچی قژی منت لە درەخت بەستۆتەوە؟ من چیم لەتۆ کردووە؟

سوورین وەڵامی دایەوە:

– ئەژدیهای پیس! وا زەن نەبەی من ناتناسم! تۆ یەکێکی لەوسێ ئەژدیهایەی خەڵکی شاریان دیل کردووە! ئەوانەی چاوی دایبابی منیان لە کاسە دەرهێناوە! پێم بڵێ ئەو چاوانەتان لەکوێ شاردۆتەوە؟ و کلیلەکەی لەکوێیە؟

ئەژدیهاکە گوتی:

– کلیلەکە لای خوشکی گەورەمە! ئازادم کە بۆ ئەوەی بچم بیهێنم.

گە نجەکە هەر هێندە گوێی لەم قسەیە بوو، بانگی زەنگی و زرنگی کرد و گوتی:

– ئەم ئەژدیهایە بخۆن و وریابن یەك دڵۆپە خوێنی بەسەر زەوییەوە نەمێنێ.

زەنگی و زرنگی پەلاماریان دا و ئەژدیهایان تیکەبەتیکە کرد و خواردیان، بەجۆرێ کە یەك دڵۆپە خوێنی بەسەر زەوییەوە نەما.

www.pertwk.com

ده رۆژ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی بوو، سوورین دیتی وا ئەژدیهایەك دێتە لایەوە. بەڵام چ ئەژدیهایەك! ئەژدیهایەكی زۆر زلترو ترسناكتر لەئەژدیهای یەكەم!

سەگەكان یەكسەر بۆ ئەژدیهاكە چوون و ئەژدیها بەخاوەنی سەگەكانی گوت:

- ئەمانە بانگ كە. دەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم.

سوورین زانی ئەم ئەژدیهایە خوشكە گەورەی ئەژدیهای یەكەمە. سەگەكان بە فەرمانی سوورین هاتنە لایەوەو لە تەنیشتی، لەبەر سێبەری درەختەكە وەركەوتن. ئەژدیها زۆر حەزی دەكرد خۆی بەسەر كوڕەكەدا بداو بیكا بەیەك پارووی چەور، بەڵام ئەویش لە سەگەكان دەترسا. سەگەكانیش لەئەژدیهاكە بەرە ژێرتر نەبوون!، بۆیە ئەم ئەژدیهایەش هەر وەكوو خوشكی داوای لەكوڕەكە كرد قژی بدۆزێ. سوورین پێی گوت:

- زۆر باشە، وەرە ئێرە با قژت بدۆزم.

ئەژدیها چووە لای كوڕەكەو سەری خستە سەر ئەژنۆكانی. سوورین ئەم جارەش قژی ئەژدیهای لەدرەختەكە گرێداو هەستاو گوتی:

- ئەی دادو بێداد! مەرێك دیار نییە! دەبێ بچم بیدۆزمەوە.

ئەژدیهاكە گوتی:

- خۆت سەخڵەت مەكە! هیچ ڕوونادا. نەختێكی تر لای من بمێنەوە، ئینجا برۆ.

- نە، دەبێ هەر ئێستا بڕۆم، ئەگەر نا گوم دەبێ، زوو دەگەڕێمەوە.



كاتێ كە سوورین خەریك بوو لە ئەژدیها دوور دەكەوتەوە، ئەژدیها ویستی لەدواوە پەلاماری بدا، بەڵام بەو پەڕی سەرسامی بینی قژی لە درەختەكە بەسراوەتەوە و ناتوانێ بجووڵێتەوە. بە نارەحەتی ناڵاندی و گوتی:

- گە نجی میهرەبان! ئەوە بۆچی قژی منت لە درەخت بەستۆتەوە؟ من چیم لە تۆ كردووە؟

- هێشتا هیچت لێ نەكردووم؟ چاوی دایبابی منت لەكوێ شاردۆتەوە؟ ئەگەر كلیلی ئەو شوێنەم بدەیتێ، ئازادت دەكەم.

ئەژدیها گوتی:

- كلیلەكە لای خوشكی گچكەمە.

- هەی خاكت بەسەر! من ئەو خوشكەی تۆم كوشتووە. درۆ دەكەی؟

ئەژدیها گوتی:

- سەیرە! بەڵام بڕوا بكە كلیلەكە لای خوشكی گەورەمە!

سوورین بانگی زەنگی و زرنگی كردو گوتی:

- ئەم ئەژدیهایە بخۆن! وریا بن یەك دڵۆپە خوێنی بەڕووی زەوییەوە نەمێنێ!

زەنگی و زرنگی كە تائێستا وەكوو دوو سەگی نەرم و بێ وەی ئیرانی بێ دەنگ و بێ جووڵە وەركەوتبوون، لە شوێنی خۆیان دەرپەڕین و ئەژدیهاكەیان تیكە تیكە كردو خواردیان، بەجۆرێ كە تەنانەت، یەك دڵۆپە خوێنی بەسەر زەوییەوە نەما.

بەم جۆرە، ئەم ئەژدیهایەش لەناو چوو.

www.pertwk.com

مانگێ بەسەردا چوو و هیچ ڕووداوێ نەقەوما. دوو مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی بوو، ڕۆژێ کوڕەکە خەریکی دار بڕین بوو دیتی سەگەکانی دەوەڕن. کە سەری هەڵبڕی خۆیشی نەیزانی ئەوە چییە دەیبینێ! ئەژدیهایەك خەریك بوو لێی نزیك دەکەوتەوە، ئەویش چ ئەژدیهایەك! کە دەجووڵایەوە زەوی لە ژێر لەشی قورسی دەلەرزی.

سوورین لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە:

( کوشتنی ئەم لەندەهۆرە بەو سادەییە نییە! )

بەڵام بێ ئەوەی دەست لەخۆی بەربدا، بانگی سەگەکانی کردو پێی گوتن:

– مەترسن. بڕۆن شیر بخۆن بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەو ئەژدیهایەدا زاڵ بن. ئەگەر نەتوانن بەسەریدا زاڵ بن، هەموو تەقەلامان بەبادەچێ و هەرسێکمان ئیشمان تەواوە!

زەنگی و زرنگی گوتیان: ( هەڵبەت دەزانن ئەو سەگانە توانای قسەکردنیان هەبوو )

– باشە، بەڵام نیگەران مەبە.

کاتێ کە ئەژدیها گەیشتە لای سوورین، گوتی:

– سەلام، گەنجی ئازا! ئەوە لەکوێوە هاتووی و لێرە چ دەکەی؟

سوورین گوتی:

– من کوڕی ژن و مێردێکی کوێرم.

ئەژدیها گوتی:

– زۆر چاکە! بەڕێکەوت من دەیانناسم. خزم و دۆستی یەکترین.



ئەژدیها هاتە پێشترو لەتەك کوڕەکە دانیشت. هەڵبەت زۆر حەزی دەکرد بیکاتە یەك پارووی چەور. بەڵام تەنانەت ئەویش لە سەگەکان دەترسا.

ئەم ئەژدیهایەش داوای لە سوورین کرد قژی بدۆزێ. سوورین سەری ئەژدیهای لەسەر ئەژنۆکانی خۆی داناو بێ ئەوەی ئەژدیها ئاگای لێ بێ، قژی لە درەختەکە بەستەوە. دوای نەختێ لەشوێنی خۆی هەستاو گوتی:

– وەی دادو بێداد! یەکێ لە مەڕەکان دیار نییە. نەختێ سەبرکە، تا دەچم دەیدۆزمەوە.

ئەم ئەژدیهایەش ویستی لەدواوە پەلاماری سوورین بداو بە ساغی قووتی بدا، بەڵام بەو پەڕی سەرسامی دیتی قژی لە درەختەکە گرێ دراوە: ئەژدیها بە ئاوازێکی گلەو گازندانە گوتی:

– گەنجی میهرەبان. ئاخر من چیم لەتۆ کردووە، قژی منت لە درەخت بەستۆتەوە؟ وەرە بمکەرەوە بۆ ئەوەی پاداشتێکی چاکت بدەمێ.

سوورین گوتی:

– من پێویستم بە پاداشتی تۆ نییە. تۆ چاوی دایبابی منت لە قەپێلك دەرهێناوەو لە شوێنێ شاردۆتەوە. ئەگەر کلیلی ئەو شوێنەم بدەیتێ، ئازادت دەکەم.

ئەژدیها گوتی:

– کلیلەکە لای خوشکی گچکەمە.

سوورین گوتی:

– من خوشکە گچکەکەتم کوشتووە.

ئەژدیها گوتی:

– کەواتە لای خوشکەکەی ترمە.

- من ئەویشم کوشتووە!

ئەژدیها ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- ئەوە بۆیە ماوەیەکە نەمدیون؟

ئەژدیها زانی ئیتر شتی وای لەدەست نایە! لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە فێڵبازی نەهێناو داوای لە کوڕەکە کرد بێتە لایەوەو کلیلەکەی لێ وەربگرێ. ئەژدیها مەبەستی ئەوەبوو کوڕەکە بە چە پۆکەکانی ونجڕ ونجڕ بکا. بەڵام سوورین لێی نزیك نەکەوتەوەو گوتی:

- کلیلەکەم بۆ فڕێدە.

- ئەژدیهاکە دوو کلیلی لەباخەڵی خۆی دەرهێناو هاویشتیە بەردەم سوورین.

سوورین گوتی:

- ئەمانە کلیلی ئەو شوێنەن کە چاوی دایبابی منت تیا شاردۆتەوە. ئەی کلیلی ئەو جێگایەی کە خەڵکی شاری تیا بەندن لەکوێیە؟ ئەویشم بدەرێ.

ئەژدیها کلیلێکی گەورەشی لە باخەڵی خۆی دەرهێناو فڕێی دایە بەر پێی سوورین.

سوورین بانگی سەگەکانی کردو گوتی:

- ئەم ئەژدیهایە بخۆن! نابێ تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیشی بەسەر زەوییەوە بمێنێ!

زەنگی و زرنگی پەلاماری ئەژدیهایان داو تیکە بە تیکەیان کردو خواردیان. تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیشی بەسەر زەوییەوە نەما.

سوورین بانگی سەگەکانی کردو هەرسێکیان بەرەو پەرگەی شار کەوتنە رێ. بینایەکی گەورەی لێ بوو. کوڕەکە گوتی:



- دەتوانم سوێند بخۆم خەڵکی شار لێرە زیندانین!

تەلارێکی گەورەو جوان لە تەنیشت بینایەکە هەبوو. هەڵبەت بەتەخمین دەزانن ئەو شوێنە جێگای حەوانەوەی سێ ئەژدیهاکە بوو. سوورین دەرگای کردەوە... کەس لەوێ نەبوو. بەڵام هەگبەیەکی بچووك لە قوژبنێکی تەلارەکە کەوتبوو. کاتێ کە سوورین، بەو کلیلانەی لە ئەژدیهاکەی وەرگرتبوون، زارگی هەگبەکەی کردەوە، دیتی چاوەکانی دایبابی وا لەناو هەگبەکەدان. چاوەکانی هەڵگرتو لەگیرفانی خۆی نان. ئینجا چووە لای بینا گەورەکەو دەرگای ئەویشی کردەوە.

کە دەرگا بووەوە دەنگی گریەو ناڵینی زیندانییەکان بەرزبووەوە ئاسمان.

یەکێ گوتی:

- ئەوە دیسان هاتن! خوا بزانێ ئەم جارە نۆرەی کامەمانە.

سوورین چووە ناو بینایەکە. هەموو خەڵکەکە لەسەرسامییان دەمیان بەش بووەوە. یەکێ گوتی:

- تۆ کێی؟ ئەوە چۆن هاتیتە ئێرە؟ ئەژدیهاکان نەیانبینیت؟

سوورین وەڵامی دایەوە:

- ئیتر ترسی ئەو لەندەهۆڕانەتان نەبێ. من هەرسێ ئەژدیهام کوشتووە.

سوورین خەڵکەکەی ئازاد کردو خەڵکی شارو دێ بە پەلە گەڕانەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان و دووبارە بوونەوە خاوەن موڵكو ماڵی خۆیان.

www.pertwk.com

پێش سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە، پاشایەك لەم شارەدا فەرمانڕەوایی دەکرد. بەڵام سێ ئەژدیهاکە، پێش ماوەیەك، پاشاو کوڕەکەیان خواردبوو. خەڵکی شار حەزیان کرد سوورین بکەنە پاشا. سوورین گوتی:

– من هێشتا کارێکی دیم ماوە دەبێ ئەنجامی بدەم. دەچم ئەنجامی دەدەم، ئینجا دێمەوە لاتان.

خەڵکەکە گوتیان:

– چیت پێ باشە، ئەوە بکە!

کوڕە گەنجەکە چووە لای دایك و باوکی گفتەنی. چاوەکانی دانەوە و ئەوانیش چاویان چاك بووەوە. پاشان بڕیاریدا بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی بۆ ئەوەی بزانێ داییابی راستەقینەی چییان بەسەر هاتووە و ئایا خوشکی ماوە یان مردووە؟ ماڵاوایی لە داییابی گفتەنی کردو تاڵە موویەکی زەنگی و تاڵە موویەکی زرنگی لێ کردەوە و بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ.

هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە ڕێگایەك. دوو پیاو لە قەراخ ڕێگاکە دانیشتبوون خەریك بوون نانیان دەخوارد. دوو پیاوەکە گوتیان:

– برا، تۆ خەڵکی کوێی و دەچیتە کوێ؟

سوورین گوتی خەڵکی فلانە دێم و خەریکم دەچمە سەردانی دایك و باوکم.

دوو پیاوەکە نیگای بەزەیی هاتنەوەیان لە یەکتر بڕی و گوتیان:

– برا، دێوێ ئەو گوندەی داگیر کردووە! هەموو خەڵکەکەی خواردووە. هەموو شتێکی لەناو بردووە. مەچۆرە ئەوێ، نەوەك تۆش بخوا. ئێمەیش خەڵکی ئەوێین. بەختمان باش بوو توانیمان لەچنگ دێوەکە ڕابکەین.



کوڕەکە گوتی:

– من پێشتر، بەرەو ڕووی ئەم جۆرە شتانە بوومەتەوە. دەرەقەتی ئەمەش دێم.

دوو پیاوەکە گوتیان:

– لەسەر ئێمە گوتن بوو. ئێمە خۆمان وامان پێ باشە نزیکی ئەو دەوروبەرە نەکەوین.

سوورین ماڵاوایی لێ کردن و لەڕێی خۆی بەردەوام بوو. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە گوندێکی بچووك. تومەز ئەمە ئەو گوندەبوو کە پێش ماوەیەك جێی هێشتبوو و دێوەکەش خوشکی خۆی بوو.

سوورین چووە ناو دێ و دیتی هیچ کەسی تێدا نییە. بەڵام بەبیری مابوو، کاتی خۆی ماڵیان لەکوێ بوو. کاتێ کە گەیشتە ماڵە کۆنەکەی خۆیان، ئەسپەکەی بردە تەویلە و خۆیشی چووە ژوورەوە. بەڕێکەوت خوشکی لە ماڵەوە بوو و داهاتبووەوە سەر ئاگردان و خەریك بوو ئاگری دەکردەوە. ئێستا ببوو بە دەڵە دێوێکی ترسناکی بەوەج. کە سوورین چووە ژوورەوە، خوشکی لەشوێنی خۆی هەستا و گوتی:

– سەلام! برای ئازیز! ئەوە لەکوێوە دێی؟ دەچیتە کوێ؟ بەسواری ئەسپ هاتووی؟

برا گوتی:

– ها!

خوشکە بەبرای گوت:

– لەبەر ئەم ئاگردانە دانیشە. من دەچم ئالیك دەدەمە ئەسپەکەت.

برا گوتی:

- باشه، برۆ.

خوشكه چووه ناو تەویلە. لاقێكی ئەسپەكەی لێ كردەوەو خواردی.

ئینجا گەڕایەوە لای برای و گوتی:

- برا، ئەسپەكەت سێ لاقە؟

برا گوتی:

- ها!

خوشك‌و برا لە تەنیشت یەك دانیشتن‌و ماوەیەك گاڵتەیان كرد.

ئینجا دەڵە دێو دووبارە چووە تەویلەو سێ لاقەكەی تری ئەسپەكەی لێ كردەوەو خواردی. كە گەڕایەوە لە برای پرسی:

- برا، ئەسپەكەی تۆ هیچ لاقی نییە، وا نییە!

- ها!

دەڵە دێو دوای ماوەیەك دووبارە چووە تەویلەو ئەسپەكەی بە تەواوی خوارد. كاتێ كە گەڕایەوە لای برای، پرسی:

- برا، نەكا تۆ ئەسپت هەر نەبێ‌و بە پێ هاتبێت!

برا وەڵامی دایەوە:

- دەشێ!

خوشك‌و برا دووبارە لەتەك یەك دانیشتن‌و ماوەیەك قسەیان كرد.

برا لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەم دەڵە دێوە ئەسپەكەی خواردووم، هەڵبەت ئێستا نۆرەی خۆمە! پێویستە چارەیەك بدۆزمەوە كە پێشی پێ بگرم!)

سوورین لەشوێنی خۆی هەستاو لەژوورەكە چووە دەرێ. ئینجا چووە سەربان‌و دەستی بە پیاسە كرد. دەبوایە ڕێگە چارەیەك بدۆزێتەوە.



ئاخیری بیرێكی بۆ هات. پانتۆڵی خۆی لە پێ كردەوەو دەلینگەكانی گرێ دا، ئینجا دەلینگەكانی پانتۆڵەكەی پڕ خۆڵەمێش كردو پانتۆڵەكەی لە كلاوڕۆژنەی بانەوە شۆڕكردەوە.

تومەز دەڵە دێو لە هەمان كاتدا خەریك بوو دانەكانی تیژ دەكردەوە بۆ ئەوەی بتوانێ زوو بەزوو براكەی بخوا.

كاتێ كە سوورین لەژوورەوە هاتە دەرێ، دەرگای لەسەر خوشكی كلیل دا.

دەڵە دێو، كاتێ كە لەتیژكردنی ددانەكانی بووەوە، ویستی بچێتە سەربان، بەڵام دیتی دەرگای لەسەر كلیل دراوە. بڕیاریدا بەكلاوڕۆژنەدا بچێتە سەربان. كە گەیشتە لای كلاوڕۆژنە، دەلینگەكانی پانتۆڵەكەی دی لە كلاوڕۆژنەوە شۆڕبووبوونەوە ناو ژوورێ. وای زانی ئەمانە پێیەكانی براینە، چرنۆكی زلی لێ ختم كرد. پانتۆڵەكە پارچە پارچە بوو و خۆڵەمێشەكە بەسەر دەم‌و چاویدا ڕژاو هەموو چووە ناو چاوی. ئیتر هیچی نەدەدی. هاوارێكی ترسناكی لێ هەستاو لە ساپیتەوە بەربووەوە سەر زەوی. ئەم جارە زۆر بە تووڕەیی پەلاماری دەرگای دا. ئەوەندەی نەمابوو بە زەبری توندی خۆی دەرگاكە بشكێنێ‌و بچێتە دەرەوە.

برا ئەم هەموو شتەی دەدی‌و هیچی لەدەست نەدەهات. لەدڵی خۆیدا بیری دەكردەوە. (هەر ئێستا دەڵە دێو دێتە دەرەوەو دەمكاتە یەك پاروو!)

لە پڕ سوورین سەگەكانی بیركەوتەوە! بەڵێ! تەنیا زەنگی و زرنگی دەتوانن ڕزگاری بكەن! دەستی بردە گیرفانی‌و تاڵە موویەكی زەنگی‌و تاڵەموویەكی زرنگی دەرهێنا. بەكاری خوای هەردوو سەگەكە لەبەردەمی ئامادە بوون‌و بە حەپە حەپ پرسیان:

- بەڵێ، ئاغا؟ تێکدانت لەئێمە دەوێ، یان ڕزگار کردن؟

سوورین گوتی:

- دەبێ رزگارم بکەن! کە دێوەکە لەژوورەوە هاتە دەرێ، بیخۆن، بەڵام ئەمجارە لێ گەڕێن یەك دڵۆپە خوێنی بەسەر زەوییەوە بمێنێ!

هەر یەکسەر، کە دێوەکە لە دەرگاوە هاتە دەرێ، زەنگی و زرنگی پەلاماریان داو بە چاوتروکانێك دڕاندیان و خواردیان و ئەوەی لێی مایەوە تەنیا یەك دڵۆپە خوێن بوو کە بەسەر زەوییەوە مابووەوە.

سوورین، ئەم دڵۆپە خوێنەی بەدەسماڵەکەی هەڵگرتەوەو لەناو گیرفانی نا.

ئینجا بانگی سەگەکانی کردو لەگەڵ ئەوان لەماڵەوە دەرچوون.

هیچ کەسێ لەناو دێدا نەمابوو. خوشکی هەمووی خواردبوون، تەنانەت دایبابی خۆیشی.

سوورین بەرەو ئەو شارە کەوتەڕێ کە خەڵکەکەی حەزیان دەکرد بیکەن بە پاشای خۆیان. لەڕێگادا تووشی سی چل کەس بوو لەدەوری کۆتەرە درەختێك کۆببوونەوە. سوورین لێی پرسین ئەوە چ دەکەن. گوتیان هەر کەسێ بزانێ ئەم کۆتەرە هی چ درەختێکە دەتوانێ زێڕەکەی ناوی بۆ خۆی بەرێ. سوورین لەتەك کۆتەرەدارەکە وەستاو هەوڵیدا ناوەکەی بزانێ. چەند ناوێکی بەسەر زماندا هێنا، بەڵام کەڵکی نەبوو. ئاخیری دەسماڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا بۆ ئەوەی لووتی بسڕێ. هەر یەکسەر کە دەسماڵەکەی کردەوە و پەڵە خوێنەکەی بینی، خوشکی بیر کەوتەوە.

خوشکی ناوی (کوکناس) بوو و (کوکناس)، یان وردتر بڵێین (کوکنار) بەزمانی تورکی بە(سنۆبەری زەرد) دەڵێن.



تومەز ئەو کۆتەرەیەش کۆتەرەی دار سنۆبەری زەرد بوو!

سوورین کاتێ کە پەڵە خوێنەکەی دی ئاخێکی هەڵکێشاو بێ دەستی خۆی ناوی خوشکی هێنا.

- کوکناسی کڵۆڵ!

ئەو خەڵکەی لەوێ بوون یەکسەر تەورێکیان هێنا، کۆتەرەکەیان شەق کرد، زێڕەکەیان دەرهێناو دایانە کوڕەکە!

سوورین لەڕێی خۆی بەردەوام بوو. بە پێ کێو و گەلی بڕین و کە گەیشتە شار، لەشی هیچی تێدا نەمابوو، ئەو شیرە نەبێ کە بەکۆرپەیی لە مەمکی دایکی مژی بووی.

بەڵام هەر هێندە کە چووە ناو شار، خەڵکەکە دەوریان لێداو بردیانە کۆشکی سوڵتانی و تاجیان لەسەر نا. پاشان کچێکی وەکوو پەنجەی ڕۆژیان دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێ بە هاوسەری. تاجێکی جوانیشیان لە سەری کچەکە نا، کە ئێستا ببوو بە شاژنیان. ئاهەنگی زەماوەند چل شەوو چل ڕۆژ بەردەوام بوو و ئەمانە بوون بە ژن و مێرد.

یاخوا، چۆن ئەوان بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بەمرازی دڵی خۆتان بگەن.

سێ سێو لەئاسمان کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هەقایەتخوان، یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەی و یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی کە سەرا پای بوو بەگوێ.

www.pertwk.com

## 24-هابیرمانی

هەبوو نەبوو لەڕۆژگارێکا، پیرەمێردێکی دەستکورت هەبوو، لەم دونیایە گەورەدا قەت هیچی نەبوو. بەخۆیو بەژنە پیرەکەیەوە بەتاقی تەنیا دەژیان.

پیرەمێرد، هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچووە لێڕەوار، دارو درووی جەنگەڵی کۆدەکردەوەو ڕۆژی پاشی دەیبردە بازاڕو دەیفرۆشت. ئەوەندەی پێی بکرایە دەیفرۆشتو ئەوەی دەمایەوە دەیبردەوە ماڵێ بۆ ئەوەی تەندوورو ئاگردانی پێ داگیرسێنێ.

ژیانی ئەم ژنو مێردە بەم جۆرە دەڕۆیشت.

ڕۆژێ، پیرەمێرد هەر وەکوو جاران چووە لێڕەوارو تا توانی دارو درووی لێڕەواری کۆکردەوەو بردییەوە ماڵێ و لەقوژبنێکی دانا بۆ ئەوەی ڕۆژی پاشی بیباتە بازاڕ بیفرۆشێ. پیرەمێرد، لە پڕ (شامار)ێکی بینی



لەناو چیلکە دارەکان هاتە دەرێو چووە لای ئاگردانو لەوێ پەپکەی کرد. مارەکە، شکۆو گەورەییەکی تایبەتی هەبوو، بەو پەڕی ئارامی تەماشای ژنو مێردەکەی دەکرد.

ژنەکە گوتی:

- پیاوەکە، ئەوە ئەم مارە لێرە چ دەکا؟ ئێمە بای خۆمان خواردنمان نییە، ئێستا دەبێ خواردنی ئەویش بدەین!

کابرا بەتووڕەیی گوتی:

- من بە ئەنقەس ئەمەم نەهێناوەتە ئێرە! هەڵبەت خۆی خۆی خزاندۆتە ناو دارەکان. بەڵام گرنگ نییە. ئەم زیندەوەرە ئیشی بەئێمە نییە. بۆ خواردنیش خۆت خەفەتمان مەکە. خودا پێکی دێنێ.

بەم جۆرە مارەکە لەماڵیان مایەوەو وەکوو ئەندامێکی خێزانەکەی لێهات، هەر دەتگوت کوڕی ئەو ژنو مێردە پیرەیە!

پیرەمێردو پیرەژن شەو چوونە ناو جێو سبەینێ زوو بەئاگا هاتن. پیرەمێرد دارەکانی لەکۆڵی کردو بەرەو شار کەوتە ڕێ. لە شار دارەکەی فرۆشتو کاتی ڕۆژئاوا گەڕایەوە ماڵێ. کاتێ کە پیرەمێردو ژنەکەی ویستیان نان بخۆن مارەکەش هات لە تەکیانەوە دانیشت بۆ ئەوەی نانیان لەگەڵ بخوا.

بەڵام بەر لەوەی دەست بە خواردن بکا، لە پڕ وەکوو بنیادەم بەقسە هاتو ڕووی کردە پیرەمێردو گوتی:

- تۆ دەبێ ئیشێکم بۆ بکەی. دەبێ سبەینێ بچیتە کۆشکی پاشاو خوازبێنی کچەکەیم بۆ بکەی.

پیرەمێرد بە سەرسامییەوە گوتی:

www.pertwk.com

– مارەکە، ئەوە تۆ شێت بووی؟ من لەکوێ و پاشا لەکوێ؟ دەتەوێ پاشا لەسەرم بدا؟ تۆ ماری، چ ئیشت بەکچی پاشایە؟

مارەکە گوتی:

– من مار نیم، بەلاّم هێشتا وەختی دانەهاتووە پێت بڵێم من کێم. تۆ تەنیا برۆ لای پاشاو داخوازی کچەکەیم بۆ بکە. ئیشت بەشتەکانی ترەوە نەبێ. ئەگەر ئەو کچی خۆیم نەداتێ، ئەوسا ئەوە من و ئەوەش ئەو!

بەیانی سبەینێ، هەر کە رۆژهەلاّت، پیرەمێرد بەزاروزار بەرەو کۆشك کەوتە رێ. کاتێ کە گەیشتە ئەوێ، پاسەوانان لە هەموولاوە تێی وەرهاتن و گوتیان:

– پیرەمێردی پیس، چیت دەوێ هاتوویتە ئێرە؟ برۆ، بزربە.

دارکەری پیر بە پارانەوە گوتی:

– براینە! بۆ خاتری خوا بمبەنە حزوور پاشا. دڵم پڕ دەردو رەنج و ژانە. تکایەکم لە پاشا هەیە.

پاسەوانان رازی بوون و بردیانە حزوور پاشا. پیرەمێرد حەفت جار ئیکلامی کێشاو دوعای بۆ پاشا کردو ئینجا بێ جووڵە لە بەردەمی وەستا.

پاشا پرسی:

– باشە، پیرەمێرد، چیت دەوێ؟

– پاشا تەمەنی هەر درێژ بێ! نازانم چۆن بڵێم! من کورێکم هەیە، هاتوومەتە داخوازی کچەکەت بۆ کورەکەم.

پاشا، لەدڵی خۆیدا گوتی ئەم پیرەمێردە هۆشی لەسەردا نەماوە، ئینجا بەدەنگێکی بەرز گوتی:



– زۆر باشە. من کچەکەم دەدەمە کوڕی تۆ، بەلاّم بەیەك مەرج. تۆ دەبێ لەماوەی ئەمشەو، کۆشکێکی وەکوو کۆشکی من دروست بکەی. ئەگەر سبەی بەیانی کۆشکەکە ئامادە بوو، من بەو پەڕی ئارەزووم کچەکەم بە کوڕەکەت دەدەم. بەلاّم ئەگەر ئامادە نەبوو، سەرت لەلەشت جودا دەکەمەوە!

پیرەمێرد زۆر بە پەستی و عاجزی گەڕایەوە ماڵێ. مارەکە پرسی:

– باشە، پاشا چی گوت؟

پیرەمێرد وەلاّمی دایەوە:

– چی گوت؟ گوتی "باشە" بەلاّم لە ڕاستیدا گوتی "نابێ". داوای لێ کردم هەر ئەمشەو کۆشکێکی وەکوو کۆشکی خۆی دروست بکەم. پێی گوتم ئەگەر بتوانم ئەم ئیشە بکەم داخوازییەکەم دێنێتە دی، ئەگەر نا سەرم لەلەشم جودا دەکاتەوە!

مارەکە گوتی:

– خۆت سەخڵەت مەکە، پیرەمێرد! لەبیرتە ئەو رۆژەی منت بینی، دارەکانت لەکوێ کۆکردەوە؟

پیرەمێرد گوتی:

– بەڵێ، لەبیرمە.

مارەکە گوتی:

– برۆ ئەوێ. باش تەماشا بکە، کونێك لە زوویدا دەبینی. لە تەنیشت ئەو کونە بوەستەو بەدەنگێکی بەرز بڵێ:

"خانمی گەورە، خانمی بچووك، هابیرمانی پێویستی بەکۆشکێکی گەورە هەیە."

www.pertwk.com

داركەرەكە چووە لێرەوار و كونە مارەكەی دۆزییەوە، لە تەنیشت كونەكە وەستاو بەدەنگی بەرز گوتی:

- خانمی گەورە، خانمی بچووك، هابیرمانی پێویستی بەكۆشكێكی گەورە هەیە!

ئیتر پیرەمێرد بەرەو ماڵی خۆی رێی گرتە بەر، بەڵام كاتێ كە گەیشتەوە ماڵێ، دیتی كۆشكێكی گەورە لەشوێنی كووخەكەی سەری گەیشتۆتە تەشقی ئاسمان.

كۆشكەكە ئەوەندە گەورەو مەزن بوو، كۆشكی پاشا لەچاو ئەمەیا هەر هیچ نەبوو.

سبەینێ، كە بەیانیدا، مارەكە بە پیرەمێردی گوت:

- ئێستا برۆ بۆ لای پاشاو داخوازیی كچەكەی لێ بكە.

پیرەمێرد زاتی دایە بەر خۆیو چووە كۆشكی پاشاو داوای دیداری پاشای كرد.

پاسەوانانی كۆشك خەبەریان دایە پاشا كە پیرەمێردەكەی رۆژی پێشوو دیسان دەیەوێ چاوی پێ بكەوێ، پاشا گوتی:

- بیهێننە لای من، بزانم چی دەوێ.

داركەری پیر چووە ناو تەلارو حەفت جار ئیكلامی كێشا. دوعایەكی كردو بێ جووڵە وەستا. پاشا گوتی:

- باشە، هەڵبەت بۆ ئەوە هاتووی تا ئەمر بكەم لە سەرت بدەن، وانییە؟

پیرەمێرد گوتی:



- خاوەن شكۆ هەر تەمەن درێژ بێ! ئەو كۆشكەی داواتان كردبوو ئامادەیە.

پاشا چووە بەر پەنجەرەو سەیری دەرەوەی كرد. ئەوەی ئەو دیتی بڕوا نەدەكرا. كۆشكێكی گەورەو مەزن لەشوێنی كووخەكەی پیرەمێرد دیار بوو، سەری گەیشتبووە تەشقی ئاسمان.

كۆشكێ بوو كۆشكی پاشا لەچاو ئەو كۆشكە شتێكی وا نەبوو.

پاشا لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەم پیرە سەگە، بە هەر فێڵێ بووە، داوای منی هێناوەتە جێ! ئێستا ناچارم كچەكەم بە كوڕەكەی بدەم. بەڵام نابێ لەز بكەم! داوای لێ دەكەم كارێكی تریش ئەنجام بدا بۆ ئەوەی كچەكەم بە كوڕەكەی بدەم.)

پاشا رووی كردە پیرەمێردو گوتی:

- زۆر باشە، كۆشكەكەت دروست كردووە. ئێستا دەبێ لەبەردەم ئەو كۆشكە باخێكی جوانیش دروست بكەی وەكوو ئەو باخەی لەبەردەم كۆشكی منایە. تۆ باخی منت دیوە؟ چەند حەوزێكی مەرمەڕی تێدایە. بولبولی هەزار داستان تێیدا دەخوێنن.

كچەكەم رەوشتی وایە لەوێ پیاسە دەكا. بڕۆ باخێكی وەكوو ئەوە دروست بكە!

پیرەمێرد دیسان بە عاجزیو دڵتەنگی گەڕایەوە ماڵێ. مارەكە پرسی:

- چ بووە؟ بۆچی سەرت دانەواندووە؟ پاشا ڕازی بوو كچەكەی خۆیم بداتێ؟ یان، نا؟

پیرەمێرد گوتی:

www.pertwk.com

- کورِم! پاشا شتێکی تری دەوێ! دەڵێ دەبێ باخێکی وەکوو باخەکەی ئەم لە بەردەم کۆشك دروست بکەین.

مارەکە گوتی:

- زۆر باشە، دروستی دەکەین! برۆ تەك کونەکەو هاوار بکە:

"خانمی گەورە! خانمی بچووك! هابیرمانی باخێکی جوانی دەوێ!"

پیرەمێرد چووە لێرەوار، کونەکەی دۆزییەوەو مارەکە چی گوتبوو وای کرد. کاتێ کە گەڕایەوە ماڵێ، دیتی باخێکی جوانو باسەفاو بە حەوزی مەرمەڕییەوەلە بەردەم کۆشکدا پەیدا بووە. بولبولی هەزار داستان لەسەر چڵی درەختەکانی دەخوێنن! باخی پاشا بەرامبەر بەم باخە هەر هیچ نییە.

پیرەمێرد، شەو، بەئاسوودەیی خەوتو بەیانی لە خەو هەستاو چووە لای پاشاو گوتی:

- پاشا تەمەنی هەر درێژ بێ! ئەو باخەی داواتان کردبوو دروستم کردووە. ئێستا کچەکەتان بەکوڕەکەم بدەن.

پاشا چوو بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی باخەکە ببینێ. کاتێ کە گەیشتە باخەکە لە سەرسامییان دەمی بەش بووەوە. دیتی باخێکی زۆر جوانو باسەفاتر لە باخی خۆی لەبەردەم کۆشکی پیرەمێردایە.

پاشا ڕووی کردە پیرەمێردو گوتی:

- زۆر باشە! ئێستا دەبێ قاڵییەکی یەك پارچە پەیدا بکەی کە لەدەروازەی کۆشکی منەوە تا دەروازەی کۆشکی تۆ پان بێتەوە. ئەو کاتە کچەکەم دێتە کۆشکی تۆ.



دارکەری پیر چووەوە لای هابیرمانیو فەرمانی تازەی پاشای پێ ڕاگەیاند. مارەکە گوتی:

- دیسان دەچیتە تەك ئەو کونەو دەڵێی: ((خانمی گەورە! خانمی بچووك! هابیرمانی قاڵییەکی گەورەی دەوێ.))

مارەکە چی گوتبوو، پیرەمێرد وای کرد. کە گەڕایەوە ماڵێ، دیتی قاڵییەکی یەك پارچە لەنێوان کۆشی ئەمو کۆشکی پاشا ڕاخراوە.

پیرەمێرد ڕۆژی پاشی، دیسان چووە لای پاشاو گوتی:

- پاشا هەر تەمەن درێژبێ! ئەو قاڵییەی داواتان کردبوو، ئامادەیە هیچ ئەمری ترتان هەیە؟ یان تەواو بوو؟

پاشا گوتی:

-تەنیا دەبێ یەك ئیشی دی بکەی. ئەوسا کچەکەم دێتە کۆشکی تۆ. دەمەوێ سبەی بەیانی کە بەئاگا هاتم حەفت جووتە سازندە بە دەهۆڵو زوڕناوە لە بەردەم ئەم تەلارە کۆبووبنەوەو ساز لێ بدەن. دەمەوێ هەموو کەس گوێی لە دەنگیان بێ، بەلام کەس بەچاو نەیانبینێ!

پیرەمێرد دیسان بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە ماڵێ. هابیرمانی گوتی:

- پاشا دیسان کچەکەی خۆی نادا؟ ئیتر چی دەوێ؟

پیرەمێرد قسەکانی پاشای بۆ مارەکە باس کرد. مار گوتی:

- شایەنی دڵتەنگی نییە. دووبارە برۆ لێرەوارو لە تەنیشت کونەکە بوەستەو بڵێ:

"خانمی گەورە! خانمی بچووك! هابیرمانی حەفت جووتە زوڕنا ژەنو دۆڵەنگێوی دەوێ کە کەس نەتوانێ بەچاو بیانبینێ!"

پیرەمێرد چووە سەر کونەکەو ئەوەی هابیرمانی گوتبووی دووبارەی کردەوەو گەڕایەوە ماڵێ.

سبەینەی ڕۆژی پاشی پاشا لەخەو هەستاو چووە دەرەوە. لە هەموو لایەکی شارەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەهات بێ ئەوەی کەس سازندەکان ببینێ. پاشا لەدڵی خۆیدا گوتی: ( پیرەمێرد، ئاخیری کچەکەمی بردەوە! )

پیرەمێردی دارکەر بەیانی لەخەو هەستاو چووە کۆشکی پاشا، ئەم جارە مارەکەشی لەگەڵ خۆی بردبوو و دوای دابی ئاسایی گوتی:

- پاشا هەر تەمەن درێژبێ! هاتووم کچەکەتان ببەم.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە، بەڵام ئەی کوا کوڕەکەت؟

پیرەمێرد، مارەکەی لەژێر جلی خۆی دەرهێناو گوتی:

- کوڕەکەم ئەم مارەیە. من هیچ منداڵی ترم نییە.

پاشای بێچارە تازە گفتی بە پیرەمێرد دابوو، ئیتر هیچی لە دەست نەدەهات و ناچار بوو کچەکەی بەکوڕی دارکەرەکە بدا، هەر بۆیەش بەناڕەحەتی رووی کردە پرەمێردو گوتی:

- باشە، هیچ چارە نییە، کچەکەم هی تۆیە! پیاو دەبێ تەسلیمی چارەنووسی خۆی ببێ.

لە ئاهەنگی زەماوەندا حەفت شەوو حەفت ڕۆژ دەنگی دۆڵ و زوڕنا لەهەموو شوێنێکەوە دەهات. بەم جۆرە کچی پاشا بوو بە هاوسەری مارەکە.



کە هەموو میوانەکان ڕۆیشتن و بووک و زاوا بە تەنیا مانەوە. لە پڕ، مارەکە پێستەی فڕێداو بوو بەگەنجێکی زۆر کۆک و کنك. کچی پاشا، کە چاوی پێ کەوت، لە کەیفخۆشییان لەهۆش خۆی چوو. زاوا هێنایە سەر خۆی و گوتی:

- هاوسەری ئازیزم! دەبینی من ماری راستی نیم. من کوڕە پاشام و بە ئەنقەست خۆم خستۆتە سەر شکڵی مار. کە بەیانیدا، دووبارە دەبمەوە بەمار. بەڵام شەو، کاتێ منو تۆ بەتەنیاین لە پێستەی مار دێمە دەرەوەو دەچمەوە سەر شکڵی ڕاستەقینەی خۆم. بەڵام نەکەی ئەم مەسەلەیە بۆ هیچ کەسێ باس بکەی! خەڵك زۆر قسەت لەگەڵ دەکەن، بۆ نموونە خوشکەکانت دەڵێن:

( سەیرکە، ئێمە مێردی چەند گەنج و رەعنامان هەیە، کەچی تۆ چووی مێردت بە مارێك کردووە. ) بەڵام تۆ نابێ گوێ بە قسەیان بدەی. نەکەی لەگەڵیان بکەویتە کێشمە کێش و بۆ نموونە بڵێی: (( نەخێر، مێردی من مار نییە، شازادەیەکی جوان و کۆکە، هەزار جار لەمێردەکانی ئێوە چاکترە! )) ئەگەر قسەی وا بکەی، من توانای جادوویم لە دەست دەچێ و ئەم کۆشکە و هەموو شتێکمان دەڕوا!

کچی پاشا گوتی:

- زۆر باشە! هیچ شتێ، بەهیچ کەسێ ناڵێم.

ماوەیەکی پێ چوو. ڕۆژێ، لەشار بوو بە پێشبڕکێی نێزەبازی. هەموو خانەدان و عەیانەکان، لەوانە دوو زاواکەی پاشایش، لەو پێشبڕکێیەدا بەشدار بوون. هابیرمانی ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی کەس بزانێ لە پێستەی مار

www.pertwk.com

هاتە دەرەوە، دەستە بەرگێکی نایابی ئاماڵ شینی پۆشی، سواری ئەسپێکی ڕەش بوو و ئەسپی بۆ ناو جەرگەی مەیدان تاودا.

پاشاو سێ کچەکەی لەشوێنی تایبەتی خۆیان دانیشتبوون و تەماشایان دەکرد. پێشبڕکێ دەستی پێکردو هەر زوو دەرکەوت ئەو سوارەی بەرگی ئاماڵ شینی لەبەرە لە هەموو بەشدارانی پێشبڕکێکە کارامە ترە.

هەڵبەت کەس نەیدەزانی ئەمە کێیە. تەنیا هاوسەری هابیرمانی دەیزانی ئەو سوارەی بەرگی ئاماڵ شینی لەبەرە مێردی خۆیەتی. کچەکانی پاشا، کە لەتەنیشت یەك دانیشتبوون، بە خوشکی گچکەیان گوت:

- کچێ، تەماشاکە! بزانە مێردەکانمان چ دەکەن! ئەی کوا مێردی تۆ؟ زات ناکا لەماڵەوە بێتە دەرێ و تێکەڵی خەڵك بێ. تۆ چۆن لەگەڵ ئەو مارەدا دەژی؟ چما پیاو قات ببوو، چووی مێردت بەوە کرد؟

هاوسەری هابیرمانی بەم قسانە دڵی یەشا، ئیتر خۆی پێ ڕانەگیراو گوتی:

- هەی خاکی دونیاتان بەسەر! ئێوە خۆتان بەلاوە زۆر زرنگ و هوشیارەو وادەزانن مێردی چاکتان هەڵبژاردووە! بێگومان، وادەزانن مێردەکەی من مارە، وانییە؟ بەلای ئێوە ئەو سوارەی بەرگی ئاماڵ شینی لەبەرە کێیە؟ ئەوە مێردی منە. دەزانن! مێردی من ئەم جۆرە پیاوەیە!

هەر یەکسەر کە کچەکە ئەم قسانەی لەدەم هاتە دەرەوە، ئەو سوارەی بەرگی ئاماڵ شینی لەبەر بوو زەبرێکی سەنگینی خواردو لەسەر ئەسپەکەیەوە گلا.



هابیرمانیان بەبێ هۆشی بردەوە کۆشك، کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی، بە هاوسەرەکەی گوت:

- کچێ، من هیچ قسەم نییە پێت بڵێم تەنیا ئەوە نەبێ دەبێ پێڵاوێکی ئاسن بکەیتە پێ و عەسایەکی پۆلا بەدەستەوە بگری و حەفت ساڵ ئەراگێلی دونیا بیت. دەبێ بە هەفت قەڵادا تێ بپەڕی و دەبێ پێڵاوی ئاسنینت بە تەواوی بسوێ و عەسای پۆڵایینت یەك بستی لێ بمێنێتەوە، ئەو کاتە دەتوانی بمدۆزیتەوە.

کۆشك و باخەکە بە چاوترووکانێك بزر بوون و جگە لە کووخە پووخەکەی کابرای دارکەر هیچ شتێ نەمایەوە. هابیرمانی لەو ماڵە دەرچووە دەرەوەو هاوسەرەکەی بە حەیران و پەشیمانی تەنیا مایەوە. کچەی کلۆڵ و بێچارە، ماوەیەك خوێن گریا! بەڵام ئاخیری لەشوێن خۆی هەستا. پێڵاوێکی ئاسنینی کردە پێ و عەسایەکی پۆڵایی بە دەستەوە گرت و کەوتە سەفەرێکی دوور.

ئێستا با بزانین هابیرمانی چی کرد:

ئەویش هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت. هەرخوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕێگای بڕی بوو کە بوو بەدیلی چڕنۆگی پیرەژنێکی جادووگەر. پیرەژن کچێکی هەبوو دەیەویست بەمێرد بیداتە هابیرمانی. بەڵام هابیرمانی لەئاگری عەشقی هاوسەرەکەی دەسووتا. تووشی ( تا ) هاتبوو. ( تا )یەکی ئەوەندە گران دەتگوت لەناو دۆزەخدایە! کچی پیرەژن لە بەیانییەوە تا ئێوارە، گۆزە گۆزە ئاوی دەهێناو لەزاری هابیرمانی دەکرد، بەڵکو ( تا )کەی بنیشێتەوە و تینوێتی بشکێ. بەڵام کەڵکی نەبوو. دایك و کچ ئەوەندەی نەمابوو لە شەکەتییان بمرن.

www.pertwk.com

هابیرمانی لەناو گڕی ئاگری ( تا )دا دەسووتاو هەمیشە هاواری دەکرد:

- وای سووتام! وای سووتام!

روخسەت بدەن هابیرمانی لەو شوێنە جێ بێڵین و بچینە سۆراغی هاوسەرەکەی:

ئەویش هەر ڕۆیشتو ڕۆیشت، کێوو گەلی بڕین. ساڵێکی تەواو وێڵ و سەرگەردان بوو تا گەیشتە شارێك، دیوارێکی قوڕی بە دەورەدا کرابوو. کچی پاشا، کچێکی بینی گڵێنەیەکی بەدەستەوە بوو و بە پەلە بەرەو کانیاوێك دەچوو. کچی پاشا گوتی:

- سەلام، کچی جوان! ئەرێ هابیرمانیت نەدیوە؟

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- نەء، نەمدیوە. هابیرمانی لێرە نییە. بڕۆ شاری بلوور، لەوانەیە لەوێ بێ.

کچی پیرەژن، بە پەلە گۆزەکەی پڕ ئاو کردو بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. کچی پاشایش لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو. لەکێوو گەلی بێ ژمارەدا ڕەت بوو تا لەکۆتایی ساڵی دووەم گەیشتە قەڵایەك لەسەر گردێك دروست کرابوو.

سەرا پای قەڵاکە لەبلوور بوو. کچی پاشا، کچێکی گەنجی بینی گۆزەیەکی بلوورینی پێ بوو بە پەلە دەچووە سەر کانیاوێك. لێی پرسی:

- سەلام، کچی جوان! ئەرێ هابیرمانیت نەدیوە؟

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- نەء، نەمدیوە. بڕۆ شاری مس. لەوانەیە لەوێ بێ.



کچی پاشا دیسان لەکێوو گەلێیان تێپەڕی و ئاخیری گەیشتە شاری مس. چی لە شاری بلوور بینی بوو هەمان شتیشی لەوێ بینی. کچە هەر بەم جۆرە لەشاری ئاسن و پۆڵاش تێپەڕی و لەو شارانەش کچی گۆزە بەدەست پێیان گوت هابیرمانی لەوێ نییە.

کچی پاشا کە لەشاری پۆڵا تێپەڕی، دوای یەك ساڵ گەیشتە قەڵایەك لەسەر گردێك دروست کرابوو و هەموو شتێ لەوێ زیو بوو: دیوارەکان، شەقامەکان، بەردی عەردی کۆڵانەکان، هەمووی هەر زیو بوو. لەوێش دیتی کچێ گۆزەیەکی زیوی بەدەستەوە بوو بە پەلە هاتە سەر کانی بۆ ئەوەی گۆزەکەی پڕ ئاو بکا.

کچی پاشا گوتی:

- سەلام، کچی جوان! ئەرێ هابیرمانیت نەدیوە؟

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- نەء، نەمدیوە! بڕۆ شاری زێڕ، لەوانەیە لەوێ بێ.

کچەکە یەك ساڵی تر ڕۆیشتو ئاخیری گەیشتە شارێك لەسەر گردێك دروست کرابوو دیوارێکیان بەدەورەدا کردبوو. هەموو شارەکە لەزێڕ دروست کرابوو و لەبەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکایەوە. لەجوانیدا وەکوو بەهەشت وابوو.

ئەوە شاری زێڕ بوو. کچەکە سەیری پێیەکانی خۆی کرد دیتی قسەکانی هابیرمانی هاتۆتە دی. پێڵاوەکانی دوای ئەم سەفەرە حەفت ساڵەیە بە تەواوی سوابوون و عەسای پۆڵاشی ئەوەندە کورت ببوو لەبستێك زیاتری لێ نەمابووە.

کچەکە لەدڵی خۆیدا گوتی: ( ئەگەر خودا حەز بکا، هابیرمانی لێرە دەدۆزمەوە. )

ئەوەی گوت و چووە سەر کانیاوێکی ئەو نزیکانە. بینی کچێ بەرەو کانییەکە دێ. کچەکە گۆزەیەکی زێڕی بەدەستەوە بوو، ئەمە کچی پیرەژنە جادووگەرەکە بوو.

کچی پاشا پێی گوت:

- سەلام، کچی جوان! ئەرێ هابیرمانیت نەدیوە؟

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- با، دیومە. لەم شارە زێڕەیە. مایەی خۆشبەختی هەموومانە کە ئەو لێرەیە، بەڵام هابیرمانی ناساغە. ( تا )ی لێیە. لەناو ئاگری ( تا )دا دەسووتێ و دەتوێتەوە. من ئەوەندەم ئاو لەم کانییە بردووە، ئیتر قنیاتم لەبەر براوە. ئاوی لەزاری دەکەم، بەڵام بەهیچ شتێ فێنك نابێتەوە.

کچی پاشا گوتی:

- کچی میهرەبان! من توانای جادوویم هەیە و دەتوانم چارەی نەخۆشی هابیرمانی بکەم. بێنە نەختێ ئاو لەگۆزەکەت بخۆمەوە. پاشان هەمان ئەو ئاوە بە هابیرمانی بدە، یەکسەر چاك دەبێتەوە.

کچەکە گۆزە ئاوەکەی دایە کچی پاشا. کچی پاشا گۆزە ئاوەکەی بۆ لێوی بردو لەکاتی ئاو خواردنەوەدا، بەنهێنی ئەڵقەی بووکێنی، کە هابیرمانی پێش کەشی کردبوو، خستە ناو گۆزە زێڕەکە. کچەکە، کە ساویلکە و خۆش باوەڕ بوو، گۆزە ئاوەکەی هەڵگرت و چووە ناو قەڵا و



ئاوەکەی لە زاری هابیرمانی کرد. ئەڵقەی زێڕ لەگەڵ دوا دڵۆپە ئاودا لەناو گۆزەکە هاتە دەرەوە و کەوتە سەر یەقەی هابیرمانی.

هابیرمانی ئەڵقەکەی هەڵگرتەوەو سەیری کردو زانی ئەڵقەی هاوسەرەکەیەتی. لەخۆشییان هاواری کردو گوتی:

- ئیتر ( تا )م لێ نەما! ئاخیری فێنك بوومەوە! ئیتر تینووم نییە!

ئینجا هابیرمانی رووی کردە کچی جادووگەرەکە و گوتی:

- کچی جوان، ڕاستیم پێ بڵێ! کەس ئاوی لەم گۆزەڵەیە نەخواردۆتەوە؟

کچەکە گوتی:

- بەدی، ژنێکی فەقیر لەسەر کانی دانیشتبوو. گوتی توانای جادوویم هەیە و داوای لێ کردم ڕوخسەتی بدەم ئاوی ئەم گۆزەیە بخواتەوە. دەیگوت گوایە ئەگەر تۆش لەم گۆزە ئاوە بخۆیتەوە چاك دەبیتەوە منیش گۆزەکەم دایە بۆ ئەوەی ئاوی لێ بخواتەوە.

هابیرمانی بەشادومانی گوتی:

- برۆ ئەو ژنە بێنە لام!

بەڵام دایکی کچەکە، کە پیرەژنە ئۆینبازەکە بوو، زانی چ هەیەو لەدڵی خۆیدا گوتی:

( ئاخیری ژنی هابیرمانی مێردەکەی خۆی بەسەر گرتەوە. بەڵام گرنگ نییە. با بێتە ئێرە. هیچی لەدەست نایە. کەللەی وردو خاش دەکەم! )

بەم جۆرە پیرەژنی جادووگەر کچەکەی خۆی ناردە دوای کچی پاشا بۆ ئەوەی بیهێنێتەوە ماڵێ.

www.pertwk.com

کاتێ کە هاوسەری هابیرمانی هاتەماڵەوە. هابیرمانی دیتی پێڵاوە ئاسنینەکانی سواون و عەسای پۆڵایینی لەیەك بست زیاتری لێ نەماوەتەوە.

کاتێ کە ژن و مێرد بەتەنێ مانەوە، مێردەکە گوتی:

- ئاخیری منت دۆزییەوە. ئێستا دەبێ ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەچنگ ئەم پیرەژنە جادووگەرە دەرباز بین! کە شەو داهات و وەختی نووستن داهات، پیرەژن بە هاوسەری هابیرمانی گوت:

من درێژ دەبم. تۆش وەرە قاچەکانم بشێلە. کە خەوم لێ کەوت تۆش لە پێیینگانم بخەوە.

بەڵام هابیرمانی، پێش ئەوەی هاوسەرەکەی بچێتە لای پیرەژن، پێی گوت:

- کە قاچەکانی پیرەژنت شێلاو خەوی لێ کەوت. لە پێینگانی مەخەوە. کۆتەرە دارێك لە پێینگانی دابنێ و خۆت وەرە لای من. پیرەژن دەیەوێ نیوە شەو بە پیلەقە بتکاتە حەفت پارچەو لەزەوی بتباتە خوارێ.

ژنەکە، مێردی چی گوتبوو، وای کرد. ئەوەندە قاچەکانی پیرەژنی شێلا تا پیرەژن خەوی لێ کەوت. ئینجا بە ئارامی هەستاو کۆتەرە دارێکی لە پێینگانی پیرەژن داناو چووە لای مێردی. نیوە شەو، پیرەژن لەشوێنی خۆی هەستاو تا هێزی تێدابوو پێلەقەیەکی وای لە کۆتەرە دارەکەدا، کۆتەرەکە بوو بە حەفت پارچەو بەناخی زەویدا چووە خوارێ.

بەڵام سبەینەی ڕۆژی پاشی، کە پیرەژن لەخەو هەستا، دیتی کچی پاشا، ساغ و سەلیمە، خەریکی ئیش و کارە!



پیرەژن لەبن لێوانەوە گوتی:

- ئەسکوردی بشکێ ئەوەی فێری کردی چ بکەی!

چەند ڕۆژی پێ چوو، ڕۆژێ پیرەژن بەکچی پاشای گوت:

- کچەکە! دەمەوێ دۆشەکێ بۆ جیازی کچەکەم دروست بکەم، پەڕێکی زۆری دەوێ. دەبێ بچی پێنج کیسە پەڕم بۆ بێنی.

کچەی داماو نەیدەزانی چ بکا. چووە لای مێردی و ڕووداوەکەی بۆ باس کردو بەچاوی بەگریانەوە پرسی:

- ئێستا من پێنج کیسە پەڕ لەکوێ بێنم؟

هابیرمانی گوتی:

- خۆت سەخڵەت مەکە. بڕۆ سەر ئەو شاخەی لێرەوە دیارەو بە دەنگی بەرز بڵێ:

( هۆ باڵندەینە! هابیرمانی مردووە! ) کە وابڵێی هەموو ئەو باڵندانەی بەئاسمانەوەن دێنە ئەوێ و هەریەکە پەڕێکی خۆی بەردەداتەوەو دەڕوا. پەڕەکان کۆکەرەوەو لەناو کیسانی بکەو بیهێنەوە.

هاوسەری هابیرمانی پێنج کیسەی هەڵگرت و چووە سەر شاخەکەو هاواری کرد:

( هۆ باڵندەینە! باڵندەینە! هابیرمانی مردووە! )

هەموو ئەو باڵندانەی بەئاسمانەوە بوون هەزار هاتن و هەریەکە پەڕێکی بەردایەوە سەر شاخەکەو ڕۆیشت.

کچی پاشا بە شادومانی پێنج کیسەکەی پڕ پەڕ کردو گەڕایەوە شاری زێڕو پەڕەکانی دایە پیرەژنی جادووگەر و گوتی:

- فەرموون. ئەمەش ئەو پێنج کیسە پەڕەی داواتان کردبوو.

پیرەژن لەدڵی خۆیدا گوتی: ( ئەسکوردی شکێ ئەو کەسەی فێری کردی چ بکەی! هەڵبەت هابیرمانی فێری کردووی! )

دوای چەند ڕۆژێ، پیرەژنی جادووگەر دووبارە چووە لای کچی پاشاو گوتی:

- دەبێ بچی دوازدە دەستە بەرگم بۆ بێنی. بەرگی وا کە کچی پاشایش شتی وای نەدیبێ!

کچی پاشا چووە لای مێردی‌و پێی گوت پیرەژن داوای چی لێ کردووە.

هابیرمانی گوتی:

- ئەم ڕەوشە نابێ هەروا بەردەوام بێ! نەوەك ڕۆژێ هەردێ پلانێکی پیرەژن سەر دەگرێ‌و تۆ لەناو دەچی. پێویستە تا زووە لەدەستی رابکەین!

هابیرمانی و هاوسەری بێ هەست‌و خوست، بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ، لەماڵی پیرەژن چوونە دەرەوە. کاتێ ماوەیەکی مەیلەو زۆر لەشاری زێڕ دوور کەوتنەوە، هابیرمانی بە ژنەکەی گوت:

- سەیری دواوەت بکە، بزانە کەس بەدووماندا دێ.

هاوسەرەکەی گوتی:

- شتێکی وەکوو پەڵە هەور وا بەدواماندا دێ.

دڵنیام کچی پیرەژنە کەوتۆتە سەر ئەم شکڵە.

هابیرمانی ژنەکەی کردە ئاشێکی باو خۆیشی خستە سەر شکڵی ئاشەوان. دەست‌و دەم‌و چاوی خۆی بەئارد کردو لەبەر دەرگای ئاشەکە راوەستا.

کچی جادووگەر وەکوو ( با ) گەیشتە لایان‌و گوتی:



- سەلام، ئاشەوان! ژن‌و پیاوێکت نەدیوە بێرەدا تێپەڕن؟

هابیرمانی خۆی کەڕ کردو گوتی:

- دەتانەوێ چیتان بۆ لەئاش بکەم؟

کچەکە گوتی:

- کابرا، ئەتۆ چ دەڵێی؟ من لێت دەپرسم ژن‌و پیاوێکت نەدیوە و تۆ دەڵێی دەتانەوێ چیتان بۆ لەئاش بکەم؟

ئاشەوان گوتی:

- جۆ بێ، یان گەنم جیاوازی نییە. هەردووکی لەئاش دەکەم.

کچەکە بە تووڕەیی گوتی:

- چ گەمژەڵێکی! هۆشت لەسەردا نەماوە؟

کچەکە ئاخیری لە هێنان‌و بردنی لەگەڵ ئاشەوانەکە شەکەت بوو و گەڕایەوە ماڵێ‌و ڕووداوەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە. پیرەژنی جادووگەر بە تووڕەیی هاواری کرد:

- دەك ئەسکوردت شکێ! کچی نەفام! ئەو ئاشەوانە خۆی هابیرمانی بووە!

زوو زوو بگەڕێوەو بیانهێنەوە.

کچە بە پەلە چووە دوای هابیرمانی‌و هاوسەرەکەی.

هابیرمانی، دوای ئەوەی کچی جادووگەر لەلایانەوە ڕۆیشت، ژنەکەی خستەوە سەر شکڵی جارانی‌و هەردووکیان پێکەوە کەوتنە ڕێ. ماوەیەکی زۆر نەرۆیشتبوون، هابیرمانی بە ژنەکەی گوت:

- ئاوڕ لە دواوە بدەوە، بزانە کەسمان بەدواوە نییە.

کچی پاشا ئاوڕی لەدواوە دایەوەو گوتی:

www.pertwk.com

- شتێکی وەکوو پەڵە هەور وا بەدواماندا دێ!

هابیرمانی گوتی:

- سەخڵەت مەبە! دیسان کچی جادووگەرەکەیە بەدووماندا هاتووە.

هابیرمانی ئەم جارە ژنەکەی کردە باخێك و خۆیشی خستە سەر شکڵی باخەوان.

کچی پیرەژن وەکوو (با) گەیشتە لایان و گوتی:

- سەلام، باخەوان! ئاشەوان و ژنێکت نەدیوە بێرەدا تێپەڕن؟

باخەوانی گوتی:

- گێزەرتان دەوێ؟ هەمانە.

کچەکە هاواری کرد:

- ئەمە چ وەڵامێکی پرسیارەکەی منە دەیدەیتەوە؟ من دەپرسم ئاشەوانێکت نەدیوە بەخۆو بەژنەوە بێرەدا تێپەڕن.

باخەوان گوتی:

- ئەمساڵ ئاوو هەوای خۆش بوو و بەروبوومم باش بوو. چیتان دەوێ؟ هەرچی بتانەوێ هەمانە.

کچەکە گوتی:

- ئەوە تۆ کەڕی، یان شێتی؟

کچەکە ئەمەی گوت و وکوو (با) گەڕایەوە لای دایکی و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. پیرەژن بە کچەکەی گوت:

- (ئەسکوردت شکێ! کچی نەفام! ئەو باخەوانە خۆی هابیرمانی بووە!)



پیرەژن لە رقان قژی خۆی رنیەوەو بڕیاریدا خۆی بچێتە تاقیبی هابیرمانی و هاوسەرەکەی.

هابیرمانی، کە کچی جادووگەرەکە لەلایانەوە رۆیشت، هاوسەرەکەی خستەوە سەر شکڵی جارانی و هەردووکیان بەیەکەوە لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون. هێشتا ماوەیەکی زۆریان تەی نەکردبوو، هابیرمانی داوای لە هاوسەرەکەی کرد ئاوڕ لەدواوە بداتەوەو بزانێ داخۆ کەس بەدوایانەوە نییە!

کچی پاشا ئاوڕی لەدواوە دایەوەو هاواری کرد:

- وای! دیسان شتێکی وەکوو پەڵە هەورێك بە دوامانەوەیە، بەڵام پەڵە هەورێکی دی لەوانەی پێشوو چەند گەورەیە! دەڵێی زەوی و ئاسمانی گرتۆتە خۆی.

هابیرمانی خۆیشی سەیری دواوەی کردو پەڵە هەورێکی لەوانەی پێشوو گەورەترو ترسناکتردی. بە هاوسەرەکەی گوت:

- ئەمە پیرەژن خۆیەتی. دەبێ زۆر وریا بین. ڕاکردن لەدەستیا زۆر زەحمەتە!

هەورە ڕەشەکە وەکوو (با) لێیان نزیك کەوتەوەو هابیرمانی هەر ئەوەندەی پێ کرا بەهاوسەرەکەی بڵێ شانەکەی فڕێ داتە سەر زەوی. پیرەژن وەخت بوو بگاتە سەریان کە شانەی کچی پاشا بە زەوی کەوت و بە چاوترووکانێك گردو دۆڵەکانی دەوروبەریان هەمووی بوو بە لێڕەواری چڕو ئەوان لەچاوی پیرەژن بزر بوون. هابیرمانی هاوسەرەکەی کردە گیایەکی تەڕو ناسك و خۆیشی کردە مارێکی بچووك و لە دەوری گیاکە

www.pertwk.com

پەپكەی خوارد، بەجۆرێ كە سەری كەوتبووە سەر ترۆپكی گیاكەو هیچ بەشێكی گیاكە دیار نەبوو.

پیرەژن بەدەم نەعرەتەیەكی ترسناكەوە هاتە جەرگەی لێرەوارو بە تووڕەیی هاواری كرد:

- هۆ! گەنجی فێڵباز! وا دەزانی منیش وەكوو كچەكەمم بتوانی تەفرەم بدەی؟

ئەم لێڕەوارە تۆ لێرە دروستت كردووەو ئێستاش ئەو دێڵە سەگەت كردووە بەگیایەكی تەڕو ناسك و خۆشت وەكوو مارێكی بچووك لێ كردووەو پەپكەت بەدەوریدا كردووە. وا دەزانی من نازانم؟

هابیرمانی كەگوێی لەم قسانە بوو، زمانی جوولاندەوەو گوتی:

- خوا لە پەنەی خۆت گریٚ! مەبە لەمپەڕی بەینی ئێمە. لێگەڕێ بڕۆین. من تاكە ئارەزوویەكم هەیە، لێ گەڕێ بەم ئارەزووەم بگەم!

پیرەژن سەركەوتوانە پێكەنیو گوتی:

- ئاها! كەواتە دان بەشكستی خۆتدا دەنێیو داوام لێ دەكەی لێت خۆش بم! زۆر باشە، من بەو ئومێدەی ببی بە زاوام، حەفت ساڵی ڕەبەق خزمەتم كردی. باشە! ناتكوژم. زمانت بخەرە سەر لێوەكانم بۆ ئەوەی ماچت بكەم. ئەوسا بەو پەڕی ئاسوودەیی لەڕێی خۆت بەردەوام بە.

مارەكە زمانی خستە سەر لێوەكانی پیرەژنو پیرەژنیش ماچی كرد. ئینجا پیرەژن ڕووی لێ وەرگێڕاو گەڕایەوە شاری خۆی.

هابیرمانی خۆیو ژنەكەی دووبارە كردەوە ژنو پیاوەكەی جاران و هەردووكیان بەیەكەوە لە گەشتی خۆیان بەردەوام بوون. هەر ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە شاری خۆیانو چوونە ئەو تاخەی پێشتر كۆشكە



شكۆمەندەكەیانی لێ بوو. كووخە پووخەكەی كابرای داركەر هەر لەوێ مابوو. بەڵام داركەری پیرو هاوسەرەكەی ماوەیەكی زۆر بوو مردبوون. هابیرمانی دووبارە كووخەكەی كردەوە بە كۆشكەكەی جارانو باخێكی باسەفاشی لە بەردەم پەیدا كرد. هەموو شوێنێ وەكوو جارانی لێ هاتەوە. خەڵكەكە كە ئەمەیان بینی چوونە لای پاشاو گوتیان:

- پاشا! خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێ، چاوتان ڕوون! زاواو كچەكەتان هاتوونەتەوە! كۆشكو باخو هەموو شتێكی تر وەكوو خۆیان لێ هاتۆتەوەو كچەكەتو زاواكەشت وەكوو جاران لەناو كۆشكەكەدا ژیان بەسەر دەبەن.

پاشا هەستا بۆ ئەوەی بچێ ئەوەی خەڵك دەیڵێن بەچاوی خۆی ببینێ. كاتێ كە گەیشتە ئەوێ، دیتی هەموو شتێ هەر بەڕاست وەكوو جاران وایە!

چووە ناو كۆشكەكە، دیتی كچەكەی لە تەنیشت مێردی دانیشتووە. زاواكەی ئیتر مار نەبوو، بەڵكو ببوو بە كوڕێكی گەنجی زۆر كۆكو زەریف! لە سەرا پای وڵاتەكەیا گەنجێكی وەكو زاواكەی كۆك نەبوو.

پاشا فەرمانیدا دووبارە ئاهەنگی زەماوەندیان بۆ بگێڕن. ئاهەنگ حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بەردەوام بوو و ئەم جارە پاشا بەو پەڕی ئارەزوو كچەكەی كردە هاوسەری هابیرمانی.

یاخوا چۆن ئەوان بەمرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بەمرازی دڵی خۆتان بگەن.

www.pertwk.com

# 25-تەپەگۆز

هەبوو نەبوو، وەرزێرێك هەبوو لەگوندێكدا دەژیاو لەم دونیایەدا لەیەك كوڕ بەو لاوە هیچی تری نەبوو.

كوڕەكە ناوی (سامسۆن) بوو و تەمەنی پازدە ساڵ بوو. شەوێكیان ئەم كوڕە كچێكی لە خەودا دی و خودای ئەوین ئەشقی كچەكەی خستە دڵ.

بەڵێ سامسۆن نەك بە دڵێ، بەسەد دڵ ئاشقی كچەكە بوو!



بەڵام ئایا كچەكە كێ بوو؟ كچە پاشا بوو! تومەز ئەویش سامسۆنی لە خەودا دی بوو و نەك بە دڵی، بەسەد دڵ ئاشقی ببوو.

بەڵام ئێمە ئێستا ئیشمان بەم كچە نییەو دەچینە سۆراغی سامسۆن:

سامسۆن كە لەخەو ڕابوو و چاوی كردەوە دیتی كچەكە هیچ دەوسی دیار نییەو شتەكە هەمووی خەون و خەیاڵ بووە. ئەم گەنجە ئیتر چاوی نەچووە سەر یەك و تا بەیانی خەوی لێ نەكەوت. ئەو شەوەی بەلاوە بەقەد یەك ساڵ درێژ بوو.

كە بەیانی داهات، ڕۆژی گەرم و میهرەبان تیشكی بەسەر زەوییدا بڵاوكردەوە، گەنجەكە لەناو جێ هەستا (یاخوا، خوا هەموومان نوقمی ڕەحمەتی خۆی بكا). سامسۆن لەو ڕۆژەوە ئۆقرەو هەدادانی نەما، لەحزەیەك خەوی نەدەچووە چاو. هەمیشە بیری لەو كچە دەكردەوەو لەناو ئاگری شەوقی دیداریدا دەسووتا.

یەك مانگ بەم جۆرە تێپەڕی. مانگێكی پڕ ڕەنج و خەم و خەفەت!

ڕۆژێ، كوڕە هەستی كرد زۆر خەوی دێ، نەیتوانی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ. ڕاكشاو خەوێكی قووڵی لێ كەوت. كە لەخەو هەستا دیتی لەئارەقە شەڵاڵ بووە. لەدڵی خۆیدا گوتی: (خودا توانایەكی سەیری پێ كەرەم كردووم! هەست دەكەم بوومەتە پیاوێكی بەهێز. دەبێ بچمە دوای چارەنووسی خۆم!)

www.pertwk.com

کابرای گەنج دەبوایە توانای خۆی تاقی بکاتەوە. لەدێ چووە دەرێو دیتی شوانەکانی دێ خەریکن زۆرانبازی لەگەڵ گا یەك دەکەن. چووە پێش، بە دەستێك شاخەکانی گا کەی گرتو بە دەستەکەی دی زەبرێکی وای لە ئەسکەلتی گا یەکە دا لە شوێنی خۆی بڵندی کردو لە زەوی کوتا. شوانەکان کەئەم دیمەنەیان بینی، ترسانو هەڵاتن. بەم جۆرە کابرای گەنج تێگەیشت کە خودا بەراستی توانایەکی زۆری پێ کەرەم کردووە.

سامسۆن رایسپارد شمشێرێکی (سەد هۆقەیی) بۆ دروست بکەن. کە شمشێرەکە ئامادەبوو، گەنجەکە لە کەمەری خۆی بەستو کەوتە رێ.

هەر رۆیشتو رۆیشت، ماوەی چەند رێگای بڕی، مەعلووم نییە، چونکە هەر تەنیا خودا دەزانێ سەفەرێك چەندە درێژە، بەڵام ئاخیری گەیشتە شوێنێك. لەوێ تووشی پیاوێك هات. تومەز ئەم پیاوە لەڕاستیدا فریشتەبوو، خودا ناردبووی.

بەڵام گەنجەکەی هەقەیاتەکەمان، ئەمەی نەدەزانیو وای دەزانی ئەویش وەکوو خۆی رێبوارە. فریشتەکە بە سامسۆنی گوت:

- برا، ئەوە دەچیتە کوێ؟

سامسۆن وەڵامی دایەوە:

- لەخودا شاراوە نییە، با لەتۆش شاراوە نەبێ. خەریکم دەچمە ئەنەدۆڵ. دڵخوازەکەم لەوێیەو دەچم بۆ ئەوەی بیدۆزمەوەو لەگەڵ خۆما بیبەمە وڵاتی خۆم.

فریشتەکە گوتی:

- زۆر باشە. لەوانەیە دە ساڵ بڕۆیو بە مەبەست نەگەی. بەڵام من رێنماییت دەکەم. لەو شوێنە دوورە، لە کەناری دەریا، کانییەك لەژێر



بنەدارێك هەیە. هەوساری ئەسپێ لەگەڵ خۆت ببەو برۆ ئەوێ. لەبن درەختێك خۆت لە بۆسە بنێو وریابە. ئەسپێکی بە رەنگی ئاگر لەناخی دەریادا دەژیو بۆ ئاو خواردنەوە دێتە سەر ئەو کانییە. کە ئەو ئەسپەکە خەریکی ئاو خواردنەوە بوو، دەتوانی هەوساری لەسەر بکەیو سواری ببی.

گەنجەکە گوتی:

- زۆر باشە. وادەکەم.

سامسۆن سوپاسی فریشتەکەی کردو لەرێگای خۆی بەردەوام بوو.

ئاخیری گەیشتە ئەو بنە دارەی فریشتەکە باسی کردبوو. کانییەکیش لەژێر بنەدارەکە بوو، ئاوی زوڵاڵی تێدابوو. گەنجەکە ئەو هەوسارەی هێنابووی بەدەستییەوە گرتیو لەژێر درەختەکە، خۆی لە جێگایەك لە بۆسەنا.

دەزانی لە پڕ چی بینی؟ لە پڕ بینی لە نزیك کەناری دەریا سنگی ئاو شەقی بردو لێك بووەو ئەسپێ کە دەتگوت لە ئاگر دروست کراوە لەناو ئاو بازی دایە دەرێو بەفڕین هاتو لەتەك کانییەکە هاتە خوارێو دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد. گەنجەکە لە شوێن خۆی دەرپەڕیو ئەسپەکەی لغاو کردو خۆی هەڵدایە سەر پشتی. ئەسپەکە گوتی:

- گەنجی ئازا! لەسەر پشتی من وەرە خوارێ! ئەگەر نا دەفڕمو لە ئاسمانەوە فڕێت دەدەمە خوارێ، دەبی بە هەزار پارچە!

گەنجەکە گوتی:

- ئەگەر بفڕیتە ئاسمان، من خۆم لە بن ورگت پەنا دەدەم!

ئەسپەکە گوتی:

www.pertwk.com

- ئەوسا بەرەو زەوی سەراوسەر دێمە خوارێ و لە عەردت دەکوتم و دەتکەمەحەفت پارچە!

گە نجەکە گوتی:

- پێش ئەوەی بگەیتە سەر زەوی، دووبارە دەچمەوە سەر پشتت.

ئەسپەکە کە بینی بەرەو رووی شۆڕە سوارێکی مەعلان بۆتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- (من خاوەنێکی لەمە باشترم دەست ناکەوێ)

ئینجا رووی کردە گە نجەکەو گوتی:

- باشە، سامسۆن، ئێستا مادام وایە، پێم بڵێ چیت دەوێ؟

گە نجەکە گوتی:

- دەمەوێ بەزووترین کات بمبەیتە ئەو شوێنەی دەمەوێ بیبینم.

ئەسپەکە سامسۆنی بەسەر پشتەوە بوو لەشوێنی خۆی دەرپەڕیو فڕییە ئاسمان. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت، دەزانی ئاخیری گەیشتە کوێ؟ گەیشتە دووچیا کە رێیان قەپات کردبوو.

ئەسپەکە نەختێ وەستاو گوتی:

- ئەگەر رکێبێکی وام لەبن زگ بدەی، ئەو شیرەی لە گوانی دایکم خواردوومە، بێتەوە ناو زارم، ئەو کاتە دەتوانم ئەوەندە بڵند ببمەوە لەو چیایانە ئاودیو بم.

سامسۆن گوتی:

- باشە!



کە ئەسپەکە گەیشتە چیاکان، ئەسپەکە چی گوتبوو، سامسۆن وای کرد. بەم جۆرە ئەسپەکە توانی بەسەر چیاکاندا تێپەڕێ و تەنیا ئەوەندە ئازاری خوارد چەند تاڵە موویەکی کلکی لە دەست دا.

ئەوان لە رێگای خۆیان بەردەوام بوون و هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە باخێکی زۆر گەورە. گە نجەکە، ئەسپەکەی بەرهەڵدا بۆ ئەوەی بلەوەڕێ و خۆیشی دانیشت بۆ ئەوەی نانی خۆی بخوا. بەڵام تومەز ئەم باخە باخی دێوان بوو. باخەوانەکە هاتە لای سامسۆن و گوتی:

- هۆ گە نجۆ هۆ! نازانی ئەو باخە هی دێوانە و هیچ بنیادەمێ هەقی نییە پێ باوێتە ئێرە؟

گە نجەکە گوتی:

- برۆ بە دێوەکان بڵێ بێن بزانم چ دەکەن؟

باخەوان بە سەرسامی گوتی:

- ئەوە تۆ شێتی؟ تا زووە برۆ چارەت بزرکە، نەوەك بەم داردەستە مێشکت دەپرژێنم.

سامسۆن لەجێی خۆی هەستاو زەبرێکی وای لە کابرادا لە عومری خۆی زەبری وای نەخواردبوو. کابرا کەهەستایەوە، خۆی کۆکردەوە، رای کردە لای پاشای دێوەکان و سکاڵای کرد:

- بنیادەمێ هاتۆتە ناو باخەکەتان. داوام لێ کرد بڕواتە دەرەوە، بەڵام پێم پێکەنی و زەبرێکی وای لێدام هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە!

پاشای دێوەکان کە ئەم قسەیەی بیست لە رقان سوور هەڵگەڕاو فەرمانیدا لەشکرەکەی ئامادەی جەنگ بێ. ئینجا خۆی بە پێش سوپا

کەوت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بنیادەمەی زاتی کردبوو بێتە ناو باخەکەی بەشەڕ بێ.

سامسۆن خواردنی خۆی خواردبوو و خەریك بوو بڕوا. بەڵام لە پڕ لەشکرێکی گەورەی بینی بەرەو لای دەهات. ئەستێرەی ئاسمان دەهاتنە ژمار، بەڵام سەربازانی ئەو لەشکرە نەدەهاتنەژمار.

بەڵام کاکە! ئەو گەنجە خۆ بنیادەم نەبوو! یەك گوللە ئاگر بوو! وەکوو برووسکە خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپی خۆیو شمشێری سەد هۆقەیی هەڵکێشا.

وەکوو گەردەلوولێکی تۆقێنەر کەوتە ناو سەربازانی دوژمن. ئەسپەکەشی لە تەفرو توونا کردنی دوژمن لەخۆی کەمتر نەبوو! هەر سەربوو دەپەڕیو هەر گەردەن بوو پەل دەدرا! ئاخیری سامسۆن پەلاماری شای دێوانی داو ئەویشی لەناو برد. بەم جۆرە دێوەکان کوشتاری زۆریان لێ کراو، رایانکردو گەنجەکەش لەڕێگای خۆی بەردەوام بوو.

هەر ڕۆیشتو ڕۆیشت، هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند ڕێی بڕی، ئاخیری گەیشتە ئەشکەوتێك. تاشە بەردێکی گەورە دەرگای چوونە ناو ئەشکەوتەکەی گرتبوو. سەد زەلام بە هەموو توانای خۆیانەوە تەقەلایان بدایە بەردەکە لابدەن، بەردەکە لە شوێنی خۆی نەدەجووڵایەوە.

پێویستە ئەوەش بزانن ئەگەر یەکێ بیتوانیایە بچێتە ناو ئەو ئەشکەوتە وەکوو ئەوە وابوو هەموو دونیایان پێ دابێ!

سامسۆن لە ئەسپ دابەزی. شمشێری دەرهێناو چووە لای بەردەکە. تاشە بەردەکەی ڕاکێشایە لایەكو چووە ناو ئەشکەوتەکە. لەناو



ئەشکەوتەکە چاوی بە کچێ کەوتو وەکوو پەنجەی ڕۆژ وابوو، لەسەر قاڵییەکی جوان دانیشتبوو.

گەنجەکە لەدڵی خۆیدا گوتی: (هۆ هۆ! ئەوەی بە دوایدا دەگەڕام، ئاخیری دۆزیمەوە.)

کوڕەکە ئەمەی گوتو لە خۆشییان لە هۆش خۆی چوو.

کچەکە، کە کوڕەکەی دی یەکسەر زانی ئەمە ئەو کەسەیە کە چاوەڕێی دەکرد، ئیتر بە پڕتاوی ڕایکردە لایو نەختێ ئاوی لە دەمو چاوی رشاند. گەنجەکە بەهۆش هاتەوە. کچەکە و کوڕەکە، کە چەندین ساڵ بوو لە شەوقی دیداری یەکتر دەسووتان، کەوتنە ناو باوەشی یەکتر. وایان دەنواند کە هیچ کاتێ لەیەك جیا نابنەوە! کە شەو داهات، کچەکە بە سامسۆنی گوت:

– سامسۆن، ئازیزەکەم! تەپەگۆزێ بە زۆر منی هێناوەتە ئێرە! باوکمو دوازدە پاشای تر لەگەڵی بەشەڕ هاتن، بەڵام پێی نەوێران. ئاخیری منی بەدیل گرتو منی هێنایە ئێرە. ئێستا بۆ ڕاووشکار چۆتە دەرەوە، بەڵام دێتەوە. دەبێ بتشارمەوە، نەوەك دەتکاتە یەك پاروو!

سامسۆن پرسی:

– ئەم تەپەگۆزە چ جۆرە کەسێکە کە دوازدە پاشا دەرەقەتی نەهاتن.

کچەکە وەڵامی دایەوە:

- ئەم تەپەگۆزە پیاوێکی ئاسنینە! دڵی بەردە. یەك چاوی لە ناوەڕاستی تەوێڵیدایە. هیچ چەکێ کار لە لەشی ناکا. تاکە شوێنی زەعیفی چاوەکەیەتی. ئەگەر زەبری بە چاوی بکەوێ دەمرێ.

گەنجەکە پرسی:

- تۆ ئەمەت لەکوێ زانی؟

کچەکە گوتی:

- منیش یەکەم جار نەمدەزانی. ڕۆژێ کە لە گەرمەی قساندا بووین، ویستم بزانم چۆن زیانی پێ دەگا. ئەویش ئاخیری پێی گوتم:

"بۆ کوشتنی من دەبێ شیشەیەك سوورکەنەوەو لە چاوم را بکەن، لەوە بەو لاوە هیچ شتێ کار لەمن ناکا.

" من دەمویست کە خەوی لێ کەوت ئەم دەردەی پێ بکەم، بەڵام ترسام. ئیتر نەمدەزانی دوای ئەنجامدانی کارەکە بچمە کوێ‌و پەنا بۆ کێ بەرم؟

سامسۆن بە دڵخوازەکەی گوت، کە گوڵنازی ناو بوو:

- چ بکەین بۆ ئەوەی تەپەگۆز خەوی لێ بکەوێ؟

کچەکە گوتی:

- با یەکەم جار ئەسپی تۆ بێنینە ناو ئەشکەوت، ئینجا دەبێ تاشە بەردەکە بخەیتەوە جێگای خۆی بۆ ئەوەی تەپەگۆز هەست بە هیچ نەکا، پاشانیش دەبێ خۆت لە جێگایەکی تەقەت بشاریتەوە.



سامسۆن ئەسپی خۆی هێنایە ناو ئەشکەوت‌و لەقوژبنێکی تاریکی تەویلە بەستییەوە. ئینجا بەردەکەی بردەوە جێی جارانی. شمشێری دەرکێشاو خۆی خزاندە بن تەختە.

کە دونیا تاریك داهات، دەنگێکی تۆقێنەر هات. چیاو گەلی لەگەڵ لەرزین‌و گوڵناز زانی تەپەگۆزە بەرەو ئەشکەوت دێتەوە. تەپەگۆز چوار گامێش‌و دە مەڕو چەند ڕەشە وڵاخێکی لەگەڵ خۆی هێنا بوو. درەختێکی لە ڕەگەوە دەرکێشابوو و وەکوو داردەست بە دەستییەوەبوو.

تەپەگۆز گەیشتە بەر دەرگای ئەشکەوت. تاشە بەردە زلەکەی لابردو ئاژەڵەکانی لێخوڕییە ناو تەویلە. ئینجا سەری سێ مەڕی بڕی‌و کەوڵی کردن‌و فڕێی دانە گۆشەیەك. ئاگرێکی کردەوەو هەرسێ مەڕی کردە کەباب‌و خواردی. ئینجا نەختێ پشووی داو کە گوڵناز هاتە لایەوە سەرنجێکی لە دەوروبەری داو گوتی:

- کچەکە، بۆنی بنیادەمم دێتە بەر لووت!

گوڵناز گوتی:

- ئەوە چ قسەیە دەکەی! کێ دەوێرێ بێتە ئێرە؟ من بنیادەمم. ئەمە بۆنی منە.

تەپەگۆز باوەڕی کرد. ئینجا هەستا. یەك بەرمیلە ئاوی خواردەوە، چوو گامێشێکی هێناو سەری بڕی و کردییە کەباب. ئەوسا کردییە سێ پارچەو هەر پارچەیەکی وەکوو پاروویەکی بچووك قووت دا. کە لەخواردنەکەی بووەوە، ڕاکشاو خەوی لێ کەوت.

گوڵناز، هەر کەبینی غوولی کەلەش گەورە خەوی لێ کەوتووە، ئاگرێکی کردەوە و شیشەیەکی ئاسنی گەورەی لەناو ئاگرەکە نا تا سوور

www.pertwk.com

بووەوە. ئینجا چووە لای سامسۆن و هێنایە ئەوێ. سامسۆن، هەرگیز چاوی بە هیچ تەپەگۆزێ نەکەوتبوو کەچاوی پێ کەوت واقی وڕماو گوتی:

– خودایە! ئەمە چ بوونەوەرێکە! سەری نزیکەی پەنجا پوود[1] قورس دەبێ، لووتی پازدە پوودەو هەر ددانێکی چوار پێنج پوودە.

سامسۆن دیتی شیشەیەکی ئاسن لەناو ئاگر سوور بۆتەوە. هەڵیگرت و بە هەموو هێزی خۆیەوە لە چاوی غوولەکەی راکرد. کە شیشەکە چاوی غوولەکەی شەق کردو تێدا چووە خوارێ، غوولەکە هاوارێکی وای کرد دیوارەکانی ئەشکەوتەکەی لەگەڵ لەرزینەوە. غوولەکە لەرزێکی بە سەرا پای لەشی داهات و دوای نەختێ لەشی سڕ و بێ گیانی کەوتە ئەو گۆڕە.

سامسۆن غوولەکەی لەناو ئەشکەوت بردە دەرەوەو فڕێی دایە ناو گەلی. ئینجا گەڕایەوەو ئاهەنگی شادبوونی بە دڵخوازەکەی، گێڕا.

ئەوانە پێنج شەش رۆژ لەو دەورو بەرە مانەوە، ئەوسا سامسۆن گوتی:

– گوڵناز! وەرە لەم بیابانە چۆڵ و گەرمە بڕۆین. ئێرە شوێنێکی لەبار نییە!

گوڵناز رازی بوو. سامسۆن چوو ئەسپەکەی لە تەویلە هێنایە دەرێ، گوڵنازی لە پشتە خۆی سوار کردو رۆیشت.

هەر رۆیشتن و رۆیشتن تا گەیشتنە دەروازەی باخی پاشایەك. سامسۆن شمشێری لە کالان دەرکێشاو دەروازەکەی وردو خاش کردو چووە ژوورەوە. ئەسپەکەی بەرهەڵدا بۆ ئەوەی بلەوەڕێ. ئینجا بەتیەی خۆی لەسەر زەوی

[1] پوود: یەکەیەکی روسییە. نزیکەی (36) پاوندی ئینگلیزی دەبێ (دەوری 16,5 کیلۆ)یە.



پان کردەوە، سێبەرێکی دروست کردو لەگەڵ گوڵناز لەبەر سێبەرەکە دانیشتن بۆ ئەوەی خواردن بخۆن.

لەو کاتەدا باخەوان گەیشتە سەریان و دیتی دەروازە شکاوەو ئەسپێ خەریکی لەوەڕانە. ئینجا ژن و پیاوێکی دی خەریکن نان دەخۆن. باخەوان لێیان چووە پێش و گوتی:

– تۆ کێی زاتت کردووە بێیتە ناو باخی پاشا؟

سامسۆن وەڵامی دایەوە:

– من ئەو کەسەم چاوی تۆو پاشاکەت دەردێنم!

باخەوان زۆر لەم قسەیەی گەنجەکە سەرسام بوو و چووە لای پاشاو رووداوەکەی بۆ باس کرد. پاشا لەلەی خۆی بانگ کردو پێی گوت:

– نەوەك ئەم گەنجە برسی بێ؟ لەوانەیە لە برسان تووڕە بووبێ، چەند نانێکی بۆ بەرە، پێی بڵێ نانەکە بخواو بڕوا.

لەلە چەند نانێکی بردو چووە لای گەنجەکەو گوتی:

– فەرموو! پاشا ئەم نانەی بۆ ناردووی بۆ ئەوەی نانەکە بخۆی و بڕۆی.

سامسۆن گوتی:

– من پێویستم بە نان نییە.

ئینجا پارچە کاغەزێکی هێناو وێنەی پازدە وشتری لەسەر کێشا کە باریان زێڕبوو و دایە کابرا بۆ پاشای ببا.

پاشا کە کاغەزەکەی دی، زانی گەنجەکە پازدە بارە وشتری زێڕی دەوێ. فەرمانیدا دوو هێلکە مریشکیان هێنا. دانی بە مامۆستای خۆی و گوتی:

www.pertwk.com

- ئەم هێلکە مریشکانە بۆ ئەو گەنجە بێ شەرمە ببەو پێی بڵێ ئەگەر نەڕوا چاوەکانی وەکوو ئەم هێلکە مریشکانە سپی دەکەم!

کاتێ کە مامۆستاکە هێلکە مریشکەکانی دایە دەست سامسۆن، سامسۆن زانی پاشا مەبەستی ئەوەیە بیلبیلەی چاوەکانی دەربێنێ. ئەوە بوو دوو گوێزی دایە کابرا و گوتی:

- بە پاشا بڵێ خۆی تاقی بکاتەوە بزانێ داخۆ دەتوانێ ئەم گوێزانە بە ددان بشکێنێ؟ من بەرامبەر بەو لەو گوێزانەش ڕەق و پتەوترم.

پاشا لە وەڵامی سامسۆندا، مستە گەنمێکی بۆ نارد، واتە: لەشکرێکی دەنێرمە سەر ژمارەی سەربازەکانی وەکوو دانەی گەنم بێ ژماربێ.

سامسۆن مریشکێکی بۆ پاشا نارد، واتە: ئەم مریشکە چۆن دانە گەنمەکان چینە دەکا، منیش ئاوها ئەو لەشکرەی تۆ دەینێری، چینەی دەکەم.

پاشا دیتی هیچ چارەی نییە ئەوە نەبێ خۆی بۆ جەنگ ئامادە بکا.

سەربازی کۆکردەوەو خۆیشی بە پێش لەشکر کەوت و ڕۆیشت.

سامسۆن، کە دیتی لەشکری پاشا بەرەو لای دێ، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و شمشێری سەد هۆقەیی بەدەستەوە گرت و کەوتە ناو لەشکر. هەر سەربوو دەفڕییە ئاسمان و بەردەبووەوە سەر زەوی! لافاوی خوێن مەیدانی جەنگی بە تەنگ هێنا بوو.

برا، قسەکە لە کورتی ببرینەو، هەوڵی پاشا بێ سوود بوو، هەرچی لەشکری دەنارد سامسۆن تەفرو توناى دەکرد!

پاشا سێ دێوی فەرمانبەرداری هەبوو، ئەوانیشی نارده جەنگی سامسۆن و سامسۆن سەری هەرسێکیانی لەلەش جودا کردەوە.



پاشا ئیتر نەیزانی چ بکا. کۆڕێکی پێك هێنا و داوای لە زانایانی نەتەوەکەی کرد چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە دەست ئەو دوژمنە ڕزگار ببن.

یەکێ لە ڕوێژکارەکان هەستا و گوتی:

- پاشا هەر تەمەن درێژ بێ! ڕوخسەت بدەن داوای یارمەتی لە یەکێ بکەین بتوانێ بە کتێبی پیرۆز فاڵ بگرێتەوەو پێمان بڵێ کتێب چ دەستوورێکمان پێ دەدا.

پاشا لەدوو فاڵچییەکی نارد و ئەویش هەر بە ڕێکەوت بەشێکی کتێبی کردەوەو ئەو لاپەڕەی لەبەر چاوی بوو خوێندییەوە و لە لێکدانەوەکەیدا گوتی:

- پاشا تەمەنی هەر درێژ بێ! لە بیرتانە، پێش بیست ساڵ تەپەگۆزێك کچەکەی ئەسلان پاشای بەدیل گرت و بردی؟

پاشا گوتی:

- بەڵێ، لە یادمە!

ئەو گەنجەی ئێستا لەگەڵ سەربازانی تۆ دەجەنگێ، ئەو تەپەگۆزەی کوشتووەو کچی ئەسلان پاشای ڕزگار کردووە و هێناویەتە ئێرە. ئەو ساکە، بە دوازدە پاشایان، کە خۆشتان یەکێکیان بوون، نەتانتوانی ئەو غوولە بشکێنن کەچی ئەو گەنجە بە تاقی تەنی غوولەکەی کوشتوە! ئێوە چۆن دەتانەوێ ئەو جۆرە کەسە بشکێنن؟

پاشا کە ئەم قسانەی بیست، هەستی بە ئۆخژن کرد و گوتی:

- ئەگەر ئەم گەنجە ئیشێکی وای کردبێ، من لەباتی پازدە بارە وشتر، سی بارە وشتر زێڕی دەدەمێ! ئەو کچە کچی برادەرێکی منە!

www.pertwk.com

پاشا سی باره وشتری زێڕی بۆ سامسۆن نارد و تەتەرێکیشی بۆ ئەسڵان پاشا بەڕێ کرد بۆ ئەوەی پێی بڵێ:

- چاوت ڕون! کچەکەت، کە دیلی تە پەگۆز بوو، ڕزگاری بووەو ئێستا لە وڵاتی منایە.

ئەسڵان پاشا، کە ئەم خەبەرەی بیست، یەکسەر ملی ڕێی گرتو هاتە وڵاتی برادەرەکەی بۆ ئەوەی کچەکەی ببینێ. کاتێ کە کچەکەی خۆیو سامسۆنی دی، دڵنیا بوو تە پەگۆز لەناو چووە. ئەسڵان پاشا ئەوەندە شادومان بوو، نەبێتەوە.

کچەکەی خۆیو سامسۆنی گرتە باوەشو داوای لێ کردن لەگەڵی بچنە وڵاتەکەیان.

ئەسڵان پاشا، کاتێ کە گەیشتەوە وڵاتی خۆی، قاسیدێکی نادرە لای باوکی سامسۆنو داوەتی کردە کۆشکی خۆی. ئینجا کچی خۆی کردە هاوسەری سامسۆن. بەم جۆرە، سامسۆن بوو بە زاوای پاشا.

ئاهەنگی زەماوەند حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بەردەوام بوو و ئاخیری تاجی بووکو زاواییان لەسەر سەری کچی پاشاو سامسۆن دانا. پاشا باوکی سامسۆنی کردە خەزنەداری خۆیو خۆیشی لە دەسەڵات کارکەنار کردو زاواکەی لەجێی خۆی دانا.

یاخوا، چۆن ئەوان بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بە مرازی دڵی خۆتان بگەن.

سێ سێو لە ئاسمان کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هەقایەتخوان، یەکێ بۆ گوێڕادێری هەقایەتەکەو یەکێکیش بۆ ئەو کەسەی کە سەرا پای دەبێتە گوێ.



# 26-گورگ و ڕێوی و هەڵۆ

هەبوو نەبوو، لە ڕۆژگارێکا، کابرایەکی فەقیر هەبوو، لەم دونیایەدا لە پیرە دایکێك زیاتر هیچ کەسی نەبوو. ڕۆژێ ئەو کابرایە بە خۆیو بە دایکی چوونە لێڕەوارێکی دوور. کابرا کووخێکی لەناو

www.pertwk.com

لێڕەوارەکە دروست کردو لەگەڵ دایکیا تێیدا گیرسایەوە. کابرا ڕاوکەرێکی زەبر بە دەست بوو. هەموو ڕۆژێ لە ماڵ دەردەچوو و لەناو لێڕەوار داوی دادەنایەوە. چەند حەیوانێکی ڕاو دەکردو دەگەڕایەوە ماڵەوە. ڕۆژگار دەهاتو دەچوو و ئەم دایكو کوڕەش بەم جۆرە لە ژیانی خۆیانا بەردەوام بوون.

ڕۆژێ، ڕاوکەرەکە هەڵۆیەکی زۆر جوانی گرت. بردییەوە ماڵێو داوای لە دایکی کرد نەیکوژێت، بەڵکو ڕاییگرێو بەخێوی بکا.

ڕۆژێکی تر، راوکەرەکە ڕێوییەکی گرتو. ئەویشی بردەوە ماڵێو داوای لە دایکی کرد، ئەویش ڕابگرێو بەخێوی بکا.

ئاخیری، ڕۆژێ گورگێکیشی گرت. ڕاوکەرەکە ئەویشی دایە دایکیو داوای لێ کرد ئەو گورگەش نەکوژێ.

ڕۆژگار بەم جۆرە دەڕۆیشت و ڕاوکەرەکەش خەریکی ئیشی خۆی بوو. ڕۆژێ، کاتی ڕۆژاوا کە گەڕایەوە ماڵێ دیتی هەڵۆ و ڕێوی و گورگ کپو بێ جووڵە وەرکەوتوونو خەمێکی قووڵیان لە روو دیارە. کابرا چووە لای دایکیو بە گازاندەوە گوتی:

– ئەوە چ ئیشە تۆ دەیکەی؟ بۆچی شتێ نادەیتە ئەم حەیوانانە بیخۆن؟

دایکە گوتی:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ من هەموو ڕۆژێ خواردنیان دەدەمێ!

کابرا هاتە لای حەیوانەکان و گوتی:



– هۆ هەڵۆو ڕێویو گورگ! ئەوە ئێوە بۆچی کەوتوونەتە بن باری غەمان؟ ئێوە تا ئەمڕۆ حاڵتان باش بووە و بەوە شاد بوون کە لەماڵی منن.

ڕێوی گوتی:

– خوا ئاگای لێیە، تۆش بزانە، نارەحەتی ئێمە سەبارەت بە خۆمان نییە. ئێمە سەبارەت بە تۆ نارەحەتین. ماوەیەکە نانو نمەکی تۆمان خواردووە. هەرچۆن بێ ئێمەش لەم جۆرە شتانە دەگەین. دەمانەوێ بچین دەزگیرانی پاشا بە دیل بگرینو بیهێنینە ئێرە بۆ ئەوەی خزمەتمان بکا. هەر چۆن بێ ڕۆژێ دادێ تۆ دایکت دەمرێ، ئەوسا کێ چاوی لێمان بێ؟

ڕاوکەرەکە گوتی:

– زۆر باشە، چیتان پێ خۆشە، وابکەن.

ئینجا هەر سێ گیانداری لە قەفەسەکانیان هێنایە دەرێو ئازادی کردنو گوتی:

– ئازادن، دەچنە هەر کوێ، بڕۆن!

هەر سێ گیاندارەکە کەوتنە ڕێ. ڕێوی کە شەیتانێ بوو لە پێستەی ڕێویدا، پلانێکی داناو بۆ دوو گیاندارەکەی تری ڕاڤە کرد:

– پاشا ئەمڕۆ ژن دێنێو ئاهەنگێکی گەورەی ساز داوە. ئێمەش لە ئاهەنگەکەی ئامادە دەبین. من ڕێنمایی سەماکەرەکان دەگرمە ئەستۆ. گورگی برادەر تۆ لە پشت سەماکەرەکان رادەوەستیو هەڵۆ تۆش دەچی لەسەر لێوی پەنجەرەی سەر سەری بووك دەنیشی. کە من گەیشتمە بەر دەرگای هۆڵ، هەڵۆ باڵەکانی توند لێك دەدا! چراکان دەکوژێنەوەو هۆڵ

www.pertwk.com

نوقمی تاریکی دەبێ. ئەوسا هەڵۆ چڕنوك لە بووك گیردەكاو دەفڕێ. منو گورگیش یەكسەر لە ناو هۆڵەكە دەچینە دەرەوە.

بەم جۆرە ئەوانە چوونە ناو ئەو كۆشكەی ئاهەنگی زەماوەندی تێدا دەكرا.

هەڵۆ لەسەر لێوی پەنجەرەی سەر سەری بووك نیشت. ڕێوی چووە بەردەم سەماكەرەكان و گورگیش لە پشتیانەوە. پاش ئەوەی ماوەیەك سەمایان كرد، ڕێوی چاوی لە هەڵۆ داگرتو هەڵۆ باڵەكانی توند لێك دا. هەموو چراكان كوژانەوەو هەموو شوێنێ تاریك داهات. میوانەكان زۆر سەراسیمە بوونو بوو بە هەراو هۆریا. هەڵۆ بە خێرایی دابەزییە خوارێ، چڕنۆكی بەهێزی لە بووك گیر كردو لە پەنجەرەوە دەرپەڕییە دەرێو فڕی و لەناو جەرگەی ئاسمان بزر بوو. ڕێوی لە دەرگاوە چووە دەرێو خێرا ڕای كرد، بەڵام گورگ لەناو حەشیمەتەكە گیری خواردو دەستگیر كرا. یەكەم جار لێدانێكی باشیان بۆ كرد، پاشان بڕیار درا لە سێدارەی بدەن، بەڵام ئەو بە هەر زەحمەتییەك بوو، ڕای كرد. گورگ زۆر زۆر تووڕە بوو! خوا لە بەڵای گەورەتری بپارێزێ!

هەڵۆ بووكەكەی بردە سەر چیایەكی بڵند و ڕێویش چووە ئەوێ.

هەڵۆو ڕێوی لەوێ دانیشتنو چاوەڕێی گورگیان كرد. گورگ ئاخیری بە لەشی بە خوێنو خوڕەوە گەیشتە ئەوێ. ڕێوی یەكسەر زانی گورگ زۆر تووڕەیە بۆیە خێرا چووە پێشوازیو گوتی:

- ماڵ ئاوەدان! گورگی ئازیز! ئەوە بۆ هێندە ناڕەحەتی؟ تۆ خەزووری ئەم كچەی. نابێ هیچ ناڕەحەت بی، هەقی ئەو زەحمەتەی كێشاوتە وەری دەگریتەوە. بووكەكەت دەستەكانت دەشواو قاچەكانت دەشێلێ. ئێمە دەبێ



بوەستینو بە سەرسامی سەیری تۆ بكەین، بەڵێ، ئەو ئەم ئیشانە بۆ ئێمە ناكا.

گورگ كاتێ كە ئەم قسانەی لە زاری ڕێوی بیست، هەستی بە مەغروری كردو تووڕەیی نیشتەوە. هەموو هەستانەوە. بووكیان سواری پشتی گورگ كردو كەوتنە ڕێ.

ڕێوی لە ناكاو گەڕایەوە و سەیری دواوەی كرد. دەزانی چی بینی؟

لەشكرێكی گەورەی بینی كەوتبوونە دوایان. دەكرا ئەستێرەی ئاسمان بژمێری، بەڵام سەربازانی ئەو لەشكرە لە ژماردن نەدەهات! ڕێوی گوتی:

- وەرن خۆمان لە پەنا ئەم تاشە بەردە بشارینەوە. كە سەربازەكان گەیشتنە ئێرە، لە ناكاو پەلاماریان دەدەین. ئەسپەكانیان دەڕەونەوەو سوارەكان دەگلێن. لەشكرەكە هەموو دەكەونە گیانی یەكتر. هەڵۆ! تۆ بە دەنووكی خۆت چاویان دەردێنی. گورگ! تۆش ورگیان هەڵدەدڕی. منیش بە كەڵبەكانم گۆشتی دەمو چاویان ونجڕ ونجڕ دەكەم. ئەگەر لە عۆدەی ئەم كارە نەیەین، ئەوان ئێمە دەكوژنو كچی پاشا دەبەنەوە كۆشك.

ڕێویو هەڵۆو گورگ لە پەنا بەردەكە خۆیان شاردەوەو چاوەڕێیان كرد لەشكر نزیك بكەوێتەوە. هەر یەكسەر كە لەشكرەكە گەیشتە لایانەوە، دەستیان بە پەلاماری خۆیان كرد. ئەسپەكان ڕەوینەوەو سوارەكانیان بەردایەوە. گورگ دەگەیشتە هەر سەربازێ ورگی دەدڕی. هەڵۆ بە زەبری دەنووكی خۆی چاوی كوێر دەكردنو ڕێوی فێڵبازیش لێیان نزیك دەكەوتەوەو گۆشتی دەمو چاوی هەڵدەپچڕین.

www.pertwk.com

بەم جۆرە، لەشکرەکە تێك شکاو ئەوان ڕزگار بوون. بەڵام گورگ ئەوەندە شەکەت بوو، نەیتوانی پێ لەبەر پێ بنێ. ماوەیەك دانیشتن و ماندووی خۆیان حەساندەوە. ئینجا ڕێوی گوتی:

- باشە، گورگی ئازیز! دەبێ بەڕێ بکەوین. کچی پاشا سواری پشتی خۆت بکە با بڕۆین.

گورگ ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- ڕێوی! تۆ خۆت دەزانی چ دەڵێی؟ من خۆم لاقم لەدوو نایە، چ جای ئەوەی ئەم کچە سواری پشتم بکەم!

ڕێوی چاوی لە هەڵۆ داگرت و گوتی:

- سەیرکە، ئێمە هیچمان لە دەست نایە. گورگ تۆ باوکی زاوای (خەزووری) وەدەبێ بووکی خۆت سواری پشتت بکەی. ئەگەر بتەوێ دەتوانی لێرە جێی بێڵی. بە بێ ئەوی دەگەڕێینەوە ماڵێ!

گورگ، کە بتەوێ و نەتەوێ نەختێ لێوەو گێلۆکە بوو، هەر زوو ئیقناع بوو و بووکی سواری پشتی خۆی کردو هەموو بەیەکەوە کەوتنە ڕێ. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە ماڵی ماخۆکەیان.

ئەو ڕۆژە، کە ڕۆژ ئاوابوو، ڕاوکەرە گەنجەکە هاتەوە ماڵێ و دیتی کچێکی وەکوو پەنجەی ڕۆژ کووخە پووخەکەی ڕۆناك کردۆتەوە.

ماوەیەك بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، ڕۆژێ پاشا لەدوو پیرەژنێکی جادووگەری ناردو پێی گوت:

- دەتوانی دەزگیرانەکەم بدۆزیتەوەو بیهێنیتەوە؟

جادووگەرەکە گوتی:

- بەڵێ!



پاشا پرسی:

- بەرامبەر بەمە چیت دەوێ؟

جادووگەرەکە گوتی:

- چارەکێ زێڕ.

پاشا قبووڵی کردو گفتی دا، کە جادووگەرەکە کچەی هێنایەوە کۆشك، ئەویش زێڕەکەی بداتێ.

پیرەژن سواری هیزەی خۆی بوو و قامچی لێدا. هیزەکە فڕی. پیرەژن یەکسەر چووە ئەو کووخەی کچی پاشای تێدا بوو. ئەم پیرە جادووگەرە زمانی ئەوەندە لووس بوو ماری لە کونی دیوار دەهێنایە دەرەوە. پیرەژن، کاتێ کە گەیشتە کووخی ڕاوکەرەکە، بەکچی پاشای گوت:

- من لێرە غەریبەم. نازانم چ بکەم. بەدوای داڵدەیەکدا دەگەڕێم. ڕوخسەت دەدەن ئەمشەو لە ماڵی ئێوە بەسەر بەرم؟

کچی پاشا دڵی پێ سووتاو داوەتی ماڵەوەی کرد.

یەك دوو ڕۆژ تێپەڕی. ئاخیری پیرەژن بە کچەکەی گوت:

- حەز دەکەی ئەسپی من ببینی؟ وەرە بچینە دەرەوە ئەسپەکەی خۆمت نیشان بدەم.

کچەو پیرەژن چوونە دەرەوە. کاتێ کچەکە هیزەکەی دی، گوتی:

- دایە گەورە! ئەمەیە ئەسپی تۆ؟!

پیرەژن گوتی:

- بەڵێ، ئێستا سەیری ناو هیزەکە بکە، بزانە چ شتێکی تێدایە؟

www.pertwk.com

هەر یەکسەر، کە کچەکە داهاتەوە بۆ ئەوەی سەیری ناو هیزەکە بکا، پیرەژن پاڵی پێوەناو فڕێی دای ناو هیزەکە. ئینجا خۆی هەڵدایە سەر هیزەکەوقامچی لێدا. هیزەکە فڕیو پیرەژن بە چاوترووکانێك گەیشتەوە کۆشکی پاشا.

پاشا، ئەو زێڕەی دایە پیرەژن کە گفتی پێدابوو. ئینجا ئاهەنگێکی گەورەی سازداو دابی زەماوەند جێبەجێ کرا. خۆشبەختی دووبارە ڕووی تێکردەوە.

روخسەت بدەن پاشاو هاوسەرەکەی بەحاڵی خۆیان جێ بێڵینو بچینە سۆراخی گورگو ڕێویو هەڵۆ.

ئەمانە، کاتێ کە زانییان کچەکەیان لە دەست داوە، ڕێوی گوتی:

- ئەگەر ئێمە نەچینو کچەکە نەهێنینەوە، مایەی شەرمەزاری نییە بۆ ئێمە؟

گورگ، تۆ خەزووری کچەکەیت، چ دەکەی؟ دەبێ بچین، بیهێنینەوە.

گورگو ڕێویو هەڵۆ چوونە شاری پاشا. لە شوێنێ خۆیان شاردەوەو چاوەڕێی دەرفەتێکیان کرد. ڕۆژێ دیتیان هاوسەری پاشا بۆ گەڕان لە کۆشك هاتە دەرەوە. بڕیاریان دا پەلاماری بدەن. هەڵۆ لە ئاسمان هاتە خوارەوە، چڕنۆکی لێداو گرتیو فڕاندی. ڕێویش لە کاتی خۆیدا لە شەڕ هەڵات،کەچی گورگ دووبارە وەگیر کەوتو لێدانێکی باشی خوارد، بەلام توانی رابکاتو گیانی خۆی نەجات بدا. گورگ ئەوەندە تووڕە بوو، کە گەیشتەوە ڕێوی، ویستی پەل پەلی بکا.



ڕێوی هەر کە گورگی بینی، زانی زۆر تووڕەیە. چووە پێشوازیو بە زمان لووسی گوتی:

- گورگی ئازیز! ئەوە بۆچی وا تووڕەی؟

گورگ هاواری کرد:

- پیاوەتی ئەوەیە، هەڵبێنو بە تەنیا جێم بێڵن؟

ڕێوی گوتی:

- برا! ماڵ ئاوەدان، چما تۆ ئاگادار نی. هەڵۆ بە تاقی تەنێ بوو و لەوانەبوو یەکێ کچەکەی لە دەست دەربێنێ. من چوومە هاوکاری، چونکە دڵنیابووم کە تۆ خۆت دەرەقەتی دوژمنە کانمان دێیتو دەمزانی ئەوان باری تۆ نابەن.

ڕێوی بە زمانی لووسی ئەوەندەی ئەم قسانە لەبن گوێی گورگ خوێند تا دڵی خاو کردەوەو هیچ نارەزایی نەما.

ڕێویو هەڵۆ کچەکەیان سواری پشتی گورگ کردو هەموو بە یەکەوە بەرەو ماڵی ماخۆیان کەوتنە رێ. کاتێ کە گەیشتنەوە جێ، دیتیان گەنجەکە ئارەزووی ڕاوی نەماوەو لە ماڵەوە دانیشتووەو ئەژنۆی غەمی گرتۆتە باوەش. بەلام کابرا کە دیتی ڕێویو هەڵۆو گورگ هاتوونەتەوەو کچەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، لە خەنی خۆشییان خۆی هەڵداو باوەشی بە کچەکەدا کرد.

بەم چەشنە، ئاهەنگی زەماوەند جارێکی تر ساز درا. گورگو ڕێویو هەڵۆ چوونە سەر زەماوەندو پیرۆزباییان لە ماخۆی خۆیان کرد. ئینجا ماڵاواییان لێ کردو هەریەکە چووە رێی خۆی.

www.pertwk.com

# 27-كڵاوی سەخرەجن و عەسای جادوویی



هەبوو نەبوو، لە ڕۆژگارێکا، گەنجێك هەبوو، ماڵو حاڵی خۆی جێ هێشتو بۆ دیتنی دونیا ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە دووڕیانێك. پیرەمێردێ دانیشتبوو، خەریك بوو وێردی دەخوێندو قلە تەسبیحی ئاوا دەکرد. گەنجەکە لێی چووە پێشو بە ڕێزەوە سەلامی لێ کردو پرسی:

- باوکە گەورە! ئەم ڕێگایانە دەچنە کوێ؟

پیرەمێرد گوتی:

- ڕێی لای ڕاستە بۆ خۆشبەختی دەچێو ڕێی لای چەپە بۆ بەدبەختی.

گەنجەکە ماوەیەك لە بیران ڕاچوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- (بۆچی چما من گێلم بە پێی خۆم بەرەو بەدبەختی بچم. ئەو ڕێیە دەگرم کە دەچێتە خۆشبەختی.)

پیرەمێرد، لەکوێ دانیشتبوو هەر لەوێ مایەوە و کابرایگەنج ڕێی دەستە ڕاستی گرتو ڕۆیشت. ئەوەندە ڕۆیشتو ڕۆیشت تا ئاخیری گەیشتە گەلییەکی قووڵ.

لەوێ دوو پیاوی دی هەنگژابوونە یەکتر. گەنجەکە چووە لایانەوەو گوتی:

- ئەوە بۆ لەگەڵ یەك بەشەڕ دێن؟

یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

- غەریبەی میهرەبان! منو ئەم برا گچکەم هەمیشە شەڕو کێشمە کێشمانە. ناکۆکیمان لەسەر ئەوەیە نازانین چۆن میراتی باوکمان لە بەینی خۆمان دابەش بکەین. دەبێ بە یەکسانی دابەشی بکەین، بەڵام

کەمن دەڵێم فلانە شتم دەوێ، براکەم دەڵێ: (نەخێر، من ئەمەم دەوێ) بە کورتی نازانین چ بکەین. ئەگەر دەکرێ تۆ ڕێگایەکمان نیشان بدە.

گەنجەکە پرسی:

- چیتان لە باوکتان بۆ ماوەتەوە؟

براکەی تر گوتی:

- سەیرکە، گەنجی ئازیز! میراتی باوکمان دووشتە: کلاوێکی سەخرەجنو عەسایەکی جادوویی. ئەگەر یەکێ کلاوە سەخرەجنەکە لەسەر بنێ، لەبەر چاو بزر دەبێ و ئەگەر عەساکە بە دەستەوە بگرێ و ڕایهەژێنێ، هەر کوێ بڵێ دەیباتە ئەوێ.

گەنجەکە گوتی:

- بەلای منەوە تەنیا یەك ڕێ هەیە کە چارەسەری ناکۆکیتان بکا. ئەگەر ئەو کلاوو عەسایە بدەنە من، هیچ ناکۆکیتان ناکەوێتە بەینو شەڕو دەمەقاڵەتان یەکلا دەبێتەوە.

برای گەورە گوتی:

- برا، خوا لە باوکت خۆش بێ، ڕاست دەکەی! وەرە ئەم عەساو کلاوە بۆ خۆت ببە. زۆر ژانە سەریان بۆ ئێمە دروست کردووە. هەر سەلامەت و سەرکەوتووبی!

گەنجەکە کلاوی سەخرەجنو عەسای جادوویی وەرگرت. کلاوەکەی لە سەری ناو عەساکەی بە دەستەوە گرت. عەساکەی ڕاهەژاندو گوتی:

- ئەی عەسا، بمبە تەلاری کۆشکی ئەو پاشایەی کە کچێکی جوانی هەیە!



گەنجەکە فڕی. دووبرا نەزانەکەش گەڕانەوە ماڵێ. ڕازیو ئاسوودە بوون کە ئاخیری یەکێ پەیدابوو، بەشێوەیەکی داد پەروەرانە حوکمی لە بەینیان کردو شەڕو ناکۆکی بەینی بڕاندنەوە.

کابرای گەنج، لە کۆشکێ، لە تەلارێکی شکۆمەند دابەزی. کلاوی لەسەری کردەوەو عەساکەی لەلایەك دانا. کە پاشا چاوی پێ کەوت، بە سەرسامی گوتی:

- تۆ کێی؟ وچۆن هاتوویتە ئێرە؟

گەنجەکە گوتی:

- پاشا هەر تەمەن درێژ بێ! هاتووم ئێوە کارێکم بدەنێ. هەر کارێك بێ. لە وەزارەتو دادوەری بگرە، تا کرێکاری، جیاوازی نییە، بەو پەڕی ئارەزوو ئەنجامی دەدەم.

پاشا گوتی:

- زۆر باشە، من ئیشم گەلێ زۆرە، دەبێ بکرێن. ئیشێکیان دەدەمە تۆ بەلام ئیشێکی زۆر سەختە!

- بیر لە سەختی ئیشەکە مەکە! هەر ئەوەندەیە پێم بڵێ چ ئیش بکەم.

پاشا گوتی:

- بڕۆ قەڵای کچەکەمو لەبەر دەرگا بوەستە. وریابە هیچ بنیادەمو گیاندارو باڵندەو دڕندە نەچێتە ژوورەوە. ئەگەر لە هەق ئەم کارەی بێی، ئەوە باشتر، ئەگەر لە هەقی نەیەی، سەرت لە لەشت جودا دەکەمەوە.

گەنجەکە گوتی:

- ئامادەم چاوەكانم دابنێم هەر بۆ ئەوەی دەستووری ئێوە جێبەجێ بكەم.

- زۆر باشە. خوات لەگەڵ. برۆ، بزانم چ دەكەی!

گەنجەكە رۆیشت، هەر خوا خۆی دەزانێ ماوەی چەند رۆیشت، ئاخیری گەیشتە چیایەك قەڵای كچی پاشا لە دامێنی ئەو چیایە دروست كرابوو. گەنجەكە، لەبەر دەرگای قەڵا ڕاوەستا. ماوەیەكی زۆری پێ چوو، ئاخیری گەنجەكە حەوسەڵەی نەماو چووە ناو قەڵاو چووە ژووری كچی پاشا. ژوورەكە كچێكی بەربەختی زۆر جوانی وەكو مامزی كێوی تێدابوو، دانیشتبوو یاری بەقژی رەش و درێژی خۆی دەكرد. پەنجە ناسكەكانی خۆی لەناو زوڵفی چڕی دەگێڕا، كە وەكوو مۆم نەرم و ناسك بوو، قژی رەشی لەبەر روناكی دەدرەوشایەوە و وا یدەنواند كە كلۆ بەفری جوان ناو بەناو لەناو كەزییەكانی دەردەكەوێ و بزر دەبێ. كچی پاشا گەنجەكەی نەدی، دوای ماوەیەك لە یاری، ماندوو بوو و ڕاكشاو خەوی لێ كەوت. كچی پاشا نیوە شەو بە ئاگا هات. هەستا، چوو پەنجەرەی ژوورەكەی بكاتەوە. كە سەیری دەرەوەی كرد، دێوێكی لەندەهۆری دی بڵێسەی ئاگری لەدەم دەهاتە دەرێ. دێوەكە لە ژوووری كچەكە نزیك كەوتەوەو لەبن پەنجەرە وەستاو گوتی:

- كچی پاشا!

- چییە؟ چیت دەوێ؟

- هاتووم، بتبەم.

- بۆ كوێ؟

- بۆ ماڵی خۆم. دەمەوێ ببی بی هاوسەرم!



گەنجەكە دیتی دێوەكە چووە ناو ژووری كچی پاشا، كچی پاشای گرتە ئامێزو ماچی كرد.

ئینجا دێوەكە كچی پاشای بردە ماڵی خۆی و یەك گردە زێڕی نیشان دا.

گەنجەكەش دەستە پاچە دانەنیشت. كلاوەكەی لەسەر ناو بە عەساكەی گوت بیباتە قەڵای دێوەكە. بە چاوترووكانێك گەنجی نەپەنی گەیشتە ناو قەڵای دێوەكە، بە كپ و بێدەنگی گوێی دایە گفتو گۆی دێوەو كچی پاشا.

دێوەكە گوتی:

- كچی پاشا، ئەگەر ببی بە ژنی من، هەموو ئەم زێڕەت دەدەمێ.

كچی پاشا گوتی:

- زۆر باشە. بەڵام ڕوخسەت بدە هەتا بەیانی بیرێك لەم بارەیەوە بكەمەوە.

دێوەكە گوتی:

- باشە. تا سبەی بەیانی بیری لێ بكەوە. منیش بۆ گەڕان دەچمە دەرەوە. بەڵام با پێت بڵێم دەبێ چ بكەی. ئیسقانێك لەتەك دەرگای ژووری من هەیە. كە بیری خۆت كردەوە، وەرە بەردەم ژووری من. دەست دە ئێسقانەكەو سێ زەبری توند لە دەرگا بدە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە پێشنیازی منت قبووڵ كردووە و دەتوانین ببین بە هاوسەری یەكتر. بەڵام ئەگەر سێ زەبری هێدی لە دەرگا بدەی، ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە پێشنیازی منت داوەتە دواوە. ئەوسا من دووبارە دەچمەوە سەر ڕەوش و

ڕەفتاری پێشووم و دەبمەوە دێوە شەیتان سیفەتەکەی جاران. ئەوسا من دەزانم و تۆ!

کچی پاشا گوتی:

- باشە!

دێوەکە بە شادومانی لە قەڵا چووە دەرێ و کچی پاشای بە تەنیا بەجێ هێشت.

لە ناکاو کچی پاشا گەنجێکی لەبەردەم خۆیدا بینی. گەنجەکە کڵاوی لەسەر کردبووەوە و دەرکەوتبوو. کچی پاشا گوتی:

- ئۆی! ئەوە تۆ کێی؟

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

- من یەکێکم لەخزمەتکارەکانی باوکی تۆ. هاتووم زێڕەوانی تۆ بکەم.

کچی پاشا سکی بە حاڵی گەنجەکە سووتاو گوتی:

- تا دەرفەتت هەیە بۆ خۆت راکە. ئەگەر دێوە بتبینێ ئیشت تەواوە! بەداخەوە تۆ هیچ ئیشێکت لە دەست نایە.

گەنجەکە گوتی:

- مەترسە. دێوەکە دەستی بەمن ناگا. دەبێ هەر ئێستا لێرە بڕۆین. زێڕەکانی دێوەش بۆ خۆمان دەبەین.

گەنجەکە ئەمەی گوت و ئەمری بە عەساکەی کرد یەکەم جار بیانباتە ناو خەزنەی دێوەکە و ئینجا ئەوان بە زێڕەوە بگەڕێنێتەوە بۆ کۆشکی پاشا.



بە چاوتروکانێك، کچی پاشاو گەنجەکە بە ئاسماندا کەوتنە فڕین. زێڕەکەشیان پێ بوو. کاتێ کە گەیشتنە کۆشکی پاشا، پاشا بە دیتنی کچەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو و ڕووی کردە گەنجەکە و گوتی:

- گەنجۆ! تا ئێستا هەر کەسێکم بۆ پاسەوانی کچەکەم ناردبێ، دەرەقەتی ئەم کارە نەهاتووە. تۆ چۆن توانیت گیانی خۆت دەرباز بکەیت و کچەکەم بێنیتەوە؟

گەنجەکە رازی خۆی بۆ پاشا ئاشکرا کردو پاشان گوتی:

- جەنابی خاوەن شکۆ، هەر تەمەن درێژ بێ! من کچەکەتانم هێناوەتە حزوورتان. بەڵام ئێمە بڕیاری زەماوەند مان داوە. ئایا ئێوە ڕازین؟

پاشا گوتی:

- بەڵێ! بە تەواوی رازیم. باشە. زەماوەند بکەن!

گەنجەکە گوتی:

- بەڵام تەنیا مەسەلەیەك هەیە، من بەڵێنم بەخۆم داوە تا ئەو دێوە نەکوژم، زەماوەند لەگەڵ کچەکەتان ناکەم.

پاشا گوتی:

- منیش ڕازیم. خوا پشتیوانت بێ!

گەنجەکە لە کۆشك چووە دەرەوە و گەیشتە قەڵای دێوەکە. دێوەکە لەرکان دەچووە ئەملاو ئەولا، زاری کەفی کردبوو! گڕو هەڵاوی زەبەللاحی ئاگری لە چاوو لەدەم دەهاتە دەرێ. هەموو ناوچەکە لەبەر نەڕەنەڕی و

www.pertwk.com

هاواری قیناوی دەلەرزی. هیچ بنیادەم و گیاندارو باڵندەو دڕندەو دەوەن و درەخت و بەردو ئاوێك نەبوو دەنگی دێوەی بگاتێ و لەرز نەیگرێ.

گەنجەکە، کە خۆی نەپەنی کردبوو، شمشێری هەڵکێشاو سەری دێوەی لەلەش جودا کردەوە و گەڕایەوە کۆشك. پاشا فەرمانیدا پێویستییەکانی ئاهەنگی بووك گواستنەوە دابین بکەن. ئاهەنگ حەفت ڕۆژو حەفت شەو بەردەوام بوو و کچ و کوڕە گەنجەکە زەماوەندیان لەگەڵ یەکتر کرد.

یاخوا چۆن ئەوان بە مرازی دڵی خۆیان گەیشتن، ئێوەش ئاوها بە مرازی دڵی خۆتان بگەن.

# 28–هارۆ و بارۆ



هارۆ و بارۆ دوو برادەر بوون، بە یەکەوە چوونە سەفەر. هارۆ لە ماوەی سەفەرەکە چاوی کوێربوو و هیچ چارەی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ داردەستەکەی لە باتی چاو بەکار بێنێ.

بارۆ سپ و ساخ بوو، هەمیشە بۆڵە بۆڵی بوو دەیگوت:

– ئاخر بۆ دەبێ من بۆ هەموو شوێنێ بە دوای خۆمدا بەکێشت کەم؟

ئەو دووە هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە لێڕەوارێکی دامێنی کێوی ئامارڤین. کە گەیشتنە ئەوێ خەریك بوو دونیا تاریك دادەهات لەژێر درەختێك خستیان. بارۆ زۆر دەترساو هێشتا هیچ ڕووی نەدابوو سەرا پای گیانی دەلەرزی. کە وەختی نووستن داهات، بارۆ یەکسەر چووە سەر درەختەکە و بە هارۆی گوت:

– ئەگەر جانەوەرێ، شتێ، بیەوێ بمانخوا، تۆ بخوا باشترە. تۆ کوێری و ئەگەر بمری هیچ لە دونیا کەم نابێ.

هارۆ گوتی:

– بارۆ! تۆ بۆچی هەمیشە عەیبەکەم بەڕوودا دەدەیتەوە؟ دەستووری پیاوەتی و دۆستێنی وانییە.

بارۆ هیچ قسەی نەکرد. شەو ئەوەندەی بەسەر نەچوو بوو، ڕەوە گورگێك لە دوورەوە دەستیان بە لوورە لوور کرد. گورگەکان بەرە بەرە نزیکتر دەکەوتنەوەو دەنگیان بڵندتر دەبوو. بارۆ ئەوەندە ترسابوو، سەرا پای لەشی چرك و هۆڕ دەلەرزی. ئاخیری خۆی پێ لەسەر درەختەکە

رانەگیرا، بەربووەوە رمبەی هات بە عەردی کەوت، هەر وەخت بوو پشتی بشکێ. لەترسان زمانیشی نەدەگەڕا. بە خشەخش خۆی گەیاندە برادەرەکەی. هارۆ پێی گوت:

- مەترسە. من کارێکی وا دەکەم کە گورگەکان ئێمەیان بینی وا هەست بکەن ئێمە چەندەها کەسین.

کاتێ کە گورگەکان نزیك کەوتنەوە، ماوەیەکی کەم مابوو بیانگەنێ، راوەستان.

چاویان لە تاریکی دەدرەوشایەوە، چاویان بڕیبووە ژێر درەختەکەو تەماشای دوو پیاوەکەیان دەکرد کە بە هێمنی لەژێر درەختەکە پیاسەیان دەکرد وەك ئەوەی هیچ ترسیان لەگورگەکان نەبێ.

گورگە هەرە گەورەکەیان گوتی:

- ئەمانە تەنیا دوو کەس نین. هەڵبەت چەندەها کەسن. وا چاکە خۆیان لێ نەدەین و بەرێی خۆماندا بڕۆین!

بەم جۆرە گورگەکان بێ ئەوەی ئەزیەتی هارۆو بارۆ بدەن، رێی خۆیان گرت و رۆیشتن. هارۆ بە هاوڕێکەی گوت:

- دیتت چۆن گورگەکانم تەفرەدا؟ تۆ ئەگەر لەسەر درەختەکە بەرنەبوویتایەوە و گورگەکان بیانەدیتبای خۆت شاردۆتەوە، دەیانزانی دەترسی. ئەوسا دەهاتنە سەرمان و هەردووکیان دەخواردین.

بارۆ گوتی:

- نەیاندەتوانی من بخۆن!

- بۆچی؟

- چونکە گورگ ناتوانێ بەسەر درەختدا هەڵگەڕێ.



- پێویستی نەدەکرد بەسەر درەختەکە بکەوێ، تۆ خۆت لە ترسان بەردەبوویتەوە خوارێ.

بارۆ هیچی نەگوت. هەردوو گەنجەکە ڕاکشان و خەویان لێکەوت. کە سبەینە داهات، هەستان و لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن بەڵام هەرچەندە دەڕۆیشتن لێرەوارەکە هەر تەواو نەدەبوو. دەتگوت ئەو لێرەوارە تاریك و ترسناکە کۆتایی نییە! ئاخیری لە شەکەتییان لە پێ کەوتن و ناچار بوون لەژێر درەختێك پشوو بدەن. دیسان بارۆ چووە سەر درەختەکەو هارۆی لەژێر درەختەکە بە تەنیا جێ هێشت.

کاتێ کە ڕۆژئاوابوو، بۆڕەی ڕەوە ورچێك بەناو لێرەواردا بلاوبووەوە. جا چ جۆرە ورچێ! هەریەکە بەقەدەر گایەك دەبوو! بارۆ هەر یەکسەر کە گوێی لە دەنگی ورچەکان بوو، سەرا پای لەرزی و دیسان لەسەر درەختەکە بەربووەوە و بەجۆرێکی وا بە عەردی کەوت هەر وەخت بوو پشتی بشکێ!

دیسان لە ترسان زمانی گیرابوو و بە خشەخش خۆی گەیاندە برادەرەکەی.

هارۆ پێی گوت:

- مەترسە. من ورچەکانیش وەکوو گورگەکان تەفرە دەدەم!

ورچەکان هەر هاتن و نزیك کەوتنەوە. بەڵام هێشتا ماوەیەکی مەیلەو زۆریان مابوو بۆ درەختەکە، ڕاوەستان. ورچەکانیش کە ڕەفتاری هێمن و بێ ترسی دوو کابراکەیان دی، وایانزانی ژمارەیان گەلێ زۆرە.

ورچە هەرە گەورەکە بە هاوڕێکانی گوت:

www.pertwk.com

- ئەمانە ژمارەیان گەلێ زۆرە. ناتوانین بیان بەزێنین. وا چاکە خۆیان لێ نەدەین و بەرێی خۆماندا برۆین!

بەم جۆرە، ورچەکان لە هارۆو بارۆ دووركەوتنەوە و کەوتنە دوای ئیشی خۆیان.

هارۆ گوتی:

- بارۆ، بزانە ئەگەر ورچەکان بیاندیایە تۆ خۆت شاردۆتەوە، دەیانزانی ئێمە لێیان دەترسین. ئەو کاتە ئێمەیان هەردووك دەخوارد.

بارۆ گوتی:

- بەلام منیان نەدەخوارد!

- بۆچی نەیاندەخواردی؟

- چونکە ورچ ناتوانێ بەسەر درەختا سەر بکەوێ؟

هارۆ گوتی:

- راستە، ورچ ناتوانێ بەسەر درەختا سەر بکەوێ، بەلام ئەوان پێویستیان بەمە نەبوو. تۆ لە ترسان بەردەبوویەوە خوارێ.

بارۆ ئیتر هیچ قسەی نەکرد. بەیانی رۆژی پاشی هەردووکیان لە خەو هەستان و لەرێی خۆیان بەردەوام بوون. هەر رۆیشتن و رۆیشتن. بەلام هەر دەتگوت لێڕوارەکە کۆتایی نایێ. ئاخیری هارۆو بارۆ ماندوو بوون و لەژێر درەختێك خستیان. بارۆ یەکسەر چووە سەر درەختەکە و برادەرەکەی لەو خوارە بە تەنیا جێ هێشت. بارۆ کیسەی خەوی خۆی کردەوە. سفرەکەی پان کردەوەو هەندێ نان و پەنیرو پیوازی لەسەر داناو بانگی هاورێکەی کرد بێتە خوارەوە نان بخوا. بارۆ بە ئحم ئحم گوتی:



- من نان ناخۆم.

- بۆچی؟ برسیت نییە؟

- برسیمە، بەلام نامەوێ هیچ بخۆم.

- وەرە خوارێ. من بە تەنیا خواردنم لە گەروو ناچێتە خوارێ. پێویستە بەیەکەوە نان بخۆین.

بارۆ لەسەر درەختەکە هاتە خوارێ و زۆر بەئیشتیا نان و پەنیرو پیوازەکەیان خوارد. دوای خواردن، هارۆ تینوو بوو و بە بارۆی گوت:

- بارۆ، بمبە سەر کانی.

بارۆ گوتی:

- ناکرێ! بەخوا لێرە ناجوولێمەوە! خۆت بە تەنیا برۆ!

هارۆ دەستی دایە عەساکەی و بەدەم دەنگی ئاوەوە خۆی گەیاندە کانییەکە. مستێکی لە ئاوەکە داو خواردییەوە. لەو کاتەدا باڵندەیەك هات و لەسەر درەختێك نیشت و دەستی بە قسە کرد:

- ئەگەر دەم و چاوت بە ئاوی ئەم کانییە بشۆی، چاوەکانت چاك دەبنەوە.

هارۆ مستە ئاوێکی کانییەکەی بە دەم و چاوی داکردو یەکسەر چاوەکانی چاك بووەوە.

هارۆ، کە ئێستا بە تەواوی چاك ببووەوە، گەڕایەوە لای برادەرەکەی و دیتی دووبارە وا لەسەر درەختەکەیە. بارۆ، کە زانی هارۆ چاوی چاك بۆتەوە، زۆر بە سەرسامی پرسی:

- ئەوە چۆن چاوت چاك بووەوە؟

www.pertwk.com

- بەكارى خوا لە پڕ چاك بوومەوە. باڵندەيەك پێى گوتم ئەگەر ئاوى ئەو كانييە لەدەمو چاوم بدەم، چاوەكانم چاك دەبنەوە.

بارۆ گوتى:

- شتى چاكە! وەرە پێكەوە بچينە سەر كانييەكە بۆ ئەوەى منيش ئاوێك بەدەمو چاوم دابكەم، ئەوسا چاوم لە ئێستا تيژتر دەبێو باشتر دەبينم.

هارۆ گوتى:

- باشە، با بچين.

چوونە سەر كانييەكەو بارۆ مستە ئاوێكى بە دەمو چاويدا كرد. بەلام لە پڕ دونياى لەبەرچاو تاريك داهات. هيچى نەدەدى.

بارۆ هاوارى كرد:

- هارۆ، تۆ خيانەتت لەگەڵ كردم! من كوێر بووم.

هارۆ بە سەرسامى گوتى:

- چۆن؟ شتىوا چۆن دەبێ؟

بارۆ گوتى:

- بەخوا كوێر بووم. هەر هيچ نابينم!

هارۆ بە باڵندەكەى گوت:

- باڵندەى ميهرەبان! توخوا گوێ لە قسەم بگرە! من چاوم چاك بۆتەوە، بەلام برادەرەكەم كوێربووە. پێم بڵێ چ بكەم. ئينساف نييە ئەو كوێربێ. بارۆ برادەرى خۆمە.

بەلام باڵندەكە وەلامى نەدايەوەو لەسەر درەختەكە هەڵفڕىو بەچاوترووكانێك بزر بوو. بارۆ گوتى:



- ئێستا ئەمن چ بكەم؟

هارۆ وەلامى دايەوە:

- خوا گەورەيە! ها عەساكەم بگرە. دەبێ لەرێى خۆمان بەردەوام بين.

هارۆ دەستى برادەرەكەى گرتو لەسەفەرى خۆيان بەردەوام بوون. هەر ڕۆيشتنو ڕۆيشتن تا ئاخيرى شەكەت بوونو بۆ حەسانەوە ڕاوەستان. ئەوێ دەق ناوەندى لێرەوار بوو و دارو درەختى چڕ بەجۆرێ تێكچڕژابوون تيشكى ڕۆژ لەنێو چڵو گەلاكانيان بڕى نەدەكرد. هەموو لا تاريكو نوتەك بوو.

بارۆ گوتى:

- هارۆ، زۆر تينووم!

- ئێستا بەيەكەوە دەچينە سەر كانىو ئاو دەخۆينەوە.

هارۆ و بارۆ چوونە سەر كانى. بارۆ، بە هاوكارى هارۆ، لەسەر كانييەكە دانيشتو مستە ئاوێكى خواردەوەو مستە ئاوێكيشى بە دەمو چاويدا كرد بەو ئوميدەى بەڵكو چاوەكانى چاك ببنەوە، بەلام فايدەى نەبوو و هەر بەكوێرى مايەوە!

هارۆ و بارۆ ويستيان لەرێى خۆيان بەردەوام بن، لە پڕ دەنگى حيلەى ئەسپێكو دەنگى چەند كەسێكيان كەوتە بەر گوێ. پياوەكان تا دەهات دەنگيان نزيكتر دەكەوتەوە. بارۆ گوتى:

- ئەمانە دزن! هەڵبەت دەمانكوژن!

هارۆ گوتى:

- مەترسە، هاورێ، ئێمە لە دەست گورگەكانو ورچەكان سەلامەت دەرچووين، بۆ دەبێ لە بنيادەم بترسين؟

هارۆ هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، دیتی پیاوێ بەسواری ئەسپێکی سپی هات لەبەر دەمیان راوەستا. ئەو پیاوە پاشای ئەو وڵاتەبوو، گوتی:

- ئێوە کێن؟ وەدەچنە کوێ؟

هارۆ وەڵامی دایەوە:

- پاشا تەمەنی هەر درێژبێ! من هارۆم و ئەمەش برا گچکەی منە. ناوی بارۆیە.

- لەناو ئەم لێرەوارە چ دەکەن؟

هارۆ گوتی:

- خەریکین سەفەر دەکەین. دەبێ بەناو لێرەواردا تێپەڕین.

پاشا گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و گوتی:

- ئەو دوو پیاوە جێی گومانن! دەستگیریان بکەن. لەگەڵ خۆمان دەیانبەین! فڕێیان دەدەینە ناو کونە ڕەش تا بۆمان دەردەکەوێ بزانین ئەمانە بەڕاستی کێن!

سەربازانی پاشا هارۆ و بارۆیان بەدەستی بەستە بردە پایتەختو فڕێیان دانە ناو کونە ڕەشی تەڕو تاریكو سارد، جێیەکی وابوو تەنانەت سەگیش نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر تیا بمێنێتەوە.

بارۆ پرسی:

- هارۆ، ئێمە لەکوێین؟

- لەناو کونە ڕەشێکین.

- لەو باوەڕەدای بتوانین لەم بەڵایە ڕزگار بین؟

- خوا گەورەیە. هەڵبەت دەرگایەکمان لەڕوو دەکاتەوە.

دوای چەند ڕۆژێ، ئەمانەیان بردە لای پاشا. کچی پاشایش لە تەنیشت پاشا دانیشتبوو. کچەکە ئەوەندە جوان بوو، ئەگەر پیاو یەك



جار تەماشای چارەی بکردایە، ئیتر خەوو خۆراکی نەدەما. لەجوانیدا وەکوو شاژنی حوورییانی بەهەشت وابوو! چاوەکانی گەورەو ورشەدار بوون، ڕوخساری وەکوو مانگی چواردە وابوو، پێستەی وەکوو پەمۆی سپی وابوو! کچە، هەر هێندە کە چاوی بە هارۆ کەوت، دڵی داخورپاو نەك بە دڵێ، بەسەد دڵ ئەشقی بوو!

پاشا بە هارۆ و بارۆی گوت:

- ئێوە هاتوونەتە وڵاتی من بۆ ئەوەی سیخوڕی بکەن، هەڵبەت دەتانەوێ زانیاری کۆبکەنەوە و بۆ دوژمنانی منی بنێرن. وانییە؟

هارۆ گوتی:

- خوا، تەمەنی پاشا هەر درێژ بکا! ئێمە چیمان داوە لەم جۆرە کارە! ئێمە پیاوی فەقیرین، دوو گەنجی وێڵو سەرگەردانین بە دوای کارێکدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی گوزەرانی پێ بکەین.

پاشا گوتی:

- من باوەڕ بەم قسانە ناکەم.

هارۆ گوتی:

- زۆر باشە، باوەڕ مەکەن، بەڵام ئێمە درۆ ناکەین. کەیفی خۆتانە چی دەتانەوێ بیکەن. لەدارمان دەدەن! بە ئاگر دەمانسووتێنن!

پاشا دەستی لێکداو شەش سەربازی چەکداری فەرمانبەرداری پاشا، لەبەردەمی وەستان. پاشا گوتی:

- ئەم دوو کەسە ببەنو لەداریان دەن!

لەو کاتەدا کچی پاشا ڕووی کردە باوکیو گوتی:

www.pertwk.com

- باوکە! بۆ ئەوانە لەدار دەدەن؟ بەلای منەوە ئەوانە بێ گوناهن. ڕوخسەت بدەن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەین. ئەگەر دەرکەوت گوناهبارن، لەداریان دەدەین، یان لەناو ئاگردا دەیانسووتێنین، بەڵام تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکەین ناتوانین حوکمیان بە سەردا بدەین.

پاشا نەیویست قسەی کچە تاقانەکەی بشکێنێ، ئەوەبوو رایگەیاند پێی خۆشە ئەو دوو گەنجە، هەریەکە بەجیا، باسی ژیانی خۆی بۆ کچی پاشا بکاو کچی پاشا حوکم بەسەر ڕاستیو ناڕاستی قسەکانیاندا بدات.

هارۆ و بارۆ، هەریەکە بەجیا، باسی ژیانی خۆی بۆ کچی پاشا کرد. کچی پاشا، دوای ئەوەی گوێی لەقسەکانییان بوو، چووە لای باوکیو قسەکانی هەر دوو گەنجەکەی بۆ باوکی گێڕایەوەو ئاخیری گوتی:

- بەڵێ، جەنابی خاوەن شکۆ.ئەمانە دەڵێن گوایە ئەو گەنجەی ئێستا کوێرە پێشتر چاوی ساخ بووەو ئەو گەنجەی ئێستا چاوی ساخە پێشتر کوێر بووە. فەرمان بدەن کە لوقمانی حەکیم گەنجە کوێرەکە چارەسەر بکا.

بەم جۆرە، لوقمانی حەکیمی بەناوبانگ چووە کونە ڕەشو بارۆی چارەسەر کرد. بارۆ، کە چاوی چاك بووەوە، کەوتە سەر پێی کچی پاشاو گوتی:

- کچی پاشای ئاقڵو میهرەبان، تۆ ئاگات لە هەموو بەسەرهاتی ئێمە نییە. ئێوە چاوی منتان چاك کردەوە و جارێ لە مردنیش نەجاتتان داوم. بەڵام من نازانم چۆن تەماشای ناو چاوی برادەرەکەم بکەم! ئێوە نازانن، من چیم دەرهەق بەو کردووەو ئەو چی بۆ من کردووە! تکا دەکەم، دەپاڕێمەوە، لەدارم بدەن، بەڵام هیچ لە هارۆی برادەرم مەکەن!

هارۆ لەو کاتەدا هاتە قسەو گوتی:

- کچە پاشای میهرەبان، ئێوە قسەکەتان زۆر ڕاستە، تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێ نەکەین ناتوانین حوکمی دەربارە بدەین.

هارۆ دەستێکی بارۆی گرتو کچی پاشاش دەستەکەی تری گرتو بەیەکەوە لە زەوی بڵندیان کردەوە. کچی پاشا چووە لای باوکیو پێی گوت حەزدەکا مێرد بە هارۆ بکا. پاشا، بە شادومانی، قسەی کچەکەی قبووڵ کرد.

بەم جۆرە، هارۆ بوو بە زاوای پاشاو بارۆش لەدابی بووك گواستنەوەدا بوو بەبرا زاوا.

سێ سێو لە ئاسمانەوە کەوتنە خوارەوە: یەکێ بۆ هارۆو یەکێبۆ بارۆو یەکێکیش بۆ کچە جوانەکەی پاشا.

www.pertwk.com

*ئەم کۆمەڵە ئەفسانانەش ئامادەن بۆ چاپ:

1. ئەفسانەی ئازەربێجانی
2. ئەفسانەی هەنگاری
3. ئەفسانەی تورکیایی
4. ئەفسانەی پێست سوورەکانی ئەمریکا
5. ئەفسانەی مازەندەرانی (وڵاتی هەمیشە بەهار)
6. داستان و ئەفسانەی ئەڵمانی

- ئەم کتێبەش ئامادەیە بۆ چاپ:

- ژیان و جەنگ و هیچی تر، نووسینی: ئوریانا فالاچی